# ژانی گەل

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

@kurdica

# ژانی گەل

ئیبراهیم ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئیبراهیم ئەحمەد
ژانی گەل - ڕۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٥٨
چاپی پێنجەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٩٠ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: دیار عەبدولکەریم . هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

# پێشەکی

پاش بێدەنگییەکی چارەکە سەدەیی لە جیهانی ئەدەبی کوردیدا، خاوەنی (یادگار و هیوا) و (بەرەو ڕووناکی) و (کوێرەوەری)، ئەمجارە (ژانی گەل)مان پێشکەش ئەکا.

نووسینی ئەم داستانە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، بۆ کاتێك کە شۆڕشی گەلی جەزائیر دژی داگیرکەرانی فەرەنسی و لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانیدا، هێشتا دوو ساڵی بەسەردا تێ نەپەڕیبوو، بەڵام گەردەلوولی ڕۆژگار وای کرد کە دە ساڵ پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەی ئەم داستانەی پێشکەش کرابوو، بڵاو بکرێتەوە.

ئەوی ڕاستی بێ، بەرلەوەی ڕێگای خۆی بگرێ بەرەو چاپخانە، ماوەی چەند مانگێکیش لەلای من ماوە. لەم ماوەیەدا چەند جارێکم خوێندەوە، جاربەجار لەلام شیرینتر ئەبوو، ویستم لەم پێشەکییەدا شتێك لەسەر ناوەڕۆکەکەی بنووسم، چەند لاپەڕەیەکم ڕەش کردەوە، تەماشام کرد هەقی خۆیم نەداوەتێ، لەبەر ئەوە وام بەباش زانی کە ئەم ئەرکە بەرەوڕووی شارەزایانی ئەدەب بکەمەوە.

***

ئەگەرچی لەو بڕوایەدام کە نووسەر پێویستی بە پێناسین نییە بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە کورتە بهێنم، حەز ئەکەم شتێکی دەربارە بنووسم:

ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٣٧دا لە بەغدا خوێندنی (حقوق)ی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ (حاکم) بووە، لەساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤٩ بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستا (علاءالدین سجادی) گۆڤاری (گەلاوێژ)ی لە بەغدا دەرکردووە. هەر لە بەر ئەوەش ناچار بووە لە ساڵی ١٩٤٤ دا واز لە فەرمانی میری بهێنێ. لە ساڵی ١٩٤٧ەوە وەکو یەکێك لە سەرکردەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ناوی دەرکردووە.

نووسەر سەرەتای ژیانی ئەدەبیی وەکو ڕۆمانتیکێکی شۆڕشگێڕ دەست پێ ئەکا:

لـەبـەر چـاوی بـەد لـە تـرسی بـەدکـار
دڵ خــۆم ئــەکــەمــە گــۆڕی یــادگــار
بـە گـریـانـی وشك بـەنـاڵـەی بـێ دەنگ،
دێنـمـە لـەرزیـن تـەخـتـی کـردگـار[١]

بەڵام لە دواییدا لەسەر ڕێبازی ڕیالیزم ئەگیرسێتەوە. بەم مانایە لە گۆڤار و ڕۆژنـامـە کوردی و عـەرەبـییـەکـانـی عـیـراقـدا گـەلـێك شیـعـر و چـیـرۆك و وتـاری جۆربەجۆری ئەخوێنینەوە، کە بە ناوبانگترینیان ئەمانەن:

(لـە وڵاتـی قـارەمـانـانـا) ١٩٤٢ چـیـرۆکـێـکـی کـورتـە دەربـارەی بـەربـەرەکـانـیـی پارتیزانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دژی هێرشی نازییەکان بۆ سەر وڵاتەکەیان، (خازێ) ١٩٤٣، (کوێرەوەری) ١٩٤٤، کەرەلۆتیی مەنووچەر ١٩٤٥ سێ کورتە چیرۆکن لەسەر نالەبارێکانی کۆمەڵ و چەوساندنەوەی جووتیاران لەسەر دەستی دەرەبـەگ و پـیـاوەکـانـی مـیـری لـە سەردەمـی پـاشـایـەتـیـی گـۆڕ بـە گـۆڕ[٢]، (بـەرەو ڕووناکی) ١٩٤٥ پارچە پەخشانێکی جوان و ڕەوان دەربارەی ئەرك و ئازارەکانی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا[٣].

لە ساڵی ١٩٤٩دا لە ڕێگا بەرەو بەندیخانە، کە ساڵ و نیوێکی تیا بەسەر بردووە (دوا تـیـری کـەوان)ی وتـووە، کـە تـیـایـدا هـێـرشـەکـانـی حـکـوومـەتـی ئـەو سـەردەمـەی بەلنگە فرتێی سەرەمەرگ داناوە و مژدەی نزیکبوونەوەی ڕۆژی سەرکەوتنی بەسەر ڕژێمی پاشایەتی و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا بە گەل گەیاندووە:

«کوا ڤێرماختی[٤] ئەڵمانی کە ئەتوت هەر زەرووی خوێنە؟
کوا لوفتڤانە[٥] ئەو هێزە نەپارێزە مەرگ چێنە؟

(١) (یادگار و هیوا) – یادگاری لاوان. بەغدا ١٩٣٣.
(٢) بڕوانە: کوێرەوەری بەغدا ١٩٥٩.
(٣) گەلاوێژ، ژمارە ٥ ساڵی ٦ بەغدا ١٩٤٥.
(٤) Wehrmacht هێزی بەرگریی ئەڵمانیای نازی.
(٥) Luftwaffe هێزی هەواییی ئەڵمانیای نازی.

کوا تۆپی، کوا تانکی، کوا ئوستوولّی بێ وێنە؟
بە جارێ گۆڕی گوم بوو، گشتی وەك خۆی[٦] بێ سەروشوێنە»
«لەلای ئێمە هەڵەنگووتن یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە،
لە ناو بۆتەی خەباتا تووانەوە هەر شەرتی قاڵ بوونە،
لە نووچدان و هەڵەنگووتن نییە باکی گەلی کوردان،
وەکو ڕێگەی خەباتی خۆی شکانی تۆی لە لا ڕوونە»[٧]

بێجگە لەمانە لە ساڵی **١٩٣٧**دا نامیلکەی (الاکراد والعرب)ی نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە، کە تا ئەمڕۆ نرخی خۆی وەکو پرۆگرامێك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب ون نەکردووە. لەسەر ئەمە لە هەمان ساڵدا دراوە بە (دادگا).

لە ساڵی **١٩٤٩** بەولاوە چەند شیعر و چیرۆکێکی تری نووسیوە، کە بەشی زۆریان تا ئێستا بڵاونەکراونەوە.

بە کورتی ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەرێکی پێشڕەوی ڕێبازی ڕیالیزمە لە ئەدەبی کوردیدا و باشترین پەخشاننووسی سەردەمی ئێستامانە. هیوام وایە خوێنەرانی بەڕێز لە بینینی بەرهەمەکانی تری بێ بەش نەبن.

کەمال فوئاد

**١٩٧١/١٠/٢١**

---

(٦) واتە وەکو هیتلەر، کە لە بەیتێکی پێشووترا ناوی هاتووە.

(٧) کوردستان – ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ژمارە ٩ و١٠ ل ٢٣. تەمموز ١٩٦٥.

## ١

لەڕ و لاواز و شڕۆڵە، لە بەشی پێشەوەی پاسێکا، لە نێوان لێخوڕ و ژەندرمەیەکی لۆزەندەرا دانیشێنرابوو، دەستی ڕاستی لەگەڵ دەستی چەپی ژەندرمەکە کەلەپچە کرابوو. ئۆتمۆبیلەکەشیان هەڵتەك هەڵتەك ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی شاری (چ...)ی گرتبووەبەر، ئەویش بیری نەسرەوتی وەکو وێڵ ئەسووڕایەوە، بێ ئەوەی بەشتێکەوە بگیرسێتەوە، یان یەکێك لەو دیمەنانەی وەکو سینەما بەسەر پەردەی مێشك و بەبەردەمیا تێ ئەپەرین سەرنجێکی ڕاکێشن. گێرمە و کێشەی دیار و نادیاری دواڕۆژ و ڕووداوی ناخۆش و پڕ بیرەوەریی ڕابوردوو لە سەریا وەك پوورەهەنگ وروژابوون، کاس و وڕیان کردبوو، نەئەیزانی چارەیە بۆ ئەویان بدۆزێتەوە، نە ئەشیتوانی خۆی لە دەس ئەمیان ڕزگار بکات. تا بەڕێکەوت لە هەڵتەکاندنێکی توندی ئۆتمۆبیلەکەدا، لە ئاوێنەی بەردەمی لێخوڕەکەدا، چارەیەکی بەدی کرد. گورج و دوو چاوی کاڵی مەنگ سەرنجیان قۆستەوە کە لە هەموو ئەندامێکی کەی، کەمتر ساڵانی زیندانی کاریان تێ کردبوو. ئەو چاوانەی سەدان جار لە ئاوێنەی ڕیش تاشینەکەیا دیونی نەهیچ هەستێکی تایبەتییان تیا بزواندوە و نەئەمیش بایەخێکی تایبەتیی داونێ. بەڵام ئەمجارە گەیشتە فریای لە

گرنگترین شتا کە لەو کاتەدا پێویستی پێی هەبوو، کە ئەویش خۆدۆزینەوە بوو. بەڵام لێرەشا بیری ئاوارەی هیچ ماوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێکی نەدا، هەروەکو چاوەکانی ناونیشانە بووبن ڕێگەیەکی هەڵەکردووی پێ دۆزیبێتەوە، وەك مەلێکی زامدار لە پڕ کۆنە هێلانەیەکی بێتەوە بیر، بەری هەموو ئەو خۆدۆزینەوەیەی بەوە دەرچوو کە بەپەلە پڕووزێ خۆی بگەیەنێتەوە تەلاری بلوورینی یادگار، یادگاری پێش گیران و زیندانی. بەڵام لەوێشا ئەوەندە بەخۆشی ڕای نەبووارد، چونکە شوێنێکی تایبەتی و کاتێکی دیار وەك کارەبا دڵیان بەکێش ئەکرد کە ئەوانەش هەمان شوێن و کاتی گۆرین بوون کە بە درێژاییی ژیانی بەندیخانەی تەقەلای لە بیر خۆبردنەوەیانی ئەدا.

هەرچەندە نزیکەی دە ساڵ لەوەپێش بووبوو، لەگەڵ ئەوەشا زۆر بە ڕوونی و دیاری ئەهاتنە پێش چاوی مێشکی. نەك هەروەکو بەسەرهاتێ دوێنێ ڕووی دابێت، نەبگرە وەکو قەوماوێك کە لەو کاتەدا لەبەرچاوی بقەومێ:

دەمە دەمی ئێوارە بوو، با لەئاسمانی ئاڵۆز و لێڵی پایزا پەڵە هەورە پرش و بڵاوەکانی داگرتبوو، خەریکی گلێرکردنەوەیان بوو. لەسەر ئەرزیش گەڵای زەردی لەمان بێزاری گەڵاڕێزانی لە دار و درەخت ئەکردەوە و بەگڤە گڤێکی پڕ توورە و ترۆیی و فیزەوە ڕاپێچی ئەکردن و پێش خۆی ئەدان. ناوبەناویش بێدەنگییەکی پەژاراوی. وەك لە گڤەگڤ بێزار بووبێت، ئەیدا لە لووتی پیرە با و کپ و دەمکوتی ئەکرد.

لە خانوویەکی خنجیلانەدا لە گەڕەکی (س...) لە شاری (چ...) لە ژوورێکی سادە و پاك و دڵگیرا کە دوو پەنجەرەی گەورەی بەسەر باخچەیەکی بچکۆلەی هێشتا باش ڕێکنەخراو و بەگەڵاڕێزانی پایز زەرد هەڵگەڕاوا ئەیڕوانی، وە هەموو کەلوپەلی ژوورەکە بریتی بوو لە چارپایەکی دوو کەسیی ئاسن لەگەڵ باڵا ئاوێنەیەکی پێچکەدار، کەوا لە قوژبنی ژوورەکەدا دانرابوو لەگەڵ پێخەوێکیش کەوا لەسەر ئەرزەکە ڕاخرابوو، ژنێکی مناڵکاری خوێن شیرین کەوتبوو، شاڵاوی ئازار ڕووی گەشی گرژ کردبوو. مێردە لاوە باریکەڵەکەشی لە ژوور سەری دانیشتبوو، بەزەیی لە چارەی ئەباری. زۆر بە ئەسپایی و وریاتر لەوەی دەست بەرێ بۆ پشکۆی ئاگر

دەستی بە پرچە ڕەشە خاوەکەیا ئەهێنا. بێ ترووکاندن چاوە کاڵە مەنگەکانی بڕیبووە برژانگە شاشە درێژە هەڵگەڕاوەکانی کەوا جاروبار هێرشی ژان، بەگرژکردنی ناو چەوانە نەختێ بەرزەکەی، بەئاستەم لە سەر چاوە جوانە ڕەشەکانی لای ئەبرد. بەدەنگێکی وەك چرپە بە ژنەکەی وت:

«هیچ نییە گیانە! نەختێ دان بەخۆتا بگرە، دەمێکە نازێ ڕۆیشتووە. ئەبێ مامانەکە بەندی کردبێ لای خۆی، یان هەر لەوانەیە لە ماڵ نەبووبێ و چاوەڕێی بکا. بێگومان ئێستاکە بەڕێوەن...» ئەگەرچی ژنە هیچ نیشانەیەکی سەلماندن یا نەسەلماندن، بگرە هی گوێ گرتنیشی لێ دەر نەکەوت، بەڵام وا دیار بوو ئەم قسانە پەرۆش و چاوەڕوانیی مێردەشیان کەم نەکردەوە، چونکە هەر گورج دوای ئەمە وتی:

– باشتر ئەوەیە خۆم بچم بە دوایانا، نەوەکا درەنگتریان پێ بچێ! کە ژنە ئەم قسەیەی دواییی بیست بەدەنگێکی بەرزتر لەوەی لێی ڕەچاو بکرێت قیژانی وتی:

– نەگیانە! مەکە، بەجێم مەهێڵە! تۆ بڕۆیت من لە ترسانا شێت ئەبم!

نەختێ بێدەنگ بوون. ژنە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە زەردەخەنەیەکی بەئازار و ژاکاوەوە، کەوا لە چاوە ڕەشەکانیا پتر دیاری ئەدا تا لێوە وشکە شینە داگەڕاوەکانی، وتی:

– چەندم حەز ئەکرد کوڕێکمان بوایە!

ژنە قسەکەی پێ بڕی، دوای هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشان وتی:

– خوایە بە ناشکوریم لێ نەگری! زۆر ناخۆشە دوای ئەم هەموو ژان و ئازارە کچم ببێ!

مێردە وەکو تازە لەو قسەکەی گەیشتبێ، بە تووڕەیییەکی کوتوپڕی ساردەوە وتی:

– کوڕ چییە و کچ چییە؟ ئەم قسەیە زۆر لە ئەقڵ و ژیریی تۆ بە دوور ئەزانم، لام وایە ئازار سەری لێ شێواندوویت، ئەگینا کەی تۆ وا کۆنەپەرست بووی!

ژنە دەمی کردەوە قسە بکا مێردەکەی بەئەسپایی دەستی خستە سەر لێوە

وشکەکانی و وتی:

– بەسە توخوا کاڵێ گیان بەم چەشنە خەیاڵانە دڵی خۆت ئازار مەدە، بەلای منەوە هەر تۆ خۆش بیت و زوو ڕزگارت ببێ ئیتر کوڕ و کچم لا وەکو یەکە.

ژنە سەرێکی بادا. وەکو بە قسەکەی باوەڕ نەکا. گورج مێردە وتی:

– بەڕاستی زۆریان پێ چوو! بەتەواوی تامی تیا نەما. لە هەمووی باشتر ئەوەیە خۆم بچم بەشوێنیانا، نەوەکا تووشی شتێ بووبن.

– ژان و ئازار پتر شاڵاویان بۆ ژنە هێنا. دوا تروسکەی خۆشییان لە چارەیا نەهێشت. دانی چەقانە لێوی کە ماوەی هاوار و قیژەی نەدا. ئارەقە بەسەر چاو و لاملیا ئەهاتە خوارەوە زەنگوڵ زەنگوڵ. مێردە دڵی گوشرا، بێئارامی و شپرزەیی و دوودڵییەکی تەواو گەمارۆیان دا. لە ژوورەکەدا دەستی کرد بە هاتوچۆ بە جۆرێك کە زیاتر لە لۆقەکردن ئەچوو تا پیاسەکردن! پەیتا پەیتاش تەماشای سەعاتەکەی مەچەکی ئەکرد. ئەوەندە شڵەژابوو نەیئەزانی سەعاتەکە لە جێگەی خۆی وەستاوە یا ڕائەکات.

ئەیویست شتێ بکا، هەر شتێ بێ، بە هەر نرخێ بکەوێتە سەری قەی ناکا بەمەرجێ کاڵێ لەم ژان و ئازارە ڕزگار کات، بەڵام هیچی لە وزەدا نەبوو. هەتا ئەهات زیاتر هەستی بە هەڵەی خۆی ئەکرد، کە چۆن نازێی نارد بەدووی مامانەکەدا و خۆی نەچوو بە فڕکانێ سواری عارەبانەیەکی بکا و بیهێنێت... ئیستەش نەچووە بچێ.

چۆن ئێستا بچێ! ئەی کاڵێ بە دیار کێوە بەجێ بهێڵێ بەدەم ئازارەوە گەوز بدات بەتەنیا، کەسێ نەبێ قومێ ئاوی بکا بە دەمیەوە، ڕەنگە، چی؟ خوا نەکردە! ڕەنگە بەڵێ ڕەنگە بمرێ! هەی هاوار خوایە شتی وای لەگەڵ نەکەی، وای سەری تەقی، لەپڕ لە داخانا لە بێ دەسەڵاتیی خۆی نەڕانی:

– بەڕاستی ئەم ژانە شتێکی بێ جێ و ناڕەوایە! ئۆف خوایە ئەم ئازاردانە چ مانایەکی تیایە؟

ژنە ئەوەندەی لە توانایا بوو ترش و تاڵیی چارەی پڕ ئازاری خاو کردەوە و بە

دەنگێکی وەك سرپە وتی:

نەتوخوا جوامێرگیان قسەی وا مەکە، چۆن دڵت دێ وا ئەڵێیت، گوایە بوونی ئینسانێك ئازار ئەمەندە ناهێنێ؟ نا، گیانە، بەزەیی بە هەڵەت نەبات، هاتنە دنیای ئینسانێك گەلێ لەمەش زیاتر ژان هەڵئەگرێ!

مێردە بە تەوسێکەوە وتی:

– ماڵی بابت کاول بێ، ئێستەش لە قسە نەستەقەکەنت ناکەوی، باشە دەبیخۆ، بۆ خۆت هەر گینگڵە بدە بەدەم ژانەوە!

مێردە بێئارامیی گەیشتە ئەوپەڕی، ئیتر خۆی پێ ڕاگیر نەکرا، بڕیاری دا کە خۆی بچێ بەدووی مامانەکەدا هەرچی ئەقەومێ بقەومێ بەدەنگێکی بەرز وتی:

– بێگومان شتێکیان بەسەرهاتووە! ئەگینا تا ئێستا هەر ئەهاتنەوە. ماڵەکەیان لێرەوە هەر چارەکێ بیست دەقیقە ئەبێ!

خۆم ئەڕۆم هەر ئێستا بەعەرەبانە ئەیانهێنم و ئەگەڕێمەوە. بە هیچ جۆرێ نیو سەعاتم پێ ناچێ. سەهووم کرد ئەبوو زووتر بچم، ئێستا لە مێژبوو گەڕابوومەوە (دەنگی نزم کردەوە وەکو لە بەر خۆیەوە قسە بکا): وای کە پیاو بە لێقەومان کزە! ئەوە بۆچی وا سەرم لێ شێوا! خۆ هەر بە تەواوی کوێر و کەڕ بووم. وام ئەزانی بەتاقی تەنیا خۆم و کاڵێ هەین لە دونیادا. یا لە ناو دەریایەکی بێ پایاندا بەجووتە لێمان قەوماوە. هیچ ئەو دراوسێ باشانەم بیر نەبوو، کە بەهەر کەسێکیانم بگوتایە ئامادەبوون بەخۆیان و ژن و کچیانەوە بێن بەدیار کاڵێوە دانیشن یا بچن مامانی لە بنی دنیاوە بۆ بهێنن. (دەنگی نەختێ بەرز کردەوە) و وتی:

هەر ئێستا ئەچم بۆ ماڵی مامەڕەشەی دراوسێمان کچەکەیانت بۆ ئەنێرم بۆ هاودەنگی. یا باشتر ئەوەیە دایکی بێت، ڕەنگە دەستی مامانیشی هەبێ. هەر چۆنێ بێ ئەو لە کچەکەی شارەزاترە لەم کارانەدا. خۆشم ئەچم بەدووی باجی پیرۆزی مامانا. ئەگەر ئەویش نەبوو یەکێکی تر، نیو سەعاتم پێ ناچێ.

ژنە ویستی قسە بکات، بەڵام مێردە گوێی نەدایە وتی:

– خوات لەگەڵ هەر ئێستە ئەگەڕێمەوە.



تایبەت ترین کەناڵی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## ٢

جوامێر بەپەلە لە ماڵ هاتە دەرێ، خۆی کرد بەماڵی مامەڕەشەدا کە هەروا دیوارێکیان بەین بوو. نەپیاوە نەکچەکەی لە ماڵ نەبوون. بەتەنیا ژنی خاوەن ماڵ لەوێ بوو، تکای لێ کرد کە بچێتە لای کاڵێی ژنی کەوا ژان ئەیگرێ تاکو مامانی بۆ دێنێ چاوی لێوەی بێ، ژنە بە ڕوویەکی خۆشەوە دڵنیای کرد لە چوون و ئاگادارییی کاڵێکردنی.

ئەویش بە لۆقە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خۆیانی بڕی. لە دڵیا پەژارە و خۆشی پێکەوە قولپیان ئەدا ئەویان بۆ ژان و ئازاری کاڵێ، ئەمیشیان بۆ ئەو منداڵەی کە ئەیانبێ. بێگومان مەسرەفێکی باشیشم ئەبێ بەتووشەوە! بەتایبەتی خۆ ئەگەر کوڕ بێ ئەبێ ئاهەنگی بۆ بکا. وای کە خۆ ڕزگارکردن لە دەست بیروباوەڕی کۆن گرانە! هەر ئێستا ئەم گاڵتەی بەئەقڵی کاڵێ ئەکرد کە کوڕی پێ خۆشترە لە کچ، کەچی وا خۆشی بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەگەر کوڕ بێ ئاهەنگی بۆ ئەکا! ڕەنگە ژن ئەوەندە گلەیی لێ نەکرێ کە حەز بە کوڕ زیاتر بکا لە کچ، چونکە خۆی چێشتوویەتی، ئەزانێ ئافرەت بە تایبەتی لای ئێمە، چەند بەشخوراو و زۆرلێکراو و چەوسێنراوەن. بۆیە هەستیکی ئاساییە کە پێی خۆش نەبێ کزەی جەرگەکەی لە بەشە زۆر لێکراوە چەوسێنراوەکەی مرۆڤایەتی بێ. بەڵام ئەمی پیاوی خوێندەواری تێگەیشتوو، بۆچی؟ سەرێکی بادا و لەبەر خۆیەوە وتی:

– کەرانەی ئەم ڕەئییە بێجێیەم شەرت بێ ئەگەر کچم ببێ ئاهەنگێکی لە هی کوڕان خۆشتری بۆ بکەم! لە پڕ هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوێکی بۆ یەکەم جار، بە دەوروبەری خۆیا گێڕا. سەری سوڕما لە چۆڵیی شەقامەکە، ئەو شەقامەی ئێوارانی تر خەڵك ڕێچکەیان تیا ئەبەست. سەیرتر لە هەمووش ئەوەبوو کە ئەو خەڵکەی تاك و تەراش تێ ئەپەڕین، لەباتی ئەوەی بەرەو ماڵ ببنەوە هەموو بەگورگەلۆقە ڕووەو بەردەرکی سەرا ئەڕۆیشتن، بەچەشنێ کە ئەم لەگەڵ خێرا ڕۆیین و پەلە کردنیشیا پێیان نەئەگەیشت. یەکێك دەرکەوت بەرەو ژوور ئەکشا. هەر لە دوورەوە بەسەرە ڕووتاوە و کورتەبنەیی و قەڵەوییەکەیا ناسییەوە. خوا

چاکی کات تۆفیقە خڕەی جاسووس بەم درەنگی بانگی شێوانە بۆ کوێ ئەیکوتێ؟ ئاخۆ وەکو سەگی ڕاو دووی چ نێچیرێکیان خستووە؟ بەڵام کەس دیار نییە تا نێچیر بێ. بێگومان ئەچێ بۆ ئەوەی بەدیار ماڵێکەوە ڕاوەستێ تا نیوەشەو ژەندرمە ئەدەن بەسەریانا. دەی چییەتی بەسەریەوە! سەری بە گۆڕی بابی خۆی و ئاغاشی. ئەوە چییەتی ڕێگاکەی هەر لەبەر ناچێ.

– ئێوارەت باش کاك جوامێر. زووکە ڕەنگە پیا نەگەی!

– بەچییا نەگەم؟

تۆفیقە خڕە بە زەردەخەنەیەکی ناشیرین دانە خوار و خێچ و بەجگەرە زەرد هەڵگەڕاوەکانی پیشان دا و بەدەنگێکی بەرز وتی:

– بە پلاو خواردنا گیانەکەم!

زۆر پێی گران بوو ئەم ئێسك قورسە پیسەی هاتە ڕێ. وەکو شتێ بەنیشانەیەکی باشی لێك نەدایەوە. بەدبینییەکی سەیر دای گرت! دەنگە دەنگ و گرمە گرم ئەهات لە لای سەراوە. نەختێکی تر پێی هەڵگرت، گرمەی بژی و بڕووخێی هەزاران دەنگی وەك هەرەسی کێوان ئەهاتە گوێ. بەڕاستی ئەم ژانگرتنەی کاڵێ دەبەنگی کردووە! چۆن بیری نەمابوو کەوا ئەم ئێوارەیە لە بەر دەرکی سەرایە کێ لەو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانانە هەیە کە لە ژێر سەرکردەتی (پارتی ڕزگاری)دا لە چەند مانگی دواییدا ڕێك ئەخران! بۆ گەیشتنە ماڵی مامانەکە نزیکترین ڕێگا شەقامێ بوو کە بە بەردەرکی سەرادا تێ ئەپەڕی. بەڵام تا نزیکتر ئەبووەوە لەو شەقامە، پەنگاوی خەڵك لەسەری کۆڵانەکانا باشتر تێی ئەگەیاند کە لە وزەی کەسا نییە بتوانێ دڕ بەو عەشامە بدات و بە زوویی و ئاسایی بگاتە ئەو شوێنەی ئەم بۆی ئەچێت. ئیستێکی کرد و چاوێکی بە شەپۆلی خەڵکەکەی بەردەمیا گێڕا. دیی لەو مەیدانە زلەدا خەڵکی وەك نەمام چەقیون، هەر ئەوەندەش ئەجووڵێنەوە کە نەمام بەبای شەماڵ ئەشنێتەوە.

بەهارە هاڕی چەپڵە لێدانی خەڵکەکەدا بۆی دەرکەوت کەوا یەکێك قسەیان بۆ ئەکات بێ ئەوەی بزانێ چی ئەڵێت. لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندە بە تەنگەوە نەبوو کە

گوێی بۆ هەڵخات. زۆری پەلە بوو.

هەتا ئەهات پاڵەپەستۆی خەڵکی لەدەوری پتر ئەبوو، نەختێکی کەی پێ ناچێ ئەویش ئەبێ بەنەمامێ وەکو ئەوانی تر. بەڵام نەء. نابێ ئەم وای لێ بێ! کاڵێ بەدەم ژانەوە ئەتلێتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەمە، ئای چەند سەیر ئەبێ تا ئەمان ئەگەڕێنەوە کوڕێکی جوانکەلەی بووبێ! چییە؟ هیچ سەیر نییە! زۆر ژنی کۆچەر هەر بەڕێوە مناڵیان ئەبێ! هەرچی چۆنێ بێ ئەبێ ئەم بچێ بەدووی مامانەکەدا و بەزوویی بگەڕێتەوە ماڵێ.

پاشەوپاش گەڕایەوە هەر چۆنێ بوو بەهەزار حاڵ توانیی سەد هەنگاوێك بێتە دواوە و خۆی بگەیەنێتە تەنکاو. شادی و هیوا و بێئارامی وەك پەلکەزێڕینەی لە ئاسمانی دڵیا دیاریان ئەدا، بەڵام چاوترووکانێك زیاتر پێوەی نەمایەوە. بەر لەوەی چەند هەنگاوێ بە سەربەستی هەڵبنێ شریخ و هووڕی شەستیر هەموو گیانی هێنایە لەرزین، نەك هەر لەترسا، زۆرتری لە شپرزەیی و ناچاریدا.

جەستەی کاڵێی هاتەوە بەر چاو چۆن لە ژوورەکەدا گەوز ئەدات، گرنگی فەرمانەکەی و تاریکیی ئەنجامی دواکەوتنی، سەدان ئەوەندە لەلا زلتر و ئاشکراتر بوو. بەهەموو هێزی خۆی کەوتە ڕاکردن بەرەو سەری ئەو کۆڵانەی کە ئەیتوانی بەچەند دەقیقەیەك لێوەی پێچ بکاتەوە بۆ هاتنەوە سەر ئەو شەقامەی ئەچێ بۆ ماڵی مامانەکە لەوایە ئەوێش جمەی بێ! باشە بۆ نەچێ بەدووی مامانێکی ترا بەڵام کێ ئەناسێ؟ کەی ئێستا کاتی بەشوێن خەڵکا گەڕانە، ئەگەر ناچاری نەبێ؟ دوور نییە بەم ئاخۆران و بخۆرانە باجی پیرۆزیش لەگەڵی نەیەت، کەوا ناسیاوی چەند ساڵەی بنەماڵەی خەزوورانی بووە، بەر لەوەی ڕۆژگار دەربەدەریان کا. بێگومان هیچ مامانێکی نەناسیاو هەر دەرگاشی بۆ ناقلێشێنێتەوە لەم ڕۆژەدا.

دەستڕێژی تازەی شەستیر و تفەنگ زنجیرەی بیرکردنەوەیان پساند. ئەوەندەی نەخایاند هەستی بەترپەی پێیەکی زۆر کرد لە دوایەوە دێ، کە ئاوڕی دایەوە دی بەشێ لە جەماوەری بڵاوە پێکراوی کۆبوونەوەکە بەدوویا ڕائەکەن، چەند هەنگاوێکیان نەماوە بیگەنێ و لێشی تێپەڕ بن و ئەم تاقە ڕێگایەشی لێ بگیرێ.

چاوی بڕییە ئەرزەکە و هەموو گوڕ و هێزی لاوێتی دایە لاقی، بەڵام هەستی ئەکرد خەڵکەکە هەر لێی نزیك ئەبوونەوە. ئەوەندە ترسی لێ نیشتبوو بەچەشنێ ڕای ئەکرد ئەتوت خەڵکەکە بۆ گرتن یا بۆ کوشتنی ئەو دووی کەوتوون. بەڵام بێ هوودە بوو بەتیلاییی چاو سەیری کرد، دی وا هەندێك گەیشتنە سەری و خەریکن لێشی تێپەڕبن. لە پڕ شریخەی شەستریێکی نزیك سڵەماندییەوە پیاوێکیش دەم بەهاوارەوە لە تەنیشتیەوە کەوتە زەوی، نەخێر زامار لە یەك و دوو تێپەڕی کرد، سەری بەرز کردەوە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێ کە شەستیرەکەی لێ دامەزرێنرابوو. ڕووانی لە پەنجەرەیەکی ژێرخانی کتێبخانەی گشتیدا، کەوا بە چەقی کۆلانەکەدا ئەیڕوانی سەری ژەندرمەیەك دیارە. بێ ترس لوولەی شەستیرەکەی بەردەمی بەخەڵکا ئەگێڕێ جاروبار گوللە پژێنێکی شەقامەکە ئەکا، سا کێ بەرکەوت خۆی و بەختی! ژنێك لەو لای ئەمەوە پەلی مناڵیکی ڕائەکێشا زریکانی و کەوتە زەوی. شەستیرەکە کپ بوو، کابرای ژەندرمە سەریشی بەسەریا شۆڕ کردبۆوە کەچی نەیئەتەقاند! تۆ بڵێی کوشتنی ژنە بێ تاوانەکە و هاواری مناڵەکە شڵەژاندبێتی؟ یا مشتومڕ لە نێوان ویژدان و پەنچەیا دەستی پێ کردبێ، وا دوودڵ دەرئەکەوێ! وای کە نزیکە لێوەی ئێستە دەمانچەیەکی پێ بوایە کاسەی سەری هەڵئەگرت. نەیزانی ئەم دوژمنایەتییە توند و ڕقە زۆرە کوتوپڕەی لەبەر ئەو زۆرداریيە بێ ئەندازە و ئاشکرایە بوو کە ئەیدی، یا بۆ خۆ ڕزگارکردن بوو لەو مەترسییەی کە هەڕەشەی لە ژیانی خۆی و ئەنجامی فەرمانەکەی ئەکرد!

هەر چۆنێ بێ کاتی لێکۆڵینەوە نەبوو، هەلی دەست لە تەقە ڕاگرتنی ژەندرمەکەی قۆستەوە بەدوو قەڵەمبازی کار ئاسکانە خۆی گەیاندە پاڵ ئەو دیوارەی شەستیری کابرا نەیئەگرتەوە. بەڵام هێشتا ئەم نەیپەرژابووە سەر ئەوەش کە تەنانەت بەخۆشیی ڕزگار بوون شاد ببێ، دیی ژەندرمەیەکی تر لە پەنا کۆمەڵێ گونیە کە لە سەربانی مزگەوتی بەرامبەر بەکتێبخانەکە ڕیز کرابوو ملەقوتێی بۆ ئەکات، هەروا نزیکەی بیست هەنگاوێ بەو بەریەوەیە. حەپەسا نەیزانی چی بکا. ئەچووەوە ئەوبەری شەقامەکە ئەکەوتە بەر نیشانی ژەندرمەی پەنچەرەی کتێبخانەکە، پاشەوپاش ئەگەڕایەوە لێشاوی خەڵکەکە وا پەنگی خواردبۆوە ماوەی گەڕانەوەی

نـەمـابـوو بـەتـرسـەوە سەرێکی هـەڵبڕی بـۆ سەربـازەکـەی بـەرامبـەری. دی کـابـرای ژەندرمە لوولـەی تفـەنگی ئـاراستـەی ئـەم کردووە! هـەموو لـەشی بوو بـەچـاو و ئـەویشی بڕیە تفەنگەکەی کابرا کە مەرگ لە کونی لوولەکەیەوە سەرەتاتکێی لێ ئەکرد نەیدەزانی چی بکا، دانیشێ؟ ڕابکا؟ نەء ماوەی هیچ نەما، هەر هیچ نەما، هەر هیچ، هەر ئەوەندەی پێ کرا دەستێکی بەرەو لوولەی تفەنگەکە بەرز کردەوە وەکو ئەوەی بیەوێ لە خۆی لابدا. یا ترس ئەوەندەی لێ نزیك کردبۆوە لای وابێ دەستی ئەیگاتێ، یا هەر لە شڵەژان و شپرزەییدا بێ هۆش وای کرد. تەقەیە هاتە گوێی کپبووی، هەستی گەرماییەکی کرد لە ئەشکنجیا، لاقی قورس بوو، قورس بوو، ئەوەندە قورس بوو هەرچی گوڕ هەیە دایە خۆی بۆی نەجووڵا. دنیای دەور و پشتی دیار و نادیار، لەناو تەم و مژێکا وەك لوولەی تفەنگێکی یەکجار گەورە هاتە پێش چاوی، کە هەتا ئەهات، بەخێرایی برووسکە پچووك ئەبۆوە، کە ئەو نەما ئەمیش بەتەواوی لە هۆشی خۆی چوو. تەنیا شتێ کەبە مێشکیا تێپەڕی، شێوەی کاڵێ و تاقە داخێ کە لە دڵی دەرنەچوو تاسەی پێگەیشتنەوەی بوو.

## ٣

جوامێر لە بیرکردنەوەدا گەیشتە ئێرە موچڕکەیەکی ئاودامانی وای پیا هات کە بەیەکجاری زنجیرەی بیرەوەریی لێك ترازاند، ئیتر مات و خەمبار چاوی بڕییە ڕێگاکە و تا گەیشتنە شاری (چ...) نە لە دیمەنی بەلادا تێپەڕیوی ڕێوبانا شتێکی تایبەتی سەرنجیانی خەریك کرد، نەجەمسەری بیرەوەریشی بۆ دۆزرایەوە کە وەکو گولۆڵەی ئاڵۆزاوی لێ هاتبوو!

لە بەردەمی دایەرەی ئاسایشا دابەزین، بردیانە ژوورێ پاش سەعاتێ ڕاگرتنی ناخۆشی پڕ بێزاری، پەنچەمۆر و چەند وێنەیەکیان وەرگرت، ناونیشان و کار و ناوی چەند ناسیاو و خزمێکی نزیکیان لێ پرسی و نووسی و دەستەبەریان کرد کە نابێ بەهیچ جۆرێ شوێنی دانیشتنی خۆی بگۆڕێ بەبێ ئەوەی پێشەکی ئاگاداری ئەوان بکا. ئەوسا بەرەڵڵایان کرد.

کە پێی خستە ئەو دیوی دایەرەکە، باوڵە تەنەکە کۆنە بچکۆڵەکەی دەستی دانا لە سەر ئەرزەکە، چاویکی گێڕا بەدەور و پشتی خۆیا. یەکەم جار دوای دە ساڵ خۆی دیبیەوە بە تەنیا بە سەربەستی ئەڕوا بێ ئەوەی کەلەپچەی لە دەستابێ و یاساوڵێ بەسونگییەوە لە پشتییەوە بێ! پڕ بەسییەکانی هەوای پاکی هەڵمژی. زەردەخەنەیەکی تەنك، بۆ چاوترووکانێ، چارەی ترش و تاڵی ڕووناك کردەوە. ئیتر پەرۆش و بێ ئارامیی گەیشتنە هیوای کوڕی و کاڵێی ژنی هەموو شتێکی کەیان لە گیان و مێشکیا شاردەوە. بەبێ ئەوەی تەنانەت ئەو گۆڕینە زۆرەی لە شەقامەکە و خانوو و دوکانەکانی ئەملا و ئەولاشیا ڕووی داوە ئەوەندەی تۆزێ سەرنجی ڕاکێشن یا گوێ بداتە دیمەنی کەژە ڕەنگاوڕەنگەکەی بەرامبەری، کە جاران دڵگیرترین دیمەن بوو لە لای، کەوا ئاوابوونی خۆر تارایەکی ئەرخەوانیی جوانیشی بەسەرا ڕاکێشابوو سەری داخست و چاوی بڕییە چەقی ڕێگاکە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تایبەتیی تیا بەدی بکا. بە گوژم و گڕێکەوە کە هیچ لە لەشی لاوازی چاوەڕوان نەئەکرا خۆی ئەکوتا بەرەو ماڵ! بیری لەو سەرسامی و خۆشی و گەشکەیە ئەکردەوە کەوا بەماڵاکردنی لە ناکاوی ئەیخاتە دڵی ژن و

کوڕەکەیەوە. بەڵام نەء بێگومان هیوا نایناسێ لێی دوور ئەکەوێتەوە، بەخێسەوە ئەڕوانێتە ئەم بۆرە زەلامەی وا خەریکە خۆی ماچ ئەکا و دەستی ئەکاتە ملی دایکی! بەبەر چاوی مێشکیا تێ ئەپەڕێ کە کاڵێ بەدەنگێکی کپی بەفرمێسك ئاودراوەوە بانگی ئەکا... «وەرە هیوا گیان ئەوە بابەیە! دەی دەستێ بکەرە ملی بابە، ماچێکی بەرێ دەی!» ئەو بە دوودڵی و نیوە ڕەزاوە و ئەمیش بەجۆش و پەرۆشێکی زۆرەوە لێك نزیك ئەبنەوە. هیوا دەستە خەپەتۆڵەکانی ئەهاوێتە سەرشانی. ئەمیش دەم ئەنێ بەلاملیەوە، لە پێش ئەوەدا بکەوێتە هەڵمژینی، تێر تێر بۆنی پێوە ئەکات! نەء خۆ هیوا مناڵۆچکە نییە، تەمەنی دە ساڵە، لە هەموو شتێ تێ ئەگا. بێگومان دایکیشی ئەوەندە باسی ئەمی بۆ کردووە هەر کە چاوی پێی کەوت پەلاماری دەستی ئەدا ماچی ئەکا. بەڵام ئەم ئەوەندە گۆڕاوە لەوانەیە کاڵێی بەسەزمان خۆشی نەیناسێتەوە نەخوازەڵا مناڵێکی وەکو هیوا! لێرەدا گەیشتە سەر ئەو کۆڵانەی کە ئەبوو پێچ بکاتەوە بۆ ماڵی خۆیان لەپڕ ڕەق ڕاوەستا و لە جێی خۆی وشك بوو. ماڵی چی و حاڵی چی؟ ماڵ لە کوێ ماوە؟ هاتەوە بیری کەوا زۆر لەمێژە لاوەی ئامۆزای بۆی نووسیوە، ژن و کوڕەکەی بردۆتە ماڵی خۆیان، ژێرخانێکی داونێ و خانۆکەی خۆشی بۆ داون بە کرێ. لە کرێکەی مانگی دوو دیناری بۆ ئەم ئەنارد ئەوی کەشی لە خۆیانا سەرف ئەکرد.

هەر وەکو ئەم بیرکردنەوە ناکاوە لە خەیاڵی دابێ و لووتی شکاندبێ هێز و گوڕ لە لەشیا نەما. گەڕایەوە دواوە قاچی بەکێش ئەکرد. کەواتە بەیەکگەیشتنەوەکەیان هیچ ئەو تام و خۆشییەی نابێت کە بەدرێژاییی شەش مانگی دواییی زیندانییەکەی ئەم خۆی بۆ ئامادە ئەکات و خەیاڵی پێوە لێ ئەدا. لە بەر چاوی لاوە و ژن و مناڵەکانی لە کوێ ڕووی دێ ئەو شتانە بکا و ئەو قسانەیان پێ بڵێ کە لە دڵیا گینگلە ئەدەن؟ هیچ..

– شتێکی ئاشکرایە کە تەنانەت ناتوانێ ماچێکی کاڵێش بکا! دەی قەی چێکا! خۆ دنیا هەر ئەو چەند دەقیقەیە نییە کە تیایا بۆ یەکەمجار، دوای دە ساڵ، چاویان بەیەك ئەکەوێتەوە. ژیانێکی دوور و درێژیان لە پێشە، هەر ئەوەندەی هەیە کە خوا لە چورتم و تاوێری ڕۆژگار بیانپارێزێ، بەڵام زۆر سەیرە... چۆن بیری چووبۆوە،

کە لەوماڵەدا نەماون. بەدرێژاییی چەند ساڵ لاوە لە نامەکانیا باسی ئەوە ئەکا کە هیوا و دایکی لە ماڵی ئەوانن پێکەوە ئەژین. ڕاست ملی ڕێگای گرت و تا گەیشتە بەرماڵی لاوە پاش نەختێ سێو دوو بەدەستێکی لەرزۆك لە دەرگاکەی دا. دوای ئیستێکی باش کوڕێکی هەشت نۆ ساڵە دەرگای لێ کردەوە. کە چاوی پێی کەوت دڵی داخورپا، تۆ بڵێی ئەمە هیوا بێ! بە ڕاستی زۆر ڕێی تێ ئەچێ ئەوبێ.

گەلێ شێوەی لەو وێنەیەی هیوا ئەچی کە بەمناڵی گیراوە. ئەو وێنە نازدارەی، دوای گەلێ تکا و پاڕانەوە لاوەی ئامۆزای بە دزی دەسەڵاتدارانی زیندانەوە گەیاندبوویە ئەم، ئەو وێنەیەی بەدرێژاییی چەند ساڵ هەر کە شەوی لێ ئەهات لەتۆی لێفەکەی دەری ئەهێنا و تا خەو بە لادا ئەیبردەوە پێی ڕائەبووارد و بەو تیشکە گەشە هێمنە پاکژەی لە چاوە ڕەشە پێکەنینیاوییەکانی هەڵئەقولا تاریکیی زیندانی ڕۆشن ئەکردەوە، وە هێشتا دنیا تاریك و لێڵ بوو کە لە خەو ڕائەپەڕی و دیسانەوە لە توێی لێفەکەیا بە باشی ئەیشاردەوە، بۆ ئەوەی وەك وێنەکەی کاڵێ وەردیانە جانەوەرە دڵڕەقەکانی زیندانەکە، لە پشکنینێکی ناکاوا نەیدۆزنەوە و بەبەر چاوی خۆیەوە وەك دڕندە پارچە پارچەی نەکەن.

وای چ ڕێکەوتێکی خۆش ئەبێ هیوا گیان یەکەم چارەی ناسیاوبێ کە لە شاری (چ...) چاوی پێی بکەوێ.

مناڵەکە لە بێدەنگی و سەرنجدان و واق وڕمانی (کابرا) بە ئەندازەیەك پەشۆکا خەریك بوو دەرگاکە داخاتەوە جوامێریش لەبەر خۆیەوە ئەیوت: هیوا! هیوا! مناڵەکە زیاتر شڵەژا و هەتا ئەهات دەموچاوی زیاتر نیشانەی ترسی لێ ئەنیشت بەتایبەتی کە دی کابرای لەدەرگادەر دەستی گرتووە بە تای دەرگاکەوە نایەڵێ پێوەی بداتەوە... بەدەنگێکی پڕ ترسی نزیکتر لە هاوارەوە وتی:

– بۆ قسە ناکەیت مامە بڵێ چیت ئەوێ!

ئەم پرسیارە جوامێری لە چنگ شپرزەیی و بیرکردنەوە ڕزگار کرد بەئەسپایی بەبێ ئەوەی چاو لە کوڕەکەی بترووکێنێ پرسی:

– کاکە لاوە لە ماڵە؟

– منداڵەکە بەگورجی وتی:

– با بچم بزانم.

توند بەهەموو هێزی خۆی دەرگاکەی پێوەدا و جوامێری بەحەپەساوی و شەرمەزاری لە دەرێ هێشتەوە و خۆشی بەڕاکردن گەڕایەوە ماڵێ.

جوامێر دوای ئەوەی گرمەی دەرگا پێوەدانی منداڵەکەی لە گوێچکە ڕەوییەوە، پشتی کردە دەرگاکە و مات و بێدەنگ ڕاوەستا. حەزی لە دەرگای داخراو نەئەکرد تەنانەت ئەگەر ئەم لە دیوی دەرەوەشی بێ. وا دیار بوو دە ساڵی بەندیخانە، دە ساڵ ژیانی ناو زیندانی دەرگا خڕ داخراو کارێکی خراپی کردبووە سەر مێشکی. چەند دەقیقەیەك وەها بەلای جوامێرەوە لە چەند سەعاتێك درەنگتر تێ پەڕی، ترپەی ڕەوتێکی نەختێ گرانی لێ نزیك بووەوە دەرگا کرایەوە. لاوەی ئامۆزای، وەکو دە ساڵ لەمەوبەر چۆنی بەجێ هێشتبوو هەروا سوور و سپی و خرپنە و ڕوو گەش. لە بۆشاییی دەرگاکەدا وەستا، تەنیا گۆڕانێك کە جوامێر لە سەر و چاویا بەدیی کرد چەند موویەکی سپی هەڵگەڕاو بوون، بە لاجانگیەوە، کەوا لەناو مووە خورماییەکانی کەدا سەرەتاتکێیەکی شەرمنانەیان ئەکرد! لاوە ڕوویەکی کەمێ گرژی تێ کرد و بەدەنگێکی گڕەوە، لێی پرسی:

– ها برا چیت ئەوێ؟ ئەمرێ، خزمەتێ؟

جوامێر سەری سوڕما، بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە کە هەر بۆ ئەوەی بوو تەریقیی خۆی بشارێتەوە، وتی:

– کاکە لاوە! چۆن؟ نامناسیتەوە، من جوامێرم. قسەکەی تەواو نەکردبوو کە چارەی لاوە بە تەوژمی شەپۆلێکی شادمانی گەشایەوە، بە دەنگێکی پڕ تاسە و ئارەزووی بە خۆشی و گریان ئاودراو وتی:

– وەی جوامێر گیان! لێم ببوورە بە ڕاستی نەمناسیتەوە، دەستیان کردە ملی یەك و ئەملا و ئەولای یەکتریان ماچ کرد. لاوە دەستی گرت و بردیە ژووری میوان. بەدەم گلەیییەوە پێی وت:

– ئاخر کاکی خۆم. نە ئەبوو لە هاتنەوەت ئاگادارمان بکەی . بۆ وا لە ناکاو

ئەکەی بە ماڵا، ئەمە ئیشە؟

جوامێر وتی:

– خۆت ئەزانی کە مانگی جارێك لە بەندیخانە ماوەیان ئەدایین نامە بنێرین بۆ کەسوکارمان. منیش لە نووسراوی سەری مانگا بۆم نووسیبوویت کەوا لەم مانگەدا ڕزگارم ئەبێ، ئیتر بە تەواویش نەمئەزانی بۆ کوێ و کەی ئەمنێرن تا ئاگادارتان بکەم. باش بوو خواوڕاستان کردیان، لەمەدا بەختم هەستابووەوە هەر لە خۆیانەوە بێ تکا و بێ پاکانە ناردیانمەوە ئێرە، لە پاشان لەوانەبوو بشمزانیایە ئاگادارم نەکردنایە، بۆ ئەوەی تووشی ئەزێتی بە پیرەوە هاتنتان نەکەم. لاوە قسەکەی لە دەم قۆستەوە و بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتی:

– نە بابە، بە پیرەوە هاتنی چی؟ وا دیارە تۆ ئاگات لە دنیا نییە بۆچی لە ترسی ژەندرمە کەس ئەوێرێ دەرکەوێ. ڕەنگە لە دە کەس یەکێ لەوانەی ئەتناسین لە شارا نەمابن، یان گیراون و براون بۆ زیندانەکان، یان هەڵاتوون و چوونە شاخ. لە سەر ئەمری فەرمانداری گشتی نابێ لە سێ کەس زیاتر پێکەوە بگەڕێن، شەوانیش لە سەعات هەشتی ئێوارەوە تا شەشی بەیانی چوونە دەرەوە قەدەغەیە. لەگەڵ ئەوەشا ئەم هەموو فەرمانە ناڕەوایانە کاری نەکردۆتە سەر چالاکیی لەشکری ئازادکردنی نیشتیمانی کە (ل. ا. ن)ی پێ ئەڵێن، کەم شەو هەیە نەدات بەسەر شارا، ڕۆژیش نییە لە کۆڵان و کووچەکانا چەند تەقەمەنی و نارنجۆکێ نەهاوێژن و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لە دوژمن نەدەن. لاوە ئەم قسانەی وەك یەکێکی بۆ سکاڵاکردن زۆر تینوو، هەڵیڕشت بۆ جوامێر، بەڵام ئەم بێزارانە وتی:

– تۆ جارێ واز لەم قسانە بێنە. ئەوەندەم لەم جۆرە قسەیە بیستووە گوێچکەم پڕبووە! کوا هیوا و دایکیم بۆ بانگ کە ئەوە چییە ئەڵێی میوانی ژنتان هەیە وا منت هێنایە ئێرە؟

لاوە وەك لە ناکاو زۆر دڵڕەقانە برینێکی کولێنرابێتەوە ڕەنگی هەڵبزڕکا و گرژی و مۆنییەکی ئازاراوی شاڵاویان بۆ چارەی هێنا، بەڵام کە سەری هەڵبڕی دی چاوی جوامێر چ پاڕانەوە و تاسە و ئارەزوویەکی لێ هەڵئەقوڵێ. هەرچی هێز و



@kurdica

گوڕ هەبوو لە گیانیا دایە خۆی، بۆ ئەوەی بەشکو بتوانێ ترووسکەیەکی ڕۆشنایی و خۆشی بخاتەوە ڕووی خۆی، بەڵام هەر زوو تێ گەیشت کە تەقەلاکەی بێ سوودە بۆیە زیرەکانە گورج دەستی گرت بە چمکی قسەکەی دوایی جوامێرەوە، ڕاست بۆوە و پشتی تێ کرد و بە دەنگێکی گڕی لەرزۆك پێی وت:

– ماڵێکی دراوسێمان میوانە با بچم بەشکو دەستێکیان پێوە بنێم.

لاوە کە لای جوامێر هاتە دەرێ ئیستێکی باشی بۆ کرد لە داڵانەکەدا تا نەختێ ڕەنگ و ڕووی هاتەوە سەر خۆی ئەوسا چووە ژووری دانیشتنی مناڵەکانی. خەبەری هاتنەوەی جوامێری دانێ و پێی وتن کە چایەکیان بۆ لێ بنێن و نانیش بۆ هەردووکیان هەڵگرن، حەمامەکەش گەرم کەن بۆ جوامێر. نەختێ چاویشی بە ژوورەکە و سەر و چاوی مناڵەکانیا گێڕا، مێشکی ئەوەندە خەریك بوو هیچیانی باش بەدی نەئەکرد، نەیئەزانی چەند وا ئەمێنێتەوە ئەگەر ژنەکەی نەیوتایە:

– کەواتە بابچم بەخێرهاتنێکی بکەم و بانگی کەمە ئێرە، بۆچی لە دیوەخان بێ. هەر ئەبوو لە ڕێوە بتهێنایە ئێرە خۆ ئەو بێگانە نییە، کێمان هەیە شەرمی لێ بکا؟

لاوە وەکو لە خەو ڕاست کرابێتەوە بە ژنەکەی وت:

– نەء مەچۆ.. تۆ مەچۆ.. وەرە جارێ قسەیەکت پێ بڵێم ئەوسا خۆم ئەچم ئەیهێنمە ئەمدیو. ژنەکەی بردە لایەکەوە چەند قسەیەکی بە گوێچکەیا چرپاند و گەڕایەوە بەرەو ژووری میوان.

کە جوامێر بەتەنیا لە ژوورەکەدا مایەوە، لەگەڵ ئەو هەموو پەرۆش و بیرەوەرییە ورووژاوەشیا نەیتوانی سەرنجی خۆی لابدا لە گیرسانەوە بەناوماڵی جوان و ڕێك و گرانی دەوروپشتیەوە لە دڵی خۆیا وتی بێگومان ئێستە لاوە حاڵی زۆر باشە، ئەم ناو ماڵە بەنرخ و چاکە بە خۆڕایی نییە، منیش تووشی ئەم گاشەیە نەبوومایە ئێستا ماڵ و حاڵێکی باشم ئەبوو، بەڵام دیارە وەکو لاوە نەئەبووم ئەو زیرەك بوو هەر زوو خۆی لە بەند و باوی مامۆستایەتی ڕزگار کرد. ئاخۆ ئێستا خەریکی چی بێ. هەژدیهایەکە بۆ خۆی لە هوویە موویە ئەکاتەوە! منیش

نەگیرامایە و لە کاتی خۆشیا پێش بخرامایە ئێستە مانگانەیەکی باشم ئەبوو. وای سەیرە خۆ من وام زانیوە دێمەوە سەر سەروەت و سامانی بابم تا ئێستە هیچ بیرێکم لەوە نەکردۆتەوە بە چی ئەژیم! خۆ فەرمانبەری ئەوە هیچ، بشمەوێ بە پوولێك ڕام ناگرنەوە. پەرۆشی چاو پێکەوتنەوەی هیوا و کاڵێ هەموو شتێکی لە بیربردوومەوە، بەم خەیاڵە دیسانەوە هاتەوە سەر باسی هیوا و کاڵێ و دیسان هەموو شتێکی کەی لە بیر چۆوە و ئارامی لەبەر بڕایەوە!

کە لاوە هاتەوە ژووری میوان دیی جوامێر دەستی لە پشتەوە تێك ئاڵاندووە و وەك ڕابکات بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێ.

لای جوامێر وابوو کە لاوە چووە یا دەست بەمیوانەکانیانەوە بنێ و ئەم بەرێتە ئەو دیو، یان کوڕ و ژنەکەی بۆ بهێنی بۆ ئەم دیو. کە دیی بەتەنیا گەڕایەوە و بێدەنگ لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، وەختە بوو لێك بێتەوە. ڕووی کردە لاوە و بەدەنگێکی بەرز کە خۆشی ناساز و بێ جێ هاتە گوێی، شیرانی:

– کوا ئەوە تۆ بۆچی چوویتە ئەو دیو؟ ئەی مناڵەکانت بۆ نەهێنا، من خۆم پێ ناگیرێ تا میوانەکانتان ئەڕۆن.

لاوەش زۆر لەسەرخۆ بەڵام بەڕەنگێکی زەرد هەڵگەڕاو و دەنگێکی گڕی لەرزۆك وتی:

– جارێ تۆ دانیشە کاکی خۆم، پشوویەك بدە، نان ئەخۆین و خۆت بشۆ و بنوو ئینجا،

جوامێر بە تووڕەیی سەری قسەکەی لەدەم سەند و وتی:

– پشووی چی و نان خواردنی چی و نووستنی چی؟ من بۆ ئەم شتانە نەهاتوومە ئێرە، من هیوام ئەوێ، هیوای کوڕم، ئەمەوێ بیبینم. ئەمەوێ بیگرمە باوەش... تێرتێر ماچی کەم. لەپڕ دەنگی کپ بوو، گریان گەرووی گرت، وەکو بپاڕێتەوە وتی:

– گیانەکەم کاکە لاوە! مەیکە بەگاڵتە دڵم ئەوەندەی تاڵە دەزوویەکی قرچۆکی پێوە ماوە بەرگەی ئەم چەشنە گاڵتانە ناگرم وا دیارە دنیا وێرانیش ببێ تۆ هەر

لەسەر گاڵتە و گەپی خۆتی! کوان منداڵەکانم، بانگیان کە، لە خەو، لە خواردن، لە هەموو شتێکی کەی دنیا زیاتر تاسەی ئەوان، بیری ئەوان حەز بەدیتنی ئەوان ئەکەم. لاوە هەرچەندە ئەم هێرشە ناکاوەی جوامێر دڵی گوشی بەڵام خۆی گرت و لەسەرخۆ پێی وت:

– گیانەکەم وا دیارە باش لە قسەکەم نەگەیشتی، یان ڕاستییەکەی من باشم تێ نەگەیاندی، مەسەلەی گاڵتەوگەپ نییە هیوا و دایکی ئێستە لێرە نین بۆیە نەمهێنانە لات.

– ئەی لە کوێن؟ چوون بۆ ماڵی کێ؟ بنێرە بەدوویانا.

– لە مانگێ زیاترە چوونەتە دێی گوڵان بۆ ماڵی پوورت.

جوامێر قیژانی وتی:

– ئەی ئێستە چار چییە؟ کەواتە نایانبینم؟

– چار هەر ئەوەیە ئێستە وەکو پێم وتی وا بکەیت، نانێ بخۆین و بچی خۆت بشۆیت و بنوویت و بەیانیش یەکێ ئەنێرم بە دوویانا.

– ئەبوو پێیان بڵێی کە ئەوەندە بەنگ نەبن بە تایبەتی کە ئەتزانی من ئەم مانگە زیندانییەکەم ئەبڕێتەوە!

هەرچی چۆنێ بێ ئێستە چار نییە ئەبێ ڕاوەستم تا بەیانی. بەڵام بەیانی من خۆم ئەچم بەدوویانا.

لاوە وەکو شتێ ماتەمینییەك دای گرت، دوای ئێستێکی باش وتی:

– من هیچ بەباشی نازانم کە تۆ خۆت بچی بەدوویانا، دنیاکەی ئاخۆران و بخۆرانە، تۆش هەمووی یەك دوو ڕۆژە لە بەندیخانە ڕزگارت بووە. خوا نەکردە تووشی چورتمێ ببی لەوانەیە ئەمجارە بەسەرەوە تیا بچیت!

جوامێر تۆزێ بێدەنگ بوو ئینجا سەرێکی ڕاوەشان وتی:

– ڕاست ئەکەی خۆ من ناشبێ بەبێ ئاگادارکردنی دایەرەی ئاسایش لە شوێنی خۆم بجووڵێم، جا خوا ئەزانێ ئەوان ئیزنم ئەدەن یان نە! باشە خێری پێوە بێ، تۆ

یـەکێك بنـێرە، بـەڵام بـەزوویی، بزانـە نـاکرێت هـەر لـە ئێستـەوە بکـەوێتـە مشوور خواردنی. بەشکو شەوەکەی بکەوێتە ڕێ.

– ئەی گیانەکەم پێم نەوتی بە شەو چوونە دەرەوە قەدەغەیە! گازینۆ و چایخانە نییە و کەسم پێ نادۆزرێتەوە. جگە لەوەی بەیانیش بەر لە سەعات شەش کەس ناتوانێ لە ماڵ بێتە دەرێ.

– ڕاست ئەکەی کاکە لاوە قسەی تۆیە، لێم ببوورە بەڕاستی تاسە و بیری هیوا وا سەری لێ تێك داوم ئاگام لە هیچ شتێ نەماوە. بەڵام گیانەکەمی بەیانی زوو یەکێکی باشیان بنێرە بەدوودا. بابە چەند پارەی ویست تۆ دوو ئەوەندەی بدەرێ من ئەتدەمەوە هەر ئەو پیاوەتییەمان لەگەڵ بکا زوو بچێ و زوو بیانهێنێتەوە پێیان بڵێ لە ڕێگا هیچ بەنگ نەبن.

– پارەی چی کاکە؟ شەرم ناکەی ناوی پارە ئەبەیت! جارێ ئەم ئیشە هەمووی یەکدوو دیناری تێ ئەچێ کە هیچ کەماڵێکی نییە، جگە لەوە ئێمەمانان ئەگەر هەزار دینارتان بۆ سەرف بکەین لە چاکەتان دەرناچین، ئێوە لە ڕێگای نیشتمانا دەستان لە ژیان هەڵگرتووە، زیندانتان دیوە، ساڵەهای ساڵە لە ماڵ و منداڵی خۆتان دوور خراونەتەوە. لە خۆشی و ئازادی بێبەش کراون. ئێوە سەری ئێمەتان بەرز کردۆتەوە. جگە لەمە تۆ ئامۆزامی، بڕبڕەمی من پارەم بۆ کێیە بۆ تۆ نەبێ.

جوامێر بە تەریقییەوە وتی:

– باشە بابە تۆ خۆت چۆنی ئەزانی بەباش وا بکە سوپاس!

لاوە بە زەردەخەنەیەکی پڕ بەزەیییەوە وتی:

– کەواتە با جارێ بچم بزانم شێوەکەیان بۆ ئامادە کردووین؟ من زۆرم برسییە بێ گومان تۆش.

ئەوەندەی پێ نەچوو لاوە گەڕایەوە لای جوامێر، بە نەختێ تەریقییەوە پێی وت:

– داخم ناچێ شێوەکەمان ڕووی مەجلیسی نییە، هەروا نەختێ چێشتی نیوەڕۆمان ماوە، بۆیە پێم وتن هێلکە و ڕۆنێکیشمان بۆ بکەن و لە ژوورەکەی خۆشیان بۆمان دانێن لەوێ ئەیخۆین. منداڵەکانیش لەوێن، حەز ئەکەن چاویان

پێت بکەوێ.

وشەی منداڵەکان جوامێری وەك کەو چووان بۆیە پاش بێدەنگییەکی زۆر ئینجا بیری کەوتەوە کە ئەبێ قسەیە بکا ئەوسا وتی:

– هێلکە و ڕۆنی پێ نەئەویست ئەوی هەبوو بەس بوو. خۆت ئەزانی من لە خۆما ئەوەندە چڵێس نەبووم، لە زیندانیشا ئەوەندە ماشە سپی و پیاز و چێشتی شێلم و ماشێنیان داوینێ هەموو خواردنێکی کەم لەلا فڕنی و فاڵۆزەیە.

کە چوون بۆ شێوکردن، دوو ئافرەت و چوار منداڵ لە ژوورەوە بوون ژنەکان کە وا دیاربوو خۆیان بۆ بەخێرهاتنی جوامێر ئامادە کردبوو، بەرزەپێ لە بەری هەستان، خێزانەکەی لاوە بەدەنگێکی دڵێر و دەمێکی پاراوەوە و ئافرەتەکەی کەشیان بەدەنگێکی شەرماوی بەخێرهاتنی (کاکە جوامێر) یان کرد. چوار منداڵەکەش، یەکێکیان شیرەخۆرە بوو لە ناو بێشکەدا پاڵ خرابوو گڕوگاڵی ئەکرد لەگەڵ دوو کچی هەشت نۆ ساڵان، منداڵی چوارەمیش ئەو کوڕەبوو، کە جوامێر لە کاتی دەرگا کردنەوەدا بە هیوای کوڕی تێ گەیبوو. ئەویش بە دوودڵی و تەریقییەوە لە مامە جوامێر چووە پێشەوە پڕی کرد بە دەستیا ماچی کرد و خێرا گەڕایەوە لای دایکی و پووری، کەوا بێدەنگ دوور لەو مێزەی لاوە و جوامێر لەبەریا دانیشتن بۆ نان خواردن، لە دەوری سەماوەرە زەردەکەیان دانیشتبوون. یەکێکیان فووی لە سەماوەرەکە ئەکرد و ئەویکەشیان پیاڵەی لە سەر سینی ڕیز ئەکرد.

لاوە یەکە یەکە ناوی منداڵەکانی خۆی بەجوامێر وت. ئینجا بەگاڵتەوە پێی وت:

– خۆ پێویست ناکا نازداری خێزانیشم بەهێی ژن خوشکمت پێ بناسێنم!

جوامێر کە ناوی بەهێی بیست وەکو شتێ تاس بردییەوە، چۆن ئەو ژنە کوتو کوێرە ڕەقەڵە پێست بە ئێسکەوە نووساوە ئەو بەهێ شۆخ و شەنگە ڕوومەت پەڕەی گوڵەیە کە پاش دە ساڵ شووکردنیش لە جوانەکانی شار ئەژمێردرا!

جوامێر خۆی پێ نەگیرا بەئەسپایی لەلاوەی پرسی:

– ئەرێ بەڕاست ئەوە بەهێ بۆچی وای لێ هاتووە؟

لاوە بە سەربادانێکەوە وتی:

– ئەگەر بێعار نەبوایە ئەوەشی نەئەما! جارێ با نانەکەمان بخۆین ئەوسا باسەکەت بۆ ئەگێڕمەوە. نامەوێ لە ئێستەوە دڵت بگرم. کە چوویتە ژوورەکەی خۆت لەوێ بەسەر پێوە باسی (بەهێ) شت بۆ ئەگێڕمەوە چونکە وا دیارە ماندوویت خەوت دێ، جگە لەوەش ئەڵێی پێش نووستن خۆم ئەشۆم.

## ٤

دوای نان خواردنێ کەوا لاوە بەزۆریش جوامێری تیا بۆ نەهێنرایە قسە، هەستان. لاوە جوامێری برد ژوورەکەی پیشان بدا، بەسەرپێوە باسی بەهێشی بۆ کرد کە چۆن ئەبیستێ لە خۆنیشاندانێکی نیشتمانیدا کورە تاقانەکەی کوژراوە، باوکە پیرەکەشی ئاگری جگەر هەڵی ئەگرێ ئەچێ بۆ سەرا لاشەی کوڕی بدۆزێتەوە. کە ئەگاتە بەر دەرکی سەرا ئەبینێ خەڵکێکی زۆری وەکو ئەو چوون بۆ دۆزینەوە و وەرگرتنەوەی لاشەی کەسوکاریان. هەموو لە بەردەمی دەرگای داخراوی سەراکەدا وەستاون. ئەوەندەی پێ ناچێ دەرگایان بۆ ئەخەنە سەر پشت کە دوا کەسیان لێ ئەچێتە ژوورێ خڕ دەرگایان لە سەر دائەخەن و هەر ئەو شەوە یەکێ سەر و سێ ساڵ حوکمیان ئەدەن. بەرەبەیان (پێش ئەوەی شار لە خەو هەستێ بێدەنگ و سەنگ ڕەوانەی زیندانی (ن...)یان ئەکەن. محە ئاوەڵزاوام پیر ئەبێ بەرگەی ئەرك و ئازاری بەندیخانە ناگرێ، ساڵێکی بەندێتییەکەی ناباتە سەر ئەمری خوا بەجێ ئەهێنێ. خۆشت ئەزانی ئەوی ڕۆژ پەیدای نەکردایە نەیبوو شەو بیخوا جا بەهێیە ئەم کارەسات و کوێرەوەرییەی بە سەر هاتبێ سەیر نییە ئێسقانیشی مابێ؟ کاکە جوامێر! مەپرسە ئەم خەڵکە لە چ حاڵێکا ئەژین کەس خاوەنی سەربەستی و ژیان و نامووسی خۆی نییە بەدرۆی مەزانە ئەگەر بڵێم ئێوەی بەندیخانە ئازادتر و دڵنیاتربوون لە ئێمەی بەناو بەرەڵڵا! باوێشك ئەدەی، خەوت دێ بچۆ خۆت بشۆ و بنوو. پێشەکی پیرۆزت بێ. شەوت باش و خەوت خۆش.

جوامێر وتی:

– پێکمانەوە...

لاوە چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە و لە پڕ گەڕایەوە وتی:

– ئەوە چییە خۆمن ئەڵێی سەرخۆشم! حەمامەکەشم پیشان نەدایت. ئەوەتە لە تەنیشت ئەو ژێرخانەی بەرامبەرتەوە چرای ڕێگاکەشت بۆ دائەگرسێنم کە لێت

تێك نەچێ. ڕەنگە لەبەر گەرما خەویشت لێ نەکەوێ سەد ئەوەندە ماندووبی! دەی درێژەم دایە تۆش باوێشك ئەدەی. بۆنایەی خۆشتنەکەت بخەیتە سبەینێ؟

جوامێر وتی:

– بەقوربان لێم گەڕێ ساردم مەکەرەوە خۆم لە خۆما لە خۆشتن بێزارم ئێستە خۆم نەشۆم تا دوو هەفتەی تر هەر نایەتەوە بیرم، ئێستە لە هەموو کاتێ باشترە، بەیانی کە هەستام وەك دۆزیبێتمەوە وەهایە. (بەدەنگێکی پڕ سۆز و نەختێ بەرز بانگی کرد) گیانەکەمی لاوە سبەینێ مەسەلەکەی هیوات بیرنەچێ!

لاوەش بە ماتییەکەوە وتی:

– ئینشاڵڵا!

جوامێر کە دەرگای حەمامی کردەوە سەری سوڕما ئەوەتەی هەبوو نەك لە حەمامی وادا خۆی نەشتبوو هەر چاویشی پێ نەکەوتبوو. بانیۆ سپییەکەی هەر ئەبریسکایەوە وەکو بیستبووی خوا پێداوەکان ئەو حەوزە پڕ ئەکەن لە ئاو و بۆنی خۆش ئینجا خۆیانی پێ ئەشۆن. هات بەبیریا خۆی لەو بانیۆیەدا بشوا. دەستی برد (شیرە)یەکی کردەوە لێشاوێك ئاوی سارد بەسەر و گوێلاکیا هاتە خوارەوە دای چڵەکاند ئینجا بەرە بەرە و بەوریاییتر هەر چۆنێ بوو شێرەی ئاوی سارد و گەرمی بانیۆکەی دۆزییەوە و بەری دانەوە کە پڕ بێ. خۆی ڕووت کردەوە، دوای نەختێ چاو گێڕان بەخاولیی ڕەنگاوڕەنگی بەچاکلەدا هەڵواسراو شووشەی بۆنی خۆش و هەموو جۆر سابوونی خۆشتندا، قاچی خستە ناو بانیۆکە پێی هەڵخلیسکا بەگازی پشتا کەوتە ناوی! هەندێ ئازاری ئەژنۆ و ئانیشکی گەیشت. دوای نەختێ لە ئاوە شلەتێنەکەدا خۆی پاڵ خست. کە حەسایەوە لە کانگای دڵیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیا وتی: خۆزگە هیوا و دایکی لێرە ئەبوون بێگومان هەموو ئازاری بەندیخانەم بەماچێکیان لە بیر ئەچۆوە. دەی زۆر زۆری ڕۆیشتووە کەم کەمی ماوە. خوا موقەدەر نەدا دوو ڕۆژی تر لێرەن. سابوون و لیفکەی گرت بە دەستەوە و کەوتە خۆشتن . خۆشیی حەمامە لە کاشی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراوەکە و ئەو ختووکەیەی ئاوە شڵەتێنەکەی بانیۆکە هی

لەشی ئەدا، خۆشتنێکی کەی هێنایەوە بیری. دە ساڵ لەمەوبەر کە ئەگیرێن هەتا سێ مانگ ماوەی خۆشتنیان نادەن. ئەوانیش ئەکەونە شکایەت و شکایەتکاری و مانگرتن تا میری ناچار ئەبێ هەر پانزە ڕۆژ جارێك ماوەی خۆشتنیان بدا.

لەبەرئەوەی جوامێر لەبەردەمی خۆپیشاندانەکەدا برینداز کرابوو بەیەکێ لە سەرکردە گەورەکان دانرابوو بۆیە لە زیندانێکی یەك کەسییا گیرابوو. جاهاتەوە بیری چۆن نیوەڕۆیەك یەکێ لە وەردیانەکان دەرگاکەی لێ کردەوە و پێی وت کە هەستێ خۆی کۆکاتەوە بۆ خۆشتن ئەمیش نە جلی پاك، نەهیچ شتێکی هەبوو لە خاولییەکی چڵکن بەولاوە کە جێی هەموو شتێکی پێ گرتبوو. کە لە زیندانە تاریکەکەی هاتە دەرێ تا ماوەیەکی باش چاوی هەڵنەئەهات لەبەر تیشکی گەشی خۆر بۆیە هەروا کوێرانە دووی دەنگی پێی یاساوڵەکەی پێشەوەی کەوتبوو کە ئەوەندەی پێ نەچوو دەرگایەکی بەتوندی کردەوە و ڕاوەستا تا ئەم گەیشتە لای دەرگاکە. ئەوسا پاڵێکی پێوەنا بەڵام بەختی هەبوو لە باتی ئەوە خۆی بکەوێ بەر زەلامێکی تر کەوت کە لە ژوورەکەدا وەستابوو دای بە دیوارە چینکۆکەدا. یاساوڵەکە پێی وتن خۆتان ڕووت بکەنەوە، وا هاوڕێکەی کەشتان هات. وای وت و پاڵی نا بەزەلامێکی کەوە. ئینجا پێی وتن: ژوورەکەی لاتانەوە حەمامە هەرسێکتان پێکەوە ئەچنە ژوورێ. ئەبێ بە پێنج دەقیقە لە خۆشتن ببنەوە چونکە بەندییەکان زۆرن و هەمووشی هەرسێ حەمام هەیە.

دەرگاکەی لەسەر داخستن و وتی پاش پێنج دەقیقە لێ نەبووبنەوە بەڕووتی ئەتانهێنمە دەرەوە، نەڵێن حکومەت زاڵمە و وەردیان کافر! ئۆباڵی خۆتان بەئەستۆی خۆتان!

بەندییەکانی تر کە وا دیاربوو لەبەر نەشارەزایی، جلی چڵکنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بیشۆن، بەنائومێدی جلەکانیان دانا و هەر سێکیان خۆیان کرد بەژووری حەمامەکەدا کە بریتی بوو لە چوار دیوارێکی چینکۆ، بنکەکەی چیمەنتۆڕێژ کرابوو، تانکییەکی گەورەی قیر پڕ کرابوو لە ئاو، لەو دیوەوە ئاگریان ئەدا. تەنەکەیەکی نەوتیش پڕ کرابوو لە ئاوی ساردی لیخن، بۆ هەرسێکیشیان قووتوە پەنیرێکی بەتاڵ دانرابوو کە ئاوی پێ بکەن بەخۆیانا. لە پەلە پەلیدا

نەیانئەزانی چی بکەن، یەکێکیان نەختێ لە ئاوی تانکییەکەی کرد بە دەستیا تـوێخـێکـی داپـڵـۆخـان، هـیـچ شتـێ نـەبـوو لـە حـەمـامـەکـەدا کـە لـە سـەری دانـیـشن چیمەنتۆکەش ئەوەندە داخ بووبوو بە پێشەوە خۆیان پێ ڕانەئەگیرا چۆن خۆ بشۆن و چی بکەن؟ بەناچاری نیوەی ئاوی ساردی تەنەکە نەوتەکەیان ڕشت کە ئەویش شڵەتێن بوو بوو. دوو سێ قوتو ئاوی گەرمیان تێ کرد و کەوتنە خۆشتن. لە یەك کاتا هەر سێکیان دەستیان ئەبرد بۆ قوتووەکە کە ئاو بکەن بە خۆیانا. کردیان بەنۆرە تا دووانیان کەفەکەیان لە سەریان کردەوە ئاوی بن تەنەکەکە ئـەوەنـدە داخ بـبـوو جـوامـێر نـەیـوێرا بـیـکـا بـەسـەریـا . ئـەمـانـە لـەم حـاڵـەدا بـوون، هێشتان دەستیان لە لەشیان نەداوبوو کەوا بۆنی چڵك و ئارەقیان پیاوی گێژ ئەکرد، لە پڕ کابرای یاساوڵ بەخۆی و قامچییەکەیەوە کردی بەژوورا و شیڕانی بەسەریانا: ئەوە چییە هێشتا لێ نەبوونەوە؟ یاڵڵا دەی هەستن بڕۆنە دەرێ خۆتان پـۆشتـە بـکـەنـەوە. کـە ڕوانـی یـەکـێکـیـان (جـوامـێر) هـێشتـا سـەر و چـاوی هـەر سابوونـاوییە و خەریکە بەدەست لێی ئەکاتەوە. پڕی دایە تەنەکە ئاوە گەرمەکە و بـەجـارێ کـردی بـەسـەریـا، جـوامـێر قـیـژەیـەکـی شێتـانـەی لێوەهـات لـە ئـازاری داپڵۆخانی سەرو گوێلاك و شان و ملی، کابرای یاساوڵ دایە قاقای پێکەنین. بەقەمچی و شەق و پاڵەپەستۆ هەرسێکیانی پێش خۆی دا بۆ ژووری سارد! ڕوانییان سێ بەدبەختی تر خۆیان ڕووت کردۆتەوە بەدڵی خۆش و ڕووی گەشەوە چاوەڕوانی خۆشتن ئەکەن.

جوامێر بەمانگێ ئەوسا سەر و گوێلاك و شان و ملی پێسیتان هێنایەوە. دوای ئەم بەپەنگ کردنە تەگبیریان کرد کە لە مەولا بەهەرسێکیان یەکێکیان بشۆن، بۆ ئـەوەی بـتـوانـن لـە پێـنـچ دەقـیـقـەکـەدا شتـێ بـکـەن بـەشتـێ. بـەڵام کـاربـەدەسـتـانـی زیندانەکە هەر زوو بەمە ئەزانن بڕیار ئەدەن کە لەوەلا ئیتر هەر جارە سێ کەسی تـازە بـنـێرن بـۆ خـۆشتـن پێکـەوە. لـەگـەڵ ئـەمـەشا بـەنـدیـیـەکـان گـوێ نـادەنـە ئـەم پیلانەی بەندیخانە و هەر لە سەر ڕێگەی خۆیان ئەڕۆن ئەگەرچی هی وایان ئەبێ کە بە ساڵی جارێك نۆرەی خۆشتنی نایەتە سەر.

جـوامـێر لـە نـاو ئـاوی شڵـەتـیـن و حـەمـامـی کـاشی ڕازاوەی مـاڵـی لاوەدا ئـەو


@kurdica

حەمامەی زیندانی خۆیانی بیرکەوتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا. بەدوای خۆ وشککردنەوە جلە کۆنەکانی لەبەر کردەوە هەستا چووە ژووری نووستن ئەوەندە کفت بوو هەر خۆی کرد بەژێر جێگاکەوە ئیتر خەوی لێ کەوت بێ ئەوەی هیچ ئاگای لە نەرم و شلیی پێخەکەوەی بێ.

هێشتا دنیا تاریك و ڕوون بوو جوامێر لە خەو ڕاپەڕی. لە پێشەوە نەهاتەوە بیری لە کوێ نوستووە، چاوێکی بەدەور و پشتی خۆیا گێڕا و سەرنجێکی دایە تفاقی ژوورەکە ئینجا بیری کەوتەوە کە لە کوێیە.

کە دیی هێشتا ڕۆژ زووە پێخەفەکەی کێشایەوە بەسەر دەم و چاویا. یەکەم جار بوو لە ماوەی دە ساڵا کە لە ناو نوێنی وا نەرم و شلا نوستبێ. زۆری لا خۆش بوو بنوێتەوە. بەڵام لەپڕ وەکو شتێك مێشکی ورووژا گورج پێخەفەکەی لە سەر چاوی لابرد. ئەوە نزیکەی دە ساڵە لەم ساتەدا لە ناو جێگادا نەبووە، ئیستا کاتی ژماردنیانە پێنج پێنج وەکو مەڕ لەناو حەوشەکەدا مۆڵیان ئەکردن لە بەردەمی ژووری فەرمانداری زیندانەکەدا، هەروەکو ئێستەش هاوڕێکانی مۆڵ کراون و بەچیچکانەوە دانیشێنراون. هەی چە کافر بابێکن! جاری وا هەیە سەعاتێك زیاتر ئەو خەڵکە بەو چەشنە ئەهێڵنەوە بەبێ ئەوەی یەکێ بوێرێ بار بگۆڕێ. وای بەحاڵی ئەو کلۆڵەی پێی شل ئەبێ، دەست ئەخاتە سەر ئەرز یا دائەنیشێ. وەردیانێکی چەتەوڵ بەقەمچی دای ئەگرێ، بگرە کوێت یەشێ!

جوامێر لەم چەشنە بیر کردنەوەیەدا بوو کە لاوە بەئەسپایی دەرگای ژوورەکەی قلێشاندەوە، کە دیی جوامێر بەخەبەرە هاتە ژوورەوە وتی:

– ڕۆژباش کاکە جوامێر ئەوە هەستاوی؟ ئێمە لە مێژە هەستاوین لەخەو، بەڵام نەمویست خەوت لێ تێك دەم وتم ماندووە با بنوێ. کەواتە هەستە با بچین نان و چاکەمان بخۆین.

جوامێر دووی کەوت بۆ ژووری نان خواردن، بەدەم بەرچایی کردنەوە ئەم قسانەیان کرد:

– منیش دەمێکە هەستاوم، بەڵام شەوێ باش نووستم تا بەیانی جووڵەم

نەکردووە.

لاوە وتی:

– کەواتە ئاگات لە تەقوهووڕی ئیمشەو نەبووە! دەنگی تەقەکان ئەوەندە نزیك بوو، دوور نییە هێزی (ل. ا. ن) هاتبنە شارەوە. ئینجا خوا ئەزانێ ئیمڕۆ لەشکری میری چی بەخەڵك ئەکا! بێگومان کوژراو و بریندار لە هەردوولا و لە بێلایەنیش هەیە. هەر کە تەقە بڕایەوە لەشکری میری وەکو گورگی هار ئەکەوێتە ناو شار. جارێ لای هەر گەڕەکێکەوە تەقە دەستی پێ کردبێ ئەوە وای بەحاڵیان هەرچی پیاوی ناوداری تیا مابێ کە تا ئێستا نەگیرابێ یاخۆی بەمیری نەفرۆشتبێ، هەموویان ئەگیرێن، دەستبەسەر ئەکرێن و دوور ئەخرێنەوە لە ناوچەکە. خۆ ئەو کلۆڵەی قەوانی فیشەکی لەبەر ماڵا بدۆزرێتەوە ئەوا بەسەر و ماڵەوە تیا چووە. ئەوە هیچ ڕەنگە هەر لە ئێستەوە ماڵ پشکنین دەستی پێ کردبێ. لە مانگی پێشوودا کە گەڕەکی (س)یان پشکنی، بۆ بەدبەختی لە ماڵی مارفە ڕەشی خەزووری ئەفراسیاوی خاڵما لە کۆنە بیرێکا دەمانچەیەکی قەرەبینای ڕزیوی ژەنگاویی زەمانی تەقیانووس ئەدۆزنەوە. بەبێ پرسیار و قسە، نزاری کوڕی کەوا تاقە پیاوی ماڵی ئەبێ، ئەگیرێت و حوکمی حەوت ساڵ زیندانی ئەدرێ بەسەردا. کە ئەوقاتەکەی بەئەندامانی عورفی ئەڵێ ئەم دەمانچە ژەنگاوییە کۆنە بەکاری هیچ شتێ نایە و هیچ زیانێکی پێ ناکرێ هەر بەناو دەمانچەیە! سەرەکەکەیان پێی ئەڵێ:

ڕاستە قسەی تۆیە، ئێمەش هەر لەبەر ئەوە لە باتی هەڵواسین بەحەوت ساڵ زیندان وازمان لێ هێناوە، ئەگەر دەمانچە دارینەی منالانیشتان لا بدۆزینەوە هەر حوکمتان ئەدەین چونکە نیشانەی حەز لە چەککردن و بەکارهێنانێتی کە ئەمەش گەورەترین مەترسییە بەرامبەر بەمانەوەی دەسەڵاتی حکوومەت! لەو ڕۆژەوە ئەوقاتەکە نەیوێراوە بچێتە بەردەمی عورفی بۆ هیچ موحاکەمەیەك. کوڕەکەش ونە و بێ سەروشوێن، کەس نازانێ بردوویانە بۆ کوێ! ماڵیان بەقوڕگرت ژنەکەی لە برسانا بەکۆشێ منالەوە پەنای بردە بەر ماڵی باوکی کە ئەبێ لە دەمی خۆیان پاروویان بۆ بگێڕنەوە. دایکی ئەفراسیاویش چووە ماڵی خزمێکی لە لادێ. زۆری

لەگەڵ خەریك بووم كە بێتە ماڵی ئێمە نەهات. ئەیوت چاوم بەرایی نایە ئیتر لەم شارەدا دانیشم ئینجا ڕەنگە تۆش بزانی كە ئەفراسیاو چۆن بیر و باوەڕێكی كۆنە پەرستانەی هەیە نەك ئێستا كە لە چل تێپەڕیوە، لە تافی هەرزەكاریشیا كە هەموومان كەم و زۆر تێكەڵی بزوتنەوەی نیشتمانیی ئەوسایە بووبووین ئەو گاڵتەی پێ ئەكردین. بەیاننامە بڵاوكردنەوە و كۆبوونەوە و قسە لە وەزعی نیشتمانی كردنمانی بە شتێكی بێ كەڵك و زیاندار ئەزانی! سیاسەتی بە كاری گەورە پیاوان دائەنا، واتە ئەوانەی دەڵاڵ و جامبازی ئیمپریالزمن لە داگیركردنی وڵاتەكەمانا! ئەوساش و ئێستاش لای وایە بەگژاچوونی هێزی پڕچەكی خاوەن تۆپ و تەنك و فڕۆكەی ئیمپریالیزم لەخۆ بەكوشتدان بەولاوە ناوێكی كەی نییە.

جوامێر كە لە پێشەوە بەدڵ و لە پاشا بە بێزاری گوێی لە قسەكانی لاوە ئەگرت هەڵی دایە وتی:

– گیانەكەمی تۆ جاری واز لەم باسانە بێنە، وەختی زۆرمان هەیە ئەم قسانەی تیا بكەین بچۆ مشوورێكی هیوا و دایكیم بۆ بخۆ هەستە زوو، لەڕێی خوادا یەكێكی شارەزا و باش بدۆزەرەوە بینێرە بەدوویانا.

– داخم ناچێ ئیمڕۆ ناتوانین هیچ بكەین.

جوامێر بەگرژییەكەوە وتی:

– چۆن؟ چۆن ناتوانین هیچ بكەین؟ تۆ خۆت شەوێ بەڵێنت نەدامێ كە بەیانی زوو یەكێك ئەنێریت؟ گیانەكەمی ئەمەندە كەمتەرخەمیی تیا مەكە!

– ڕاستە من بەڵێنم داویتێ بەڵام من چووزانم شەو پەلاماری شار ئەدرێ!

جوامێر بە تووڕەییەكەوە وتی:

– پەلامارداتی شار هەقی چییە بە سەر ئیشی ئێمەوە؟

لاوە وتی:

– گیانە تۆ بەخۆڕایی خۆت سەغڵەت مەكە، ئەو شەوانەی كە شاری تیا ئەدرێتە بەر تەقە بە ڕۆژ نایەڵن قوش لە شار بچێتە دەرەوە، بەحسابی خۆیان بەدووی پەلاماردەرەكانی شەوا ئەگەڕێن كە لایان وایە ئەوان مەلن و شاریش قەفەسە لێ

دەرچوونیان نییە.

جوامێر ئاهێکی هەڵکێشا وتی:

– ئەبوو بزانم ئەوە بەختی من نییە کە لەگەڵ بەربوونما دنیام بۆ بگۆڕدرێت بە بەهەشت. ئەو بەختە ڕەشەی بەخوتو خۆڕایی تووشی دە ساڵ گرتن و ماڵوێرانیی کردم ئێستەش وا بە ناوچەوانمەوە وەك داخ لێی هەڵکەندراوە.

لاوە ویستی دڵخۆشیی بداتەوە بەزەردەخەنەیەکی کاڵەوە وتی:

– ئەم قسە پڕوپووچانە چین؟ چارەنووس مانای چییە، ئەگەر بەنیادەم لە بوونییەوە کردار و ڕەفتار و هەموو شتێکی خۆی لە ناوچەوانی نووسرابێ ئیتر هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشان مانایان چییە و بەکەڵکی چی دێن؟، جوامێر وتی هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشین هەر ئەتگەیەننە ئەو پلە و پایە و شوێنەی کە لە چارەت نووسراوە! بڕوانە چەند هەزاران، میلۆنان خەڵك تێ ئەکۆشن، هەوڵ ئەدەن کەچی نانیان بەدۆدا ناگات! زۆری واش هەنە چ هەوڵ و تەقەلایەکی ئەوتۆش نادەن کەچی ئەڵێی پارە بەسەریانا ئەباریێ. چاوێ بگێڕە بەناو هاوڕێکانی قوتابخانەمانا بزانە چەندیان گەیشتوونەتە ئەو پایەی کە مامۆستاکانمان بەپێی تێکۆشان و زیرەکیی خۆیان بۆیان دائەنان؟؟ کوان یەکەم و دووەم و سێیەمی هەموو ساڵەکانی خوێندنمان! ئەوەش تەوەزەل و گێل و گەوجەکان کە مایەی گاڵتە و قەشمەریی هەموان بوون بزانە چ لە مەیدانی کاسبی و کاری ئازاد و چ لە مەیدانی فەرمانبەریدا چ شوێن و پایەیەکی دیاریان هەیە، کەوا بەخەوی شەوانیش بەبیری خۆشیاندا نەهاتووە.

لاوە پاش ئیستێکی کەم وتی:

– ئەوی ڕاست بێ من ئەم چەشنە قسانە ناچنە مێشکمەوە بەلای منەوە بەختیاری یا سەرکەوتن بەری لەسەر ڕۆیینی تەقەلایەکی ڕێکوپێکە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو لە ڕێی تایبەتیی خۆیەوە و لەبەر تیشکی تاقیکردنەوەی خەڵك و خۆت.

جوامێر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وتی:

تۆ هەر ڕایەکت هەبێ بەرانبەر بە بەخت و شانس ئەوەندەی تۆزێ کار ناکاتە

سەر بیری من چونکە ژیانی خۆم بەڵگەی گەورە و ئاشکرای بێ شانسی و بەدبەختییە.

– دەی با جارێ واز لەم باسانە بهێنین. ئیمڕۆ نیازت چییە ناچیتە دەرەوە نەختێ خۆت بخافڵێنی و بزانی شارەکەمان چیی بەسەرهاتووە؟ بەڵام ئاگات لە خۆت بێ دڵت بۆ هیچ ناسیاوێکی کۆنت نەکەیتەوە ئەو خەڵکە خراپ گۆڕاون و برا باوەڕی بە برا نەماوە.

جوامێر بەبێزارییەکەوە سەرێکی بادا و وتی!

– نە بابە من هەر تاقەتی قسەکردنم نەماوە کەوتووم بەدەردی خۆما. نەختێ سەریشم دێشێ. ئەگەر هەیە یەك دوو ئەسپرینم بەرێ ئەچمەوە ژوورەکەی خۆم ڕەنگە هەر نەشچمە دەرەوە!

تا لاوە پاکەتێ ئەسپرینی بۆ هێنا ئەم چووە ژوورەکەی لەسەر جێگاکەی لێی پاڵ کەوت. دوو دەنکی قوت دا و نەختێ چاوی لێك نا. کە چاوی کردەوە هێشتا چێشتەنگاو نەبووبوو بیری کردەوە چی بکات و چۆن ڕۆژ بەرێتە سەر. تاقەتی چوونە دەرەوەی نەبوو بۆ کوێ بچێ و بۆ لای کێ بڕوات. بێگومان بەشی زۆری هاوڕێ و ناسیاوەکانی یا گیراون یا خۆیان گەیاندۆتە (ل. ا. ن) یا کوژراون، یا مردوون وەیا ئەوەندە ترسێنراون هەر زەندەقیان ئەچێ ئەگەر چاویان بەم بکەوێ. ڕەنگە ئەگەر ڕێی خۆ لێ هەڵەکردنیشیان نەبێ وەکو گول لێی ڕائەکەن ئەمانە هەمووی لە سەرێکەوە، لە سەرێکی کەشەوە دیارنەبوونی هیوا و دایکی دابووی لە باڵی، هەروەها ژیانی تەوەزەلی و کەم چالاکیی دە ساڵی زیندانیش دەماری مراندبوو بۆ شتی پێویستیش تاقەتی هاتوچۆی نەمابوو نەخوازەلا سووڕانەوەی بێ ئامانج بۆیە لە گۆترە یەکێ لەو چەند کتێبەی گرت بەدەستەوە کەوا لاوە لە ژوور سەری بۆی دانابوو. لەسەر جێگاکەی ڕاکشایەوە کەوتە خوێندنەوەی بەڵام هەرچەندی ئەکرد مێشکی بۆ گلێر نەئەکرایەوە و جەمسەری قسەکانی نووسەری بۆ نەئەدرا لەیەك. هەر وشەیەکی خەیاڵێکی لە دڵا ڕاست ئەکردەوە بەناچاری کتێبی لێ دانا و خۆی هاویشتە سەر باڵی سیمرغی خەیاڵ و ئەویش خێراتر لە برووسکە هەڵی گرت بەرەو بەهەشتی یادگار.

## ٥

بەر لە دەست پێکردنی ئەم داستانە بەدوانزە ساڵ پاش نیوەڕۆیەکی هاوین جوامێر بەدڵی خۆش و گیرفانی پڕەوە لە دایەرە ئەگەڕایەوە بیری ئەکردەوە لەو پیاوە لادێییە باشەی لەخۆیەوە ئەوە چەند مانگە بەدوویا ئەگەڕێت کە قەرزی باوکی بۆ بهێنێتەوە بەبێ ئەوەی ئەم هیچ سەنەدێکی هەبێ یا هەر ئاگاشی لەمەسەلەکە ببێ. پیاوی چەند چاك و سەیر هەیە! چەند سەیر ئەپاڕایەوە کە لێی ببوورێ و ئێستە نیوەی قەرزەکەی لێ وەربگرێت بۆ نیوەکەی کەشی دوو ساڵی لێ ڕاوەستێ بەدوو وەرزی تر خوا یاربێت دوا پوولی ئەداتەوە! جوامێر خۆی ئەکوتا بەرەو ماڵ کە ئەم مژدە خۆشە بدات بەدایکی. بەڵام هەر کە دایکی دەرگای لێ کردەوە تارماییی ژنێکی ڕەشپۆشی بەدی کرد بەهەیوانەکەیانا تێپەڕی. جوامێر بە ئەسپایی لە دایکی پرسی.

– وا دیارە میوانمان هەیە! ماڵی کێن؟

دایکی بەدەنگێکی بەرز وتی:

– جوامێر گیان ئەوە تۆی هاتوویتەوە، یاخوا بەخێر بێیتەوە دەبڕۆ ژووری پیرۆز خان لەوێیە لەگەڵ کاڵێ خانی کچی، بەخێرهاتنیان بکە و دانیشە لایان تا من یەم!

جوامێریش بەدەنگێکی بەرز، مێوانەکان گوێیان لێ بێت وتی:

– باشە دایە گیان! با دەست و پلم بشۆم ئەچمە خزمەتیان، بەدەم قسەشەوە لەدایکی هاتە پێشێ، کەوا لەسەر تەنوورەکە خەریکی چێشت لێنان بوو و بەئەسپایی پرسی: دایە ئەم پیرۆزخان و کاڵێ خانە کێن؟

دایکیشی بە چرپە وتی:

– چۆن نایانناسی؟ پیرۆزخان کچی فەقێ قادری خاڵمە! زووکە زوو دەست و پلت بشۆ و بچۆرە لایان منیش هەر چێشتەکەم خستە سەر ئاگر دێم. ڕۆژگار درەنگە ئەترسم زوو پێ نەگات و برسییان ببێ!

جوامێر دەستی وشك ئەكردەوە هاتەوە بیری كە مژدەی نەداوە بەدایكی كەوا كابرایەك هەر لە خۆیەوە قەرزی باوكی بۆ هێناوەتەوە. بە پەلە ڕێی سەر تەنوورەكەی گرت، بەڵام دایكی زوو بەدیی كرد و هات بەپیریەوە وتی:

– ئەوە چییە هێشتا نەچوویتە لایان؟

وتی: ئاخر...

– ئاخر و ئۆخری پێ ناوێ بڕۆ دەی گیانەكەمی!

– قسەیەكم هەیە.

– هەرچییەك هەیە جارێ هەڵی گرە. بچۆ ئەزانم شەرم ئەكەی زوو ئەگەم بەفریاتا.

جوامێر بەناچاری ملی ڕێی ژوورەكەی گرت و بەشەرمێكەوە سڵاوی كرد و بەتەریقی و بەشی زۆری لە ژێر لێوەوە بەخێرهاتنی ژن و كچەكەی كرد و لەلای دەرگاكەوە دانیشت. كچەكەیان كە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی جوامێر هەستابووە سەرپێ دەنگ دلێرتر لەو وەرامی دایەوە و هاتە خوار ئەوەوە دانیشێ، كە دیی جێگە نییە نەختێ ڕاوەستا و ئەوسا ڕووی كردە جوامێر وتی:

– كاكە جوامێر تۆ هەستە بچۆ لای ژووروو ئەو جێگایە بۆ من چۆڵ كە. خۆ ئێمە میوان نین چۆن ئەبێ تۆ لێرە دانیشیت؟

جوامێر بەدەم قەیناكا بەخوا قەیناكاوە چووە سەر كورسییەكەی سەرووتر دانیشت. دەستی هەڵئەگلۆفی و چاوی بڕیبووە لاكێشی كۆنی ژوورەكەیان. پیرۆزخانیش كەوتە گێڕانەوەی باسی منداڵیی جوامێر كە چۆن هەر بەكۆڵی ئەوەوە بووە و لە باوەشی ئەوا گەورە بووە و زۆرجار لەگەڵی چووە بۆ ماڵی خۆیان دوو سێ ڕۆژ لەوێ ماوەتەوە دایك و باوكی هەر بەبیریشیانا نەهاتووە! جوامێر نقەی لە دەمەوە نەهات. جار جارە لە ژێرەوە بە تیلاییی چاو تەماشایەكی كچەكەی تەنیشتی ئەكرد كە هەر پێ و گۆرەوی و داوێنی كراسەكەی لێ دریار بوو. دایكی كردی بەژوورا سەرفراز بێت ڕزگاری كرد. هەستا لەبەری. دایكیشی كاڵێی لەخوارەوە هەستان و بەنابەدڵی خۆی بردییە لای پیرۆزخانی دایكییەوە

داینیشاند و سەرلەنوێ کەوتنەوە بەخێرهاتن و خۆشی و چۆنی. و لەپڕ دایکی جوامێر دایە پڕمەی گریان وتی:

– کوێراییم دایە کاشکی سوێم بوایەوە بۆتان و بەم چەشنە چاوم پێتان نەکەوتایەوە!

ژنە و کچەکەش کەوتنەوە کورکە کورك، کچەکە گەلێ بەکوڵ و دڵتر بوو لە دایکی کەوا بەبیری جوامێر لە گریان بێزار ببوو کەوتبووە دەوری دڵدانەوەی خۆی لە ژێر پەردەی ڕەزام بەڕەزای خوا و هەرچی ئەو نەیکات نابێت! ئەمە ئەگەرچی جوامێر هەر هیچی لە کۆستی کەوتووشیان نەئەزانی! هەموو بێدەنگ بوونەوە. لە هەناسەی تونگی ژنە و وردە هەنسکی دایکی و کچە زیاتر دەنگ لە ژوورەکەدا نەبوو. دایکی هەستی کرد کە جوامێر بێ تاقەتە وتی:

– دە هەستە جوامێر گیان تۆش بچۆ خۆت بگۆڕە و پشوویەك بدە لە سای بەیانییەوە بەپێوەی بەسە مردیت دوور لە گیانت!

ئەگەر بێ جێ نەبوایە جوامێر ئەیدایە قاقای پێکەنین و ئەیوت:

– دایە بەپێوە بوونی چۆن؟ بۆچی کۆڵم کێشاوە! لە بەیانییەوە ئەوەندە دانیشتووم لەشم هەموو سڕ بووە!

دیسانەوە مەسەلەی پارەکەی هاتەوە بیر بەڵام کاتەکەی پەسند نەکرد هەستاو لێی دا چووبۆ ژوورەکەی خۆی جلەکانی بگۆڕێ.

دایکی نانی بۆ ئەم هێنایە ژوورەکەی خۆی و خۆشی لەگەڵ میوانەکان نانی خوارد. (ئەم بەڵای ناگەهانە چی بوو، بۆ لەم کاتەدا هاتن! بۆچی هاتوون! کۆستی چییان کەوتووە! ئاخۆ چییان لێ قەومابێ! کێیان مردبێ! بۆچی هاتوون بۆ ماڵی ئەمان؟ دەمێکە ناویانی لە دایکیشی نەبیستبووە! خوا بکات خێربێ! جارێ پێشەکی زەحمەتە خێربێت چونکە هەر هیچ نەبێ مەسرەفی ماڵ ئەکات بە دوو چەندانەی جاران! خۆ بەرچایی نان و گوێزیان ناداتێ! دەی، هەرچۆنێك بێ باش بوو لەپاش سەری مانگ هاتن، لە نیوەکەی تری مانگا بهاتنایە حاڵ شڕبوو لە پڕ بیری کەوتەوە کە پارەیەکی مشەی پێیە! بەڵام وەکو شتێکی زۆر خراپی

بیرکەوتبێتەوە خۆی گرژ کرد و بەدەنگێکی نەختێ بەرز وتی– نا ئەوە... پارەی شتێکی ترە. پوولێکی دەستی لێ نادرێ! دوای نان خواردن لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوت بەو هیوایەی دایکی بێتە ژوورێ باسی پارەکەی بۆ بکات و پرسیاری میوانەکانی لێ بکات، بەڵام دایکی هەر نەهات ئەمیش خەو چووە چاوی. دوای ماوەیە کە خەبەری ببووەوە خۆی ڕێکخستەوە، دەم و چاوی شت، سەری داهێنا و چووە دەرێ بۆ چایخانە «وا دیارە تا شەو دایکی دەست ناکەوێت..».

بە ڕێوە بیری لە ژن هێنانەکەی ئەکردەوە. بەڕاستی لەمێژە هەردوولا لێی بێ دەنگن لەوساوە کە دایکی چۆتە لای باوکی ئاسکۆڵ واتە ساڵێك و دوومانگ و، شەش حەوت ڕۆژ لەمەوبەر بوو باوکی ئاسکۆڵ وتبووی جارێ وا بە خێری جوامێر تازە دامەزراوە و مانگانەکەی کەمە و نۆ ماڵە و کچەکەش منداڵە و ئەخوێنێ. با ماوەیەکی کەش مەسەلەکە بهێڵنەوە بەشکو هەلێکی لە ئێستە چاترمان دەست ئەکەوێت. لەوساوە قسەیەکی لێ نەکراوەتەوە. لەو ساشەوە دایکی سەری نەکردووە بە ماڵی ماما چونکە ئەم وەرامەی باوکی ئاسکۆڵی بەدەست بەڕووەوەنان لێك ئەدایەوە. هەرچەندیشە بەلای جوامێرەوە قسەکەی بەجێ بوون تا ئەندازەیەکی زۆر! باشە ئەی ئێستە چی ئەڵێ! ئاخۆ دایکی ئەنێرێتەوە بۆ لای مامی، تۆ بڵێی بچێ؟ باوەڕناکا چونکە دڵی لێیان یەشاوە، نەء هەر لە سەرەتاوە دایکی لەگەڵ ماڵە باوانی باوکی جوامێر دانوویان لە مەنجەڵێك نەکوڵاوە، یەکەم بووکی ماڵی بووە کە داوای خانووی جیای لە مێردەکەی کردووە و ئیتر وەکو ناسیاو هاتوچۆی کردوون! لە باتی ئەوان ڕووی کردۆتە خزمانی خۆی. جگە لەمەش هەر لە سەرەتاوە پێی خۆش نەبووە کە تاقانەکەی ئەو کچە.. بهێنی. ئەگەرچی لەبەر دڵی ئەم بەئاشکراش دەری نەئەبڕی. ئێستە ئەمانە هەموو تێپەڕین بڕوبیانووی ناوێ ئەم کوتە ماڵێکی پێکەوە ناوە و ئەو پارەیەی ئیمڕۆش بۆ مەسرەفی ژن هێنانەکەی لە سەری دێ لە پێی دەرئەچێ، ئەگەر پەڵپی پێ نەگرێ! بیانووی خوێندن تەواو کردنیشی نەماوە! چونکە دوو ساڵ لە سەریەك دەرنەچوو خۆی قوتابخانەی بەجێ هێشت هەرچۆنێك بێت شەو لەگەڵ دایکی قسە ئەکات و ئەینێرێت بۆ لای مامی بۆ بڕانەوەی مەسەلەکە.

لە چایخانە لەگەڵ دوو سێ هاوڕێ بەقسەوە خەریك بوون كاتێكی زانی سات لە نۆ لای داوە لە نیوەی قسەیەكی لەگەڵ هاوڕێكانیا هەستا و وتی:

– من ئیشم هەیە ئەبوو زووتر بڕۆمەوە، لێم ببوورن. خواتان لەگەڵ. جارێكی تر قسە لەم باسە ئەكەینەوە!

بە پەلە ڕێی ماڵی گرتەوە ئەیزانی دایكی دوای نوێژی خەوتنان ئەنوێت. بەڵام دڵێكی بەمیوانەكان خۆش بوو كە بەشكو بەهۆی ئەوانەوە تا ئەوسا مابێتەوە. جگە لەوەش تەنانەت بەپێی حسابی نوێژی خەوتنانیش بێ هێشتا درەنگ نەبوو.. لەگەڵ ئەمەشا لە باتی ئەوەی كلیلەكەی گیرفانی بەكاربهێنێ لە دەرگای ئەدا بۆ ئەوەی ئەگەر نوستبێتیش هەڵی بستێنێ. بەڵام وا دیاربوو دایكی و ئەوان تازە خەریك بوون ئەچوونە سەر جێگاكانیان.

دایكی كە دەرگای لێ كردەوە بەدەنگێكی بەرز پێی وت:

– ئەوە بۆچی وا درەنگ هاتیتەوە گیانی دایكت.

– چەند هاوڕێیەكم دی، لەگەڵیان دانیشتبووم هەروا بۆ خۆمان قسە و باسمان ئەكرد. هیچ درەنگیش نییە هێشتا ئێوارەیە ئێوە لە خۆتانەوە كردووتانە بە شەو! بێگومان پیرۆزخان و ئەوانیشت بەزۆر ناردۆتە سەر جێگا.

پیرۆزخان كە بەچوونە ماڵەوەی ئەم هەستابوو لەسەر جێگاكەی دانیشتبوو، وتی:

– نە بەسەرەكەی تۆ، خۆمان كفتی ڕێگەین حەزمان كرد زوو بنووین. خۆ كاڵێ دایكەكەی بمرێ ئەوەندە ماندوو بوو هەر نانەكەی لە دەما بوو خەو ئەیبردەوە.

جوامێر ڕووی كردە ژوورەكەی بۆ خۆ گۆڕین تەماشای كرد جێگاكەی نەبراوەتە دەرێ كە ئاوڕی دایەوە دایكی بەدوویەوە بوو ئەیوت:

– جوامێرگیان ئەوە لەبەر پیرۆزخان و ئەوان نەوەك شەرم بكەن جێگاكەی تۆم هەر لە ژوورێ هێشتەوە پەنجەرەكان بكەرەوە هیچ گەرم نییە ئەتوانی بۆ خۆت بنوویت تا درەنگ نە دەنگە دەنگی من و نە هەتاو هەڵت ناسێنن.

وای وت و خەریك بووە بچێتە دەرێ... جوامێر گورج قۆڵی گرت و وتی:



تایبەت ترین كەناڵی كوردی
كوردیكا
@kurdica

– درەنگ نووستنی چی من ئەبێ سەعات ٨ لە دایەرە بم. دایکی لەبەرخۆیەوە وتی:

– دەی بەسەرەکەی تۆ وام زانیوە جومعەیە.

– جاریێ تۆ مەڕۆ وەرە قسەم بۆ بکە. هەزار و یەك پرسیارم هەیە یەکەمیان پیرۆزخان و ئەوان بۆچی هاتوون. دووەم کۆستی چییان کەوتووە، سێیەم؟

– تۆ جاریێ ڕاوەستە یەکە یەکە، سەرم لێ مەشێوێنە! پیرۆز دووربێ لە سەری تۆ و خۆشەویستان مێردەکەی کوژراوە. ئەوە مانگێکە کابرایەکی گەورەی دەسەڵاتداریان لەسەر گرتووە ئەڵێن بەدەسیسەی ئەو کوژراوە. چونکە چەند جار داوای لێ کردووە کە کانی و ئاوێکی هەیە پێی بفرۆشێت مێردەکەی پیرۆزیش ڕازی نەبووە کابراش گاڵی داوە چوون بانگیان کردووەتە دەرێ و کوشتوویانە و ڕۆییون.

– کەس دیونی؟

– لە کاتی کوشتنا، نەء، بەڵام دوای کوشتنی دوو پیاو و سێ ژن دیویانن تا ژنێکیان وێراویە بێ شایەتییان لێ بدات ئەڵێن کابرا زۆردارێکی کافرە زۆر جوتیاری بەسەزمانی بەم جۆرە کوشتووە و بەلوولەی تفەنگ خۆی کردووە بە خاوەن دێ. نەك هەر دێ خوا لێم نەگری قسەی ئەوان ئەگێڕمەوە ئەڵێن کەس خاوەنی نامووسی خۆشی نییە لە دێیەکەدا! جا ئیستە پیرۆزخان وەکو بیستوویە کابرای دەستدار ئەوقاتێکی گەورەی گرتووە و پارەیەکی زۆری داناوە بۆ بەرتیل کە خۆی پێ رزگار بکات، ئەمانیش هاتوون لێرە ئەوقات بگرن و هەوڵێ بدەن بەشکو خوێنەکەیان بەفیڕۆ نەڕوا.

– باوەڕ ناکەم سەرکەون. نەك هەر خوێن پارەکەشیان بەفیرۆ ئەڕوات. ئەم دەسگا و دوکانە بۆ ئەوە دانەنراوە کە زۆرداری تیا بگیرێت و هەقی هەژاری تیا بسێنرێت!

– هەر چۆنێك بێ کوڕم. ئەبێ هەوڵ بدەن. خۆ خۆیان ناکەن بەپەنگی ئاوایی. کوێراییم دایە کوڕیشی نییە، ئەگەر کوڕێکی بوایە هەر ڕۆژێك تۆڵەی ئەکردەوە.

بەڵام بڵێین چی ئێمە دڵدانەوە نەبێ هیچی کەمان لەدەس نایە! خۆیان چی بە باش ئەزانن بۆ خۆیان با بیکەن و سەد ساڵیش لێرە بن هەر خۆم بەخاوەن ماڵیش نازانم لە عاستیان! نازانی باوکی چەند چاکەی بەسەرمانەوە هەیە.

– باشە. ئارەزووی خۆیانە. ئەوە بیرم نەبوو پێت بڵێم، یا ڕاستتر کاتی نەبوو بێت بڵێم کابرایەکی قەرزاری باوکم ئیمڕۆ هاتە لام خواوڕاستان کردیان دوو سەد دینار قەرزی باوکمی بۆ هانیومەتەوە ئەوەندەی کەشی ماوە خستوویەتە دوو وەرزی تر، هەر وەرزی نیوەی. کاری ڕاست بێت بەشی هەموو مەسرەفی ژن هێنانەکەم ئەکات ئەگەر پەڵپمان پێ نەگرن!

دایکیشی ئیستێکی کرد و بەئەسپایی وتی:

– نەخەڵەتابی تا ئەم ماڵە لێرەن باسی بکەیت! هەر ئابڕووی هەزار ساڵەمان ئەچێت! دوای ئەمانیش هیچ نەبێ ئەبێ دوو سێ مانگێکی پێ بچێ ئەوسا تێ هەڵچینەوە قەی ناکا، ئەگەرچی، هیچ...

– ئەگەرچی چی؟ قسە بکە بزانم نیازت چییە؟

– ئەڵێم ئەگەرچی من فاتە زلە بناسم ئیمڕۆ کچ نادات بە تۆ!

– چۆنم ناداتێ؟

– هیچ کوڕم. خوابکات بەکراسی بەری خۆیەوە بتدەنێ «کوێرە چیت ئەوێ؟ دوو چاوی ساغ». هەر چۆنێك بێ جارێ تا ئەم ماڵە کۆستکەوتووە لێرەن با مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنە بێت.

– باشە قسەی تۆیە ئێستە وەختی نییە. خوا بکا زوو ڕزگاریان بێ و بڕۆنەوە.

دایکی لێی دا چووە دەرەوە و ئەمیش لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوت و کەوتە بیرکردنەوە.

دوو هەفتەیەك بەسەر هاتنی ماڵی پیرۆزخانا تێپەڕی ڕەنگی میوانییان لە ڕوو هەڵگیرا، وەکو خەڵکی ماڵێ ئەهاتن و ئەچوون. جوامێریش لەگەڵ هەموو شەرمنی و کەم خۆ خستنە ماڵەوەیدا بە بوونیان ڕاهات، نەك هەر ئەمە بەدرێژایی ڕۆژ و بە کۆکردنەوەی خەرمانی سەرنجە شەرماوییە بەدزییەوەکانی وێنەیەکی تەواوی

گرتبوون لە مێشکی خۆیا، بەتایبەتی هی کاڵێ، کچێکی خوێن شیرین، شانزە، حەڤدە ساڵەی باریکەلە. پرچێکی ڕەشی هەمیشە شانەکراو تا ناوقەدی هاتووە، دوو ڕێز برژانگی درێژی شاش جاروبار کە سەر هەڵئەبڕێ باوەشی ڕۆشنایی و خۆشی و جوانی ئاوازیان لێ دێتە دەرێ. لووتێکی بەعاستەم پان بەسەر دەم و لێوێکی خرپن و شەرابییەوە وان بەڕوویەکی لەچاو لەشیا پڕ و قەڵەوەوە. بەکورتی کاڵێ کچێکی ئێسك سووك بوو. خۆ ئەو کراس و سوخمە ڕەشەی لەو دواییەدا بەزۆری دایکی لەبەری کردبوو هەر کردبووی بە پەری، لەگەڵ ئەم وێنە جوانەشا لە پەسەندکردن بەولاوە هیچ هەستێکی کەی لە دڵی گێلی جوامێرا نەبزواندبوو تا ئەو کاتە.

پیرۆزخان و کاڵێ بەگەرمی چاوەڕوانی ڕۆژی موحاکەمەیان ئەکرد، ڕۆژ نەبوو دووسێ جار هەواڵی ڕۆژ و مانگ لە جوامێر نەپرسن. دوایی، پاش چاوەڕوانییەکی ناخۆش ڕۆژی موحاکەمە هات و هەر لە بەیانی زووەوە پیرۆزخان – کە شایەتی هەبوو لەداواکەدا – چوو بۆ مەحکەمە. کاتێ جوامێر لە دایەرە گەڕایەوە زانی کەوا داواکەیان، لە بەر نەهاتنی چەند شایەتێك، خراوەتە دە ڕۆژی تر هەموو بۆڵەبۆڵی پیرۆزخان لەو ڕووە بووکە بە دە ڕۆژ ناتوانێ بڕوات و بگەڕێتەوە. دایکی جوامێر و جوامێریش گلەییان لێ ئەکرد کە بۆچی ماڵی ئەوان بە هی خۆی نازانێ و بیر لە ڕۆیشتنەوە ئەکاتەوە. هەر چۆنێ بوو بەناچاری مانەوە و ئەو دە ڕۆژەشیان بردە سەر. دیسانەوە ڕۆژی موحاکەمە، یەکێ لە شایەتەکان، بەتایبەتی ئەو ژنەیان کە شایەتیی دابوو، نەهاتبوو داواکەیان خستبووە ٢٣ ڕۆژی تر.

کە شەو باسی گەڕانەوە کرا، پیرۆزخان بە جوامێری وت کەوا سەر لە بەیانی جێگایەکی بۆ بگرێت لە ئوتموبێلێکدا.

جوامێر سەری سوڕما لەمە. بەڵام کاڵێ ئەوەندە بە سەرسوڕماوی نەیهێشتەوە هەڵی دایە وتی:

– بەخوا دایە منیشت ببردایەوە لەگەڵ خۆت باش بوو. هیچ شتێکی تیا نییە. تۆ بڵێیت ئەوەندە نامەرد بن دەست بۆ ئافرەتیش درێژ بکەن؟

– بەڵێ کچم تۆ نایانناسی گەلێ لەوەش نامەردترن. کە ئەوان دەستیان بۆ پیرەمێردێکی، قورئانخوێنی بێ وەی و خێرەومەندی وەکو باوکت درێژ کرد و کوشتیان لە هیچ گوناهـ و خراپەیەکی تر هۆ ناکەنەوە. لەپاشا من خۆم ئاگام لە دڵی ئەوانە و ئەزانم چۆن تەماشای تۆ ئەکەن! هەمووی پێرار بوو کە کەریم بەگ ناردیە خوازبێنیت بۆ فەرەیدوونی کوڕی. ئەزانێ دوور لەسەری تۆ وەجاخمان کوێرە ویستی بەخزمایەتی دەست بەسەر کوێرە کانییەکەمان بگرێت بەڵام باوکت – پڕ گۆڕەکەی لە نوور بێت – پێی دا بە ئەرزا و وتی نەمداوە و نایدەم، کچ نادەم بە زۆردار. وتیان بە کوڕەکەی بەخۆی نا. وتی فەرقی نییە ئەوی لە مشك بێ جەواڵ ئەدڕێت، خۆ ئێمە تا ئێستە باسی ئەوەشمان لای تۆ نەکردووە بەڵام بابزانیت بۆ ئەوەی وا تێ نەگەی من بەخۆڕایی، یا پێم خۆشە بەتەنیا بگەڕێمەوە، نەء گیانی من، هەر لە ئێستەوە بیرت ئەکەم ئەوا بۆ شانزە ساڵ ئەچێ شەوێك خەو نەچۆتە چاوم گوێم لە مشەی تۆ نەبووبێت و چاوم بەچاوت نەکەوتبێ و دەسم نەکردبێتە ملت.

دایکی جوامێر بەگلەیییەوە وتی:

– ئەوە چییە کاڵێ خانم ئەڵێی بەئێمە رازی نیت؟ فەرقی ئێرە و ئەوێ چییە؟ ئێرەش هەر ماڵی خۆتانە. بەسەرەکەی جوامێر ئەوەندەی کچێکی خۆمم خۆش ئەوێیت!

کاڵێ لە شەرما سوور هەڵگەڕا و بەدەنگێکی نەختێ بەرز وتی:

– نەبەخوا پوورە ئەجێ گیان لەبەر ئەوە نییە، یاخوا ماڵتان هەر ئاوا بێ و هەزار ماڵی لێ بکەوێتەوە. لەماڵی خۆشمانا ئەوەندە دڵنیا نەبووم. بەڵام هەر ئەوەی هەیە کە پێم ناخۆشە دایکم بەتەنیا بگەڕێتەوە.

دایکی وتی:

– تۆ گوێ مەدەرە من، چی لە من ئەکەن؟ جگە لەوە لێکیش ببنەوە من ئەو زەویوزارە بۆ ئەوان بەجێ نایەڵم. هەتا خوێن لە دەمارما بگەڕێ وەکو چقڵ ئەچم بەچاویانا. با ئەم مەحکەمە و شتە ببڕێتەوە زۆردارێکی وەکو خۆیانیان بۆ

ئەهێنمە دێیەکەوە نیوەی زەوییەکانی ئەدەمێ جا با ئەوسا بۆ خۆیان هەر شەڕە سەگ بکەن. نازانم بەخوا لەمەشا دوودڵم ئەترسم هەر جوتیارە هەژارەکانی تیابچن. هەر چۆنێك بێ تۆ لەمنی تێك مەدە. لێم گەڕێ با ئێستا بەتەنیا بڕۆمەوە، وا خوا ئێرەی داوە ماڵەکەیان هەر ئاوا بێت ئەوە ئەجە خانە وەکو دایکت وایە و خۆ کاکە جوامێریش هەر برای خۆتە ئیتر بیبڕەوە. کە بشبینن تۆم لەگەڵ خۆم نەبردۆتەوە تێ ئەگەن لە کلۆرە دار نەهاتووینە دەرێ!

شەوێ جوامێر لەسەر جێگا بیری لەم قسە و باسە و لە مانەوەی کاڵێ ئەکردەوە. وەکو شتێ سەری لێ شێوابوو نەیئەزانی پێی خۆشە ماوەتەوە یان ناخۆش! بەڵام لەگەڵ ئەوەشا نەختێ شڵەژابوو زۆرتری بەوە لێك ئەدایەوە کە چونکە خوشکی نەبووە لە ماڵێدا، وە لە دایکی زیاتر ئافرەتی کەشی نەدیوە و لە ناوچەکەشیان هەرزەکارێکی وەکو ئەم ئەوەندە تێکەڵیی لەگەڵ ژن نابێت تەنانەت لەگەڵ ئاسکۆڵی دەزگیرانیشیا لە دوانزە ساڵییەوە بەتەنیا پێکەوە یەکتریان نەدیوە. نەك هەر ئەمە بگرە بەباشی ناشزانێ کچێکی چۆنە و لەم ماوەی پێنج – شەش ساڵەدا کە ئەم لە نزیکەوە نەیدیوە، چیی بەسەر هاتووە چ لە دیوی ناوەوە و چ لە دیوی دەرەوەشیا، بۆیە بەخۆی ئەوت هیچ دوور نییە ئەم شپرزەیییەی لەو ڕووەوە بێت کە یەکەمجارە لە ژیانیا لەگەڵ کچێکی هەرزەکاری وەکو خۆی لە ماڵێکدا ئەبن پێکەوە بەشەو و بەڕۆژ!.

پیرۆزخان ڕۆیشتەوە و کاڵێ بەجێ ما. زۆر مانەوەی و هێمنی و ڕاستی و ڕەوانی و کراوەیی خۆش و پاکی یارمەتییەکی زۆریان دا لە لابردنی ئەو شەرمەدا کە لە سەرەتاوە وەك مۆتەکە سواری سەر سنگی جوامێر بوو بوو پەکی ئەوەی خستبوو وەك مرۆڤێکی ئاسایی لە ماڵەکەدا بجووڵێتەوە، نەك هەر ئەمە بەرە بەرە لەگەڵ یەکتری بووشن بەهاوڕێ. جوامێر کە لە هاتنی ئەوانەوە ماڵی لا بووبووە بەندیخانە و ئەگەر بۆ نان خواردن نەبوایە نەئەهاتەوە. ئەنجا بەپێچەوانە دەرێی لەبەر چاو کەوت و بەناچاری نەبوایە ماڵەوەی بەجێ نەدەهێشت. بەئاسانی کاڵێی فێری دامە کرد. دائەنیشتن یەك دوو سەعات پێکەوە یارییان ئەکرد. جاروبار خۆشی بۆ شل ئەکرد لێی بباتەوە داوای کتێبی کوردی لێ ئەکرد کە

بیداتیٚ بیخوێنێتەوە چونکە لە کوردی زیاتر هیچ زمانێکی کەی نەئەزانی. بەڵام جوامێر هەر چەندە سەری ئەهێنا لە کوردیدا لە شیعر زیاتر نەبوو بیداتیٚ، ئەویش بەزۆری هەر باسی دڵداری بوو. بۆیە لە پێشەوە ختستیە پشتگویٚ. کە دی لە دەستی ڕزگاری نابیٚ بەناچاری دیوانەکانی نالی و سالم و مەحویی خستە بەردەستی. ناخۆشترین کات لای جوامێر ئەوەبوو کە لە پڕ کاڵیٚ ئەهاتە لای زۆر بەپاکی و بیٚ نیازییەوە مانای شیعرێکی دڵداریی لیٚ ئەپرسی کەوا لەبەر وشەی عەرەبی یا فارسی زۆری یا لەبەر ڕەقی و ئاڵۆزی تێی نەگەیشتبوو. لەم کاتانەدا شەرم بەتوندی هەڵی ئەکوتایەوە سەر جوامێر زمانی ئەبەست. سووری هەڵئەگەڕان بەچەشنیٚ کە زۆر جار کاڵیٚ بەزەییی پیا ئەهات و کتێبەکەی لەدەست وەرئەگرتەوە و ئەیوت قەیناکا کاکە جوامێر.. خۆم تێی ئەگەم بابزانم جارێکی کەش ئەیخوێنمەوە ئەگەر تێی نەگەیشتم ئەوسا دێمەوە لات! هەندیٚ جاریش وەك ڕقی لە شەرمنییە بیٚ جێگەی جوامێر هەڵسا بیٚ ئەویش ئەیدایە لاساری جقی بکردایە و شین بوایەوە و مۆر بوایەوە هەتا ماناکەی پیٚ لێك نەدایایەوە لەکۆڵی نەئەبووەوە. ئەمە وای لە جوامێر کردبوو کە بەبیریا بێت کاڵیٚ بەدرۆ خۆی گەوج ئەکات و ئەیەویٚ ئەم بدوێنی. ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی جوامێر بناغەیەکی پتەویشی نەبوو بەڵام بیری جوامێری خستە گێژاوێکی نوێوەوە بۆ یەکەمجار ئەنجام و مەترسیی پێکەوە ژیانی کوڕ و کچێکی لاوی هێنایە پێش چاوی. بۆیە نەختیٚ خۆی دوور ئەخستەوە. نیوەڕۆیەك نەئەهاتەوە بۆ نان خواردن، شەوێك درەنگ ئەهاتەوە بەڵام لە دەریشەوە هەر بیٚ ئارام و پەست بوو. دایکی و کاڵێش سەریان ئەکردە سەری ناچاریان ئەکرد کە واز لە دەریٚ بهێنیٚ. بەم جۆرە هەتا ئەهات خەم و ماتیی جوامێر پتر ئەبوو کە ئەیدی وا خەریکە ڕابواردنی لەگەڵ کاڵێدا ئەو پاکژی و سادەیییەی جارانی نەمێنیٚ هیچ نەبیٚ لە دڵ و مێشکی ئەما و بەبیٚ ئەوەی کە زاتی کردبیٚ لە کانگای دڵ و دەروونی خۆشیا، سەرنجی بدات لەم گۆڕانە و سەرچاوە و بناوانی.

هاتەوە بیری، دوای دە دوانزە ڕۆژی لە ڕۆیشتنی پیرۆزخان کە وا چاکە دایکی بنێرێت بۆ ماڵی مامی. هەر هیچ نەبیٚ بۆ بۆنکردنی دەمی ئامۆژنی. ئەگەر لەوە

زیاتریشی پێ نەکرێت هەر ئەمە خۆی هەنگاوێکی باشە بەتایبەتی لەم کاتەدا. بۆ لەم کاتەدا بەتایبەتی؟ جوامێر نەختێ لە قسەکەی خۆی ورد بووەوە بەڵام نەیوێرا وەرامی (بۆ) کەی خۆی بداتەوە. کەواتە با دایکی بچێ بزانێ ئامۆژنی ئەڵێ چی. کچی ئەدەنێ یان نا. ترس و لەرزی بۆچییە. لەپاشا ئەمان هەقیان چییە بەسەر کوڕانی باوکی کاڵێیەوە، دە پانزە ڕۆژی تر ئەڕۆنەوە شوێنی خۆیان وەکو بەردی بن گۆمیان لێ دێتەوە، بێ ئەوەی ئەمانە تەنانەت بەمان و نەمانیشیان بزانن. با دایکی بچێ! تا زوو بچێ درەنگە، (١٠) دیناری زیاتری لە پارەکە خەرج کردووە. بەم جۆرە بڕوا دووا فلسی خەرج ئەکات! ئەگەر دایکی نەچوو خۆی بە (لاوە) ئەڵێ! بەڕاستی خەسوویەکی جامباز و زۆرزانی ئەبێ، هەرگیز لە مەکری دەرناچێت خوا بکات ئاسکۆڵیش نەچووبێتەوە سەر ئەو ئەگینا بە هەردووکیان ئەیکەن بە پەنگی مێردان! زەردەخەنەیەك گرتی.

کە بەدایکی وت، ویستی بیانوو بهێنێتەوە. جوامێر بیانووەکەی بڕی وتی:

– قەی چی کات کاڵێ با لە ماڵەوە بێت ئەگەر حەز ناکەیت بیبەی لەگەڵ خۆت.

دایکی دوای ئیستێك بزەیەك گرتی و بڕیاری دا کە کاڵێش بەرێ لەگەڵ خۆی چاترە. کچەش حەزی بە چوون نەئەکرد. زۆری لەگەڵ دایکی جوامێر وت کە ئەو هێشتا لە پرسەدایە جوان نییە بکەوێتە گەڕان، بەتایبەتی بۆ ماڵێ کە نەیانناسێت بەڵام کەڵکی نەگرت، وتی:

– پێش چێشتەنگاوێك بەسەر پێوە سەرێکیان لێ ئەدەین خۆ ناچین بۆ پلاو خواردن! بەچاوەکانت ئەگەر لەبەر دڵی جوامێر نەبوایە سەرم بەماڵیانا نەئەکرد.

***

کە هاتنەوە لە ماڵی فاتمەخان، کاڵێ زۆر شەرمەزار و دایکی جوامێر زۆر پەشیمان بوو. هەر لە دڵی دەرنەئەچوو کە بۆچی بەزۆر ئەو کچە بێ باوکە داماوەی لەگەڵ خۆی برد و تووشی ئەو تەریقی و ناخۆشییەی کرد. خۆی قەی ناکات ئیشەکە ئیشی خۆیانە ئەبوو بچێ، ئەبوو بزانێ. بەڵام ئۆف. جوامێریش خوا بێ بەلای کات وەخت و ناوەختی بۆ نییە. ئەگینا ئێستا کەی ئێمە کاتی خوازبێنیکردن و ژن

هێنانمانه. هەر هیچ نەبێ لەبەر دڵی ئەو کچە باوك کوژراوە ئەبوو مەسەلەکە بخاتە کاتێکی تر. هەر هیچ نەبێ تا ئەو ئەڕۆیشتەوە. بەڵام لەگەڵ هەرزەکار ئەڵێیت چی ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. ئافرەتی وەکو ئەو فاتە زلەیە بێ چاو و ڕووم نەدیوە ئەرێ خۆ ئەوە یەکەن دەردوو نەهێڵی کرد و نەشفت وتی: (ئەمەیە بووکە تەڕلانەکەتان!) لچێکی هەڵقوڵتان لە کچە بەسەزمانەکە هەر ئەوە بوو نەبێ بە تنۆکێ ئاو! منیش دەم و پلم خواتەوە ئەڵێی ئاو لای داوم. نەبەخوا هەر وەکو شتێك حەپەسام، زوو نەهاتمە دەست بەمە ژنی تایەن زیاتر شووڵی لێ هەڵکێشا کەوتەوە داگرتنمان ئیتر پشووی نەداین بۆ ئەو ژنە چاو داقڵیشاوە لچ کولێرەیەی دراوسێشیان هەر بۆی ئەسەنەوە. ئۆ خوایە ئەوە ئۆمەتی وا بێ ئابڕووشت هەیە! خۆ هەر ماوەی نەدام قسەیە بکەم، مەسەلەکەی تێ بگەیێنم. بەناخێری گیانم کۆمەڵێ قسەم حازر کردبوو. بەڵام قسەی چی وەکو پەڕەسێلکە هەموویم لەبیر چۆوە کاری کاڵێ ڕاست بێ وتی پووری هەستە بابڕۆین. ئەگینا وا کاسی کردبووم ڕۆیشتنیشم بیر نەمابوو... هەر چۆنێك بێ بۆخۆم قەی ناکات باکم نییە بەڵام زیاتر بەزەییم بەو کچۆڵە بێ باوکەدا دێتەوە، زۆر تەریق بووەوە. بەسەزمانە خۆی چوونەکەی بەدڵ نەبوو. ملم شکێ من بەکێشم کرد. کچێ ئەی چی ئەکەی نایبەی وەی ئەشیبەی هەر وەی! خۆ بەقوربانەکەی بم هەر چەندە جوامێر وەکو پیر و پیاوچاکان وایە و هیچ لە کوڕی ئەم عەیامە ناچێت بەڵام هەر جوان نییە، خەڵکی چیم پێ ئەڵێن؟ کچ و کوڕێکی هەرزەکار لە ماڵێکی داخراوا بەجێ بهێڵیت. کەس باشمان پێ ناڵێت. من ئێستە کە خۆم لە ماڵم بەبست بەجێی ناهێڵم. نازانم چییە خوایە بەگوناه لێم نەگریت جوامێریش گۆڕاوە زۆر لە جاران زیاتر ئەکەوێتە ماڵەوە. جگە لەوەش زۆرتر لەگەڵ کاڵێ دائەنیشێت ئەگەرچی چەند جارێکیش خۆم لێ گرتوون و چووم بەسەریانا لە قسە و پێکەنین و دامەکردن بەوەلا هیچم لێ نەدیون. لەگەڵ ئەوەشا زۆر کراونەتەوە لەگەڵ یەك. کچێ دەی چیی تیایە، خۆزگەم، خۆزگەم حەزیان لەیەك ئەکرد و ئەوی ئەهێنا. پێڵاوە شڕەکانی کچی فاتە ورچە کۆن ئەهێنێ! خۆ ئێستەش هەر خەڵکی بەخزمەتکاری باوکی خۆی ئەزانێ، وائەزانێ ئەو دەورەیە کە پیاویان تیا مارە ئەکرد شێخی شێخ نیت چاوت دەربێت. خوایە لێم نەگری لەگەڵ خۆیمە، لای

وایە هەموو کەس ئەبێ دەستی ماچ بکات. ئەوە وێڵ بوو ئەو لەگەڵ ئێمەی کرد، هەر بۆ ڕواڵەت بەدرۆش پێی نەوتین مەڕۆنەوە لێرە قاوەڵتی بکەن. کوا مەڕێکم ئەکرد بەمەولوودی پێغەمبەر. کوڕ کوڕی خۆم کچ کچی خۆم. باشە قەی ناکات بام وابێت. ئینجا منیش ئەگەر ژن بم ئەزانم چی ئەکەم! خوا خۆی باشتری ئەزانێت. بێگومان ڕەزای لەسەرە کەوا ئەم کارە پێك بێت ئەگینا ئەگەر ئافرەتی تایەن نەیکردایە بەو هەراوزەنایە و کاڵێی بۆ دەستنیشان نەکردینایە وەکو مەلای مەزبوورە خورماکەی پیشان کابرای بەقاڵ دا، ئێمە خۆمان چاومان لە ئاستی کوێر بووبوو . نازانم شیرینیی جوامێر بەکوێی ئاسکۆڵا چووە؟ ئێسکی خواتەوە ئەڵێی چەقەڵی دێمە. دەم و چاوێکی درێژی پەنجەکێشی، وەکو داری واوەیلا چووە بەئاسمانا. خوایە لێم نەگری ئەو کچە لە دەروونا ساغ نییە! دوور نییە دەردی خراپیشی بێت! نەدایکم بەخوا کوڕی خۆم ناخەمە ئەو داوەوە بەکوێرەوەری و بێوەژنساری و هەتیوباری گەورەم کردووە! باشە بەڵام چۆن کەڵکەڵەی ئاسکۆڵ خان لەسەری جوامێر دەربهێنم! دەی هیچ نییە. خوا یاربێ و جوانیی کاڵێ خۆش بێت ئەویش ئاسانە بەپشتوانیی کەرێتی و لووتبەرزیی فاتمە خانی ئامۆژنی. لەم چەشنە بیر و قسانە لە مێشکی ئەجێدا ئەهاتن و ئەچوون.

دوای نیوەڕۆ کە جوامێر هاتەوە زۆری هەوڵ دا کە بەزووترین کات دایکی بەتەنیا ببینی تابزانێ ئەنجامی چوونەکەی چی بووە، چونکە دایکیشی ئەمەی ئەویست هەر زوو کاڵێی بە زەڵاتەکردنەوە خەریك کرد پێکەوە چوونە ژوورەکەی جوامێر، ئەجێ هەڵی دایە وتی:

– بەخوا کوڕم تۆ بە خۆڕایی ئێمە سووك و ڕسوا ئەکەیت. ئەگینا ئەزانی فاتە خان کچ نادا بەئێمە.

جوامێر بە سەرسوڕمانێکەوە وتی:

– چی بووە دایە گیان خوانەکەردە هیچ ڕووی داوە؟

– چی ڕوو بدا کوڕم. وەڵڵا هەر ئەوەندەی کەم بوو نەختێکیشمان تێ هەڵدەن!

– کێ؟ چۆن! بە باوکیشیانەوە ڕایان ناکەوێت، بڵێ بزانم چی بووە شەقم برد؟

– دوژمنت شەق بەرێ کورم، بەکوردیی پەتی کچمان نادەنێ و ئەهـ!

– باشە چی بووە؟ چۆن؟ چی دەڵێن؟

– چی دەڵێن. کە چووین ئاسکۆڵ لەوێ نەبوو. دەمم سووتا هەواڵم پرسی، فاتەخان هاتەوە بەگژ دەمما وەکو کفرم کردبێ وتی ئاسکۆڵت بۆچییە ئاسکۆڵ لێرە نییە، ئاسکۆڵ چووە بۆ ماڵی پووری. ئەوە ئەشزانێ کە دەمێکە هەر خۆیان ئەو قاوەیان داخستووە کەوا ئاسکۆڵ شوو ئەکات بە کوڕی پووری! واتە کوڕی خوشکی دایکی. منیش هیچ قسەم نەکرد. وتم فاتمە خان گیان خۆ من بەهیچ نیازێ ئەو پرسیارەم نەکرد هەر ویستم بزانم لەکوێیە، جوامێر، ئیتر نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم وتی: جوامێر و موامێری پێ ناوێت بەسە بیبڕەوە قبووڵم نییە بەهیچ جۆرێك ناوی کچم بهێنن. ئەگەر کچ بەدیار جوامێر بەگی تۆوە دانێم ئەبێ پرچی سپی بهۆنێتەوە ئەوسا ڕەنگە ئەو بتوانێ پارەی جووتێ گوارە کۆ کاتەوە.

جوامێر هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە سەربادانێکەوە وتی:

– بەڵام بۆ؟ لەبەرچی وا بەتوندی. بۆچی وا بەناخۆشی. کچ نادەن نەیدە. ملی...، شەیتان بەلەعنەت بێ پیاو تفت هەڵدا ڕووی خۆی ئەگرێتەوە!

– گیانەکەم لە بەهانە ئەگەڕێن. ئەی ئەگەر نەیکەن بە شەڕ چی بڵێن بە دۆست و دوژمن. بڵێن بۆچی پەشیمان بووینەوە نەمان دا بە جوامێر و دامان بە شێخ حەسەن!

– هەر چۆنێك بێت ئیتر تۆ قسەی لێ مەکە من خۆم ئەچمە بنج و بناوانی کچم ئەدەنێ باشە خێری پێوەیە تا پارەکەم خەرج نەکردووە بمدەنێ و ببڕێتەوە، ناشمدەنێ پێم بڵێن بەبێ ناخۆشی و دڵیەشان با هەر کەسمان ناوی مەلی خۆی بزانێت.

ئەجێ وەکو نەوتی پیا بکەی کڵپەی سەند وتی:

– چۆن بەقسەی من باوەڕ ناکەی، درۆ ئەکەم؟ بوختانیان پێ ئەکەم! وای وت و دایە پڕمەی گریان.

– دایە گیان چۆن بەقسەی تۆ باوەڕ ناکەم، چیم وتووە ئەی ئاخر نابێ خۆشم


تایبەت ترین تەکناڵی کوردی
@kurdica

دوو قسەی تیا بکەم. لەگەڵ لاوە، لەگەڵ ئامۆژنم، باشە بابە جارێ لێی بێ دەنگ ئەبین بزانم ئەوان چی ئەڵێن. باشە. شەرت بێ من هیچ قسەی لێ نەکەم و وەکو هەر هیچ نەبووبێت، باشە!

دەستی کردە ملی دایکی کە بە دەم گریانەوە وتی:

– من بەشی زۆری پەرۆشم بۆ ئەو کچە بەسەزمانە دڵ بریندارە بوو کە بە خوت و خۆڕایی دڵیان کولانەوە خوا دڵیان بکولێنێتەوە.

– کچی چی، کام کچ دایە گیان؟

– کاڵێ ڕۆڵە گیان کاڵێ!

– ئێ کاڵێ چییەتی بەسەرەوە. ئەوان چییانە بەسەر کاڵێوە؟

– نازانم لە خۆیان بپرسە!

– ئاخر چۆن؟ چییان بەو وت، چییان وت!

– هیچ کوڕم بەخوا لەسەرم بدەیت من نایگێڕمەوە بۆت بزانە لەخۆی بپرسە بەشکو خۆی بۆت بگێڕێتەوە. تۆش نەختێ دڵی بدەرەوە .

ئەوە چیتە ئەڵێی پێت ناخۆشە لێرە ماوەتەوە ڕۆڵە گوناهە، هەتیوە، نەختێ ڕووی بەرێ، هەر لەڕێی خوادا.

– دایە بەخوا من،

– باشە کوڕم خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵ بکات و دوژمنت کوێر کات.

***

دوای قاوەڵتی جوامێر و کاڵێ دانیشتنە سەر دامەکردنی خۆیان ئەجێش کەوتە ئامان شتن. لە هەلێکدا، جوامێر لە کاڵێی پرسی:

– ئەوە ئەم بەیانییە چی بووە لە ماڵی مامم بەقسەی دایکم پڕیشك تۆشی گرتۆتەوە!

کاڵێ بەحەپەساوی و شەرمەزاری سەری لەسەر تەختە دامەکە هەڵبڕی و بەئەسپایی وتی:

– پوورم بۆی گێڕایتەوە؟

– نەبەخوا هەر ئەوەندەی پێ وتم کەوا تۆش بەبێ ئارەق دەرنەچوویت.

– هینەکەی من هیچ نەبوو.

– باشە ئاخر چی بوو.. چییان وت؟

– ...........

– چیتە؟ جنێویان پێ داین! خۆ شێت نەبوون. تۆ چیتە بە سەرەوە.

– نە، جنێویان نەدا، ئەوی ڕاست بێ نەئەبوو من لەگەڵی بچم.. هەر چۆنێك بێت ئێستە بووەو بڕاوەتەوە. لە پوورە ئەجێم بپرسە ئەو بۆت بگێڕێتەوە.

– وادیارە دەستیم پێ ئەکەن، ئەو ئەڵێ لە کاڵێ بپرسە و تۆش ئەڵێیت لە پوورم. دەی توخوا پێم بڵێ. بزانم..

– ئەگەر لێم بگەڕێیت حەز ناکەم بیڵێم.

– باشە لێت ناگەڕێم!

– ... ئوە وتیان... نازانم چییان وت.. بەخوا نایڵێم.. بەگۆڕی باوکم توخوا توو سەری خۆت لەسەری مەڕۆ!

– باشە هیچ... تۆ سەغڵەت مەبە و مەیڵێ... بابە وازمان هێنا سەریان بەگۆڕی ئاژداد و ئابایان. ئەوە ئەو ئامۆژنەم هەروا کەر و لووتبەرزە. ئاخر بۆیە من هیچ ئاموشۆیان ناکەم.

نائیشەکە یەکجار وا نەبوو تۆش گەورەی مەکە.

باشە ئەزانم تۆ خۆت کچی چاکی بۆیە وا ئەڵێیت، باشە دەی بام وابێ.

جوامێر، جگە لەوەش کە بەڵێنی دا بەدایکی کە ئیتر کە قسە لە مەسەلەکە نەکات هەرچەندە بیریشی لێ ئەکردەوە ماوەی قسە لێکردنی نەبوو، ئامۆژنی خۆ ئەوە هەر ڕووی نەئەهات قسەی وای لەگەڵ بکات ئەگەر بشیزانیایە بەکراسی بەری خۆیەوە کچەکەی ئەداتێ جا نەخوازەلا ئێستە کەوا بەقسەی دایکی ئەو کەللە شەکرانەی شکاندووە، هەر بەڕاستی ژنێکی بەڵایە پیاو نازانێ چیی ئەوێ و چیی

ناوێت! چیی پێ خۆشە و حەز بە چی ناکات، بەهەموو حەزی خۆت ئەتەوێت دڵی ڕابگریت وە هەر لە بەر دڵی ئەو ئیشێك ئەکەی  کە وا ئەزانیٚ پێی خۆشە کەچی وەکو تاوێر بە سەرتا دێت و ئەکەوێتە سەرزەنیش و قسە پێگوتنت کە بۆچی وەهات کرد! ئەمە ئامۆژن خانممان خۆ لاوە گیانیش لە پەنای خوادا بێت لە خوشکەکانی زیاتر لێی ئەترسێت یا وەکو خۆی ئەڵێت دڵی ڕائەگرێت. ئەویش نەك لەبەر ئەوەی کە خۆشی ئەوێت هیچ باوەڕ ناکەم بەدڵ خۆشی بوێت با دایکیشی بێت. هەر ئەوەیە دەوڵەتەکەی باوکی وا لە ژێر دەستی ئەوا ئەمیش ئەیەویٚ بە مێچکەمێچکە لێی بکێشێتەوە. ئەگینا ئەوە ژن بوو پار بۆی هێنا. لەم دەورەدا دایك ژن بۆ پیاو بهێنێت. تۆ خۆشت دڵت چووبێت بەکچێکی تایبەتیدا و بەهیوای هێنانی بیت، کەچی بچیت لەسەر قسەی دایکت کچێکی ناشیرینی نەخوێندەواری لەخۆت چەند ساڵ گەورەتر بهێنیت ئەمە چییە کچی خاڵتە! سەیر ئەوەیە کەوا ئامۆژنە فاتمەخان عەیبەکانیشی لیٚ نەئەشاردەوە، ئەیوت کاکە لاوە گیان خاڵۆزای خۆتە ئەگەر تۆ نەیهێنیت کیٚ ئەیهێنیٚ؟ – ماڵی قەڵب سەروبەری ساحێبی – بەو خوایەکەمە ژن هەموو وەکو یەکن و یەك تام ئەدەن! وەك مەسەلەی هەنگوینەکەی ئافرەتەکەیە کە سەد چەشن خواردنی لیٚ دروست کرد بۆ کابرای زاڵمی حەز لێکەری تاوەکو تێی بگەینیٚ کە لە ڕووی لەش و جوانی و ناشیرینییەوە ئافرەت هەموو وەکو یەکن.

کەواتە باشتر ئەوەیە مەسەلەکە هەر دیزە بەدەرخۆنە کات و لێی بگەڕیٚ بۆ ڕۆژگار بزانێت ئەو چیی لیٚ ئەکات. چونکە هەندیٚ جار ئەو لە خۆمان چاکترمان بۆ ڕێك ئەخات، وەکو شتێك کارەکە پیٚ ئەگەیێنێت وەك میوە و دار و درەخت. هەر چۆنێك بێت با بزانین بەخت و چارەنووس کێی ئەکات بەهاوسەر!

***

پیرۆزخان دێتەوە موحاکەمەکەیان ئەکرێت. کابرای زۆردار خۆی بەر ئەدرێت. یەکێك لە پیاوەکانی پانزە ساڵ حوکم ئەدرێت دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ کاڵیٚ ئەڕۆنەوە بۆ دێیەکەی خۆیان.

جوامێر و دایکی گەلێکیان پیٚ ناخۆش ئەبێت. ئەجیٚ زۆر لەگەڵ  پیرۆزخان

خەریك ئەبێت كە بۆ ماوەیەكی كەش، تا مەسەلەكە لە بیر ئەچێتەوە، كاڵێ لە ماڵی ئەوان بهێڵێتەوە. بەڵام ئەو ئەڵێ:

– تازە كە یەكێ لە پیاوكوژەكانی ئاغا حوكم درا مەسەلەكەمان بوو بە خوێنی ئاغای گێژ لە بیرچوونەوەی نییە. ئەڕۆینەوە لە سەر خوا. خوا كەسی بێ كەسانە. ئیمڕۆش نەبێ سبەینێ هەر ئەبێ بڕواتەوە.

كاری ڕۆیشتنەوەی كاڵێ لە دایكی زیاتر لە جوامێرا دیاریی دا بۆ یەكەمجار دوای ڕۆینەوەكەی كە چووە ماڵەوە چاوێكی بە شوێنەوارەكانیا گێڕا سەری سوڕما لەو شوێنەی نەك لە ماڵ، لە ڕابواردنیشیا پڕی كردبووەوە! هەموو شتێك لە ماڵەكەدا تاریك و شكاو و كۆن و ناشیرین ئەهاتە بەرچاوی. نەك هەر ئەمە ئەتوت شتێكی لێ ون بووە هەروا بەناو ژوورەكانا ئەهات و ئەچوو. لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوەبوو كە زاتی نەئەكرد سەرنجێك بداتە دڵی خۆی تا وەكو بزانێت بۆچی بەڕۆیینەوەی كاڵێ وا سەغڵەت و دڵگیر بوو، ماڵی لەبەر چاوكەوت، هەر چۆنێك بێت و هەرچییەك، تازە ڕۆیشت. وەكو ئەستێرەیەكی كشاو نەختێ ئاسمانی ژیانی ڕۆشن كردەوە و ڕۆیشت. خوا ئەزانێ جارێكی تر چۆن و كەی و لە كوێ چاویان بە یەكتری ئەكەوێتەوە. ئەوان تا ئەم تەمەنە یەك جار یەكتریان دیبێت ئەویش وا، بەم پێیە دوور نییە هەتا ماون جارێكی كە یەكتر نەبیننەوە.

بەینێ بەسەر ڕۆیشتنەوەی كاڵێ و دایكیا ڕابورد. تا ئەندازەیەك جێگاكەیان لە دڵ و لە ماڵیشیانا پڕ بووەوە ئەگەرچی وەكو پڕكردنەوەی شوێنی قاڵییەكی كاشانی نایاب بە بەڕە شڕێكیش وەهابوو. ئێوارەیەك جوامێر لە (یانە) چاوی بە هاوڕێیەكی ئەكەوێت لێی ئەپرسێ ئەوە هەر وازت لە ژن هێنان هێناوە یان دەستت لە ئاسكۆڵی مامت هەڵگرتووە. جوامێریش بەپەرۆشێكەوە لێی ئەپرسێ: بۆچی چی بووە؟ «كوڕەكەش كە دەزانێ جوامێر بێ خەبەرە ئەیەوێ پاشگەز بێتەوە ئەڵێ: هیچ هەروا پرسیم». بەڵام بێ هوودە ئەبێ جوامێر لە كۆڵی نابێتەوە هەتا قسەكەی پێ تەواو ئەكات و پێی ئەڵێ كە وا لە حەسەنی شێخ مارفی بیستووە خەریكە ئاسكۆڵ بهێنێت. جوامێر زۆر ئەم قسەیەی پێ گران ئەبێت بەڵام دەری ناخات. بەدرێژاییی ڕێ بیری لێ ئەكاتەوە، زۆری پێ خۆش ئەبێ كە لە لایەكەوە

درزێك، کەلێنێکی تیا بدۆزێتەوە و بەدرۆی بخاتەوە بەڵام هەرچەندە لەبەر تیشکی قسەکانی دایکی و ڕەوشت و خووی فاتمەخانی ئامۆژنی سەرنجی لێ ئەدا هیچ درزێکی تیا نابینێت. دێت بەبیریا کە بچێ چاوی بە لاوەی ئامۆزای بکەوێت بەڵام واز لەم بیرەش ئەهێنێ. تازە کار لە کار ترازاوە بەقسەی هاوڕێکەی شەکراویان خواردۆتەوە. لاوە ئەگەر بیویستایە هەر هیچ نەبێ پێش ئەم کەین و بەینە ئەمی ئاگادار ئەکرد، هەرچۆنێك بێت ئەویش هیچ نییە، ئەزانێت کەس هیچی پێ ناکرێت لەگەڵ فاتمەخانی دایکی، دەی پیرۆزیان بێ ئەمیش گوناهی خۆی بوو، ئەبوایە دوای ئەو قسانە دایکی بۆی گێڕایەوە بچوایە بنج و بناوانی کارەکە بزانێ کچی ئەدەنێ یان نە. ئەم هەروا کەمتەرخەم خستییە پشتگوێ تا وای لێ هات، دەی گۆی مەدەرێ، چارەیان لە چارەی یەك نەنووسراوە.

جوامێر کە دێتەوە ماڵێ باسی شووکردنی ئاسکۆڵ هەروا لە دڵیا گینگڵە ئەدات، بۆ دایکی بگێڕێتەوە! نەیگێڕێتەوە!

ناهێنێت با نەدایکی سەغڵەت بکات و نەواشی پیشان بدات کە خۆشی ئەوەندە بەتەنگەوەیە، چی ئەبێ دەی با جارێك قسەیەك بۆ دایکی نەگێڕێتەوە! خۆ کفر نابێت! بەمەسەلەی ئاسکۆڵ و ژنهێنان و دایکیان هاتەوە بیری کەوا نەدایکی و نەکاڵێ پێیان نەوت ئەو قسەیە چی بووە کە فاتمەخانی ئامۆژنی بە کاڵێی وتووە و دایکی خەفەتی بۆ ئەخوارد. چووە گیانی دایکی بەزەردەخەنەیەکی کاڵەوە لێی پرسی، دایکیشی لە پێشەوە دایە قاقای پێکەنین لە پاشا وەك شتێکی ناخۆشی بیر کەوتبێتەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو بێدەنگ بوو. جوامێر پرسی: ئەوە چییە دایە چیت بیر کەوتەوە؟ دایکیشی بە ماتییەکەوە وتی:

– ئەوی ڕاست بێ کوڕم کاڵێ و پیرۆزخانم بیرکەوتەوە.

جوامێر وتی:

– باشە دەی جارێ وەختی نووکە نووك نییە تۆ باسەکەم بۆ بگێڕەوە.

ئەجێ وتی:

– فاتە ورچە کۆنی ئامۆژنت هەر کە چاوی بە کاڵێ کەوت پرسیی بووکەکەت

هێناوە پیشانمانی بدەی! هێشتا زووە ئەبوو پاش منداڵ بوون ئاگادارمان بکەن.

جوامێر بێ ئەوەی گوێ لە بەشی دواییی قسەکەی بگرێت سەری داخست و چووە ژوورەکەی خۆی. لە سەر نوێنەکانی هەردوو دەستی خستە ژێر سەری و چاوی بڕییە بنمیچەکە. ئامۆژنی وای زانیوە ئەم کاڵێی هێناوە. ئێی ئیستە تێ گەیشتم بۆ وا بەتوندی بەرەنگاری دایکم بووەوە بۆچیش وا بەپەلە ئاسکۆڵی داوە بە شوو. بەڵام نەء، هەر خۆی لە بەهانە بووە ئەگینا بێگومان دایکم پێی وتووە کەوا بەهەڵەدا چووە. جگە لەوەش دوای ئەوەی کاڵێ و ئەوان ڕۆیشتنەوە ماڵی خۆیان ناشێ وای زانیبێ کە باوەخوون کراوەتەوە نەء. ئەی نابێ لە لاوەی کوڕی بپرسێ. ڕەنگە بەقسەی ئەویش باوەڕ نەکات چونکە لای وایە لاوە هەمیشە لە سەر من ئەکاتەوە. دەی ئەمانە هەموو قسەی هیچن ئەو لە بەهانە بووە و بێدەنگی و کەمتەرخەمیی منیش یارمەتیی سەرگرتنی بەهانەکەی داوە!

چەند ڕۆژێك ڕابورد بەیانییەك دوای ڕۆشتنەوە دایەرەی جوامێر، دایکی خەریك بوو تفاقی چاپی لائەبرد کچۆڵەیەکی دە دوانزە ساڵە کردی بەماڵا و پرسی: ئێرەیە ماڵی جوامێرەفەنی؟ ئەوە شەکراوی ماڵی فاتمەخانم بۆ هێناون، وای وت و پاکەتێ نوقولی لە سەر حەسیرەکە دانا، بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرام بکات چۆن هاتبوو وا ڕۆیشتەوە دەرێ. ئەجێ وەکو لە بانێ بەری دەیتە خوارەوە وابوو. شەکراوی ماڵی فاتمەخانی چی؟ فاتمەخان هەیانبێ و نەیانبێ ئاسکۆڵیان هەیە کە ئەویش بە حساب بۆ جوامێر دانراوە. ناشێ فاتمەخان ئەمەشی کردبێ و قسەی خەڵکی بەڕاست گێڕابێت. بابە قسە بەخۆڕایی ناکرێت. دووکەڵ بێ ئاگر نابێت. ئەیانوت ئاسکۆڵ ئەدەن بە شێخ حەسەنی خاڵۆزای! دەی دەسەڵات چییە. ڕەزام بەڕەزای خوا. خۆ بەو خوایە لە سەرێکیشەوە پێم خۆشە کە ئەم دیدەی لێڵاوە بڕایەوە! ڕزگارمان بوو لە ئەیدەن و نایدەن. قەی ناکا ئینسان ئەوەی لا گرانە کەوا ناوی جوامێری لەسەر بوو. ئەگینا خوا ڕەحمی پێ کردین کە لە کچی فاتمەخان ڕزگاری کردین. خەڵکی پێڵاوەکانیشمان ماچ ئەکەن وا کچمان ئەدەنێ. با بزانین کاممان زەرەرمان کردووە! خوا یار بێت کچێکی بۆ ئەهێنم حەوتی وەکو ئاسکۆڵە ڕەق لە مزگێنیدا بدرێت. لێرەدا بیری ئالۆزا و سەری لێشێواوی زۆر کچی هێنایە

سەر پەردەی مێشکی  و بەلچ لێ هەڵقوڵتاندنێك فتی کردن. بەڵام هەر ئەبوو ئەو شەکراوە بنێرێتەوە. کچەکە چ چاو و ڕوویەك بەم فاتە ورچەوە هەیە؟ وەرە تۆ هیچ شەرم نەکەیت و تەریق نەبیتەوە. شەکراو بۆ ئێمە بنێریت! باشە دایکم دیقە دیقەمان بدە. خوا کڵاوی بۆ بەڕووش کردووە. خەڵکیش خوایەکی هەیە بۆ خۆی. هەر خوای ئێوە نییە. ڕاستە بە خوا. خوایە لێم نەگری و لە سەرم بەکفر حسێب نەکەی هەر خوای دەوڵەمەندە! ئەی بۆچی پێیان ئەڵێن خواپێداو، خۆ ئەستەخفیرەڵڵا بەبێ حەزی خوا ئەم ناز و نیعمەتەیان پێکەوە نەناوە! کچێ دەی ناز و نیعمەتی چی هەمووی گڕ و پفێکە. بەرگەی ڕووگرژکردنێکی ڕۆژگار ناگرێت. ئەوە کەسی ناسیاو ڕووی نەهاتووە دوو دەنکە نوقڵەکەیمان بۆ بێنێت بۆیە بەو چەتیوە چڕپنە پلکە بایجانەیەدا ناردبووی خۆ هەر نەمزانی کوێڕا ڕۆیشت، دوو جنێوی مزرم بدایە بە خۆی و فاتەخانی و نوقلەکەشم بخستایە....... یەوە! هەر چۆنێك بێ فاتە زلە ئەمەی بەسەرەوە ناچێ. جارێ با ئەم نوقڵە لە حەو کون بشارمەوە نەوەکو جوامێر گیان چاوی پێی بکەوێت. بێگومان زۆری پێ ناخۆش ئەبێت.

***

پاش نیوەڕۆیەك جوامێر لە نان خواردن بوو بووەوە لە سەر جێگاکەی پاڵ کەوتبوو ڕۆژنامەیەکی گرتبوو بەدەستەوە خەریك بوو خەو بچێتە چاوی لە پڕ فڕە فڕ و دەنگی ئۆتمۆبێلێك لە کۆڵانەکەیانەوە هات – کەوا زۆر کەم ئۆتمۆبیلی پیا تێپەڕی. نەخێر ئۆتمۆبیل وەستا و لەدەرگای ئەمانیشیان دا، نەختێ خۆی لێ بێدەنگ کرد بەشکو دایکی بچێ. بێ هوودە بوو دەرگاکە لێ درایەوە و دایکیشی دیار نەبوو. ئاخۆ بەچییەوە خەریکە، بەنابەدڵی هەستا چوو بێ پرس و دەنگ دەرگای کردەوە. لە پڕ تەوژمێکی شادی و سەرسوڕمان دەم و چاویان گەشانەوە، بەدەنگێکی زۆر بەرزتر لە پێویست وتی:

– ئەوە ئێوەن یاخوا بەخێر بێن!

هەر گورج لە دیمەنەکەی بەرامبەری بێ جێیی قیژاندنەکەی بۆ دەرکەوت بە تەریقییەکەوە وتی:

– ئەوە چییە؟ پیرۆزخان چ خێرتە؟ یاخوا بەخێربێن فەرموونە ژوورەوە. دایە وەرە ئەوە پیرۆزخان و... ئەوانن.

کالێ چووبووە ژێر باڵی دایکی هێنایە ژوورەوە و جوامێریش کەل و پەلەکەیانی هەڵگرت کەوا شاگردی لێخورەکە بۆی داگرتبوون و لەبەر دەرگا دایناببوو...

دوای دە پانزە ڕۆژی دەرمان و دوکتۆر پیرۆزخان ڕووی کردە چابوونەوە... لەم ماوەیەدا جوامێر خزمەتێکی پیاوانەی کرد تەنانەت لە گەرمەی نەخۆشییەکەیا لەگەڵ کاڵێدا بەنۆرە ئێشکیان ئەگرت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیا دەرمانەکانی بدەنێ. ئەم تێکەڵییە شەرمی ڕواڵەتی و بێ جێی لە نێوان هەڵگرتن و گەلێك لەگەڵ کاڵێی لەیەکدی نزیك کردنەوە و شارەزای ڕەوشت و خووی یەکتری کردن. هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پێشکەوتنی چاکبوونەوەی پیرۆزخانا ئەوانیش گرێی دەم و زمانیان ئەکرایەوە و ماتی و مۆنییان لە ڕوو ئەڕەوییەوە تا نەخۆشەکەیان وەکو خۆی لێ هاتەوە ئەمانیش وەکو جارانی پێش بۆ لادێ چوونەوەی کاڵێیان لێ هاتەوە و زیاتریش جوامێر تەنیا وەختێ سەری دائەخست و بێدەنگ ئەبوو لە ئاستی کاڵێ کە قسەکەی فاتەخانی ئامۆژنی بیر ئەکەوتەوە، کەوا بە کاڵێی وتبوو، ئەم سەرداخستن و بێدەنگییەشی هەر چەندە لە سەرەتاوە لە تەریقییا بوو بەڵام لە دواییدا بوو بەلێکدانەوە و خەیاڵ لێدان و مرخ لێ خۆشکردن! بەڕاستی بۆ وا نەبێ. هەرگیز خوا ژن هێنانی وا سووك و ئاسانی بۆ کەس ڕێك نەخستووە. بووکێکی وا ناسك و نازداری بەپێی خۆی بۆ هێناوەتە ماڵەوە. هەموو جارێ لێرەدا ئەو شیعرە عەرەبییەی بیر ئەکەوتەوە کە وەختی خۆی لە (هەزار و یەك شەو) دا خوێندەبوویەوە کە ئەڵێ:

«ڕەنگە خوا دوو لێك براو بەیەك بگەیەنێتەوە، لە کاتێکا کە بەهەموو باوەڕی خۆیان لایان وابێت کە ببڕای ببڕای ئیتر هەر چاویشیان بە یەك ناکەوێتەوە».

هەر بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیرە! قەی ناکات ئەوا کاڵێ لە ناکاو ئەگەڕێتەوە، بەڵام بۆ لە کاتێکیشا ئەگەڕێتەوە کە ئاسکۆڵ شووی کردووە و ئەمیش و دایکیشی بەپەلە بۆ ژن ئەگەڕێن. لەوانەیە بۆ ئەوەی قسەی خەڵك ببڕن هەر ژنێکی دەست

کەوێت هەر زۆر ناشیرین نەبێ هیچ سێ و دووی لێ نەکات. بەڵام چۆن دەست پێ بکەن. جارێ کێ ئەڵێت دڵی کاڵێ کەسی کەی تیا نییە؟ نا، لەوە ناچێ. یەکێ دڵی لە دەست دابێ ئەم تریق و هووڕەی پێکەنینی نایەت. خۆ نیازی نییە ئەم ئیشەش بەدایکی بکات، هەرچەندە فەرمانی دایکی لە کاری ئەما هەر قسە لێکردنێکیش ئەبێ. بەڵام نا باجارێ ئەم دەم و دووی خۆی تاقی کاتەوە ئەوسا لەگەڵ دایکیشی قسە ئەکات!

بەڵام چۆن، هەر چەند سەری هێنا و سەری برد خۆی لەم تەلیسمە پێ ڕزگار نەکرا، چۆن ڕووی بێت بەکاڵێ بڵێ شووم پێ بکە. با نەختێ بخواتەوە بەشکو شەرمی هەڵگیرێت، یەك دوو جار ئەمەشی تاقی کردەوە کەڵکی نەبوو، جوامێر لەم گێژاوەدا بوو کە ڕۆژێك لەگەڵ کاڵێ دانیشتبوون دامەیان ئەکرد لە پڕ لەخۆیەوە وتی:

– تۆ ئەزانی دایکم قسەکەی فاتمەخانی ئامۆژنمی بۆ گێڕامەوە، کە بەتۆی وتبوو...

کاڵێ سەری شۆڕ کردبووەوە بەسەر تەختەی دامەکەدا هیچ ورتەی نەکرد بەڵام تارماییی زەردەخەنەیەك بە خێرایی برووسکە بەچارەیا تێ پەڕی و داشێکی بەپەلە بردە پێشەوە... جوامێر کە ئەوساکە باش بیری لێ کردبووەوە قسەکەی چەند ئاو ئەکێشێ و چ کارێکی کردۆتە سەر کاڵێ هات بە مێشکیا ئەمە ئەو هەلەیە کە لێی ئەگەڕا و نابێ لەدەستی بدات، بۆیە لەسەرخۆ بە زەردەخەنەیەکی بە شەرم – ژاکاوەوە وتی:

– ئەبینم هیچ قسە ناکەیت! جارێ داشەکەت بگێڕەوە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە دامەت لێ ئەکەم، بەنەختێ توندی و بێ سەرهەڵبڕین لەسەر تەختەکە کاڵێ وتی:

– قەی ناکا ناگەڕێمەوە. دامە بکە...

– باشە گیانەکەمی بۆ زویر ئەبی خۆ خراپم نەوتووە...

یەکەمجار بوو تیایا بەکاڵێ بڵێ گیانەکەمی، بۆیە گورج داشێکی بردە پێشێ.

کاڵێ دەنگی نەبوو خەریك بوو یاری بە داشێك بکات. جوامێر تێ گەیشت کەوا

شەرمنی خەریکە ئەم هەلەشی لە ژێر دەستا مردار ئەکاتەوە. لووتە پەنچەیەکی دا لە تەختەی دامەکە بەشی زۆری داشەکانی خستە خوارەوە.

نەختێ بەتەنگە تیلکەیی، کە شپرزەییی خۆی پێ بشارێتەوە وتی:

– بەسە دامە ئیتر با نەختێ بۆ خۆمان قسە بکەین.

– کاڵێ لە کاتێکدا خەریکی کۆکردنەوەی داشە دامەکان بوو سەرێکی بەرز کردەوە و بە سەرزەنشتێکی زەردەخەناوییەوە وتی:

– ئەی ئەوە نییە قسە ئەکەین، یا لە دۆڕاندن بوویت بۆیە تێکت دا!

جوامێر گوێی لە قسەکەی نەبوو هەموو هۆشی لای چاوی بوو کە ئەویشی بێ زانین بڕیبووە ئەو بەشەی کە بەهۆی بەچیچکانەوە دانیشتنی کاڵێ و هەڵبڕینی سەر و داچەکانی بەرۆکی کراسەکەیەوە، لە سنگ و مەمکی دەرکەوتبوو، وەك چاو تێبڕینەکەی جوامێر شەپۆلێکی گەرمایی بووبێت ئاڕاستەی سەر سنگی کاڵێ کرابێت گورج داشە دامەکانی دانا و دەستی گرت بەیەخەیەوە و هەستایە سەر پێ و بەدەم باوێشکێکی مەگەر هەر خوا بزانێ ڕاست یا دەستکردەوە وتی:

– با بچم سەرخەوێ بشکێنم، شەوێ خەوم لێ زڕابوو هەمووی دوو سێ سەعات نەنووستم..

جوامێر ئەقڵی لە سەرا نەما، هەر هەستا و دەستی کاڵێی گرت و لەسەر کورسییەکە دای نیشاندەوە و بە پەلە وتی:

– نایەی قسەکەی فاتمەخان بهێنینە دی؟

کاڵێ لە دەمی دەرچووبوو بڵێ (– کام قسە) کە کەوتەوە بیری تەوژمێکی شەرم و تەریقی قسەکەی لە گەروودا تاساند و سەری پێ داخست، جوامێر بە هەلی زانی وتی:

– ئێ... گیانە ئەڵێیت چی؟

پاش نەختێ بێدەنگی بەئەسپایی و بەدەم هەستانێکی بێزارانە یا نەخۆشانەوە وتی:



تایبەت ترین کەناڵی کوردی
کوردیکا
@kurdica

– بۆچی بڵێم چی؟

– بۆ ئەوەی قسەکەی فاتمەخانی ئامۆژنم بهێنینە دی!

– من نازانم چی بڵێم! دایکم ئەزانێت!

وای وت لێی دا ڕۆیشتە دەرەوە. بەڵام جوامێر ئەوەی لێ بزر نەبوو کە لە ژێر ڕەنگی سوورهەڵگەڕاوەیەوە تارمایی زەردەخەنەیەکی شیرینی بەڕووەوە ببینێ لە کاتی لە ژوور چوونە دەرەوەیدا.

دوای ئەو ڕۆژە بە هەفتەیەك هەموو حسابێکی ژنهێنانی جوامێر ڕێك خرا، تەنانەت ڕۆژی گواستنەوەشی، کەوا لەبەر پرسەباریی کاڵێ و دایکی خستیانە زستان.

ئەوسا گەڕانەوە بۆ دێیەکەیان.

## ٦

جوامیر نەیزانی ئەم گەشتەی لە یادگارا چەندی خایاند چونکە بەدەمیەوە خەوی لێ کەوتبوو. کە هەستا تەماشای سەعاتی سەر مێزەکەی کرد دوای نیوەڕۆ بوو لە دڵی خۆیا وتی، بێگومان لاوە کە بۆ قاوەڵتی هاتەوە هەموو کارێکی بەشوێن مناڵەکانا ناردنی جێبەجێ کردووە، چارەکێکی پێ چوو ژنەکەی لاوە هاتە لای دەرگاکەیەوە وتی:

– ئەترسم لاوە بۆ قاوەڵتی نەیەتەوە، ڕۆژگاریش درەنگە با نان بۆ تۆ تێ بکەم، ئیتر لەوە زیاتر چاوەڕوانی ئەو نەکەین باشە.

– هیچ جاری تر وابووە نیوەڕوان بۆ نانخواردن نەیەتەوە؟

– نەء مەگەر لە سەر داوەت بووبێت ئەوساش لە پێشەوە ئاگاداری ئەکردین!

جوامێر سەیرێکی بادا وتی:

– بێگومان بەئیشەکەی منەوە خەریکی خواردووە. دەی باشە منیش ئەوەندە برسیم نییە سەعاتێکی کەش چاوەڕوانی ئەکەین. لای ئێوارە بوو جوامێر لە دالانەکەدا بەشپرزەییەکی دیارەوە ئەهات و ئەچوو. هەر کەسێ لە دەرگای بدایە بەو هیوایەی کە بەشکو لاوە بێت و زوو لە دەنگوباسی خۆی ئاگاداری کات ئەو دەرگای ئەکردەوە. ئەوەندە دەرگای بۆ خەڵك کردەوە تاقەتی چوو وازی هێنا چووە ژوورەکەی خۆی، هێشتا دانەنیشتبوو لاوە هاتەوە. جوامێر هەر گوێی لە دەنگی بوو بەپەلەپرووزکێ خۆی گەیانە لای، بەڵام کە چاوی بە ماتیومۆنیی لاوە کەوت کۆشکی ئاواتی هەرەسی هێنا. بەکەساسییەوە لێی پرسی:

– ها چی بوو؟ کەست نارد؟

لاوە دەستێکی پان کردەوە و لەبەر خۆیەوە بڵتە بڵتێکی کرد. جوامێر وەکو ئەم کارەی لاوە لە پڕ ڕقی هەستاندبێ، نەختێ بەتوندی وتی:

– چی؟ تێ ناگەم، پێم بڵێ بەڕاستی بزانم کەس ئەنێریت بەدوویانا یان نە. بۆچی ڕاستم پێ ناڵێیت؟

کە سەری هەڵبڕی و چاوی پڕ تەریقی و ڕەنگی هەڵبزرکاوی لاوەی دی ترسا لەوەی ناخۆشی ماوەی نەدابێت. لەخۆیەوە خاو بووەوە وەکو پاڕانەوە وتی:

– لێم ببوورە براگیان، نابێ لێم بگریت. نازانی چەندیان بیر ئەکەم! باوەڕ بکە بەم دە ساڵە هەمووی بەسەریەکەوە ئەوەندەی ئەم شەو و ڕۆژە بیرم نەکردوون! هەرچی تاسە و خۆشەویستی و ئارەزووی بەناچاری پەستێوراو و بەرگیراوی ئەم چەند ساڵەی دڵم هەیە بەجارێك بەستیان شکاندووە و هوروژمیان بۆ هێناوم، نازانم چی بکەم، وەختە شێت ببم. لە بریتی نان و ئاو و هەوا و خۆشی و شادمانی، لە مانەش پتر، لە هەموو شتێکی کەی دنیا پتر، وەختە بڵێم لەوەش زیاتر کە لە زیندانا تاسەی سەربەستیم ئەکرد ئێستە تاسەی ئەوان ئەکەم. لێم مەگرە ئەگەر بڵێم هەر لەبەر ئەوان و بۆ نزیکی لە وانەوە بوو کە حەزم ئەکرد بێمەوە ئێرە، ئەگینا زۆر چاك ئەزانم بۆ یەکێکی وەك من هاتنەوە ئێرە چ مەترسییەکی تیایە. بۆیە دامناوە هەرکە یەکمان گرتەوە داوا بکەم شوێنی چاودێرییەکم بۆ بگوێزنەوە بۆ شارێکی تر، کە هەر باسی شۆڕشیشی تیا نەکرێت! ئەگەرچی باوەڕیش ناکەم ئەمەم بۆ بکەن. چونکە زۆرجار دێت بەبیرما کە منیان بۆیە وا سووك و ئاسان هێناوەتەوە ئێرە و لێرەش بێ چاودێرییەکی پێویست بەرەڵڵایان کردووم بۆ ئەوەی بمکەن بە تەڵە و بە خەیاڵی خۆیان خەڵکی سەر بەشۆڕشم پێ بگرن! لاوە کەوا ئەم قسانەی جوامێری لەلا وەکو خۆی بەبرینەوە کردن وەهابوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

– ئەزانم گیانی من هەرچی تۆ ئەیڵێیت و هەستی پێ ئەکەیت هەمووی بەجێن و ڕاستن. من خۆم تاوانبارم، ئەبوو نەهێڵم ئەو کارە وەهای لێ بێت. هەر چۆنیك بێت ئێستەش چارم ناچارە بزانین بۆ کوێمان ئەبات! گەڕام زۆر گەڕام خەڵك هەر ئەوەبوو نەیانئەدامە بەر کلکان کە ئەموت بچن بۆ (گوڵان) ئەڵێن لەم دواییەدا شەڕ کەوتۆتە ئەو ناوچەیەوە بەشێکی لە لایەن هێزی میرییەوە داگیر کراوە. دوو نوختەیان داناوە لەسەر شەقامە ڕێیەکەی بۆی ئەچێ بەگران خەڵك لێیان دەرباز ئەبێت. ئەگەر لەم سەریش سەڵتە زەلام هەر چۆنێك بێت بتوانی خۆی لە نوختەکان لابدات، لە گەڕانەوەدا بەژن و منداڵ و بارگە و ولاخەوە هەر ئەکەوێتە بەر

قەمچییان جا ئەوسا مەگەر خوا بگات بەفریای ئەو کەسەدا.

لاوە کە ترس و سامی چاوی جوامێری دی بایدایەوە و وتی:

– ژن و منداڵ ڕەنگە بەپارە ڕزگاریان ببێ. هەروەها کابراش ئەتوانێ بەهۆی ئەوانەوە خۆی دەرباز بکات، بەڵام کێ ئامادەیە خۆی بخاتە ئەم ئاگرەوە! دەسەڵات نییە ئەبێ پەلە نەکەین ماوەم بدە لەسەرخۆ بیرێکی لێ بکەینەوە.

– ئاخر...

– چار نییە برام ئەبێ پیلانێك دابنێین کە نەئەوان و نەئەو کەسەش کە ئەچێ بەدوویانا دووچاری فەلاکەت ببن.

– ڕاست ئەکەی بەڵام هەرچی ئەکەی تکات لێ ئەکەم نەختێ پەلە بکە، باشە کە حاڵ وابێت وەکو باست کرد کێ ئەچێ بەدوویانا. لەوانەیە هەر کەسمان دەست نەکەوێت.

لاوە سەرێکی بادا و وتی:

– با بزانم، چارەیەك ئەدۆزمەوە، تۆ بڵێیت خزمێ، ناسیاوێ مەردێکمان دەست نەکەوێ. (لەبەر خۆیەوە وتی: هەرچۆنێ بێت پێویستە بەزووترین کات خۆم لە ژێر ئەم بارە دەربهێنم). ئەبێ تۆش نەختێ دان بەخۆتا بگریت سەرم لێ نەشێوێنیت!

– باشە. بابە ئیتر قسەی تیا ناکەم بەڵام تۆش مەیخەرە پشتگوێ.

– کەواتە باشە بڕیمانەوە، جا بێینەوە سەر ڕابواردنی ئەمشەومان ئەڵێیت چی ئارەق و مەزەکە بهێنم و هەر لێرە دانیشین بۆ خۆمان قومێ بخوێنەوە و نەختێ خەم بە با بکەین، خۆ بە ناشکوری ئەڵێم! چوونە دەرەوە و سینەما و شتی وانییە.

جوامێر دوای ئیستێك وەکو خەیاڵی لەلای لاوە نەبووبێت وتی:

– ئارەزووی خۆتە، باشە تفاقەکەت بهێنە ئێرە. (لە دڵی خۆیا وتی: هەرچەندە من ناشخۆمەوە بەڵام بام لە ئێستەوە لە خەیاڵی نەدەم، زۆر پەست دیارە).

لاوە ئەوەندەی جگەرەکێشێکی پێ نەچوو مەزە و ئارەق و تفاقی خواردنەوەی شەش حەوت کەسی ئارەقخۆری هێنایە ژوورێ لای جوامێر ئینجا خۆیشی

بەرامبەری دانیشت. دوو پیاڵەی بەئارەزووی خۆی بۆ هەردووکیان تێ کرد و وتی:

– نۆش!

جوامێریش پیاڵەکەی خۆی هەڵگرت لە یەکیان دا و بردی بۆ دەمی بەڵام بێ ئەوەی هیچی لێ بخواتەوە داینایەوە.

لاوە وتی:

– بابچم ڕادیۆ کەشم بهێنم.

جوامێر بە تووڕەیییەکی بێ جێوە وتی:

– نەبەخوا لە ڕادیۆ گەڕێ تاقەتی دەنگوباسمان نییە.

لاوە بەدەم پەشیمانییەوە وتی:

– بۆ دەنگوباس نا، بۆ گۆرانی، جاروبار گۆرانیی خۆش هەیە.

جوامێر وەك پۆزش بهێنێتەوە بۆ تووڕەبوونەکەی وتی:

– دە باشە، منیش حەز لە گۆرانی ئەکەم، بەشەرتێ نەیخەیتە سەر دەنگوباس، ڕادیۆکە بهێنە.

لاوە ڕادیۆی هێنا. هەندێ خەریك بوو لەگەڵی هیچ گۆرانییەکی خۆشی نەدۆزییەوە، دای خست و وتی:

– جارێ هیچ کوێیە نییە، با بۆ خۆمان قسە بکەین.

هەرچەندە ناشمەوێ برینت بکولێنمەوە، بەڵام وا لە سایەی خواوە ڕزگارت بوو ئەگەر پێی سەغڵەت نابی نەختێ باسی ژیان و ڕابواردنی زیندانم بۆ بکە.

جوامێر سەری داخست و هیچ قسەی نەکرد.

لاوە وتی:

– هەر کەسە بەجۆرێك باسی ئەکات پیاو سەری لێ تێك چووە نازانێت کێ ڕاست ئەکات و کێ درۆ. هەندێ کەس وای باس ئەکەن وەکو ژیان و ڕابواردنی

بەندیخانە یەکجار ئەوەندە ناخۆش نەبێت.

جوامێر تێگەیی چاری نییە ئەبێ شتێك بڵێ بۆیە دەستی پێ کرد:

– ئەوی ڕاست بێت بەندیخانە نەژیانی تیایە و نەڕابواردن چونکە نەگەشەکردن، نەخۆشییەك و نەهێنانە بەرهەمی نرخێکی مادی یا مەعنەوی تیایە، تەنیا ڕۆژ کوشتن و ساڵ ناشتنی تیایە و بەس. ڕەنگە هەندێ پیاو چاك و دڵپاك لایان وابێت بەندیخانە باشکردنخانەیە. تاوانباری تیا پاك ئەبێتەوە ڕەوشتی خواروبیری چەوتی تیا ڕاست ئەکرێتەوە! بەڵام ئەوی من دیم هەر بەتەواوی پێچەوانەی ئەمەیە و ئەوانەی بەندیخانەشیان بەدەستە لام وایە هەر بۆ تۆقاندن و ئازاردانی خەڵك دایان ناوە، ئەگینا دەستە و دایەرەیەکی باشیان بەسەر دائەنا. ئەوی چاوی بەجووڵانەوەی کاربەدەستان و وەردیانەکانی بەندیخانە و زیندانەکان نەکەوێت ناتوانێ نەلەم ڕاستییە بگات و نەلەوەش، کە پیاو لە باریا هەیە تا چ ئەندازەیەك هەستی مرۆڤایەتی و پیاوەتی و شەرەف لە دڵی خۆیا بپلیشێنێتەوە! وەچۆن ئەتوانێ لە مەیدانی دڕندەیی و جانەوەریدا گورگ و پڵنگ و بەوری بەسەزمان جێ بهێڵێت. جا ئەگەر ڕاست بوایە کە کاربەدەستانی وڵات ئەوەندەی تۆزێ بەزەییی مرۆڤایەتی لە دڵیانایە و نیازیان لە بەندیکردن باشکردنە نەك تۆقاندن و تێکشکاندن، ئەو ملۆزمە پیسانەیان بەسەرەوە دانەئەنا، کەوا هەر لەو ڕۆژەوە بەندی تیا ئەدرێتە دەستیان نیازیان ئەوەیە بە هەموو جۆرێك کەرامەتی بپلیشێننەوە و گیانی بپەستنەوە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە هەر سەرشۆڕ و ملکەچ بێت. باڵی فیز و بەخۆدا ڕاپەڕموونی ببڕن بۆ ئەوەی هەرگیز هەڵنەسێتەوە و ڕەگی باوەڕی لە بن هەڵکەنن، زات و جوامێری و ئازایی لە گیانی دەربهێنن، بۆ ئەوەی نەك هەر خەڵکی لەبەرچاو بخەن خۆیشی بێز لە خۆی بکاتەوە، خۆی لا ئەوەندە پەست و نزم و پیس و بێ نرخ بێت کە نەوێرێ بە خەوی شەوانیش، نە دەم بەخراپی ئەو ڕژێمە بکاتەوە کە ئەوان سەگی پاسکردنین وە نەدەست لە ڕوویا هەڵبهێنێتەوە و نە بیریش لە بەگژاچوونی بکاتەوە. بەڵام کار بەوە باشە کە ئەو دڕندانە و گەورەکانیشیان ئاو لە دنگا ئەکوتن... سروشتی بنیادەمیان نەناسیوە و ئاگاشیان لە قانونی گۆڕان و پێشکەوتن نییە. لەبەرئەوە سەریان ئەمێنێ سوڕ و زارەترەك ئەبن کە ئەبینن بەپێچەوانەی

ئامانجی گلاَوی ئەوان لەگەڵ ئەو هەموو دڕندەیی و جانەوەرییەشا کە بەکاری ئــەهــێنــن هــەتــا دێت بــانــگــی ئــازادی ئــاشکــراتــر و ژمــارەی نــیشتــمــانــپــەروەر و ئــازادیــخــوازان زیــاتــر ئــەبــێت! نــاو جــەرگــەی تــاریکی ئەو زیندانــانــەی بــەنــیــازی خنکاندنی بیر و تاساندنی گیان دروستیان کردوون و هەرچی ڕێگەی شەیتانانەی بێ نامووسی هەیە تیایا بەکار ئەهێنن لە پێناوی گەیشتن بەم نیازە پیسەیانا، ناوجەرگی ئەم زیندانە تەنگوتارانە پڕن لە قارەمانی نەبەز کە باوەڕیان بەژیانەوە و سەربەستی و سەربەخۆییی وڵات لە کێوی بێستون چەسپیوتر و پتەوترە. لێرەدا جوامێر ئیستێکی کرد. لاوەش ئەمەی بەهەل زانی وتی:

– دەی قــومــێك لــە پــێکــەکــەت بــدە سارد بــووەوە! تــۆ ئــەزانــی مــن وام ئــەزانــی بەندیخانە هەروەکو سەر و گوێلاکی گۆڕیویت بیروباوەڕیشی گۆڕیویت، بەبیرما نەئەهات دوای هاتنە دەرەوەت لە بەندیخانە لە ژێر جێگاشەوە بیر لە سیاسەت بکەیتەوە کەچی کوتومت ئەڵێیت شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی قسە ئەکەیت. ئەوە چییە ئەڵێیت ناخۆیتەوە پێکەکەت هەر لە جێی خۆیەتی.

جوامێر بەگەرمییەکی لاوانەوە وتی:

– تۆ ئەڵێیت چی کاکی خۆم! ئەو حوکمە ناهەقە ناڕەوایەی بەسەر مندا درا، ئەو دەرد و مەینەتی و کوێرەوەرییەی لە خوتو خۆڕایی تووشی خۆم و ماڵ و مناڵم بوو، ئەو سزا و ئازار و سووکی و کردەوە ناشیرینانەی لە زیندانا دووچاری بووم و لەگەڵم کراوە و دیومە و لەگەڵ خەڵکیش ئەکرێت، داخێکیان ناوە بەگیانمەوە هەتا هەتایە خۆش نەبێتەوە و هەتا ماوم بەدڵ و دەروون دوژمنی خوێنەخوێی ئەو نیزامە بم کە خەڵك وا بەناهەق و لە خوتوخۆڕایی فڕێ ئەداتە کونی زیندانەوە و بنیادەم لەو پایە پەست و نزمەدا ڕائەگرێت و بەو جۆرە ناشیرینە نامەردانەیە لەگەڵیان ئەجووڵێتەوە، بەلاَم بڵێم چی. نازانم لەگەڵ ڕۆژگار بڵێم چی، ئەو نالەبارە ئەڵێیت خوێنی لەسەرمە، ماوەی خۆ بەکوشتدانێکی پیاوانەشم نادات، هەرچەندە بــیــر لــە کــەساسی و بــێ کــەسیــی هــیــوا و دایکی ئــەکــەمــەوە بڕستم ئــەبڕێ و پــەکم ئــەکــەوێت. دەستــێکــم ئــەکــەوێتــە ئــەمــلا و دەستێکم ئــەکــەوێتــە ئــەولا! هــەر قسەم بــۆ ئەمێنێتەوە، ئەگینا جێی هەقی من ئەو کەژ و کێوانە بوو. ناو (ل. ا. ن)، فرمانی من

ئەوەبوو کە لە ڕیزی یەکەمی جەنگاوەرانی ڕێی ئازادیدا دژی ئەم ڕژێمە بۆگەنە بجەنگم و خەبات بکەم هەتا مردن یا سەرکەوتن! سەیر ئەکەی کاکی خۆم من چەند بەدبەختم؟ سەربەستیی مردنیشیم نییە. کەچی تۆش ئەڵێیت بەخت هیچ نییە! بابە باشە بەختیاریم نەویست لە ژیانا بەڵام بۆچی بەخت یارم نابێ لە مردنا، نایەڵێ مردنێکی بەدڵێ خۆم بمرم!

لاوە کە دیی جوامێر هەر بەڕاستی بەم بیرەوەرییە برینی ئەکولێتەوە و هێشتا قەتماغەی نەهێناوەتەوە وای بەباش زانی باسەکە بگۆڕێت بۆیە وتی:

– تۆ خەریکی بەم قسانە خواردنەوەکەتم لەبیر ئەبەیتەوە، ئەوە چیتە؟

دەستی برد پێکەکەی جوامێری گرت بەدەستەوە، کە دێی هەر لە جێی خۆیەتی وتی:

– نە گیانە وا نابێ. فەرموو دەی قومێکی چاکی لێ دە. هینەکەی من وا ئەبڕێتەوە.

جوامێر بەماتییەکەوە وتی:

– نیازم نییە بخۆمەوە.

– بۆچی سوێندت خواردووە؟

– نا، هەروا، حەزی لێ ناکەم.

جوامێر ئەم قسەیەی ئەوەندە بەئازارەوە کرد لاوە داینا کە لە سەری نەڕوا. پیاڵەکەی نا بە سەریەوە و پێکێکی کەی بۆ خۆی دروست کردەوە و وتی:

– خۆت خاوەنماڵیت. تۆ بخۆیتەوە و نەخۆیتەوە من مووچە شەوانەکەی خۆم ئەخۆمەوە، سێ پێك، بێ کەم و زیاد. ئەوەتەی دنیا وای لێ هاتووە و هاتوچۆی خەڵك کردن و چایخانە و گەڕان نەماوە، منیش سەرم کردۆتە سەر ئارەق. دەی بابزانین گۆرانییەکی خۆش نادۆزینەوە.

لاوە خۆی خەریك کرد بە ڕادیۆکەوە قسەی نەکرد و دەستی لێ هەڵنەگرت تا گۆرانییەکی ئازەربایجانیی دۆزییەوە وتی:

– ئەمیش خۆشە تامی کوردی ئەدات، نازانم لای تۆ چۆنە لای من زۆر خۆشە. هەر بەڕاستی گۆرانی ئەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەها تێکەڵ بوون بەتایبەتی هی کوردی و تورکی و ئازەری پیاو ناتوانی لە یەك جویێیان بکاتەوە.

– لام وایە زۆری ئاوازە تورکییەکان لە کوردییەوە وەرگیراون و هەروەکو چۆن بەخەڵکی کوردستان ئەڵێن تورکی شاخی، بەگۆرانییەکانیش ئەڵێن (شەرقی)ی تورکی.

– جا کورد چیی خۆی پێ پارێزراوە تا گۆرانی و مۆسیقای پێ بپارێزرێت! پیاو کە خۆی نەبوو هیچی کەی نابێت، ماڵی ئەبێ بە سەربەشی ماڵان، خێر، بیریشی ئەبرێت بە تاڵان! بەدرێژایی مێژوو هەر پیاوی هەڵکەوتووی کورد بووە و خزمەتی بێگانەی کردووە، لە هەموو مەیدانێکی چالاکی و پێشکەوتن و زانینا. کەچی هێشتا نەمدیوە بێگانەیەك خزمەتی شتێکی کوردی کردبێت!

– وا دیارە کورد لە پێش خەڵکەوە بیروباوەڕی مرۆڤایەتییان هەبووە و وازیان لە ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی هێناوە!

– نە بەخوا، بەڵام لەبەر دڵی تۆ با وابێت.

بەم چەشنە قسانە سەعاتیان کرد بە دە ئەوسا شێویان کرد و دوای نەختێ دانیشتن و خۆخەریك کردن بە ڕادیۆکەوە لاوە وتی:

– تۆ ئەنووی بنوو، من ڕادیۆکە ئەبەم گوێ لە دەنگوباسی قاهیرە ئەگرم.

جوامێر وتی:

– باشە بیبە من تاقەتی دەنگوباسم نییە.

– دەی شەوباش و خەوخۆش.

– شەوباش بەڵام لە خەوی خۆش بێزار بووم، بەسە ئیتر حەز لە نەختێ واقیعی خۆش ئەکەم. حەز ئەکەم هەندێ لەو خەوە خۆشانەم بێتە دی. وەکو بەنگگێشم لێ هاتووە بەدەست زیندەخەوی خۆشەوە.

– دە سا من ئەوەندە لە واقیع بێزارم وەختە سوێم بێتەوە بۆ خەوێکی خۆش.

– دەباشە شەوت باش و خەوت خۆش! – تەماشایەکی سەعاتی سەر مێزەکەی کرد

– برۆ خێراکە نەوەکا بە دەنگوباسا نەگەیت. تا ڕادیۆکەت تەلی هەوا و ئەرزی تێ ئەخەیت لەوانەیە نیوەی دەنگوباسەکە ببڕێتەوە.



تایبەت ترین کەناڵی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## ٧

بەیانی دوای بەرچایی کردن لاوە بە جوامێری وت:

– ئەوە چییە ئەڵێیت نیازت نییە ئیمڕۆش بچیتە دەرەوە. نەء گیانە وا نابێت هەستە بچۆ خۆت بگۆڕە. دەستێ جلی خۆمم بۆ داناویت ڕەنگە بە بەریشت زل بێت بەڵام هەر لەمەی ئێستەت چاترە تا ئەچیتە لای... بەرگدروو دەستێ جل ئەکەیت.

جوامێر نەختێ بەتووڕەیی وتی:

– جلم ناوێت جلەکانی خۆم باشە، خۆ ناچم بۆ شایی... ئەگەر چوومە دەرەوە هەر بەم جلانەوە ئەچم جلی تازەش ناکەم هەتا پارەم نەبێ.

لاوە سەیرێکی دەموچاوی ئازاراویی جوامێری کرد سەی رێکی بادا و هیچ قسەی نەکرد، لێی دا ڕۆیی بەپێی کاری خۆیەوە...

دوای ڕۆینی لاوە جوامێر ئەوەندە خۆی لە ماڵەوە پێ نەگیرا. جلە کۆنەکانی خۆی لەبەر کرد و هاتە دەرەوە. لە پێشا وەکو شتێ ئەتوت شەرم ئەکات، هەروا بێ ئامانج لەم کۆڵانەوە ئەچوو بۆ ئەو کۆڵان. لە پاشا کەوتە سووڕانەوە بە شەقامەکانا بەڵام وەکو لادێییەکی یەکەمجار شار دیتوو چاوی ئەگێڕا بەجامخانەی کۆگا ودووکانەکان و سەر و چاوی ڕێبوارەکانا. ئەوی لە هەموو شتێك پتر سەرنجی ڕائەکێشا سووڕانەوەی سەربازی چەکداربوو دوو دوو بە شەقامەکانا لەگەڵ ڕاوەستانی ئۆتمۆبێلی شەستیر لەسەری پڕ لە سەرباز لە سەری کۆڵان و چەقی چوارڕێیانەکانا کە ئەمە لە ڕۆژی بەربوونیا سەرنجی ڕانەکێشابوو.

لە پڕ لە دوور ئاسۆ مەمەندی بەدی کرد کە یەکێ بوو لە هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکانی. بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە بەرەوپیری چوو. بەڵام ئاسۆ لەگەڵ زۆر تێ وردبوونەوەشیا پێش ئەوەی بگەن بەیەك ڕووی لێ هەڵکرد. جوامێر وەکو شووڵکێ بدەن لە سەری لووتی وای پێ هات. دوای چەند هەنگاوێکی تەریقی بیری کەوتەوە کەوا خۆی چەند گۆڕاوە، ئەوسا کەوا ئەم ئاسۆی بەجێ هێشتووە

خۆی لاوێکی باریکەلەی باشپۆش و ڕووگەش و قیت و قنج بوو ئێستا پیاوێکی ڕووتەڵەی سیسی تێکشکاوە. خۆ ئاسۆی بەسەزمان غەیبی پێ نییە. ئاوڕی دایەوە کە بانگی کات دی ئەویش ئاوڕی داوەتەوە لە پشتەوە سەرنجی لێ ئەدا و وەکو بڵێ شێوەی ئەم کابرایە ئەکات، بەڵام کێیە و لە کوێ دیویێتی یا لە کێ ئەچێ؟ نازانێت! لە بیرەوەری یاخی بووە و خۆی نادات بەدەستەوە! هێشتا جوامێر ناوەکەی تەواو نەکردبوو ئاسۆ خێرا گەڕایەوە سەری چارەی بەخۆشییەکی کتوپڕ گەشایەوە بە گەشەیەکی تەواوەوە وتی:

– ئەوە تۆی جوامێر؟ من بم و تۆ نەناسمەوە. با هەزار ئەوەندەش بگۆڕدرێت! ئەمە! یا نیشانەی گەوجییە یا هی پیری.

جوامیر بە پێکەنینەوە وتی:

– بۆ پیری بڵێیت هیچ پێتەوە دیارنییە، دواجار چۆنم بەجێ هێشتووی هەروای. بەڵام بۆ گەوجی ئەوە خۆت لە من باشتر خۆت ئەناسی.

ئاسۆ بە پێکەنینەوە وتی:

– باشە شوکر لە قسە خۆشەکانت نەکەوتووی.

دەستیان کردە ملی یەك و ئەولا و ئەملای یەکتریان ماچ کرد، بە تاسە و ئارەزوویەکی زۆرەوە ئاسۆ پرسی:

– ئەوە کەی بەربوویت؟ کەی هاتوویتەوە؟ یاخوا بەخێر بێیتەوە. کوڕە بەخوا دەمێکە لەناومانا نیت، چەندە؟ دە ساڵ، بە دەم خۆشە. ئێی ئێستە بۆ کوێ ئەچی، خۆ چایخانەی عەبەش نەماوە تا بڵێم ئەچیت بۆ ئەوێ. بیرتە چۆن کۆنکەنت لێ ئەکردین، ڕۆیشتین دەستەکەمان تەفر و توونا بوو... هەریەکەیان کەوتە شوێنێ، مەریوان کوژرا، عەلی گیراوە، ئەمین دەست بەسەرە لەو خوارانە... شەوکەتیش گوێزرایەوە نازانم چی بەسەرهات، ئەوانی کەش پرش و بڵاوبوونەوە.

– ئەی عەبەی چایچی چیی لێ هات؟

– هەر زوو چایخانەکەیان پێ هەڵگرت ئیتر خۆی نەگرتەوە حاڵی خراپ بوو لەم دواییەدا لە سەر سووچی دوکانەکەی سەرماوەر و قۆرییەکی دانابوو دۆست و

ناسیاو چایان لا ئەخواردەوە. پار زستانێ لە شەقامی... دا خائینێك کوژرا سەربازیش کەوتنە دەستڕێژی کوێرانە، عەبەی لە پەنجا گوللە زیاتری بەر کەوتبوو بەڵام وتیان مەردایەتییەکی گەورەی کردبوو کە ئەبینێ سەربازێ لەلای ئەوەوە ژنێك ئەکوژێت هیچی پێ ناکرێت سەماوەرە لە کوڵەکەی پیا ئەماڵێت، کابرا هەموو سەروچاوی ئەسووتێت و کوێر ئەبێت، ئەوسا سەربازەکانی تر ئەیدەنە بەر دەسڕێژ. جارێ با ئەمە بەس بێت. ئەو زەلامانە هاتن، تاقەتی بەندیخانەمان نییە. ئێی ئێستە بۆ کوێ ئەچی؟

جوامێر وتی:

– هیچ ئامانجێکم نییە، هەروا بۆ خۆم ئەسووڕێمەوە.

– کەواتە وەرە لەگەڵم تا ئەولایە ئەچم. نەختێ ئیشم هەیە، بەڕێوە هەندێ قسەش ئەکەین... ئێ، لە کوێ دابەزیویت؟ بۆ نەهاتیتە لای من؟ هەر لە کەلاوەکەی جارانایین. وادیارە لە ماڵی لاوەی ئامۆزاتی؟ فەرقی نییە ئەوێت چاترە مشەیە، بەخراپەی ناڵێم لاوەم خۆش ئەوێ، ئەگەرچی ئەو هاوڕێیەتی ئێمەش ناکات. بەینێکە خۆی کەلا خستووە هەر خەریکی کاسبییە، ئێستە بێگومان پارەی چاکی هەیە.

بۆ ئەوەی بە کەمتەرخەمی نەزانێ بەرامبەر بەقسەکانی، جوامێر لێی پرسی:

– لە چیدا لاوە هاوکاریتان ناکات؟

– لە هەموو شتێکا. وەکو وتم خۆی کەلا خستووە تا ئێوارە خەریکی کار و کاسبییە و کە ئێوارەشی لێ هات ئەخزێتە ماڵێ کەس چاوی پێی ناکەوێت.

جوامێر بە سەرسامییەکەوە وتی:

– دوای ئێوارە خەڵك چاوی چیی پێ بکەوێت، ئەی شەوان لە سەعات هەشتەوە تا شەشی بەیانی گەڕان و هاتوچۆ قەدەغە نییە؟

ئاسۆ بە پێکەنینەوە وتی:

– ئەوەی تۆ ئەیڵێیت بۆ خەڵکی بێکارە وەهایە، ئێمە چەند هاوڕێیەکین تڕی قەدەغەی میریمان بڕیوە، کردوومانە بە پیشە هەر شەوە ناشەوێ لە ماڵی یەکێکمانین. لە ئێوارەوە ئەچین شەو لەوێ ڕائەبوێرین و ئەنووین و بەیانی دوای

بڕانەوەی قەدەغە دێینە دەرێ، بەم جۆرە توانیمانە لەم ئاخۆران و بخورانەشا بۆ خۆمان بە خۆشی ڕابوێرین. کوڕە ئەی چی بکەین، دنیا مردنە هەر ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە.

جوامێر وتی:

– وا دیارە کەستان ژنتان نەهێناوە و هەمووش حاڵتان باشە.

– بەرێ وەڵڵا، هەموویان ژنیان هەیە من نەبم. بۆ حاڵی باشیش زۆرمان سپڵی لاورگین.

– ئەی تۆ بۆچی وا ماویتەوە بە ڕەبەنی!

– بەلای منەوە پیاو لە وڵاتی ئێمەدا کە خۆی لە خۆیا ئەوەندە سەربەستیی نییە، ئەگەر ژنیش بهێنێت و ئەویش کوتێ لە سەربەستییەکەی بکاتەوە، ئیتر هەر بەتەواوی ئەبێ بەدیلی ڕاستەقینە. بیرتە کە سالار پیرۆت تازە ژنی هێنابوو، نەیئەوێرا بڵێ ژنهێنان خراپە، ئەیوت ژنهێنان بەختیارییە، بەڵام بەمەرجێ کەوا لەو شوێنە نەبی کە ژنەکەی لێیە!

– چی؟ ژن لە سەربەستیی پیاو کەل ئەکات! بەخوا باشی لێ کەل نەکردووە! ئەوە نییە هاوڕێ ژندارەکانی تۆ لەم ئاخۆران و بخۆرانەشا سەر ناکەن بەماڵی خۆیانا، بەپێی قسەی خۆت؟

– ها بیرم چووبووەوە کە تۆ لایەنگری ژنیت. بەڵام هەرچەند ئەکەم نازانم لەمە زیاتر ئەتانەوێ ژن سەربەستیی چیی هەبێت؟

جوامێر سەرێکی بادا و بەداخەوە وتی:

– هەی کڵۆڵ و بەشخوراو خۆت ژن! سەربەستیی خۆڕازاندنەوە و خۆ جوانکردن و خۆنواندن و نازکردنت ئەدەینێ بۆ ئەوەی خۆشتر پێت ڕابوێرین، کەچی تۆش ئەوەندەی پێ خەڕۆ ئەبی و وا ئەجووڵێیتەوە و پیاویش وەهات تێ ئەگەیەنێت وەکو نەك هەموو سەربەستیی خۆتت بەتەواوی وەرگرتبێتەوە جڵەوی پیاوەتیشت گرتبێتە دەست خۆت، ئەوەندە بایی ئەبی ئێمە خۆشمان لێمان تێك ئەچێت کە چیمان داویتێ و بۆچی داومانیتێ! نەکاکە ئاسۆ، نەترست هەبێ و نەخەم

ئافرەتی لای ئێمە و زۆر جێگەی کەی دنیا زۆر دوورن لە سەربەستیی ڕاستەقینە، وە هەتا پیاو خاوەنی کیسە و باخەڵ بێت قسەی دواییش هەر هی ئەو ئەبێت لە هەموو کارێکا.

– هیچ بابە ناماقوولێم کرد، نەمزانی هەر بەتەواوی بووی بە ئەوقاتی ژن، ئەڵێی وەردیانەکانی بەندیخانەکەتان ئافرەت بوون!

– دەی با واز لەم قسانە بهێنین، لەوای دنیاوە خەڵك خەریکی ئەم چەشنە قسانەن و هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەنجام. یا ڕاسترەکەی ئەوەیە کە نایانەوێت بگەنە ئەنجام! ئێستە ئەمبەی بۆ کوێ؟

– من ئەچم بۆ لای نەریمان حەسەن لە کازینۆی بەختیاری، ئیمڕۆ هاتووە، جاران کە ئەهات لە ماڵی پووری میوان ئەبوو.

ئێستە مێردەکەی پووری لەسەر تەقوتۆقی دوێنێ شەو گیراوە گوایا دەنگی گوللە لای گەرەکی ئەوانەوە هاتووە. جا بێگومان ماڵەکەشیان خراوەتە ژێر چاودێرییەکی وردەوە. ئەوی هاتوچۆیان بکات بێ ئارەق دەرناچێت، نەخوازەلا یەکێکی سەر بە گۆبەندی وەکو نەریمانیش کە هەمیشە میری بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بۆی ئەگەڕێت. ئینجا لەبەر ئەمەوە لەبەر شەبەیخوونی ناوبەناویش کە ژەندرمە لە ناکاو ئەیکەنە سەر ئوتێلەکان و پادار و بێ پای تیا پێکەوە ڕاپێچ ئەکەن بۆ گیراوخانە و لەوێ بەکاوخۆ بژارێکی پووش لە کایان ئەکەن، ئەبێ نەریمان نەبچێتە ماڵی پووری و نەئوتێلیش، ئینجا ئیشی بەوە باش بووە کە کامەران باپیر بەرێکەوت لە ڕێ چاوی پێی کەوتووە و لە حاڵەکەی ئاگادار کردووە و ناردوویەتییە ئەو کازینۆیە، وا منیش ئەچم بەدوویا کە بیبەمە ماڵی خۆمان.

جوامێر تەماشایەکی ماناداری کرد و وتی:

– لە پێش هەموو شتێکا تۆ وا قسەم بۆ ئەکەی وەکو من هەر دوێنێ و پێرێ لەگەڵ ئێوە نەبووبم، بیرت چووە کە من دە ساڵ لە ئێوە دوور کەوتوومەوە و ئاگاداری هیچ شتێکتان نیم و زۆری ئەو کەسانەی تۆ ناویان ئەبەی من هەر

نـاشیـانـنـاسم، بۆ وێنـه هـەر نـازانـم نـەریمـان حـەسـەن کێیـە، جگـە لـەمـە هـەمـوو باسەکەم لا سەیرە چونکە ئەم کارە تۆ بۆی هاتوویت نە لەگەڵ ئارەقخۆری و بەزمی ڕابواردنی شەوانتان وە نە لەگەڵ بیروباوەڕی جارانیشت ڕێك ئەکەوێت. جاران تۆ ئەتوت دەستم گرتووە بەکلاوی خۆمەوە با نەیبات، کەچی ئێستە وا خەریکی ئەیخەیتە بەر با.

– یـەکـجـار ئـەوەنـدەش نـا، بـەڵام کـە هـەمـوو هـاریـکـاریـی ئـێمـەمـانـان لـە بزووتنەوەی نیشتمانیدا هاتبێتە سەر یارمەتییەکی وەها نەبایەخ و چەند قرۆشێك پیتاك، شەرمەزاری و نامەردییە کە خۆمانی لێ بدزینەوە. بەتایبەتی لە کاتێکا کە خەڵکی تر، هاونیشتمانانی لە ئێمە ئازاتر و دڵسۆزتر گیانیان خستۆتە سەر لەپی دەست و بەسەر و ماڵ و دوواڕۆژی خۆیان و ژن و منداڵیانەوە خۆیان هاویشتۆتە ناو جەرگەی خەباتەوە! ئەمەی ئێمە هەرزانترین فیداکارییە، یا دەردی ئەڵێن (بێ هێزترین باوەڕە!). وتت نەریمان ناناسیت، هەقتە. نەریمان برای حەمە چاوشینی خوا لێخۆشبووە کە لە خۆپیشاندانەکەی لەمەڕ تۆدا شەهید کرا. کوڕێکی ژیر و بەجەرگە لە نێوان (ل. أ. ن) و ڕێکخراوی شارا پۆستە ئەهێنێت و ئەبا، ئێستە ئەیبینیت، لە پێشا لە قوتابخانە بوو تا پۆلی شەشی خوێند، لەبەر نەبوونی وازی لە خوێندن هێنا بوو بەشاگردی نانەوا، نەختێ دەستی سەرسەرێتیشی هەبوو بـەڵام بـۆتـەی خـەبـات وا قـاڵـی کـردووە ئـێستـاکـە لـە زێڕ ساخـتـرە، کـوڕێکـی تێگەیشتووی لەسەرخۆ و بێ فیز و باشی وای لێ دەرچووە بە دڵی تۆ. وا نزیکیش بووینەوە، تۆ هەر ئەوەندە دانیشە تا بە یەکتریتان ئەناسێنم ئیتر هەستە بڕۆ.

بەڵام بۆ شەو ئەبێ پێکەوە بین، زۆرت بیر ئەکەم. هەموومان گشت دۆست و برادەران بیرت ئەکەن، لەوانەیە تا بەیانی خەو نەچێتە چاویان لە خۆشیانا. ئیمشەو لە ماڵی کاوە برایمین، ڕەنگە ماڵەکەیان نەزانی گواستوویانەتەوە.

جوامێر قسەکەی پێ بڕی وتی:

– ئەوی ڕاست بێ من حەزناکەم بێم، کاوە برایمیش ناناسم.

– نەناسینی تیا نییە تۆ لەگەڵ من دێیت، جگە لەوە هەمووشیان تۆ ئەناسن،

نەء. نایەیت نییە. من لەژێر زەمین بۆ تۆ ئەگەڕام ئێستە تۆ بۆم هاتوویتە سەر زەمین... چۆن، هەتا تێر تێرت لێ نەخۆم، وا بە ئاسانی وازت لێ دێنم. هاوڕێکانم هەموو کوڕی چاکن و هەموو کوڕێکی چاکیشیان خۆش ئەوێت.

– ئاخر!

– ئاخر و ئۆخری پێ ناوێت، سات حەوتی ئێوارە لای دەرگای دووەمی باغی گشتی چاوەڕێم بکە، دێم پێکەوە ئەچین بۆ ماڵەکەیان، لەوێوە زۆر نزیکە، ئەمەمان وا، ئینجا بابڕۆین بۆ لای نەریمان، ئەوەتە لەو قوژبنەدا دانیشتووە چاوەڕێ ئەکات. جوامێر خەریك بوو منجەمنج بکات، ئاسۆ گوێی نەدایە پەلکێشی کرد و چوونە گازینۆکە.

کە جوامێر لە گازینۆ کە هاتە دەرێ بڕواتەوە ماڵێ چارەی لە جاران ڕووناکتر بووبووەوە وەکو ئەوەی بینینی ئاسۆی هاوڕێی منالّی و کوڕی گەڕەك و ئەو قسە پاراوە گەرمانەی لە کانگای دڵی ئەهاتنە دەرێ و ئەو خۆشەویستی و باشییەی بەسەر خەڵك و دەوروبەریا ئەباران، بارێکی کەی ژیانیان هێنابێتەوە بیر، بۆیە لە سێ ڕۆژا یەکەمجار بوو چەند دەقیقەیەك باس و ناوی هیوا و دایکی لەسەر پەردەی مێشك و لەسەر زمانی نەبوون.

## ٨

کە ئاسۆ و جوامێر چوونە ماڵی کاوە، هەر هێمن هاتبوو، کە کوڕێکی هەرزەکار بوو. کاوە لەگەڵ جوامێر هەردووکیانی بەیەکتری ناساند، هەردووکیان زۆر ڕێز و شادییان نیشان دا بە تایبەتی کاوە.

ئەوەندەی نەخایاند لە دەرگا درا، بەرلەوەی کاوە بچێ دەرگاکە بکاتەوە ئاسۆ پێی وت: بەلێدانەکەیا لە خۆمان نییە ڕەنگە شاهۆ بێت، من پێم وتووە بێت، زۆری حەز ئەکرد جوامێر ببینێت، هەلی لەمە باشتریشی دەست نەئەکەوت بۆیە هیوام هەیە هەردووکتان تۆش و کاکە جوامێریش لێم بورن، شاهۆ کوڕێکی چاکە. جوامێر و شاهۆ هەرچەندە ناسیاوی کۆنیش بوون و چاوەڕوانی یەکتریشیان ئەکرد، کەچی بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشای یەکترییان کرد.

شاهۆ لەگەڵ ئەوەشا کە هێشتا لە تەمەنی سی و پێنج، سی و شەشساڵیدا بوو، تاك و تەرا مووی ڕەش لە تووکە چڕەکەی سەریا مابووەوە و ئەو تاك تەراتەش مووی سپی وا گەمارۆیان دابوو، ئەوانیش ڕەنگ هەڵبزرکاو و ورە بەدار و چاوەڕوانیی دواڕۆژی خراپی ئاشکرای خۆیان ئەکرد، سمێڵێکی زلی ماش و برنج لە ژێر لووتە قنجەکەیا بەسەر لچێکی ئەستوورا ڕێك کشابوو، جگە لەمە خڕ و پڕ و گەشیی چارەی و تێکسمڕاوی و داڕێژراویی لەشی نیمچە بالای، دژی مووە سپێکانی سەری ئەیاننەڕاند، خۆ چاوە ڕەشە بچووکە پڕ تریقەکانی ئەتوت چاوی منالن لە ڕوونی و پاکژیا و خۆشیی و هیوایان لێ هەڵئەقولا. لە پاش چاو پیاگێڕانێکی داخاوی، بەجوامێری وت:

– ئەرێ تۆ جوامێرەکەی جارانیت؟ بێگومان ئەگەر لە ڕێبازا پێت بگەیشتمایە و هەموو ئەقڵیشم میوانم بوایە، نەمئەتوانی بتناسمەوە، وای بەندیخانە بەختت سووتێ چی بە پیاو ئەکەیت!

ئاسۆ هەڵیدایە وتی:

– بەندیخانەی بەسەزمان گوناهی چییە؟ تاوان تاوانی زۆردارە کە بەندیخانە

دروست ئەکات!

– جوامێر بە زەردەخەنەیەکی پەژاراو تفتەوە وتی:

– باشە ئەوا من زیندان، یا وەکو ئاسۆ ئەڵێت ڕاستتر زۆردار گۆڕیومی ئەی تۆ بۆچ سەرت سپی بوو؟

شاهۆ بە دڵێکی کراوە و دەنگێکی زوڵاڵ وتی:

– وا دیارە حەز ئەکەیت بڵێم منیش داخی دنیا، واتە بەندیخانە گەورەکە گۆڕیومی. نەگیانە ئێمە هەر بەتایەفە زوو سەرمان سپی ئەبێت، ئەوە مامە مارفم عومری لە هەشتا تێپەڕ بووە و سەری ئەڵێی شەوەیە!

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. لێرەدا سامان و بێباك، مەریوان کردیان بەژوورا. کاوە هەڵی دایە وتی:

– بەلای منەوە گۆڕانی لەش هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەهەفتەیە دوو هەفتە حەسانەوە پیاو ئەچێتەوە دۆخی جارانی...

(ئیستێکی کرد و چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا)، نازانم بۆچی هاوڕێکانی کەمان دواکەوتن. هەمووی چارەکێکی ماوە بۆ قەدەغەی هاتوچۆ؟

هێمن وتی:

– ماڵەکانیان نزیکە پێش قەدەغەکردن ئەگەن، بەلام تۆ ئەزانی کاوە من لەگەڵت نیم لەوەدا کە ئەڵێیت بەهەفتەیە دوو هەفتە حەسانەوە پیاو ئەچێتەوە دۆخی جارانی. ڕاست ئەوەیە کە هەرگیزا و هەرگیز و هەتا هەتایە بەهیچ شتێك و بەهیچ جۆرێك، بە موعجیزەش، بە ئەکسیری ژیانیش، بەدەرمانی هەمیشە لاویش پیاو ناچێتەوە دۆخیانی جارانی، نەك هی جارانی دووری، بگرە دەردی کابرای شاعیر وتەنی هی دوێنێشی:

بشگەڕێتەوە یاری کۆچکردوو نای بینێتەوە ژینی ڕابوردوو
نە تۆ ئەو تۆیەی جارانی، نەیار نە دوێکە ئیمڕۆ نەئیمساڵیش پار

خەڵك بەخۆڕایی نەیانوتووە: «مرۆڤ دووجار لەئاوی زێیەکا مەلە ناکات».

کاوە، زۆرتری بەنیازی براندنەوەی باسەکە وتی:

– هەرچۆنێك بێ گۆڕینی لەش بایەخێکی ئەوتۆی نییە، گرنگ گۆڕانی گیانە!

سامان کە کوڕێکی کەڵەگەتی گەنمڕەنگی مووڕەشی تەنگە تیلکەی دەنگ زل بوو هەڵی دایە وتی:

– ئەوە تۆ چی ئەڵێیت کاوە، ئەڵێیت تێك چوویت گیانی چی و لەشی چی؟ دەتۆ با لەشت لەژێر دارا بناڵێنێت، بزانم چۆن گیانت پێ نازانێت. با هەفتەیە نان نەخۆیت، بزانە گیانت چیی بەسەر دێت؟ هەتا ئێستە هیچ سنوورێکی وا نەدۆزراوەتەوە لە بەینی گیان و لەشا، کە لەیەکیان جوێ بکاتەوە بەو ئەندازەیەی تۆ ئەڵێیت هیچ گۆڕینێك نییە کە بەسەر لەشا بێت و کارنەکاتە گیان، نەك هەر ئەمە کار و ئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر لەشا دێن، گشتیان بەهۆی مێشکەوە لەشیان لێ ئاگادار ئەکرێت، ئەگینا لەش ئاگای لە... خۆشی نییە، جگە لەمە هەموو ئەو چالاکییانەی کە ئەدرێنە پاڵ گیان دیمەنی مێشك و فەرمانەکانین، واتە گیان لە مێشك و چالاکییەکانی بەولاوە شتێکی تر نییە، مێشکیش ئەندامێکی هەرە گەشەکردوو و خەملیو و پێگەیشتووی لەشە.

ئاسۆ، کەوا لە مێژ بوو سامانی ئەناسی، لە دڵی خۆیا وتی:

– وا دیارە لەم ڕۆژانەدا سامان خەریکی دایەلێکتیك خوێندنەوەیە! پێویستە جڵەوی بۆ شل نەکەین و ماوەی نەدەین، ئەگینا هەموو کتێبەکەمان بۆ ئەخوێنێتەوە، بۆیە وتی: هەرچۆنێك بێت ئەمە باسێکی ئاڵۆزە با شەوەکەمان پێوە نەکوژین، خوا خۆی نەیویستووە زۆر لەسەر ئەم باسە بڕوا ئەوەتا بەپێغەمبەری وتووە:

«لە بابەت گیانەوە پرسیارت لێ ئەکەن، پێیان بڵێ گیان کاری خوایە»!

بێباك بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکەی ئاسۆ وتی:

– لام وایە نیازی کاوە لە بایەخداریی گۆڕانی گیان و بێ بایەخیی لەش ئەوەیە کە نەهێڵین زەبروزەنگ و زۆرداریی دوژمن دڵمان بگۆڕێت و بیروباوەڕمان بلەقێنێ. بگرە ئەبێ خراپە و ستەمە جانەوەرەکانی، خەباتمان توند و تیژترکەن


تایبەت ترین کەناڵی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەڕێگەی ڕماندنی ڕێژیمی بۆگەنیا، بەم جۆرە ئەتوانین نەك هەر هەقی گەل و وڵاتمان بەڵكو هەقی تایبەتی خۆشمان لە دوژمن بكەینەوە، ئەوسا واتە دوای تۆڵەسەندن ئەتوانین بڵێین، ئەگەرنەشگەڕابینەوە تافی جوانی، تافی جوانیمان بەفیڕۆ نەچووە!

كاوە بەئیشێك چووە دەری ژوورەكە. جوامێریش بیری لە قسەكانی بێباك ئەكردەوە، لە دڵی خۆیا ئەیوت تۆ بڵێیت ئەم قسانە كردەوەشیان لەگەڵ بێت. لە پڕ بێباك ڕووی تێ كرد و لێی پرسی:

– بیرتە كاك جوامێر كەی بوو یەكمجار تۆم تیا ناسی؟

جوامێر بەدەم بیركردنەوەوە وتی:

– لام وایە چواردە، پانزە ساڵ لەمەوبەر بوو لە دوكانی وەستا ئەحمەدی خەیات. شاسواری شاگردی كوڕێكی چاك بوو، چالاكییەكی باشیشی هەبوو لە ڕیزی لاوانا، دوكانی وەستاكەی كردبوو بەبارەگای لاوان. كابراش ئەوەندە پیاوی باش بوو قسەی نەئەكرد.

بێباك بەپێكەنینەوە وتی:

– نەء وا بزانم باش بیرت نەماوە، ئەوە دووەم جاربوو، یەكەم جار نزیكەیساڵێك لەوەبەر من و میران قادری جوانەمەرگ لە شاری (......) بووین ئەمانخوێند. هەموو ڕۆژێكی هەینی بەزۆر ئەیبردم لەگەڵ خۆی بەكتێب فرۆشەكانەوە ئەگەڕا، بەدیار هەڕاجەكانیانەوە ڕائەوەستا، بەدەستی بوایە هەموو كتێبی بازاڕەكەی ئەكڕی، كتێب – بازێكی وابوو. لە یەكێ لەو ڕۆژە هەینییانەدا تۆمان پێ گەیشتی، میران بەیەكی ناساندین زۆر چاك لە بیرمە دەستێ جلی سپی میل میلت لەبەرابوو، سەرێكی قۆتین، قژێكی ڕەش، ئەوسا سەری قۆتین لای خەڵك سەیربوو بۆیە زۆر چاك شێوەتم لە مێشكا چەسپی. ئێمە باسی شیعر و ئەدەبیاتمان ئەكرد تۆش بێدەنگ لەگەڵمان كەوتیتە ڕێ. وەكو ئەزانن میران خۆی ئەدیب بوو. شیعری جوانیشی هەبوو بەڵام بەگشتی هەر لە جوانیی ژن و شیرینیی تەبیعەت ئەدوا و ئینجا كە باس هاتە سەر شیعری كوردی، تۆش هەڵت دایە و ڕەخنەی ئەوەت لێ

گرت کەوا ئەگەرچی ژن و جوانی و سروشت زۆر شایانی سروود پیا هەڵدانن بەڵام نابێ زەمینی شیعری شاعیرێکی گەورەی هەڵکەوتوو هەر چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ بێت، پێویستە ئاسۆی لێکدانەوە و مەیدانی شاعیرێکی ڕاستەقینە گەلێك لەوە فراوانتر بێت، ئەبێ هەموو ژیان و خەڵك و تەبیعەت بگرێتەوە، جا قەی ناکات کەم و زۆری و چەند و چۆنی! منیش لەم ڕەئییەدا هاوبیریی تۆم ئەکرد، بەڵام ئەو نەیئەسەلماند و ئەیوت....

لەم کاتەدا بەپەلە بەژووراکردنی دیاری و ڕێبوار قسەکەی پێ بڕی و ئیتر نەهاتنەوە سەری چونکە کاوە وەکو مژدەی بۆ هاتبێ قیڕانی:

– کوڕینە ئیتر ئەم قسانە بەسن، کەسی ترمان نەماوە چاوەڕێی کەین، کۆڕمان تەواوە. هەستن با بچینە ژوورەکەی ئەو دیو، ئێرە لەسەر کۆڵانە، نەختێکی کە ئەیکەین بەگەڕەلاوژە، لە هەزار ئاش ئەکەین. لەوانەش کە بکەوینە بای خۆمان، دەنگیشی لێ بەرز بکەینەوە، بەڵام ئەو دیو کپە پڕ بەدەم کاکە سامان بقیڕێنێ دەنگی ناگاتە دەرێ!

هەموو دایانە پێکەنین. سامان خەریك بوو وەرامی بداتەوە، ئاسۆ توند دەستی گرت بە دەمیەوە و وتی:

– بەو خوایە کەمە نایەڵم ورتەی لە دەمەوە بێت، خۆ کفر نییە جارێك بێدەنگ بیت.

هەموو بەدووی کاوەدا چوونە ژوورەکەی پشتەوە کەوا جگە لە چەند قەنەفەیەکی دانیشتنی ئاسایی، مێزێکی خڕیش لە ناوەڕاستیا دانرابوو، شەش کورسیی حەیزەرانی لە دەور بوو، لە قوژبنێکا دوو قاپ ئارەق و هەشت نۆ پەرداخ و دوو سێ دەوریی بچووك لەبلەبی و دەنکە کوولەکە و تۆ و گوڵەبەڕۆژەش لە سەر مێزێك دانرابوو لەگەڵ سوراحییەك ئاو. کاوە دەرگای ژووری بەینەکەی داخست و پەنجەرە گەورەی سەر حەوشەکەیانی کردەوە و وتی:

– هەرچەندە گەرماشە و پانکەشمان نییە بەڵام هەر چۆنێك بێ لە کونی بەندیخانە فێنکترە، مەترسن بەفرم بۆ پەیا کردوون بەڵام بەفرێکی پاك نییە، هەر

ئەوەش هەبوو لە بازاڕ، ئیتر ئارەزووی خۆتانە وا ئەچم بۆتانی ئەهێنم، وتوومە بۆمانی بشۆنەوە. ئینجا بۆ خواردنیش سیوجگەرمان بۆ ئەبرژێنن لە باتی چێشت بەڵام بۆ مەزە نییە، چونکە حسابمان لێ تێك ئەچێت، دەی فەرموون هەرکەسە پەرداخی خۆی هەڵگرێت.

وای وت و یەکێ لە قاپە ئارەقەکانی هەڵگرت، لە پێشا بەنینۆك لۆکەکەی لێ کردەوە ئینجا بە لەپی دەست ماڵیی بەبنەکەیا سەرەکەی دەرپەڕی، ویستی لە جوامێر دەست پێ بکات پێکیان بۆ تێ کات، بێ ئەوەی تەماشای جوامێر بکات وتی:

– من هەریەکەم پێکتان بۆ تێ ئەکەم لەوە پاش ئارەزووی خۆتانە. ئاوڕی دایەوە سەر جوامێر، کە دی پەرداخی پێ نییە بە سەرسوڕمانێکەوە وتی:

– ئەوە چییە پەرداخت بەرنەکەوت؟

– نە بەخوا، هەر ناخۆمەوە!

– چۆن؟ تۆ بیت و نەخۆیتەوە!

– بەڵێ لە گیرانەکەمەوە ئاهم کردووە، لە جەژنی ڕزگاریدا نەبێ دەمی بۆ نەبەم.

لە پێشا هەموویان بەرامبەر بەم قسەیە دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو، لە پاشان بەرەبەرە هاتنەوە سەرخۆیان. هەندێ لەگەڵی خەریك بوون کە هەر قومێك بخواتەوە لەگەڵیان، کە دییان کەڵکی نییە کاوە بەنەختێ ساردییەوە وتی:

– بابە کەواتە هیچ، زۆرمان حەز ئەکرد کە لەگەڵمان بخۆیتەوە بەڵام کە ئەوەندە سووریت لەسەر نەخواردنەوە ئارەزووی خۆتە ئێمەش ئەوەمان لاخۆشە کە تۆ خۆت لەلات خۆشە.

لەو گواستیەوە، یەکە یەکە پێکی بۆ تێ کردن تا گەیشتە سەر هێمن، پێی وت:

– تۆ قەرزاریت هێمن، ئەمە سێ جارە دیار نیت بۆیە ئەبێ بەشی ئەم سێ شەوە بخۆیتەوە.

هێمنیش زۆر لەسەرخۆ و بەپێکەنینەوە وتی:

– دەسا بەسەری هەردووکمان منیش تەرکم کردووە.

– ئەترسم تۆ لە پانزە ساڵ لەمەوبەرەوە تەرکت کردبێ!

– نا من وام نەوتووە، تەنانەت ناشڵێم ئیتر ئارەق ناخۆمەوە، هەروەها خواردنەوەکەشم بەمەرجی قورسەوە نابەستمەوە وەکو کاکە جوامێر! تەنیا ئەوەندە هەیە ئەمە بەینێکە کەوتوومە بیرکردنەوە لە حاڵی خۆم، هەرچەندە سەر ئەهێنم و سەر ئەبەم خواردنەوە لەگەڵ کار و حاڵی من و ئەم ڕۆژگارە نالەبارە ناگونجێت.

دیاری کە لاوێکی بیست و پێنج ساڵەی کورتەبنەی ڕەشکاری چاونەرمی لووت پان بوو، مامۆستا بوو لە قوتابخانەی ناونجی، بە تەوسێکەوە لە هێمنی پرسی:

– ئەریّ پێم ناڵێی ئەو کارە گرنگەی تۆ چییە کە لەگەڵ خواردنەوە ناگونجێت؟ بۆمبای ئەتۆم دروست ئەکەیت یا هی هایدرۆجین! لە مانگێکا پانزە ڕۆژی بێ ئیشیت.

یەکێکی کەیان هەڵی دایە وتی:

– کار هەقی چییە بەسەر خواردنەوەوە، هەر شتە کاتی خۆی هەیە دەردی کابرا وتەنی: (ساتێ بۆ خوات و ساتێ بۆ خۆت)، لێدە گوێ مەدەرێ کاکی خۆم، ئەم ڕۆژگارە نالەبارەی تۆ ئەڵێیت خواردنەوە نەبێت چی چارەی ئەکات؟

هێمن زۆر لەسەرخۆ و دۆستانە هەر وەکو شێوەی تەوساویی دیاریی هەستیش پێ نەکردبێت وتی:

– ئەوی ڕاست بێت لەو شەوەوە کە نەهاتووم بڕیاری نەخواردنەوەم داوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نەئەهاتم. بەڵام کە بیرم لێ کردەوە دیم ڕێگاکەم خەباتکەرانە نییە بگرە ترسنۆکانە و گۆشەگیرانە و خۆپەرستانەیە چونکە جارێ ئەوە هیچ هونەرێکی تیا نییە لە کوورە خۆت دوورخەیتەوە و خۆشت هەڵکێشیت بڵێیت لە پڕیشك ناترسم، هونەر ئەوەیە لە نزیك کوورەوە بوەستیت و لە پڕیشك باکت نەبێ واتە لە بەزما بیت و نەخۆیتەوە. دووەم خۆپەرستییە پیاو تەنیا بەدەربەس ڕزگارکردنی خۆیەوە بێت و گوێ نەداتە کەسی تر. بۆیە دامنا بێمەوە ناوجەرگەی بەزمەکەتان و نەشخۆمەوە هەروەها خەباتیش بکەم بۆ ئەوەی خواردنەوە بەئێوەش

تەرك بكەم. جا لەبەر ئەوە... یەكێكیان بەپەرۆشێكەوە قسەكە پێ بڕی وتی:

– باشە تۆ جارێ پێمان بڵێ هۆی ئەم دوژمنایەتی و ڕقە ئەستوورە كتوپڕەت چییە بەرامبەر بەخواردنەوە؟ تۆیە كە تا دوو شەمووی ڕابوردوو ئارەقت بەچاوی خەیام تەماشا ئەكرد؟

هێمن لەسەرخۆ وتی:

– مەسەلە ئەوەندە پەیوەندیی بەدوژمنایەتی و خۆشەویستیی خواردنەوەوە نییە.

– ئەی پەیوەندیی بە چییەوە هەیە گوایا؟!

هێمن بەگەرمی وتی:

– بە خۆمان و نامووس و شەرەفمان و نیشتمانەوە...

یەكێكان بە توندی وتی:

– هیچ تێ ناگەم، خواردنەوە پەیوەندیی چییە بەم شتانەوە كە تۆ ئەڵێیت؟ خۆ ئێمە نەبووین بە(ئیسكولسی) ئارەق بخۆینەوە و مناڵە وردكەمان دوو كەوێت!

– ها زۆر باشە بەسەرچاو پێتان بڵێم بۆچی خواردنەوەی ئێمە پەیوەندی هەیە بەناموس و شەرەفی خۆمان و نیشتمانیشمانەوە. ئا ئێستا كە دانیشتبووین ژەندرمە كردی بە ژوورا و هەموومانی ڕاپێچ كرد بۆ گیراوخانە ئابڕووی هەزار ساڵمان ئەچێت لە كاتێكا كە گەلەكەمان لە شەڕی ژیان و مردنایە، ئافرەت و مناڵی بەدەست دوژمنەوە زاكەی دێت، هاونیشتمانی ئێمە دەستی لە ناز و نیعمەت و بەرگی چاك و خواردنی خۆش و خواردنەوە هەڵگرتووە و كەژی گرتۆتە بەر لە پێناوی پاراستنی خاك و ئازادی و نامووس و شەرەفی گەلەكەمان و لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانیدا. ئێمەش خەریكی ئارەق خواردنەوە بین! جا سەرەڕای كلۆڵی، دوژمن ئەشمكان كات بەداخی نەنگی بەناوچەوانی گەلەكەمانەوە، وە هەوڵ ئەدەن بەئێمەوە هەموو بزووتنەوەی نیشتمانی بەدناو بكەن و لەبەر چاوی گەلی بخەن، وە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گلاوە دوور نییە ناوی گەورە گەورەشمان لێ بنێن، جا من بەش بەحاڵی خۆم هیچ بەجوامێریی نازانم كە بۆ ڕابواردنی سەرخۆشیی ساتێكی خۆمان هەلی زیان گەیاندنێكی زۆر بەناوبانگی بزووتنەوەكەمان بۆ دوژمن

هەڵبخەین، کە چاکەمان بۆی نەبێ با خراپەشمان نەبێت.

ماوەیەك هەموو بێدەنگ بوون، ئەوسا یەکێك هەڵی دایە:

– بابە ئێمە چیمان داوە لە بزووتنەوەی نیشتمانی و شۆڕش؟ ئەوانەی پەیوەندییان بەو شتانەوە هەیە جێ و شوێنیان دیارە، کەسیش نییە نەزانێ ئێمە لە چ بەرێکین! ئیتر بۆ بەخۆڕایی خۆمان لە خۆمان بگۆڕین!

دیاری کە لەم چەشنە قسانە زۆر بێزار ئەبوو و ئەترسا لەوەش کە ببێ بە دەمقاڵ و شەوەکەی لێ تێك چێت، ناوبژیکەرانە وتی:

– بابە ئەم موحاکەمە و موحاکەمەکارییەی پێ ناوێت، کێ ئەخواتەوە بخواتەوە کێ ناخواتەوە نەخواتەوە، قابیلە لەمەشا سەربەستیمان نەبێت! دە فەرموون دەی کێ ئەخواتەوە بفەرموێت! من خۆم لە پارتیی خواردنەوەم.

هێمن وتی:

– ڕاست ئەکەیت سەربەستیی خواردنەوەمان هەیە و هەرگیز ئیمپریالیزم ئەم سەربەستییەشمان لێ قەدەغە ناکات، بگرە بەهەموو هێزی خۆی ئەشیپارێزێت! ئەوە نەبوو لە چین شەڕیان هەڵگیرساند لە پێناوی پاراستنی سەربەستیی تلیاك خواردندا لە کاتێکا کە یارمەتیی کۆنەپەرستیی چینیان ئەدا بۆ قەدەغەکردنی هەموو سەربەستییەکی کەی ڕاستەقینە لە گەلی چین! ئەگەر بەدوژمن بێت ئەوەندە ئەم سەربەستییە بەکاربهێنین تا منداڵی سەر بێشکەشمان لەباتی شیر و شەکر ئارەق و شەرابی بۆ بکرێتە مەمەکەیەوە!

یەکێك بەدەنگێکی نەختێ بەرز وتی:

– وا دیارە هێمن ئەم چەند ڕۆژەی کە دیار نەبووە دەرسی دژی خواردنەوەیان داداوە، با شەوەکەمان بەم چەشنە قسانە نەبەینە سەر، براینە فەرموون دەی هەر کەسێ خۆی و ڕەئی خۆی.

دیاری سەری لە ڕێبوار بردە پێشەوە وتی:

– لام وایە عامیلی ئابووریش دەستێکی زۆری هەیە لەم بڕیارە گرنگەی کاکە هێمندا!

هێمن بەجوانی نەزانی لەوە زیاتر لەسەر باسەکە بڕوا بۆیە بێدەنگ بوو. ئینجا جگە لە جوامێر و ئاسۆ و شاهۆ و هێمن شەشەکەی کەیان لە دەوری مێزە خڕەکە دانیشتن و کەوتنە کۆنکەن کردن. ئەمانی کەش لەلاوە سەریان نا بەیەکەوە و کەوتنە قسەکردن. لە پاش چەند باسێك گەڕانەوە سەر باسی خواردنەوە. ئاسۆ وتی:

– زۆر کەس خواردنەوە بەچاکترین خەمڕەوێن و داخ بە بادەری دنیا دائەنێن و ئەڵێن گەورەترین یاریەدەرە لە هەڵگرتنی خەم و خەفەت و باری گرانی ژیانی نالەباردا. ئەم قسانە زۆر کاری کردۆتە سەر مێشکی خەڵك تا ڕادەیەك کەوا هەندێ کەس خواردنەوە بەسەرچاوەیەکی خۆشی و کامەرانی دائەنێن بۆ ئەوانەی هەموو دەروویەکی تری خۆشی و کامەرانیی دنیایان خڕ لێ داخراوە. خواردنەوە نەبوایە زۆر کەس ئەمردن بەبێ ئەوەی لەم ژیانەدا تامی خۆشی، شادی بکەن!

جوامێر بۆ یەکەمجار هاتە قسە وتی:

– لام وایە ئەمەی باست کرد پیسترین خراپیی گشتیی خواردنەوەیە نەك چاکەی چونکە سەرخۆش بەو بێهۆشی و خۆشییە درۆزنەیەی پێی ئەگات ئیتر بەیەکجاری خۆشیی ڕاستەقینەی لە بیر ئەچێتەوە. ئیتر گوێ ناداتە هۆی بنچینەیی حاڵی خراپ و ماڵی وێران و ژیانی پڕ ناخۆشیی خۆی و گەلی و دەست هەڵئەگرێت لە خەباتکردن لە پێناوی بنەبڕکردن و نەهێشتنیدا. هەروەك ئەو نەخۆشەی لەباتی ئەوە بچێتە لای دوکتۆر بۆ زانینی جۆری نەخۆشییەکەی و چارکردنی ڕاست و دروستی، خوو بداتە دەرمانی بێهۆشکەر و سڕکەری وەکو ئەسپرین و تا تەنانەت مۆرفین و شتی واش کە ئەمانە نەك هەر چارەی دەردی ناکەن ماوەی لێ پیسکردنیشی ئەدەنێ. هەروەها ئەو کەسانەش کە ئەیانەوێ چارەی نەبوونی و کوێرەوەری و هەژاری و گیرۆدەیی خۆیان بەخواردنەوە بکەن کە دێنەوە سەر خۆیان ئەبینن نەك هەر دەردەکەیان لە کۆڵ نەبۆتەوە سەرباریشی هاتۆتە سەر.

ئاسۆ پێکەکەی خۆی گرت بەدەستەوە و بەنیوە تەریقییەکەوە پرسی:

– باشه ئەی ئەوروپایی بۆچی هەموویان بە هی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشەوە ئەوەندە ئەخۆنەوە؟

جوامێر بەدەم بیرکردنەوەوە وتی:

– وا بزانم زۆری ڕاهاتنە. جگە لەوەش لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و سۆڤیەتستانا یەکێکە لە پاشماوەی ڕەوشتە خراپەکانی سەردەمی سەرمایەداری. هەرچۆنێك بێت وابزانم لەوێش بەگژیا ئەچن.

## ٩

شاهۆ ڕووی کردە جوامێر وتی:

– دەی با شەوەکەمان بەم قسانە بەسەر نەبەین، هەموو جارێك تۆمان دەست ناکەوێت، فەرموو ئەگەر پێی سەغڵەت نابیت نەختێ باسی بەندیخانەمان بۆ بکە.

هەموویان وتیان:

– ڕاست ئەکات نەختێ باسی بەندیخانە و گرتنەکەتمان بۆ بکە. نەك هەر ئەوان لە یاریکەرەکانیش کاوە و بێباك دەستەکانیان کرد بەژێر کاغەزەکانی سەرمێزەکەوە و وتیان:

– بەخوا بەسە ئیتر ئێمە یاری ناکەین، گوێ لە قسەی کاکە جوامێر ئەگرین! ئەوانیش هاتن دەوریان لێ دا. جوامێر سەرێکی هێنا و سەرێکی برد، تەماشای کرد چارەی نییە ئەبێ هەندێ قسە بۆ ئەو خەڵکە بکات، کە دی هەموو بێدەنگ چاویان بڕیوەتە دەمی وتی:

– بەڕاستی نازانم باسی چیتان بۆ بکەم، یا ڕاستتر نازانم لە کوێ وە دەست پێ بکەم؟

شاهۆ وتی:

– باسی هەر بەشێ یا بارێکی ژیانی ئەم دە ساڵەی خۆتمان بۆ بکەی بیکە، شەوگار درێژە و ئێمەش پڕ تاسەین. هەرچی بڵێیت بەلای ئێمەوە تازەیە.

جوامێر دیسان هەر بێدەنگ بوو. وا دیار بوو ئەگەرا بۆ سەرە داوێك لە پڕ بێباك هەڵی دایە:

– جارێ بەر لە هەموو شتێك ئەوەمان پێ بڵێ تۆیەك کە وازت لە هەموو شتێك هێنابوو کام شەیتان چووە بن کلێشەتەوە کە ببی بەسەرکردەی خۆ پیشاندانێکی وا گرنگ لە ڕۆژێکی وادا؟

جوامێر نەختێ بەتوندی و سەرسوڕمانەوە وتی:

– چۆن، ئێوەش لەو باوەڕەدان کە من سەرکردەی خۆپیشاندانە خوێنینیەکەی ٢٥ی تشرین بووم؟

وەکو گەڕەلاوژە هەرکەسەیان لای خۆیەوە وتی:

– ئەی چۆن! کەس هەیە ئەوە نەزانێت کە تۆ سەرکردەییی ئەو بەشەی خۆپیشاندانەکەت کردووە کە ئەیویست بدا بەسەر قوللەی پۆلیسی...دا، چەکەکانیان ببەن و دایەرەکەش بسووتێنن! کێ هەیە باسی ئازایەتی و قارەمانیی تۆ و خەڵکەکەی نەبیستبێت... خەڵکی کردبوویان بەگۆرانی و شیعریان بەسەرا هەڵئەدا!

جوامێر دوای کپبوونەوەی ئەوان بە زەردەخەنەیەکی بزرکاویی تفتەوە وتی:

– داخم ناچێ! زۆر ئەترسم بەشی زۆری مێژووش هەروەها نووسرابێتەوە؟

باوەڕم پێ بکەن چەند ئەو کەسانەی ئیمپریالیزم بەناوی گەورە و نوێنەری ئەم وڵات و گەلەوە هێناونییە کایەوە و بەڕاستی گەورەی ئەم وڵات و گەلەن و پەیوەندییان لەگەڵیانا هەیە، منیش ئەوەندە سەرکردەی ئەو خۆپیشاندانە خوێنینە بووم وەهەر ئەوەندەش پەیوەندیم لەگەڵیانا بووە. گوێگرەکانی وەکو باوەڕ بەگوێی خۆیان نەکەن، بەسەرسامییەوە تەماشای یەکتریان ئەکرد. جوامێریش لە سەر قسەگێڕانەوەی خۆی ڕۆیشت:

– ڕاستییەکەی ئەمەیە کە کاتێ من بریندار کرام لای کتێبخانەی گشتیەوە بووم نەك لای قولەی پۆلیسی... وە وەکو بڵاوکرایەوە بەڵام ئەوە ڕاستە کە من لە پێش خۆپیشاندەرەکانەوە بووم ئەویش تەنیا هەر لەبەر ئەوە بوو کە لەدوای هەمووانەوە بووم. بەدبەختی و چارەڕەشی وای سازاند کە من لەو کاتەدا کارێکی زۆر پەلە و گرنگم هەبێ و ناچاربم لە ماڵ بێمە دەرێ... وە کە لە ماڵ هاتمە دەرێ چەند مردووی گردی سەیوان خۆپیشاندانی پارتیی لەبیر بووە منیش ئەوەندە! بۆ ئەوەی بەپەلە بگەمە ئەو شوێنەی بۆی ئەچووم پێویست بوو بە بەر دەرکی سەرادا تێ پەڕم کە نزیکترین ڕێگا بوو. کە دیم مڵەمای لێ بڕاوە مەلی لێ دەرناچێت بەڕاکردن گەڕامەوە تا وەکو لەلایەکی کەوە خۆم بگەیەنمە شوێنەکە. بۆ بێوڵەتیی من لەو کاتەدا لەسەربانی سەراوە مەیدانەکە درایە بەر دەسڕێژی شەستیر،


تایبەت ترین کەناڵی کوردی
کوردیکا
@kurdica

خەڵکەکە بەناچاری کشانەوە ناو کۆڵانەکان و کەوتنە هەڵاتن، ئینجا جەنابم کە لەگەڵیان نەبووم و لە دوای هەموانیشەوە بووم کەوتمە پێش هەموانەوە و بەم جۆرە ئاوەژووە بووم بەپێشڕەوی خۆپیشاندانەکە و یەکێ لە سەرکردە ناودارەکانی بزووتنەوە! وە هەر لەبەر ئەم سەرکردەییە درۆزنەیەش بوو کە پاش چەند هەفتەیەك بە برینداری و شەلەشەل، لەگەڵ ٤١ کەسی ترا بردیانم بۆ بەردەمی عورفی و ژەندرمە پیاوکوژەکان هاتن بۆ شایەتی، کە نۆرە هاتە سەر من سەرەکی دیوانی عورفی بە تەوسەوە وتی:

– هەر ئەو شەلەیان یارمەتیی عەدالەتی داوە، شایەتی دژی خۆی لەگەڵ هێناوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم چاکەیەمان لە بیر نەچێت! جا ئەوەبوو لە ئەنجاما بەبێ لێپرسینەوە و قسە و باسێك دە ساڵیان دا بە تەنگەما، کە قورسترین حوکم بوو لەو ڕۆژەدا درابێت. ئەمە بوو داستانی پێشڕەوی و سەرکردەیییەکەی من. ئەگینا خۆ شتێکی ئاشکرایە کە بۆ خۆهەڵکێشان و فیز ئەوە باشترە کە خۆشم بچمە سەر قسەی میری و خەڵك و بڵێم بەڵێ من سەرکردە و پێشڕەوی خوپشاندانە خوێنینەکەی ٢٥ی تشرین بووم! بەڵام هەرگیز ئەو درۆیە بەخۆم ڕەوا نابینم. دە ساڵ بەندێتییەکەم بەفیرۆ بووبێت لام لەم درۆکردنە خۆشترە.

دوای بێدەنگییەکی باش کە هەردوو لۆوکوڕ و دەڵوی کۆنکەنکەرەکان ئەیشێواند شاهۆ وتی:

– بەلای منەوە ئەم ڕاستی وتنەت لە سەرکردەیی کردنی ڕاستەقینەی خۆپیشاندانەکە جوامێرانەتر نەبێ کەمتر نییە!

جوامێر بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەم پیاهەڵواسینەی شاهۆ، هەروەکو جەمسەری بیرەوەریی دۆزیبێتەوە و لە دەروونەوە هەستی پێویستیی هەڵڕشتنی دەردی دڵی بکات، بەڕقێکی لە پڕ هەستاوەوە کەوتەوە قسەکردن:

– ئەوەی نەکەوتبێتە بەردەستی ئەم کاربەدەستانەی میری ناتوانێت بزانێت چ جانەوەرێك و پیاوخۆرێکن، ئێستەش لەشم موچڕکی پیادێت کە یەتەوە بیرم یەکەمجار دوای بریندار کردنەکەم چاوم کردەوە چیم دی! هەموو بریندار و

کوژراوەکانیان لە دالآنی سەراکەدا کەڵەکە کردبوو لەسەریەك. هاوار و نرکە و ناڵە و زریکە و پاڕانەوە و جنێویان وەك خوێن و ئێسك و گۆشتیان تێکەڵ بوو. لە هەمووان بەختیارتر ئەوەیان بوو کە گیانی دەرچووبوو، چرا کزەکەی ژوور سەریشمان دیمەنەکەی ئەوەندەی تر پڕسام و ناشیرن کردبوو، من کەوتبوومە قوژبنێکی دالآنەکەوە، کە هۆشم هاتەوە بەرخۆم هەستی قورساییەکم کرد لەسەر سنگم، دەستم لێ کوتا سەری زەلامێك بوو، بەئەسپایی گرتم و گوڕم دایە خۆم تا لەسەر سنگم لای بەرم ئەشکنجم دایە زریکە، دەستم لەسەری زەلامەکە بەربوو وەك مردوو خزایە خوارەوە، بیرم کەوتەوە کە ئەنگێوراوم، هەرچۆنیك بوو خۆم زیاتر کێشایەوە دواوە و پاڵم دا بەدیوارەکەوە. ئەوەندەی هێزی خۆم و ئازاری زامەکەم و شەوقی چراکە یارمەتییان دا سەرم لە کابرای تەنیشتم بردە پێشەوە و لێی ورد بوومەوە، دیم لاوێکە تازە خەتی داوە چاوی نیوە نووقاو بوو، بە ساردوسڕیی دەستیا وا دیاربوو دەمێك بوو گیانی دەرچوو بوو، هەموو شوێنێکی گیانم لە کەڵك کەوتبوو، نەمێشك توانای لێکدانەوە و نەچاو تینی سەیر کردن و گریان و نەدەست و پێ هێزی جووڵانەوە و نەدڵیش ماوەی خەفەت خواردنی مابوو. وەکو شتێك ئەوان پەکیان کەوتبوو، ئەمیش لە خەم پاراو بووبوو. خۆشم نەمئەزانی ئەبێ چی بکەم. لە پڕ منیش وەکو بریندارەکانی تر کەوتمە هاوار هاوار کە نەختێ ئاومان بدەنێ کە بمانبەن بۆ خەستەخانەیەك، کە هەر هیچ نەبێ دەسڕێژێکی کەمان لێ بکەن بمانکوژن و ببڕێتەوە. گوڕم دایە خۆم زامەکانم دایەوە زریکە، وا دیاربوو لە وزەما نەبووبوو بەرگەی ئازارەکەی بگرم، دیسانەوە لە هۆش خۆم چووبوومەوە. کە چاوم کردەوە، نازانم پاش چەند، خۆم دی لە ژوورێکی بچووکی نزما لە سەر چارپایەکی ئاسن ڕاکشاوم، قاچە زامارەکەم پێچراوە و قاچەکەی تریشم لەگەڵ دەستی ڕاستم بەزنجیرێکی ئەستوور بەپێچکەی چارپایەکەوە بەستراون. دووەم ڕۆژ بوو پاش هاتنەوە سەرخۆم دوکتۆرێك هاتە ژوورەکەم، چاوێکی بەو پارچە مەقەبایەدا خشاند کە لە ژوور سەرم هەڵواسرابوو ئیتر بێدەنگ و خێراتر لە هاتنە ژوورەوەکەی گەڕایەوە دەرێ. ڕۆژێ جارێك برین پێچێك ئەهات سەیری برینەکەی ئەکرد تیماری ئەکرد، سەر و چاوی ئەوەندە گرژ و مۆن بوو زاتم نەکرد بیدوێنم بزانم لە کوێم،

برینەکەم لە چیدایە چیم لێ ئەکەن؟ کەچی بۆ ڕۆژی سێیەم لە خۆیەوە کەوتە قسەکردن، لە پێشەوە لێی ترسام نەوەکو قسەم لێ دەربێنێت لە پاشا کە دیم زۆر بەترسەوە قسە ئەکات، لەبەر چاوی ئیشکەرەکانی تر زۆر توندوتیژ لەگەڵم ئەجووڵێتەوە دڵنیاییم پەیاکرد بەرامبەری. بەهۆی ئەوەوە زانیم کەوا گوللەکە بەر ئێسك نەکەوتووە تەنانەت وەکو چاوەڕوانیش ئەکرا بەر ڕیخۆڵەشم نەکەوتبوو هەرچەند دوکتۆر سکیشی هەڵدڕیبووم چونکە شوێنی دەرچوونی گوللەکەیان بەسمتمەوە نەدیبوو. هەروەها پێی وتم کە من تەنیا بریندارم لەم شوێنەدا، کە هەواڵی بریندارەکانی کەم لێ پرسی وتی بردوویاننە خەستەخانەی عەسکەری ئەویش چونکە من بە سەرکردەیەکی گەورە ئەزانن نەیانویستووە لە شوێنێك دام نێن نەوەکا پەیوەندی بەکەسەوە بکەم، کە پێی وتم لە کوێم قەڵەمی دەست و پێم شکا. لە دایەرەی ئاسایشی گشتی دانراوم و تیمار ئەکرێم! هەمووتان ئەزانن ناوی ئەم دایەرە پیسە چ سامێکی هەیە لە دڵی خەڵکا. زۆر کەس هەن ئامادەن کە بەسوپاسەوە پانزە بیست ساڵ حوکم قبووڵ بکەن بەشەرتێ نەیانبەنە ئەو ئازاردانخانەیەی ئەڵێن کەم کەسی بەزیندوویێتی لێ هاتووەتە دەرێ. لەگەڵ ئەو هەموو سام و ترسەشا کە لێم نیشتبوو ویستم بەرامبەر بەکابرای برینپێچ خۆم نەشکێنم. بۆیە بێباکانە پرسیم: باشە کە لە ئەنجاما هەر ئەمکوژن ئیتر ئەم مەسرەف و لەگەڵ خەریکبوون و چاککردنەوەیەی بۆچییە؟ هەروا لێم بگەڕانایە بەبرینەکەمەوە ئەمردم یا بیانکردمایە بەقوربانی گوللەیەکی تر، خۆ گیانی من لە هی ئەو شەهیدانە شیرنتر نییە! وا دیار بوو دەنگم لە پێویست زیاتر هەڵبریبوو بۆیە کابرای برینپێچ ڕەنگی هەڵبزرکا و دەستی گرت بەدەممەوە وتی: بەسە، بەسە لە ڕێی خوادا بیبڕەوە، گوێیان لێ بێت منیش ئەخەنە پاڵ تۆ مناڵم وردە و بەرگەی ئازاردانیش ناگرم. هەر لە قسەکانی بووەوە یاساوڵێك کردی بەژووراو بەتوندییەکەوە پێی وت: چیتە ئەوە لێ نەبوویتەوە؟ سەگبابە لە من و تۆ ساغترە هەق وایە بیبەن، خۆ دابەستە نییە لێرە قەڵەوی کەین!

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم قسەیەدا تێ پەڕیبوو برینپێچەکە هات و بەماتییەکەوە لە ژێر لێوەوە وتی: بەخوات ئەسپێرم ئیتر یەکتری نابینینەوە منیش

بەسەرسوڕمانێکەوە وتم: چۆن خۆ هێشتا برینەکەم چاك نەبۆتەوە. بەتەواوی لە قسەکەم نەبووبوومەوە دوو یاساوڵ کردیان بەژوورا و یەکێکیان بەتووڕەیییەکی بێ جێوە وتی:

– هەستە دەی خۆت کۆکەرەوە و پێشمان کەوە!

– خۆ کۆکردنەوەی چی؟

– سەگبابە دێتەوە بەگژ دەمیشمانا...

لەسەرخۆ وتم:

– بەگژ دەما چوونی تیانییە، چیم هەیە تا کۆی بکەمەوە؟ فەرموون بابڕۆین!

بە شەلە شەل پێشیان کەوتم. یەکێکیان وتی:

– ڕاست برۆ خۆت شەل مەکە نەختێکی تر فێری سەما و هەڵپەرکێت ئەکەین!

هەرچەندە لە گیانی خۆم وەڕس بووبووم ئەمویست بنەڕێنم بەسەریا و هەرچی داخی دڵم هەیە پێی بڕێژم، بەڵام پێش ئەوەی دەم هەڵبێنمەوە زابتێکی لاوی کەڵەگەت لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە هاتە دەرێ وتی:

– ها جوامێر ئەوە تۆی؟ ئەوە بۆ کوێی ئەبەن؟ وەرە بزانم مەسەلە چییە؟

بەئەسپایی پەلی ڕاکێشام و بردمیە ئەو ژوورە کە لێی هاتە دەرێ و دەرگای پێوەدا، وتی:

– فەرموو دانیشە، چی ئەخۆیتەوە؟ چا، قاوە یا ترش؟ برینەکەت چۆنە؟

سەرم لەم کارە سوڕما هەر چەند بیرم ئەکردەوە بەخەوی شەوانیش ئەم کوڕەم نەدیبوو، ئەی ئەم هەموو لوتف و پیاوەتی و دۆستایەتییە چییە! هەروەکو حەپەسانەکەم شتێکی لە پرسیارەکانی مێشکم بۆ درکاندبێ بەڕوویەکی خۆشەوە وتی:

– بێگومان تۆ من ناناسیت چونکە ئێمە یەکتریمان نەدیوە، بەڵام ئێمە پێویستە پیاوی وەکو تۆ بناسین، ئەم بەیانییەش لە نووسراوەکانی بەردەمما ناوتم دی کەوا ئیمڕۆ ئەتهێنن بۆ لای ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەکەت منیش ئەمەم بەهەل

زانی بۆ خۆپێناساندنتان و ئەگەر بشتوانم خزمەتێکتان بکەم.

هات بەبیرما کە ئەمە چەشی داوەکەمە، جاریٚ ئەیانەویٚ بەقسەی خۆش لەگەڵم خەریك بن. هەرچۆنێك بێت هەتا ئێستە کابرا قسەیەکی خراپی نەکردووە. کاری ڕاست بیٚ ئەگەر ئەویش وەکو کابرای ژەندرمە بیدامایە بەر جنێو دەسەڵاتم چی بوو؟ بابزانین ئەم بۆ کوێمان ئەبات. هێشتا هەر بێدەنگ ڕاوەستابووم وتی:

– فەرموو دانیشە.

دای لە زەنگێك کابرایەك هات بەدەنگیەوە، پێی وت کە دوو ترشمان بۆ بهێنیٚ و نەهێڵیٚ کەسیش بێتە ژووریٚ.

خۆی خەریك کرد بە کاغەزەکانی بەردەمیەوە تا ترشەکانیان بۆ هێنایین، ئەوسا لە کابرای دووبارە کردەوە کە هەر کەسیٚ هات بۆ لای بڵیٚ کاری گرنگی هەیە. لە جێگەکەی خۆی هەستاو هاتە لامەوە دانیشت. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– برینەکەت چۆنە؟ خۆ شوکور چاك بۆتەوە. باش بوو ئێسکی نەگرتبوو. هەرچۆنێك بێت هەمووی پێنج و دوو ڕۆژێکە ئەمیش ئەبرێتەوە، ئەچیتەوە ماڵی خۆت. هیوام وایە خراپ لەگەڵت نەجووڵابنەوە چونکە بەڕاستی ژەندرمەکانی ئێمە زۆر کەرن لەگەڵ هەموو کەس وەکو یەك ئەجووڵێنەوە. پیاوی چاك و خراپ لێك جیا ناکەنەوە. هەر چۆنێك بێت ئەگەر گلەییەکت هەبیٚ ئەبیٚ لێمان ببووریت.

مێشکم وەختەبوو بتەقێت، چییە ئەم کابرایە چی ئەڵێت یا بەکێم ئەزانێت! بێگومان بەهەڵە چووە لە ناوەکەما. بەڵام نەء، ناونیشانی تەواوی خۆمی وت: جوامێر بایز خەڵکی...

وا شپرزە بووبووم خۆشم نەمزانی چۆن وەرامی پرسیارەکانم دایەوە. بەڵام وا دیاربوو قسەیەکی وام نەکردبوو دڵگیر ببیٚ چونکە بە ڕوویەکی خۆشترەوە لێم هاتە پێشیٚ و دەستێکی خستە سەر دەستم وتی:

– زۆر زۆرم پیٚ خۆش بوو کە ئەو بڕیارە زیرەکانەیەت داوە، لە تێگەیشتن، ژیریی تۆ هەر ئەوە چاوەڕوان ئەکرێت.

دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو. بڕیاری چی؟ کەی من بڕیارم داوە لای کیٚ و لە کویٚ

داومە! لە پڕ هەموو لەشم نیشتە سەر ئارەق، نەمکردبێ لە کاتی بێ هۆشی و بەنج کردنا وڕێنەم کردبێ یا قسەیان لێ دەرهێنابم، بەڵام چۆن؟ کە من هیچ نەزانم ئەتوانن قسەی چیم لێ دەربهێنن. وەکو گێل لە خۆمەوە بەدەمیەوە پێکەنیم بەشکو لەسەر قسەکەی بڕوا و چمکێکی باسەکەم بۆ دەربخات تا لە حاڵی خۆم بگەم، وا دیار بوو پێکەنینە بڵحانەکەم جێی خۆی گرتبوو، چونکە کابرا وتی:

زۆر ناڕەوا و زوڵم بوو لاوێکی وەکو تۆ بەخۆڕایی لە پێناوی خەیاڵێکی بەنگ – کێشانەدا خۆی فیدا بکات. ڕزگاری... ڕزگاری... ئازادی.... کێ ڕزگاری و ئازادی لە ئێوە سەندووە؟ چەند هەلپەرستێکی پایەپەرستی خۆپەرست ئەیانەوێت بەسەر لاشەی ئەم گەلە ڕەشوڕووتەدا بگەنە گەورەیی و دەسەڵات و ناز و نیعمەت... چ بەتەنگەوەن سەدان لاوی وەکو تۆ بەنرخ و خاوەن دواڕۆژی گەشی تیا لە ناو بچێت و هەزاران ژن و منداڵ و پیری بێگوناهی تیا بکوژرێت! ئەوەندە کەرن وا ئەزانن حکوومەت هەروا بە ئاسانی بەبمرێ و بڕووخێ هەرەس ئەهێنێت و خۆیان دێنە سەر حوکم.

گەلێکی لەم قسانە کرد، منیش پتت لێ بدامایە لێك ئەبوومەوە. ئەمەویێ لە مەسەلەکە حاڵی ببم، بزانم بڕیار گۆڕینی من چییە و ئەم هەتیوە چیی لێم ئەوێت. پاش لەکچەرێکی دوورودرێژ لە بارەی بە هێزیی حکوومەت و چاکی و پاکی و دڵسۆزیی کاربەدەستان و خوێڕێتی و هیچوپووچی و ناپاکی و ناڕاستیی نیشتیمانپەروەرانەوە وتی:

– ئێستا کەوا من و تۆ لە یەك گەیشتین و تۆش بڕیاری خۆتت داوە ئەمەوێ پەیمانێك ببەستین نەك هەر بۆ ئێستەمان بۆ دواڕۆژیش، تۆ یارمەتیی من بدە و منیش یارمەتیی تۆ ئەدەم.

سەرم داخست نەمزانی چی بڵێم. کابرا لە سەر قسەی خۆی ڕۆیشت وتی:

– ئەو قسانەی دات ناوە لای حاکم بیانکەیت ئێستە لای من بیانکە منیش یارمەتیت ئەدەم کە لە ڕۆژێك دوو ڕۆژ زیاتر نەمێنیتەوە بتگەڕێنمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت و مانگانەکەشت زیاد کەین و لە نزیکترین هەلدا هەوڵت بۆ ئەدەم لای....

بەگ كە ئامۆزامە بتكات بە سەرۆكی دایەرەكەت!

قسەكانی وەكو تیر كاریان لە جگەرم ئەكرد لەگەڵ ئەوەشا نەمویست بیانگرمە خۆم بۆیە خۆم لیَ گێل كرد و وتم:

– قسەی وەكو چی ئەفەرموویت؟

وتی:

– ئەوانەی بەڵێنت داوە لای حاكم بیانكەیت! وەكو ناوی سەركردەكانی ئەم بزووتنەوەیە، شوێنی كەلوپەل و چاپەمەنی و سەرچاوەی پوول و پارە، جێگای خۆشاردنەوەیان، پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە بێگانەكان و ئەم جۆرە شتانە. ئەو هیچی لە هەمانەكەیا نەهێشت و منیش نەتوانا و نەبیانووی دان بەخۆداگرتنم ما. تیَ گەیشتم كە نەك ژیان وا دواڕۆژ و ئابڕوو و ناموسیشم بەندە بەو قسەیەوە كە ئێستە ئەیكەم و ئەشبیَ بیكەم بۆیە تەنیا هەوڵی ئەوەم دا كە لەژێر پەردەی كزۆڵەییدا بیكەم و بەس:

– ئەوی ڕاست بیَ باش تیَ ناگەم، بڕوام پیَ بكە هەر لە سەرەتاوە لە بریندارکردن و گرتنەكەمەوە تا ئێستە هەموو بەسەرهاتەكانی خۆمم وەك سینەما دێتە پێش چاو. وەك فلیمیَ كە خۆم تیا سەیركەربم نەك یاریكەر! بڕیاری چی و بەڵێنی چی؟ هەموو ئەمانە لای من مەتەڵێكن كە هەر تێیان ناگەم نەخوازەڵا هەڵیان بهێنم. من فەرمانبەرێكی مووچەخۆری بچووك چیمە بەسەر ئەم جۆرە شتانەوە سەری خۆمم كز كردووە و دەستم گرتووە بەكڵاوی خۆمەوە با نەیبات.

كابرا نەختیَ ڕەنگی لە تووڕەییدا زەرد هەڵگەڕا بەڵام دانی بەخۆیا گرت و بە زەردەخەنەیەكی بیَ ڕەزاوە وتی:

– نە كاكی خۆم یەكجار واش نا. بەڵیَ وتوویانە خۆ بەكەم گرتن جوامێرییە بەڵام خەڵك بە كەر زانینیش ژیری نییە.

بە پەلە و شڵەژاوی وتم:

– ناقوربان هیچ نیازم ئەوە نەبوو كە خوانەكەردە جەنابتان بە تێنەگەیشتوو و نەزان دابنێم! هەیە ناوی ئێوەی نەبیستبیَ! چەندان جەریمەی گرنگ گرنگتان

دۆزیوەتەوە، ئێوە...

بەنەختێ توندییەوە قسەکەی پێ بڕیم وتی:

– پێچ و پەنای پێ ناوێت، من ئەمویست تۆ ڕزگار کەم چونکە وام ئەزانی لە ساویلکەیی و دڵپاکییەوە تێ گلێنراویت و جوانکەی، بە گوناهم زانی بەخوتوخۆڕایی تیا بچیت، بەتایبەتی کە مەسەلەکەشت لە ڕۆژ ئاشکراترە و خۆشت بەڵێنت داوە کە هەرچی ڕاستی هەیە بەکاربەدەستانی بڵێیت!

– زۆر سوپاستان ئەکەم بەڵام باوەڕ بکە وابزانم خراپیان تێ گەیاندوون من هیچ بەڵێنێکم بەهیچ کەسێك نەداوە کە ڕاستیی هیچ نهێنییەکی پێ بڵێم، چونکە هیچ نهێنییەك نازانم.

زابتەکە بەتووڕەیی هەستا لەلامەوە و چووەوە سەر مێزەکەی خۆی وتی:

– کوڕی باش خۆت گەوج مەکە، تۆ پێشڕەوی ئەو بەشەی خۆپیشاندانەکە نەبوویت کە هەڵیان کوتایە سەر دایەرەی ئاسایش لە گەڕەکی... ناوێکی خۆشی هەیە... وە ئەگەر ژەندرمەکان وریا نەبوونایە و زوو نەهاتنایە دەست هەموویانتان ئەکوشت و دایەرەکەتان ئەسووتاند و چەکەکانیشتان ئەبرد... ئێستەش ژەندرمەکان هەموو شایەتن لەسەرت جگە لەوەی کە خۆت لەو هەرایەدا گوللەیەکت پێ کەوتووە و لە کاتی تیمارکردنەکەشتا زۆر شتت لای یاریدەدەر (ن...) درکاندووە و بەڵێنت داوەتێ کە چاك بوویتەوە هەموو شتێك لای حاکم بڵێیت. سەرەڕای هەموو ئەمانە ناوی هەموو سەرکردەکانمان لەکاتی پشکنیندا دۆزیوەتەوە و بەشی هەرە زۆریشیان گیراون و دانیان بەتاوانی خۆیان ناوە و داوای لێخۆشبوونیان کردووە و ناوی جەنابیشت جوامێر بایز... یان وەکو یەکێ لە کادرە چالاکە پێشکەوتووەکانی پارتی هێناوە... جگە لەوەی کەوا ناویشت لەو نووسراو و بەڵگانەدا هاتووە کە لە هێلانەکانتانا دۆزراونەتەوە. جائێستا ئەفەرمووی چی؟ هەر سووریت لەسەر ئەوەی کە پیاوێکی بەسەزمانیت و ئاگات لە هیچ نییە؟ یا پیاوانە دیێتە دەست و چی ئەزانی ئەیلێیت تا منیش ڕاپۆرتێکی جوانت بۆ بنووسم و شەو لە گیراوخانەدا ڕۆژ نەکەیتەوە؟

تا کابرا لەسەر قسەکردن ئەڕۆیشت باشتر ڕاستیی ئەو قسەیەی پێشینانم بۆ دەرئەکەوت کە ئەڵێ: «پیاو کە زۆری وت چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ».

چونکە بە درێژدادڕییەکەی هەندێ شتی وای بۆ دەرخستم کە بەتەواوی ڕاستیی هەموو قسەکانی خۆی لە بنچینەوە هەڵتەکاند، بەتایبەتی ئەوەی کە وتی ناوی من لە لیستەی کادرە چالاکەکانی (پارتی...)دا نووسراوە و سەرکردە گیراوەکانی پارتی ناویان هێناوم وەکو یەکێك لە سەرکردەکان چونکە من هیچ پەیوەندییەکم بە(پارتی...)وە نەبووە و نییە و هیچ یەکێ لە سەرکردەکانیشی نەئەمناسن و نەئەیانناسم بۆیە لە وزەی هیچ پێ لێنەرێکا نییە هەر ناویشم بزانێت نەخوازەڵا وەك کادرێکی چالاکی پێشکەوتوو باسم بکات. هەروەها ئەگەر لیستەی ناوی هەموو ئەندامەکانی پارتییەکەشیان دەست بکەوێت بەناوونیشانی تەواویشیانەوە ناوی منی تیا نییە و نابێت... کە دیم زابتەکە چاوی بڕیوەتە دەمم زۆر لەسەرخۆ پێم وت:

– هیچی تازەم نییە بیڵێم، ئاگام لە هیچ نییە و کەسیش ناناسم!

زابتەکە بێباکانە دەستی پان کردەوە و وتی:

– باشە ئارەزووی خۆتە! حەز ئەکەی قسە مەکە! بەڵام ئێمە ئەزانین چۆنت ئەهێنینە قسە! کەڕ و لاڵمان کردووە بە بلبل نەخوازەڵا یەکێکی وەکو تۆ، ڕێگەکەیمان دۆزیوەتەوە!

تا ئەهات نائومێدی بڕستی ئەبڕیم و هەڕەشە و قسەکانی کابراش بێهوودەییی پاڕانەوە و لاڵانەوەی پێ ئەسەلماندم. زاتم نایە بەرخۆم و دەست لەخۆشۆرانە وتم:

– ها ها! نهێنیی بۆمبای ئەتۆمتان دۆزیوەتەوە! هەر دارکاری کردن نییە؟ ئەمە لەشی من و ئەوەش داری ئێوە. کە ئەمەم وت کابرا تەماشایەکی توندی کردم، خۆشم وەکو شتێ پەشیمان بووبوومەوە بۆیە خاوتر لە پێشوو وتم:

– هەر چۆنێك بێ لەژێر دارا بمکوژن لەوە زیاترم لێ نابیسن کە ئێستە بەجەنابتانم وت، چونکە هیچی تر نازانم.

کابرا وادیار بوو قسەکەم لە سەرەتاوە چووزاندوویەوە بۆیە لچێکی هەڵقورتاند و بەسەرێکی لەقیوەوە وتی:

– هەرچی چۆنێك بێ سارێگاكەمان تازەبێت یا كۆن تاقیكردنەوەی تا ئێستەمان لەگەڵ ئێوەدا دەری خستووە كە چاكترین ڕێگایە و باشترین بەر ئەدات، كەسیشتان ئەوەندە مەرد نەبوون كە لەبەر لێدان و ئازاردانا هێندە خۆی ڕابگرێت كە تێمان بگەنێت ڕێگاكەمان كۆن و بێ كەڵكە تا وازی لێ بهێنین، بزانین بەشكو تۆ ئەو مەردە بیت!

دای لە زەنگەكەی بەردەمی، كابرای دەرگاوانی هاتە ژوورێ پێی وت:

– بڵێ بەو یاساولانە ئەم كوڕە بەرنە ژووری ژمارە (٢٣). ڕووشی كردە من و پێی وتم: تۆش ئۆباڵی خۆت بەئەستۆی خۆت ئێستەش نەچووە بچێ، هەتا ئێوارە هەر كاتێ لە كەلی شەیتان هاتیتە خوارێ بەیاساوڵەكەت بڵێ ئەتهێنێ بۆ ئێرە، من هەر لەسەر قسەی خۆم ماوم.

سەرم داخست و بێدەنگ پێش یاساوڵەكان كەوتم.


@kurdica

## ١٠

جوامێر کە لە قسەکانیا گەیشتە ئێرە چاوێکی بەهاودەمەکانیا گێڕا وتی:

– لام وایە بەسە با لێرەدا بیبڕینەوە داستانەکەم تامی تیا نەما، هەموو بەجارێك وتیان:

– نەبەخوا ئەبێ قسەکەمان بۆ تەواو بکەیت، تازە خەریکە باسەکەت خۆش ئەبێ. دەی توخوا!

جوامێر کەوتەوە قسەکردن:

– بەڕێوە بیرم لە قسەی کابرا ئەکردەوە، وەکو شتێ پێم گران بوو ترسنۆکیی هەندێ خەباتکەری دایەرەی ئاسایش بگەیەنێتە ئەو ڕەئیەی کەوا لێدان و ئازاردان چاکترین و نزیکترین ڕێگەیە بۆ پێ لێنان وەرگرتن و نهێنی دەرخستن ئەگەرچی ئەشمزانی ژمارەی ئەم چەشنە کەسە بێ ورە و خۆپەرست و ترسنۆکانەش زۆر کەمن لە ڕیزی خەباتکەرەکانا – کە داخم ناچێ من خۆم یەکێك نیم لەوان – لەگەڵ ئەوەشا ئەم ژمارە کەمە زیانێکی زۆریان گەیاندووە بەئەندام و بزووتنەوە و ورەی کۆمەلانی خەڵکیش، چونکە جگە لەوەی کە نهێنیی گرنگ و ناوی خەڵکیکی زۆریان درکاندووە، جیهازی پڕوپاگاندەی میریش تا ئەوپەڕی توانا کەڵکی لەم بەزیوانە وەرگرتووە بۆ ڕووخاندنی ورەی خەڵك و نەهێشتنی باوەڕیان بەبزووتنەوە. بەپێچەوانەی ئەوە بزووتنەوە نەیتوانیوە کەڵکێکی ئەوتۆ وەرگرێ لەو ژمارە زۆرە ڕۆڵە نەبەزانەی کە لە ژێر دارا ڕزێنراون و بەئازاردان کوژران بێ ئەوەی دوژمن بتوانێ وشەیەکی زیاندار لە دەمی ئەو قارەمانانە ببیستێت! هەرچۆنێك بێت ئەگەرچی من لەو کاتەدا زۆرتری لە باری دەسکەوتی خۆمەوە سەیری مەسەلەکەم ئەکرد بەلام لەو حاڵەی منا هیچ جیاوازییەك نەبوو لە نێوان دەستکەوتی من و دەسکەوتی گشتیدا ئەگەر ئیش باش بڕۆیشتایە منیش تووشی ئەم چورتمە نەئەبووم. هەرچەندە بیریشم لەوە ئەکردەوە کەوا بەخوتوخۆڕایی لە ژێر دار و ئازارا ئەمکوژن بەزەییم بەخۆما ئەهاتەوە و جنێوم ئەدا بەڕژێم و قانوون و حکوومەت و

تەنانەت بزووتنەوە و پارتیش، ئەموت هەر ئەم برینەم پێوە نەبوایە لەوانەبوو ڕزگارم ببێ، بەڵام ئێستا مەگەر هەر خوا خۆی بتوانێ شتێکم بۆ بکات. لە هەمووشی ناخۆشتر لەلام ئەوەبوو کە لە هیچیا نەبووم. وام لێ هاتبوو بەئاواتم ئەخواست کە قسەکانی کابرا ڕاست بوایە و لە شتێکا بوومایە بۆ ئەوەی باری سزاکەمم ئەوەندە لا گران نەبێت.

دەرگای ژوورێکیان بۆ کردمەوە یەکێکیان پاڵێکی توندی لەناکاو پێوەنام بەدەما کەوتمە ناو ژوورەکەوە تا دەستم لە سەر و چاوی خۆم کوتا بزانم کوێم شکاوە و هەستامەوە سەر پێ دەرگای ژوورەکەیان خڕ داخستەوە، لە پێشەوە وەك بت لە جێی خۆم چەقیم چونکە هەرچی ڕووناکی بێ لە ژوورەکەدا بەدیم نەئەکرد. بەرەبەرە چاوم بەتاریکییەکە ڕاهات ڕوانیم باڵا پیاو و نیوێك بەرامبەرم لە چەند درزێکەوە داوە ڕووناکی دێنە ژووری وای تێ گەیشتم کە پەنجەرەیە و لەو دیوەوە چینکۆی پیا گیراوە. بەڵام ڕووناکیی ئەو چەند درزە هەر بەشی ئەوەی ئەکرد کە پیاو ڕۆژ و شەوی پێ لە یەك جیا بکاتەوە. پەلم گێڕا دیوارێکم دۆزییەوە دەستم پێوە گرت و بە لەپ کوتان پیا هاتم بۆ ئەوەی بزانم گەورە و بچووکیی ژوورەکە چەندە و چی تیایە. دیوارێکم تەواو کرد هیچ شتێکم نەهاتە ڕێ کە وەرچەرخامەوە پێم بەر تەنەکەیە کەوت وەرگەڕا دەنگێکی زل و ناخۆشی لێوەهات دەماری گرژ کردم ویستم بڕۆمە پێشەوە وا دیاربوو تەنەکەکە کەوتبووە بەرپێم بۆ ئەوەی لێی هەڵنەئەنگوتم دانەویمەوە دەستم بەر تەڕاییەك کەوت، گوێم نەدایە، پەلم کوتا تەنەکەکەم ڕاست کردەوە و نووسانم بەدیوارەکەوە دیسانەوە لەسەرخۆ کەوتمەوە گەڕان بەژوورەکەدا، لە پڕ پێم لە شتێك گیربوو خۆم ڕاتەکان دەستم تەڕ و دیوارەکەش لووس لەنگەری لێ تێك چوو، خۆم پێ نەگیرایەوە، کەوتمە زەوی، ناوچەوانم دای بە شتێکی ڕەقا، گورج دەستم برد بۆ ناوچەوانم، تەڕاییەکی پێوە بوو نەمزانی خوێنە یا ئاوی ناو تەنەکەکەیە کە بەدەستمەوە بوو! ئەوەندەی پێ نەچوو ئازاری سەرم و هاتنە خوارەوەی تەڕایی بەسەروچاوما تێی گەیاندم کە ناوچەوانم شکاوە، لەجێی خۆم بێ جووڵە دانیشتم. دەستە وشکەکەمم برد بۆ گیرفانەکانم هیچ دەسەسڕێ یا پەڕۆیەکی تیا نەبوو، بەچمکێکی کراسەکەم ناوچەوانم سڕی. بیرم کەوتەوە کەوا

جگەرە و شخارتەم لە گیرفانا بوو کەچی تیا نەماوە، بێگومان پشکنیویانە و دەریان هێناوە. هەرچۆنێك بوو پارچەیەکی درێژکۆلەم بە دان لە کراسەکەم کردەوە و بەتاریکی ناوچەوانمم پێ بەست هیچ نەبێ خوێنەکەی بوەستێتەوە، لەمەدا بوو هەستم کرد تەڕایی گەیشتە لەشم کە پەلم گێڕا زانیم ئاوی ناو تەنەکەیە و ئەو شتەش کە پێمی تێ گیرابوو ئەڵقەیەکی ئاسنە، بێگومان بۆ خەڵك پێوە بەستنەوە بەکاری ئەهێنن. ترسی ئەوەی کە نەوەکا هەر هەستم بکەومە چاڵێکەوە یا تووشی گاشەیەك ببم دەسەوسان لە جێی خۆم هەڵترووشکام، تەڕایی زۆری بۆ هێنام. لێرەدا بۆ یەکەمجار هات بەبیرما کە ئەبێ ئەو تەنەکەیەی پێم بەری کەوت میزی تیا بووبێت، چونکە بۆن میزێکی پیس لە ژوورەکە ئەهات. ئەوەندە قێزم هاتەوە وەختەبوو بڕشێمەوە، قاچم شل بوو، زامی برینەکەم هاتبووە سوێ، وا دیاربوو کولابووەوە، سەریشم ئەیەشا، بەقنگەخشکێ و پەلکوتان خۆم گەیاندە دیوارەکە پاڵم پێوە دا.

بەینێ بیرم لە حاڵی خۆم کردەوە، بەخۆمم ئەوت هەستم دەرگاکە بدەمە بەر مستە کوڵە ناچاریان ئەکەم دێن، بەشکو پێیان بڵێم پێخەو و خۆراکم بۆ بهێنن! بەدەم ئەم لێکدانەوەوە بووم کاتێکم زانی یەکێك لایتێکی داوەتە بەر چاوم و بەژوور سەرمەوە وەستاوە خەریکە بەلووتە شەق ڕاستم ئەکاتەوە، ئەڵێ: هەستە نانەکەت بخۆ!

منیش دەستێکم دایە بەر تیشکی لایتەکەی و پرسیم:

– کوا نان؟ چاوم لە هیچ نییە.

لایتەکەی ڕووکردە بەردەمم. دیم کولێرەیەك لە سەر ئامانێك دانراوە، یاساوڵەکە بەتوندی وتی:

– ئەوە نان فەرموو سنگانی کە. بەو خوایە پێتان حەرامە! ئێوە هەقتان ئەوەیە هەر لەڕێوە وەکو ئێستری نەخۆش دەمانچەیەك بنێن بەناوچەوانتانەوە.

لە پێشەوە خەریك بوو داوای دەستێ نوێن و چرایەکی لێ بکەم و نووکە

شەقەکانی بخەمە پشتگوێ بەڵام کە گوێم لەو گەوهەرانە بوو کە هەڵیڕشت بێدەنگ بووم. وەك ژوورەکە بپشکنێ لایتەکەی بەچوار دەور و سەر و خواری خۆیا گێڕا. بەخێراییی برووسکە وێنەیەکی ژوورە چیمەنتۆ ڕەق و تەقە بەرز و دەرگا تەختە ئەستوورەکەم لە مێشکا گیرا. تەنیا کەلوپەلی ژوورەکە ئەو تەنەکەیە بوو کە بۆ میزکردن دانرابوو لەگەڵ شەربەیەکی مل شکاو کە وا دیار بوو ئاوی خواردنەوەی تیا بوو. کابرا وەرگەڕایەوە بڕوا، هات بەبیرما لەوانەیە ئیتر یەکێکی تر بەو زووانە نەبینمەوە بۆیە بەنابەدڵی و لە بەر خۆمەوە وتم:

– ئەرێ ئەوە پێخەوێ، چرایەك، شتێکم بۆ ناهێنن؟ کابرا بە پێکەنینێکی بەرزی ناخۆشەوە وتی:

– بەڵی! ئەی چۆن هەر ئێستە کچێکی جوانیشت بۆ ئەهێنن لەو خوشکانەی بەناوی نیشتیمانپەروەری و ئازادیخوازییەوە ئابڕوویان ئەبەن! تێ گەیشتم کە قسەکردن لەگەڵ ئەم یاساوڵە وەك چیلکە لە پیسایییەوە دان وەهایە بۆیە بێدەنگ بووم و ئامانەکەم ڕاکێشایە بەر دەمم کابراش لێی دا ڕۆیشتەوە دەرێ.

نەمزانی چێشتەکە چییە، نەختێ دەستم تیا گێڕا بە نیسکێنە یا ماشێنەی تێ گەیشتم، کەوچکێکم برد بۆ دەمم، هێشتا لێم نەچەشتبوو بۆن نەوتێکی لێ ئەهات پیاوی کاس ئەکرد. بەئەسپایی کەوچکەکەم دانایەوە و کەوتمە کولێرە خواردن. زۆرم حەز ئەکرد بزانم کات چەندە بەڵام سەعاتەکەم لەبەر تاریکی بۆ نەئەبینرا. هات بەبیرما لە حاڵی وەکو منا کوێر چاترە چونکە بەتاریکی ڕاهاتووە، باشتر لە شت ئەگات و چاکتر ئەجووڵێتەوە لەم زیندانەدا کەوا چاوی کردووە بەئەندامێکی بێ کەڵك بەیارمەتیی ئەو وێنەیەی ژوورەکە کە لەبەر تیشکی لایتی پۆلیسەکە لە مێشکما گرتبووم کەوتمە پیاسە کردن بەژوورەکەدا. هەرچەندە لەپێشا یەك دوو جارێ بەر دیوارەکان کەوتم بەڵام لە پاش پێوانیان بەهەنگاو لەمەش ڕزگارم بوو. دیسانەوە جێ برینەکەم هاتەوە ژان دەستیشم پیس بوو بۆیە نەمئەوێرا دەستی بۆ بەرم نەوەکو کولابێتەوە و لێمی پیس بکات. بۆیە لە قوژبنێکا بۆی دانیشتم. کارم بەوە باش بوو ناوچەوانم خوێنەکەی وەستابووەوە و ئازاریشی نەمابوو. وادیار بوو هەر تۆزێك قرنجابوو. چاوم بڕیبووە درزەکانی پەنجەرە گیراوەکەی بەرامبەرم، وا

دیار بوو ڕووە و ڕۆژهەڵات بوو چونکە تا ئەهات ڕووناکییەکەی کەمتر ئەبووەوە. ماوەیەکی باش وەها مامەوە، ئاڵۆزیی ئێستە و تاریکیی دوواڕۆژ ئەیانگێڕامەوە بۆ ڕابوردوو، ئەو ڕابوردووەی زیاتر دەردی گران ئەکردم. لەم بیر کردنەوانەدا بووم لەپڕ ترپ و گرمە گرم لە دالآنەکەدا پەیا بوو. دەرگای ژوورەکەم کرایەوە و دوو یاساوڵ کردیان بەژوورا وتیان:

– یاڵڵا هەستە پێشمان کەوە.

منیش بەسەرسامییەکەوە وتم:

– بۆ کوێم ئەبەن؟

یەکێکیان بەپێکەنینەوە وتی:

– بۆ سینەما!

پێشیان کەوتم دیم دەمە دەمی ئێوارەیە لە ئێمە بەوەلا کەسی تر لەو دالآن و ڕاڕەوانەدا نییە، بردیانمە ساردوایێکی گەورەوە کە بەسێ چوار پێپیلکە بۆی چوومە خوارێ. یەکەم شت کە بەر چاوم کەوت کابرایەکی ئەفەندیی لاجانگ سپیی ڕەنگ زەردی لووت درێژی بێ ڕەزا بوو لەبەر دەمی مێزێکی گەورەدا دانیشتبوو، یاساوڵەکان سەلامیان بۆ کرد و یەکێکیان وتی:

– قوربان ئەمەتە جوامێر بایز!

بە سەر لەقانێکەوە وتی:

– باشە ئەو کورسییەی بۆ بێنن با دانیشێت!

کە دانیشتم بەخێرهاتنی لێ کردم و بە تەوسێکەوە وتی:

– لام وایە خەباتکەر نابێ سڵاو لە نۆکەری ئیمپریالیزم بکات بۆیە سڵاوت نەکرد! بەڵام من پیاوی ڕاستم خۆش ئەوێت بۆیە ئەم کردەوەیەتم پێ ناخۆش نییە، بەڵام شەرت ئەوەیە لە هەموو شتێکا خەباتکەر بیت. مەردانە پێ لەوە بنێیت کە چۆن ئەم خۆپیشاندانەت ڕێك خست و نیازتان چی بوو لە پەلامارداني دایەرەی پۆلیس و تەقەکردن لەو ژەندرمە بێ تاوانانە؟ پیاوی خەباتکەر نابێ

درۆزن بێ وەك ژن دەست پان کاتەوە و دەم پان کاتەوە و بڵێ بەخوا قوربان هیچ نازانم. بەپێغەمبەر میرم بێ تاوانم. فەرموو بزانم ڕۆڵی خۆتم بۆ باس کە لە خۆپیشاندانەکەی مانگی پێشوودا!

– دوای ئەو قسانەی کابرا ئەوی ڕاست بێ، ڕووم نەئەهات بڵێم لە هیچا نیم و ئاگام لە هیچ نییە. شەرمیشم پێ ئەهات درۆ بکەم و بڵێم وام کرد و وام کرد، ئەگینا لە گرتن نەئەترسام. ئامادە بووم چی بنووسێت بۆی ئیمزا بکەم. بۆیە هیچ ورتەم لێوە نەهات بەدەنگێکی بەرز وتی:

– چیتە کەڕ و لاڵی! خەباتکەر نابێ ئەوەندە ترسنۆك بێ. هەر بەشەش حەوت سەعات بوون لە ژووری ژمارە ٢٣دا وا زندەقت چوو قسە کردنیشت لە بیر چووەوە؟

منیش لەبەر خۆمەوە وتم:

– مەسەلەکەی من زۆر ئاشکرایە من قسەیەك ئەکەم و ئێوەش قسەیەکی کە ئەکەن، من بێ دەسەڵاتم و ئێوەش خاوەن دەسەڵات. با قسەی من نەبێ قسەی ئێوە بێ سزای خۆم چییە بمدەن و ببڕێتەوە.

قاقا دەستی کرد بەپێکەنین، وتی:

– بە ڕاستی قسەیەکی جوانە! دوای ئەو خۆپیشاندانە خوێنینەی نزیکەی سەد کەسی تیا کوژرا و ئەو ئاگرەی نایەوە لە وڵاتا هەروا سووك و ئاسان ئەتدەین بەعورفی چەند ساڵێك حوکمت بدا و ببڕێتەوە! نەخێر هەڤاڵ جوامێر زۆر زۆر بەهەڵە چووی لە لێکدانەوەکەتا. ناوی هاوکارەکانت، ئەندامانی کۆمیتەکەتان، شوێنی چاپی شارەکەتان، ناوی سەرکردەکانتان، سەرچاوەی پارە و ژیانتانم پێ نەڵێیت گیان لەم دایەرەیە نابەیتە دەرێ، ئیتر ئەو سەرینە بخەرە ژێر سەرت و هۆشی خۆت بهێنەرەوە بەر خۆت. ڕزگاری لە ڕاستی وتندایە چی ئەزانی بەڕاستی و دروستی پێمانی بڵێ و بڕۆرەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت.

ئەم قسانەی کرد و جگەرەیەکی دامێ. منیش دوای ئێستێك جگەرەکەم وەرگرت و دام گیرساند، زۆرتر لەبەر ئەوەی پێویستم بەماوەیەك لێکدانەوە هەبوو. چی بکەم، چی بڵێم! بڵێم چووم و کردم و چاکم کرد وازم لێ ئەهێنن! باوەڕ ناکەم،

دوورنییه ئەوسا زیاتر شکم لێ قایم کەن و باشترم لێ بدەن بۆ ئەوەی ناوی خەڵکیان پێ بڵێم. نەء چاکترین شت ئەوەیە کە هەر لەسەر ئینکاری خۆم بڕۆم، کە هەر ئەویش ڕاستییەکەیەتی، ئیتر چی ئەبێ ببێ.

کە کابرا دی هەر بێدەنگم وتی:

– قەی ناکات ئەم شەویشت مۆڵەت ئەدەم، تۆ کوڕێکی زۆر تێگەیشتوو دیاریت، گومانم نییە لەوەدا کە ئەمشەو بیری لێ بکەیتەوە بەیانی بەپێی خۆت دێیتەوە و چی ئەزانی پێمانی ئەڵێیت!

ئەوەی ڕاست بێت باش گوێم لە قسەکانی دوایی نەبوو، هەرچەندە بەدەنگێکی بەرزیش ئەیکرد و هەموو سێ چوار هەنگاوێك لە یەك دوور بووین، چونکە لە کاتی قسەکردنەکەی ئەوا زریکە و هاوار و قیژەیەکی پڕ بەدەمی جەرگبڕم ئەهاتە گوێ. لە زەنگەکەی دا بمبەنەوە شوێنەکەی خۆم. هەلپەرستیم جووڵا لە دڵی خۆما وتم بۆ شەوێکیش بێ بۆ کەڵکێ لەم خۆشباوەڕییەی کابرا وەرنەگرم، زیانی هیچ کەسێکیشی تیا نییە. بۆیە وتم:

– ئەگەر بتفەرمووایە چرایەك و دەستێ نوێنیشیان بداماية زۆر مەمنوون ئەبووم.

کابرا بە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانەوە وتی:

– باشە بەسەر چاو... کوڕە هەر ئێستە چرایەکی باش و دەستێ نوێنی پاك بەرن بۆ کاك جوامێر. پیاو هەر بەدیمەن دیارە! هەرگیز ئەم کوڕە باشە هاوڕێی ئەو جڕوجانەوەرە خوێنڕێژانە نییە!

کە گوێم لەم قسەیەی بوو حەزم ئەکرد ببومایە بە تنۆکێك ئاو.

دەستێ نوێنیان بۆ هێنام لەگەڵ چرایەك. من خەریکی ڕێکخستنی جێگاکەم بووم سینییەکیان لەبەر دەما دانام، برنج و پەتاتە و پەرداخێ ماستاویشی لەسەر بوو. دەستم کردە خواردنی، بەخۆمم ئەوت: لێدە تێر بخۆ هەر ئەم ژەمەیە بەیانی کە بەگ چاوی پێت کەوتەوە لە باتی ئەم خواردنە باشە تێهەڵدانێکی باش ئەخۆیت.

شەو بوو چراکەم کز کردبوو لە پڕ دەرگاکە کرایەوە و زەلامێکیان هاویشتە ژوورەوە وتیان:

– ئەوەش هاودەنگ بۆ خۆتان ڕابوێرن.

وتم هاویشتیانە ژوورەوە نەك هەر لە بەر ئەوەی پاڵیان پێوەنا، لەبەر ئەوەش کە وەك پەلاس کەوتە زەوی، چراکەم هەڵکردەوە و لە کابرای هاودەنگم چوومە پێشەوە. گوێم لە مشەمشی بوو زانیم کە نەمردووە، بەبیرما هات ئەمە جاسووس نەبێت بەفێڵ هێنابیانەتە لام بۆ ئەوەی قسەم لێ دەربهێنێ، کە زیاتر لێی ورد بوومەوە دیم تەنیا کراس و دەرپێیەکی لە بەرایە، دەرپێکەی بە سمتیەوە نووساوە و پەڵە خوێن و شوێن داریش بە کراسەکەیەوەیە، بەپەرداخی ماستاوەکە نەختێ ئاوم کرد بەدەمییەوە، چاوێکی هەڵبڕی بەئەسپایی وتی:

– تۆ کێیت:

وتم:

– نامناسیت.

وتی:

– تۆ ناوی خۆتم پێ بڵێ بەشکو بتناسم! من خۆم بێباك سابیرم.

منیش جوامێر بایزم.

– ئێ تۆ ئەو کەسەی کە ئەڵێن لە خۆپیشاندانەکەی تشرینا پەلاماری دایەرەتان داوە. ئێ، ئێ، زابتەکە وتی بیبەنە لای، وا دیارە تازە هێناویانیتە ئێرە، ئەو دوو یاساوڵەی منیان هێنا نەیانئەناسیت لە یەکێکی تریان پرسی ئەو وا باسی تۆی بۆ کردن.

خەریك بوو وەرگەڕێ بەپەرۆشێکەوە پێم وت:

– ئازاری خۆت مەدە من ئەتخەمە سەر جێگاکەی خۆم.

– نا، نا، سوپاست ئەکەم یەکجار ئەوەندە حاڵم شڕ نییە بەناچاری خۆم وا لێ کرد ئەگینا بەدەردی برزووی بەسەزمانیان ئەبردم، پاڵەوانی پێ فرۆشتن، هەر

لێیان دا و نقەی لێوە نەهات ئەوانیش هەتا ئەهات شێتگیرتر ئەبوون. هەموو لەشیان شکان لەوانەیە چاك نەبێتەوە یا شوێنێکی سەقەت ببێ.

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:

– چی حاڵت شڕ نییە تۆ هەموو لەشت هەر خوێنە!

– ئاخر برزووت نەدیوە ئەگینا بە منت ئەوت بێ ئارەق دەرچوویت. چییە ئەوە نوێن و خواردنی چاکیان داویتێ. (سەرێکی بادا) وتی: نا ئەوە بارێکی پیلانەکەیانە، پیشاندانی منیش بارەکەی کەی. واتە پێت ئەڵێن ئەتوانین وەك ئوتێل خزمەتت بکەین و ئەشتوانین لە ژێر دارا بترزێین، بەڵام هەر جۆرەیان بەنرخی خۆی، جا تۆش دڵی خۆت بکە بە سەرپشك. وا دیارە هێشتا ئیفادەیان لێ وەرنەگرتوویت.

– نەء هەر دووجار بانگیان کردووم و هەڕەشەی خراپیان لێ کردووم و بەڵێنی باشیشیان پێ داوم، بەقسە سبەینێ ئەمبەنەوە بۆ ئیفادە لێ وەگرتن.

– هەر چۆنێك بێت گوێ مەدەرە هەڕەشە و گوڕەشەیان هیچ مەدرکێنە ئیتر لە کوشتن مەترسە چونکە ئیزنی کوشتنیان پێ نییە، بەڵام ئەگەر شتێکت درکاند ئەوسا بەهیوای ئەوە کە شتی کەت لێ دەربهێنن بێ پەروا تێت بەرئەبن تا ئەگەنە ڕادەیەك کە یا تۆ کاتێ بەخۆت ئەزانی هەرچی لە هەمانەکەتایە بۆت هەڵڕشتوون و ئابڕووی خۆشت و بزووتنەوەشت بردووە یا ئەوان کاتێ بەخۆیان ئەزانن کە تۆیان بەئازاردان کوشتووە کە لە هەردوو حاڵا پەشیمانی هیچ دادێك نادات. بۆیە هەر لەسەر هیچ نازانمی خۆت بڕۆ (نازانم ڕەحەتی گیانم)!

– جا هەر بەڕاستیش من هیچ نازانم.

– ئەو چاتر. باشە هەر وا بڵێ نەختێکت لێ ئەدەن و وازت لێ هێنن.

بەداخەوە وتم:

– هیچ شتێکیشمان لا نییە برینەکانتی پێ ببرژێنمەوە.

وتی:

– نە کاکی خۆم پێویست بەوە ناکات نایەڵن قەتماغە بهێنێتەوە ئەمبەنەوە بۆ دارکاری ئینجا لێدانی ئەو جارە بەئازارە. بەڵام پیاو ئەبێ یا ئەم ڕێگایە نەگرێتە بەر یا ئەبێ هەموو ئازارێکیش مەردانە هەڵبگرێت.

نوێنەکانی خۆمم لەگەڵ هاوژوورەکەم بەش کرد و ماوەیەکی باش قسەمان کرد و ئەوسا تەماشایەکی سەعاتەکەمم کرد لە دووانزە لای دابوو، پێم وت:

– شەوگار درەنگە و تۆش کەنەفتی با بۆ خۆمان بنووین.

– شەو باش! بزانین سبەینێ چی لە تەك خۆیا ئەهێنێ. لێمان دا نووستین، نازانم چەند خەوتم لە ترپ و گرمە گرمێکی زۆری ڕاڕەوەکە خەبەرم بووەوە. هەر دەرگا بوو ئەکرایەوە و پاش نەختێ دائەخرایەوە و تا ئەهاتیش لە ئێمە نزیك ئەبوونەوە، بێباکم هەڵساند. خەریك بووم باسی هەرا هەراکەم بۆ ئەکرد کەوتنە کردنەوەی دەرگاکەی ئێمەش هەر کەسمان لە شوێنی خۆی. خۆی مەڵاس کرد. زابتێ کردی بەژوورا سێ چوار ژەندرمەی بەشوێنەوە، ئەوی ڕاست بێ من زۆر شڵەژام و ترسم لێ نیشت بۆیە هەستامە سەر پێ. زابتەکە بەتوندی وتی:

– یاڵڵا زوو کەلوپەلتان هەڵگرن و ژوورەکە چۆڵ کەن.

ئەمەی وت و بەلووتە شەقێك بێباکی هەستان و ڕووی کردە ژەندرمەکان وتی:

– ئەمانە بەرە ئەو بەر.

یەکێکیان پرسی:

– کام ژوور بەگم؟

بەگ بەتووڕەییەوە وتی:

– هەر ژوورێکیان ئەبەن بیانبەن و زوو دووریان خەنەوە.

من لەم قسانە تێ نەئەگەیشتم هەر مێشکم لای ئەوەبوو کە زوو پەتۆکان کۆکەمەوە وەك کەلوپەلی خۆم بیدەم بەکۆڵما بیانبەم بۆ شوێنە تازەکەمان. وا دیاربوو فەرمانەکەیان ئەوەندە گرنگ بوو کەس ئاگای لە ئێمە نەبوو تا بەکۆڵەکەمەوە لەبەر دەمیانا وەستام وتم:



تایبەت ترین ئەرشیفی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

– فەرموون بۆ کوێمان ئەبەن بمانبەن!

بێباك بۆڵەبۆڵێکی لەبەر خۆیەوە کرد نەمزانی چی وت زابتەکە زللەیەکی لێ دا و وتی:

– خێراکە پیس!

کە گەیشتینە ڕاڕەوەکە لەولامانەوە کۆمەڵێ ژەندرمەی پرچەکمان دی لە چەند کەسێك کۆبووبوونەوە. چەند کەسەکە کە چاویان بەشەلە شەلی من و خۆ بەکێشکردنی بێباك کەوت دەستی دوو دوو کەلەپچە تێکراویان بەرز کردەوە و نەڕانیان:

– بژی ئازادی، بمرێ زۆرداری!

بێباك وەك ئەشکەوت لەمبەر ڕاڕەوەکەوە بۆی سەندنەوە.

– بژی ئازادی، بمرێ زۆرداری!

یەکێ لە ژەندرمەکان قۆناغە تفەنگێکی سرەواندە ناو شانی ئەوەندەی نەمابوو بەدەما بیخات و پێی وت:

– بیخۆ سەگباب ڕۆژی تۆش دێت!

تا بردنیانینە شوێنە تازەکەمان هەر بیرم لەم بەسەرهاتە سەیرە ئەکردەوە، هەرچەندم ئەکرد ئەکۆشام هیچی لێ تێ نەئەگەیشتم. هەر کە یاساوڵەکان دەرگایان لەسەر داخستینەوە ڕووم کردە بێباك وتم:

– خۆ ئازارت نەبوو. چییە لە ڕێی خوادا تێم ناگەیەنیت مەسەلە چییەوە چی قەوماوە.

بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتی:

– چاوێ بەشوێنەکەی ئێستەتا بخشێنە و بەراوردێکی بکە لەگەڵ زیندانەکەی پێشوومان مەسەلەکەت ئەوەندە لاسەیر نابێت، ئەوانەی هێنرابوون بۆ ژوورەکەی ئێمە، پیرۆت و باوەیس و مەریوان، سێ سەرکردەی قارەمانی پارتین. دڕندە جانەوەرەکان حوکمی هەڵواسینیان داون، ئێستەش بەم شەوە هێناویانن بۆ ئەو

زیندانە کە لە سەرێکەوە لە کۆمەڵانی خەڵك بیانشارنەوە و لە سەرێکی کەشەوە لە شوێنێکی قایمی نهێنیدا بەندیان بکەن. تا ڕۆژی هەڵواسینیان. جا ئەم ژوورە پەنجەرە دار و گەورە خۆشەی ئێستامان لەسەر حسابی گیانی پاکی ئەوان دەس کەوت (هەناسەیەکی هەڵکێشا) وتی: بەڵام گوناهی ئێمەی هیچ تیا نییە. هەمووی تاوانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانێتی، هەرچۆنێك بێ ئەو خوێنانەی لە پێناوی ئازادی یا بەدەستی دوژمنەکانمان ئەڕێژرێن ڕۆژێك ئەبێ ئەبنە لافاوێکی بە سام کۆشك و تەلاری زۆرداران سەرەونگوم ئەکات، دەردی کابرای شاعیر وتەنی:

| | |
|---|---|
| کچمان لەژێر بەیداغی ڕەشدا | چاو هەڵنەهێنن بەخوێنی گەشدا |
| کوڕانمان هەموو بەورد و درشت | لە ڕێی ئازاردی خۆ نەدەن بەکوشت |
| سەربەرزی نابێ، ئازادی نابێ | ئازادی ئەبێ هەرخوێن بەهابێ |

پاش نەختێ قسەکردن خەومان لێ کەوتەوە.

ڕۆژی دوایی هەینی بوو کەس لێی نەپرسیەوە. بەیانی شەموو هاتن بۆ ژوورەکەمان هاودەنگەکەمیان برد و بە تەنیا هێشتیانمەوە.

لە پڕ ڕۆژێك بردیانمە دەرێ لەگەڵ **٤١** کەسی ترا سواری لۆرییان کردین و بردیانینەوە بەردەمی عورفی و ئەویش وەکو لە پێشەوە باسم بۆ کردن بەو چەشنە نەوشیروانییانە حوکمی عادیلانەی خۆی بەسەرا داین! ئیتر دوای دە ساڵ منیش وا، تێکشکاو و ماڵ وێران، هاتوومەوە ناو ئەم ئاگربارانە. ئیتر شەوگار درەنگە بەسە با بنووین.  یەکێ هەڵی دایە وتی:

– کاکە جوامێر زۆر سوپاست ئەکەین، ئەشزانین کە گێڕانەوەی ئەم باسە پڕ ناسۆرانە چ برین کولاندنەوەیەکی بەئازارە بۆ تۆ بەڵام ئەزانیت چ پەند و دەرسێکیشە بۆ ئێمەی بەرەڵڵاو سەر لێ شێواو، بەڕاستی ئەوە ئەهێنێت کە ئەو دڵ کولاندنەوەیەی لە ڕێدا هەڵگریت، ئەوی تۆ تا ئێستە بۆت گێڕاینەوە تەنیا باسی گیرانەکەت بوو، هێشتا وشەیەکت لە بابەت ئەو هەموو ساڵانەی زیندانتەوە بۆ نەگیراوینەوە.

جوامێر لەسەرخۆ وتی:

– جا گیانی خۆم تۆ ئەتەوێ من ئازار و ناخۆشی و بەسەرهاتی دە ساڵت بە شەوێك بۆ بگێڕمەوە! ئیمشەو ئەوەندە بەسە. شەوێکی تر باسی لکێکی کەیتان بۆ ئەکەم. شەو درەنگە و منیش ئەوی ڕاست بێ دەمێکە کەسم دەست نەکەوتووە ئەوەندە قسەی بۆ بکەم، بۆیە هەرچەندە پێشم خۆشە کە سکاڵاتان لا بکەم بەڵام لەوانەیە بڵێم دەمم شل بووە. ئەگەر لێم ئەبوورن با ئیمشەو ئەوەندە بەس بێ.

هەموو بە یەك دەنگ وتیان:

– باشە وەك خۆت ئارەزوو ئەکەیت بام وەها بێت.

کاوەش ڕووی کردە ئەو و شاهۆ و پێی وتن:

– هەستن با بتانبەم بۆ ئەو ژوورە تا نەختێك بنوون.

## ١١

بەیانی کە جوامێر لە خەو هەستا ڕوانی جێگای سێیەمی ژوورەکە هێشتا هەر چۆڵە بەڵام شاهۆ شانی داداوەتە سەر سەرینە بەرزەکەی و فیشەی جگەرەی دێت. بەیانی باشیان لە یەك کرد.

جوامێر پرسی:

– کوان جەماعەت کەسیان دیار نین! تۆ بڵێی تا کەی دانیشتبن؟

– بەڕاستی منیش وەکو تۆی لێ ئەزانم، ئەوەندە ئاگاداری هەڵسان و دانیشتنیان نیم. زۆری بۆ چاوپێکەوتنی تۆ هاتم، بەدڵ تاسەم ئەکردیت.

جوامێر بە تەریقییەکەوە وتی:

– سوپاست ئەکەم، خۆش بی یاخوا. ئیتر بڵێین چی ئەوە دنیایە. نازانم چۆن بڕۆین و خاوەن ماڵ لە کوێ بدۆزینەوە؟ هیچ نەبێ ماڵئاوایییەکی لێ بکەین. لام وایە چاکتر ئەوەیە هەڵی نەسێنین لە خەو، بێگومان تا درەنگ نەنووستوون!

شاهۆ هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– ئارەزووی تۆیە چۆن ئەڵێیت وائەکەین.

ئەمان لەم قسانەدا بوون کچێکی دە دوانزەساڵە دەرگای ژوورەکەیانی کردەوە وتی:

– نافەرموون دەموچاو بشۆن تا بەرچاییتان بۆ بهێنم، یا حەز ئەکەن بنوونەوە؟

جوامێر وتی:

– بەرێ وەڵڵا ئەمانەوێ دەموچاو بشۆین و ئیتر هیچ پێویست بە بەرچایی خواردن ناکات.

ژنێك کەوا دیاربوو لەو دیو دەرگاکەوە وەستابوو وتی:

– چۆن بێ بەرچایی ئەڕۆن خۆ ماڵە دۆم نییە. کاوە پێی وتین کە هەڵی سێنین،

جا ئەگەر ئەفەرموون با خەبەری بکەینەوە.

جوامێر وتی:

– نا خوشکم پێویست بە هەڵساندنی کاکە کاوە ناکات، خوا چی داوە بۆمانی بهێنن ئەیخۆین و ئەڕۆین. فەرقی چییە خۆمان خاوەن ماڵین.

ڕووی کردە کچەکەی و پێی وت:

– تۆش کچۆڵەکەم شوێنی دەست و چاوشتنمان نیشان بدە!

جوامێر و شاهۆ بێدەنگ بەرچاییان کرد و ماڵئاواییان لە ئافرەتەکە کرد کەوا دیاربوو ژنی کاوە بوو. هاتنە دەرەوە.

چەند هەنگاوێك لە ماڵەکە دوور کەوتبوونەوە شاهۆ وتی:

– بەلای منەوە گوناهێکی گەورەیە لاوانی ئەم نیشتمانە داگیر کراوە لە کاتێکی وا تەنگانەدا، کە دوژمن دەستی ناوەتە بینی و پێویستی بەدوا چۆڕی گوڕ و تینی نا بایەخترین کەس هەیە، شەوگار بەم جۆرە بەسەر بەرن!

جوامێر هەر بۆ ئەوەی شاهۆ وا تێ نەگات کە گوێی لە قسەکەی نەگرتووە پرسی:

– بۆچی ئەمانە کەسیان لە بزووتنەوەدا هەر هیچ جۆرە هاوکارییەك ناکەن؟

– ڕەنگە جاروبار پیتاکێك، شتێك بدەن یا بۆ شەوێ دوو شەو پەنای خەباتکەرێك بدەن ئەگینا باوەڕ ناکەم هیچی کە بکەن.

جوامێر وەك پاکانە بۆ خۆی بکات وتی:

– ئێ کەواتە سەرزەنشت کردنەکەیانت نەختێ توندە، کالاّ لە قەد بالاّیە، ڕەنگە هەر ئەوەندەیان لە دەست بێت!

شاهۆ نەختێ بە گرژی وتی:

– نەخێر ئەم چەشنە کەسانە بەپێی حاڵ و ماڵیان لە وزەیانا هەیە گەلێك لەوە زیاتر یارمەتی بدەن، جگە لەوەی نالەباریی کار و دڕندەییی دوژمن و گرانیی ئەرکی شۆڕش ئەیخاتە ئەستۆی هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم نیشتمانە کە زۆر زیاتر لە توانای خۆشیان تەقەلا بدەن لە پێناوی خەباتی ڕزگاریدا. وەکو ئەزانیت

توانای ئینسان ئەگەر بە باشی و بەدڵ و ڕێکوپێك بخرێتە کار توانایەکی بێ سنوور و بێ پایانە.

جوامێر لە سەرخۆ وتی:

– هەر چۆنێك بێت بەبیری من ڕەوای هەق نییە بەم چاوە تیژەو ئەم حسابە وردە لەگەڵ ئەم چەشنە کەسانەدا بکرێت، کە وا دیارە خۆیان بە باشی هەست بە ئەرك و فەرمانی نیشتمانی و نەتەوەییی سەر شانیان ناکەن. بەپێچەوانە پێویستە لەسەر وشیاران لە بریتی سەرزەنشکردن و تانووت لێدان دڵیان ڕابگرن و وەکو منداڵ بیانلاوێننەوە و لەگەڵیان خەریك بن تا ئەو هەستکردنەیان ڕاست ئەبێتەوە و ئەگاتە ئاستی پێویستی خۆی. ئەوسا کە لە خەم ئەڕەخسێن، ئەتوانن نەك هەر وردترین حسابیان لەگەڵ بکەن، گەورەترین فەرمانیشیان پێ بسپێرن. چونکە بەلای منەوە، کاڵای فیداکاری و لە خۆبوردن لە قەد باڵای هەست پێکردنە نەك هی ماڵ و حاڵ. بۆیە پیاو ئەترسێ لەوەی، کە لە ڕووی بێ هەستییەوە لەگەڵ ئەو زەبروزەنگ و زۆردارییەی دوژمنان ئەم هەموو سەرزەنش و پلار و توانجەی دۆستانیشیان پێ هەڵنەگیرێت. لووس و باریك تەنگەی لێ بکەنەوە و بڵێن: ئێمە کەری ئەم بارەنین. تفی خۆتان بکەن و بڕۆن! جگە لەمە بەلای منەوە پیاو نابێت لە چاوی خۆیەوە سەیری خەڵك بکات و هیچ حسابێك بۆ توانا و لە دەست هاتن و باری تایبەتی و گشتییان نەکات . ڕەنگە هەندێ لەمانە بەتەواویش هەست بە پێویستیی سەرشانیان بکەن، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ نەتوانن وەکو یەکێکی تر بەسەر و ماڵەوە و سەروماڕ خۆیان بهاوێژنە گێژاوی ئەم خەباتە خوێنینەوە. لەم قسانە نیازم ئەوە نییە کە وا پاکانە بۆ گەلۆر و گەندە پیاوان بکەم. بەڵام لام وایە ئەبێ لە پێش ئەوەدا کە حوکم بەسەر یەکێکا بدەین هەر سەیری دڵی خۆمان و بیروباوەڕی خۆمان نەکەین. ئەبێ لەباری سەرنجی ئەویشەوە تەماشایەکی شت بکەین. وە کە ویستمان بۆ چاککردنی هەوڵ بدەین لەو باری سەرنجەوە تێ هەڵچین. جگە لەمە لە خراپترین بەراورد کردنا کورد وتوویەتی:

«موویەك لە بەراز ببێتەوە هەر باشە!».

جوامێر کە لە قسەکانی بووەوە بە باشی تێگەیشت کەوا پارێزگاریی خۆی

ئەکات نەك هی کاوە و ئەوان...

شاهۆ پاش ئیستێك وتی:

– تەنیا لەوەدا لەگەڵت نیم کە ئەڵێیت موویەك لە بەراز بێتەوە هەر باشە. ڕاستە باشە، بەڵام ئێمە ئەمانە بە بەراز نازانین و ئەگەر بە بەرازمان بزانینایە ئەو مووە پیسەی ئەوانیشمان نەئەویست، سەد جار پێشینانیش وایان بوتایە، ئێمە ئەمانە بە خۆ ئەزانین و لە خۆمانیان جیا ناکەینەوە، یان هەر هیچ نەبێ تا ئێستا جیامان نەکردوونەوە، بۆیە ئەبێ ئەوەندە موومان بدەنێ کە دوژمنی پێ بخنکێنین. جگە لەمە تێکڕا قسەکانی کەتم بەدڵە.

دوای ئیستێك هەر بۆ باسگۆڕین جوامێر پرسی:

– ئەرێ بەڕاست خۆ پێت نەوتم ئێستا چی دەکەیت و چۆن ئەژیت؟

– شاهۆ هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– خۆت ئەزانی ئەوەبوو کاتی خۆی لەبەر نەبوونی وازم لە خوێندن هێنا و لەگەڵ باوکم بەماڵەوە چووینە شاری (م). پاش بەینێ خوا پیاوێکی باشی بۆ ڕەخساندین، باوکمی لای خۆی و منیشی لە کۆمپانیای (ج) دامەزراند. بەم چەشنە تۆزێ بووژاینەوە، تا پێرار باوکم ئێوە خۆش. منیش بەناچاری ملم دایە بەر بەخێوکردنی برا و خوشکەکانم. پار کرێکارانی کۆمپانیا بڕیاریان دا کە مان بگرن بۆ وەرگرتنەوەی نەختێ لە هەقی خوراوو بەری ڕەنجی براوی خۆیان. بەڵام لە باتی ئەوەی هەق وەرگرین هەندێکیان لێ گرتین و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ دەرکردین! منیش بەرکەوتم، ئەوسا بە ناچاری (م)م بەجێ هێشت و هاتینەوە ئێرە. ئێستا لە ماڵی باپیرماین ژوورێك و بەر هەیوانێکیان داوینێ تێی خزاوین، بەو دوو پوولەی کۆم کردبووەوە ئەژین، بەڵام ژیانێکی کولەمەرگی، هیچ ترووسکاییەکیش لەبەر دەمما نابینم.

لێرەدا گەیشتنە سەری دووڕێیان کە ئەبوو جیاببنەوە.

جوامێر سەرێکی بادا و وتی:

– خوا چاکی کات!

– خوا چاکی ناکات تا خۆت چاکی نەکەیت. ئەڵێیت چی لەگەڵت بێم تا لای ماڵی لاوە، خۆ پێت ناخۆش نییە؟

– نا، بەپێچەوانە زۆر زۆریشم پێ خۆشە. بەڵام حەز ئەکەیت با بەکۆڵانانا بڕۆین هەم دووریش ئەکەوینەوە و هەم کەمترین خەڵکیش ئەمانبینێ.

– باشە ئارەزووی تۆیە.

ماوەیەك بێدەنگ ڕۆیشتن. جوامێر بیری لەوە ئەکردەوە کەوا پاش ئەم داوای لەگەڵ هاتن کردنەی شاهۆ، بێگومان بۆ ماڵی کاوە هاتنەکەشی هەروا بۆ چاوپێکەوتنی ڕووت نەبووە، بەڵام ئەبێ بۆچی هاتبێ بۆ لای و چی لێ بوێ! هەرگیز ئەوەندە گێل نییە داوای یارمەتی لەم بکات!

وەك شاهۆ ئاگای لە بیرکردنەوەکەی جوامێر بێت، لێی نزیك بووەوە و بە چرپەیەك، کە چۆڵیی کۆڵانەکە زۆر بێ جێ پیشانی ئەدا، لێی پرسی:

– باشە کاکە جوامێر وا بەربوویت و هاتیتەوە ناومان، ئەی نیازت هەیە لەمەولا چی بکەیت؟

جوامێر وەك یەکێك بیەوێت لە وەرامدانەوە هەڵبێت وتی:

– جارێ تۆ خۆت کەوا ئەوە ساڵێکە هاتوویتەوە نازانی چی بکەیت، ئەی منێ کەوا هەمووی هەفتەیەك نابێ گەڕامەوە چۆن وا زوو گەیشتبمە بڕیارێك!

شاهۆ وتی:

– قسەکەت زۆر بەجێیە، بەڵام من بڕیام داوە چی بکەم (نەختێ دەنگی نزمتر کردەوە)، وتی: من بڕیارم داوە تێکەڵی شۆڕش ببم و چارەنووسی خۆم ببەستم بەچارەنووسی گەلەکەمەوە.

جوامێر پاش ئیستێکی باش وتی:

– هیوام هەیە سەرکەوتوو بیت.

شاهۆ بێباکانە وتی:

– سوپاست ئەکەم، بەڵام ئەگەر سەرکەوتووش نەبم منیش وەکو ئەو هەزاران

کەسەی تر. ئەگەرچی هیچ گومانیشم لە وەدا نییە کە لە دواییدا هەر سەرکەوتوو ئەبین!

نەختێکی تر بێدەنگ بوونەوە، جوامێر لە دڵی خۆیا پەشیمان بوو لەوەی کە ڕێی دا شاهۆ لەگەڵی بێت تاماڵەوە، ئەبوو پێی بڵێ کارێکی تایبەتیی خۆی هەیە و لێك جیاببنەوە، چی داوە لەم چەشنە قسە و باسە. لەپڕ شاهۆ وتی:

– ئەوە من کاکی خۆم، ئەی تۆ نیازت چییە؟

جوامێر دوای ئیستێك بەدوودڵییەکەوە وتی:

– من! من هێشا هیچ بڕیارێکم نەداوە! جارێ نازانم!

– نابێ، چۆن؟ قەی ناکات بڕیارێکی تەواوت نەدابێت، بەڵام هەر شتێکت لە مێشکی خۆتا گەڵاڵە کردووە. تۆ بڵێیت بەدرێژاییی ئەم دە ساڵە بیرێکت لە دوارۆژی خۆت نەکردبێتەوە؟ ئەڵێن زیندانی هەر بەهیوای دوارۆژ ساڵ ئەبات سەر، بەتایبەتی دوا ساڵی هەرخەریکی پیلان دانان ئەبێ بۆ پاش دەرچوونی.

لە کاتی قسەکردنی شاهۆدا، چەند جار هات بەبیری جوامێردا کە پێی بڵێ: دە بیبڕەوە، باوکم بیبڕەوە! ڕووی نەهات، کەچی کە لە قسەکەیا گەیشتە ئێرە. لە باتی ئەوە وتی:

– ڕاستە، ڕاستە، قسەی تۆیە.

ئێی! کەواتە ئێستە نیازت چییە کاکی خۆم؟

–نیازم ئەوەیە هەوڵ بدەم پاروویە نانم دەس کەوێت لەگەڵ ژن و کوڕەکەم لە قوژبنێکا سەری خۆمان کز بگرین، دەست بگرم بەکڵاوی خۆمەوە با نەیبات و خەریکی خزمەتی ئەوان بم. زۆرم داخ کردووە بە گەروویانا، بۆیە ئەمەوێ هۆیان بۆ بکەمەوە، ئەو ژیانەی ماومە لە پێناوی بەختیاری و خۆشیی ئەوانا بەختی بکەم.

شاهۆ، هەرچەندە لە سەرەتاشەوە بەخۆلادانی جوامێر لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ شتێکی لە دڵ گەڕابوو، بەڵام بەتەوازع و کەمدووییی بۆ لێك دابووەوە، لەبەرئەوە کە ئەم قسانەی وا بەبێ پێچ و پەنا بۆ کرد وەك لە بانێك بەری بدەیتەوە

وابوو. چونکە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ قسە پڕ دڵسۆزی و ژیرانەکانی پێشوویا نەئەگونجان. پاش نەختێ تاسبردنەوە، سەرێکی بادا و لێوێکی هەڵقورتان و بێدەنگ چاوی بڕیە چەقی ڕێگاکە.

جوامێریش، زۆرتری وەکو ئەوەی ناڕەزاییەکی دەروونی خۆی بەربەست بکات، نەختێ بەتووڕەیی و گرژی وتی:

– چییە، وا دیارە قسەکانت بەدڵ نییە؟ ئەی گوایا چی بکەم؟ بڵێ بزانم چی ترم لە دەست دێ؟

شاهۆ لەسەرخۆ پرسی: جارێ تۆ پێم بڵێ ئەوەی وتت نیازە یان بڕیار؟

جوامێر پاش ئیستێکی کورت بە شپرزەیی وتی:

– بۆ؟ فەرقی چییە؟ ئەوەیە ئیتر، نیازم، بڕیارم، ئاواتم، هەموو شتێکم هەر ئەوەتە!

شاهۆ بێباکانە وتی:

– سەیرە! چۆن ئێستە تۆ، دوای دەساڵ حەپسی و کوێرەوەریی بێ تاوان، بڕیارت داوە بگەڕێیتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت؟ هەر وەکو نەبات دیبێ نەباران! بەڕاستی دڵێکی سەیرت هەیە!

جوامێر دوای نەختێ بێدەنگیی گرژ، کەوا نیشانەی زۆرانی هێز و ئارەزووی تێکەڵ و پێکەڵی جیاوازی دڵ و دەروونی، ئاشکرا دیار بوو، پەککەوتووانە وتی:

– ئەی چارەم چییە؟ وا نەکەم چی بکەم؟ بەلای خۆمەوە ئەمە ڕێگەی هەرە چاك و ڕاستە بۆ دوا ڕۆژم. هیچ چاریەکی کەم نییە و لەمە بەولاوە کوێرەڕێیەکیش بەدی ناکەم، سەرم لێ تێك چووە، ئاگام لە هیچ نەماوە. نەك کەس هەر هیچیش ناناسمەوە، دنیا هەمووی گۆڕاوە، منیش وەك ئەسحابی کەهفم لێ هاتووە. باشە ئەی ئەگەر وا نەکەم چی بکەم! ئەم قسانەی جوامێر کەوا زۆرتر بنکەندی و هەرەسهێنانی بڕیارەکەی پیشان ئەدا، هیوایان لە دڵی شاهۆدا ژیانەوە و بەڕوویەکی گەشەوە وتی:

– جارێ تۆ لەوە بگەڕێ کە من پێت بڵێم چی بکەیت، چی نەکەیت. با لە پێش



تایبەت ترین ... کوردی
کوردیکا
@kurdica

هەموو شتێکا سەرنجێ بدەینە ئەو ڕێگایەی بەلای تۆوە ڕێگەی هەرە چاك و ڕاست و ئاسانە بۆ دەست پێکردنی ژیانی تازەت، بزانین وەکو تۆ بۆی چووی وایە؟ یان هەر ڕاست پێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆیە؟ با هەر لە سەڵدا پیا بێین. جارێ ئەو پاروە نانەت لە کوێ دەست ئەکەوێت؟ یەکێکی وەکو تۆ، داخی دە ساڵ زیندانی سیاسی بە تەختی تەوێڵەوە، بەتەمای چ پاروە نانێکە؟ کێ کار ئەدا بە تۆ؟ کام خاوەن کار ئامادەیە، شوێنکارەکەی خۆی بخاتە ژێر چاودێریی هەمیشەییی پۆلیسی سیاسییەوە، لەبەر چاوی کاڵی ماڵ و مناڵی کاکە جوامێر گیان؟ ئەمە هەمووی لە کاتێکا کەوا هیچ خاوەن کارێك نییە بەهۆی ئەم شەڕەوە کاری نەکەوتبێتە کزی و تووشی تەنگوچەڵەمەی ئابووری نەبووبێت و هەر مانگە ژمارەیەك لە کرێکارە کۆنەکانی کەم نەکاتەوە و لە هەل و بەهانە نەگەڕێ بۆ ئەوەی لەوانی کەش خۆی ڕزگار کات و دەرگای کارگەی لێ داخات و ئەو سەرمایەیەی ماویەتی لەسەرخۆ بیخوات. ئەمە ئەگەر حکوومەت دەرگای کارگە داخستنی بۆ نەکات بە مانگرتن و هاوکاری لە کردەوەی شۆڕشگێرانەدا و نەیخەنە کامپی گیراوەکانەوە. ئەمە پاروە نان. خۆ ئەو قوژبنەش کە ئەتەوێ تێی بخزێیت و سەری خۆتی تیا کز بگریت، کوا لە سەرانسەری وڵاتا قوژبنی وا ماوە کە پیاو خۆی تیا حەشار بدات، هەی ماڵوێران! لە پاشا نیازت لەم سەری خۆ کز گرتنە چییە؟ ئەگەر نیازت ئەوە بێت کە خۆت لە پۆلیسی سیاسی بشاریتەوە ئەوە دووی کڵاوی بابردوو کەوتوویت! لە هەر شارێك بیت، لە هەر قوژبنێکا خۆت مەڵاس کەیت، لای ئەمان وەکو لە بەندیخانەدا کەوتبی وەهایە. ئیستەش ئەگەر ئەم چەند ڕۆژە ئەڵێیت وا لێت گەڕاون و گوێت نادەنێ، ئەیانەوێ خۆت و دۆست و ناسیاوەکانت هێمن بکەنەوە و ترستان دەرچێت، بەشکو لە هەلی خۆیا چەند نێچیرێکی باشت پێ ڕاو بکەن. ئەگەر لەبەر ئەمە نەبوایە ئێستە وەکو سێبەر بەدووتەوە ئەبوون.

جوامێر، کە وا حەپەساو، گوێی لە قسەکانی شاهۆ گرتبوو وتی:

– تێ ناگەم پۆلیسی سیاسی چیی لە من ئەوێت! ملیان بشکێ با هەر بەدوومەوە بن. کە من هیچ نەکەم و لە هیچا نەبم و دەستم گرتبێ بەکڵاوی خۆمەوە چیم لێ ئەکەن؟

جوامێر وتی: با لەم کۆڵانەوە بڕۆین تا قسەکانمان تەواو بکەین.

پاش ئیستێك شاهۆ وتی:

– لام وایە خۆشت بەبێ گیروگرفت پێ لەوە ئەنێیت کە هەرچی چۆنێك و هەرچی چەندێك دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگریت، ناتوانی ئەوەندەی پێش گرتنەکەت توند دەست بەم کڵاوە شڕە سووکەی ئێستاتەوە بگریت. کەچی ئەوەبوو دیت چۆن ئەو هەموو گۆشەگیری و لە خەڵك خۆ دوور خستنەوە و لە ئارەق و قومار خۆ نوقوم کردنەت، کە خەڵك وەکو نموونە بۆ سەیر ئەیگێڕنەوە، بەکەڵکی هیچت نەهاتن، بری ڕۆژێکت نەکەوتن. بەناهەقی، نا گوناە دە ساڵ هاویشتیانیتە کونی زیندانەوە. ئەمە ئەوسا کە هێشتا هەر ناویشیان نەئەزانیت. ئەی ئێستە چۆن ئەتوانی ئەمە بکەیت کەوا بە یەکێ لە سەرکردەکانی خۆپیشاندانە خوێنینەکەی ٢٥ی تشرینت ئەزانن؟ وە کەوا لەسەر ئەو دە ساڵ حوکم دراوی؟ ئەوەشت بیر نەچێ کە ئەو سایەی تۆیان حوکم دا و گوێیان نەدایە دەستی توند بەکڵاوەوە گیراوت، دوژمن لە هەڕەتی گوڕ و فیزیا بوو، ئیمپریالیزم بەحسابی خۆی تازە بە سەرکەوتوویی لە شەڕ هاتبووە دەرێ و وای ئەزانی دنیای بۆ تەخت بووە. بزووتنەوەی نیشتمانی بە حەچولووری سەگ و کردەوەی چەند گێرەشێوێن و مناڵوتاڵ و هەڵمەتەکاسەیەك ئەزانی. لای وابوو کە هەر بەوەی ئێسقانێ بهاوێتە بەردەمی هەندێکیان و دارێ بماڵێ بەهەندێکی تریانا، ئیتر بزووتنەوەکە تەفروتوونا ئەبێت و دنیای بۆ ئەبێت بە ماستی مەییو. بەڵام ئەی ئێستە چۆن کە وا لە سەرانسەری وڵاتا ئاگری شۆڕش بەربۆتەوە و لە هەر چوار لاوە گوللە ئەبارێ بەسەریا و لە هەموو جێیەك ژێر پێی ڕۆ ئەچێ و وەکو سەگی هاری چوارچاوی لێ هاتووە و سێبەری خۆشی لێ بووە بە دوژمن، ئێستا ئەم قسەیەی تۆ هەر خەیاڵی خاوە و خەوی بەنگکێش! بەشەق دەستت لە کڵاو پێ بەرئەدەن و نەك هەر ئەیدەن بەدەم ڕەشەباوە، ئەی هاوێژنە ناو ئاگری نێڵە نێڵی شۆڕشیشەوە. نەك هەر بەتەنیا کڵاوەکە، بەو سەرەشەوە کە تیایەتی.

شاهۆ پشوویەکی دا و سەرنجێکی جوامێری دا بۆ ئەوەی لە کاری قسەکانی خۆی بکات. بینی بە ئەندازەیەك دڵ و گوێ و هۆشی داوەتە قسەکانی، ئەو موسڵمانە پاکە سادەیەی هێنایەوە بیر کە گوێ بۆ مەلا شل ئەکات لە کاتێکا کەوا

باسی ناخۆشیی گۆڕەوشار و تین و تاوی ئاگری جەهەنەمی بۆ ئەکات. کە زانی دەسڕێژەکەی بەر جێگەی کاریگەر کەوتووە، بێ بەزەیی لەسەر هێرشی خۆی ڕۆیشت و وتی:

– جا لەبەر ئەمە بەلای منەوە دوورنییە کە ئەم خەونە خۆشەی تۆ، لە کاتێکی ئاسایی و شوێنێکی تایبەتیدا، لە هەزار کەسا یەکێك بتوانێ بیهێنێتە دی. بەڵام لە کاتێکی وا ئاگر باران و ئاخۆران و بخۆرانا لە وڵاتێکی وەکو ئەمەی ئێمەدا، کە بووە بەدوو بەشی بە تەواوی لە یەك جیاوازەوە، دوو بەشی بەخوێنی سەری یەك تینوو، بەشێکی دەستەی دوژمنانی نیشتمان کەوا لە هێزی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستە خاین و نۆکەرە نیشتمانفرۆشەکان پێك هاتووە، ئەوی کەشیان بەرەی بزووتنەوەی ئازادکردنی نیشتمانییە. ئا لەم ڕۆژەدا، لە وڵاتی ئێمەدا گۆشەگری و دەست بەکڵاوی خۆوەگرتن، نە شوێن و نە کاتی باسکردنیان هەیە. جگە لەوەی کە هیچ یەکێك لەم دوو دەستەیە لێت ناگەڕێن بەو جۆرە بمێنیتەوە، تا تەنانەت نایەڵن ببی بە «کابراکەی لە هەردوو جەژن بوو»ش. ئەتخەنە ناو دوو شیوەنەوە، ئەویان ئەتگرێ چونکە ناوت لای پیسە و دەستی لەگەڵ تێکەڵ ناکەی، ئەمیشیان بەخایەنت دائەنێ چونکە لەگەڵیا نیت و بەم قسە و باسە دڵساردکەرەوانەت هێزی لێ ئەتەکێنیتەوە و دوژمنی بەهێز ئەکەی. بۆیە سەرەنجام هیچ چارەت نامێنێ، ئەبێ لایەك بگریت. ئەو لایەی پێویستە یەکێکی وەکو تۆش بیگرێت، ئەوەندە زانراو و دیار و ئاشکرایە، تەنیا ناوبردنیشی جنێو پێدان و بەکەر دانانێکی ڕاست و ڕەوانە، دوور لە ڕووی تۆ.

جوامێر بەدەنگێکی ماتی گڕ وتی:

– بەڵێ بەڵێ، زۆربەی قسەکانی تۆ بەجێن، بەڵام من حاڵم خراپە، نازانم ژن و ماڵەکەم چییان لێ هاتووە؟ نازانم چییان لێ بکەم؟ زۆر بێکەس و بێ دەرەتانن. گەلێ کوێرەوەرییان دیوە لە ناوچەوانی منەوە، ئەوەندە هەقیان لەسەرم هەیە کە هەر هیچ نەبێ دووچاری دەرد و مەینەتی کەیان نەکەم!

شاهۆ وەکو شتێ ماتەمینییەك دای گرت. پاش نەختێ، بەدەنگێکی پڕ بەزەیی لە سەرخۆ، وتی:

– کاکی خۆم! ژن و منداڵی تۆش وەکو هی ئەم هەموو خەڵکەی کەوا بەشی هەرە زۆریان ساڵەهای ساڵە بەدەست برسێتی و نەخۆشی و نەبوونییەوە ئەناڵێنێ بەبێ ئەوەی کە هیچ شتێکیان بەرامبەر بەدوژمنیش کردبێ، کە بگوترێ بۆیە ئەم دەردانەی کردوون بەگژا.

لێرەدا زۆر نزیکی ماڵی لاوە بووبوونەوە، جوامێر حەزی نەکرد پێکەوە بچنە بەر دەرگاکەیان، بۆیە ڕاوەستا. شاهۆش لە سەرقسەی خۆی ڕۆیشت: جا کە حاڵەکەت ئەمە بێت، ئەوانەی کوێرەوەریی ماڵ و منداڵیان و کوژران و لە ناوچوونی خۆیان و کەس و کاریان لە ڕووی ئەو خەباتەوە بێت کە لە پێناوی ڕزگاری و سەربەرزی و کامەرانیی نیشتمان و گەلدا ئەیکەن، ئەوانە فیداکارییەکەیان لە پێناوی ئازاد کردن و شاد کردنی ماڵ و منداڵی هەموانایە، لە پێناوی سەندنەوەی هەقی خورا و وڵاتی داگیرکراوی گشتمانایە، بۆیە ئەبێ شانازی بکەن بەو کوێرەوەری و دەرد و مەینەتی و کوژران و گیرانەوە، کە تووشی ئەبن.

شاهۆ پشوویەکی دا، سەر و چاوی زەردهەڵگەڕاو و گرژی جوامێری سەیر کرد، بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە وتی:

– ها، ئەوە بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

– بیر لە خۆم، لە تۆ، لە گەل، لە نیشتمان، لە منداڵەکانم، لە منداڵی خەڵك، نازانم و تێ ناگەم، سەرم لێ شێواوە! هەرچۆنێك بێت ڕابواردن و قسەکانمان خۆش و بەکەڵك بوون. خوات لەگەڵ، هیوام هەیە زوو چاومان بەیەك بکەوێت.

شاهۆ بەڕێوە بەخۆی ئەوت: ئەوەی کە لەگەڵ دەسکەوت و زیانی خۆتا بیر لە هی خەڵك و گەلیش بکەیتەوە، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو دۆزینەوەی ڕێی ڕاست بۆ یەکخستن و پێکەوە گونجاندنی دەسکەوتی خۆت و گەل و پێکەوە بەستنیان. کەواتە ڕاست ئەکات جوامێر، ڕابواردن و قسەکانمان بەکەڵك و خۆش بوون و ئەبێ زوو زوو یەکتری ببینینەوە.

## ١٢

بەیانییەك دوای بەرچایی کردن جوامێر بەلاوەی وت کەوا ئەیەوێت بچێت هەندێ قەوم و قیلەی بەسەر بکاتەوە. کە ناویانی پێ وت بۆی دەرکەوت هەندێکیان مردوون و زۆریشیان لە شوێنی جارانی نەماوە. جوامێر وتی:

– بەم پێیە بێت بە پانزە ڕۆژ بۆم بەسەر ناکرێنەوە! ئەوە چییە ئەڵێیت کەسیان هاتوچۆی ئێوە ناکەن؟

لاوە وتی:

– با هاتوچۆمان ئەکەن بەڵام ئەوەندە نا، خزمانی ماڵە خەزوورانم زۆرتر دێن و دەچن. لەگەڵ خزمانی باوکیشم جەژنا و جەژن یا بەبۆنەی ئاهەنگ و شایی و شینەوە هاتوچۆی یەکتری ئەکەین.

جوامێر بە زەردەخەنەیەکی ساردەوە وتی:

– نە بابە من چاوەڕوانی هیچ یەکێ لەم شتانەم پێ ناکرێت، خۆم ئەچم بۆ لایان. بێگومان ئەوان نەیانزانیوە کە من بەربووم، ئەگینا ئەهاتن بۆ لام.

ئەمەی وت و لێی دا ڕۆیشتە دەرەوە. یەکەم شوێن چووە ماڵی نەسرینی پوورزای، خۆشی و چۆنییەکی گەرمیان کرد. نەسرین بەدەم گریانەوە باوەشی پیاکرد لاملی ماچ کرد. ئەویش سوور هەڵگەڕا و بەبێزارییەکەوە خۆی لەناو دەست دەرهێنا و هەواڵی منداڵ و مێردەکەی لێ پرسی. نەسرین بە سەربەرزییەکەوە پێی وت: کەوا هەردوو کوڕەکەی لە لەشکری ئازادکەری نیشتماندان، مێردەکەشی ئەوە ساڵ و نیوێکە گیراوە. ئەڵێن هەتا کوڕەکانت نەگەڕێنەوە بەرنادرێیت.

ئێستە ئەمیش خۆی و کچێکی شەش حەوت ساڵەی بەجلشۆری و نانکەری بەڕێوە ئەچن. (ماڵە)ی براشی کە ئێستە وا لە شاری (ك...) کاسبی ئەکا، جار و بار دەروویەکیان لێ ئەکاتەوە هەر باشە.

لەوێ هاتە دەرێ چووە ماڵی خاڵۆزایەکی باوکی. کابرا خۆی لە ماڵ نەبوو. ژنەکەی و دوو منالی پێنچ و شەش ساڵەی لەوێ بوون، خانووەکەیان تازە چاك

کرابووەوە و سپیکاری کرابوو، ژن و منداڵەکانی تێری و تەسەلییان لێ ئەباری، دوای خۆشی و چۆنی، هەواڵی مێردەکەی لێ پرسی کە لە کوێیە و چی ئەکات.

ژنەکە بەلووت بەرزییەکەوە وتی:

– مەئموورە، لە دایەرەیە!

جوامێر بە حەپەسانێکەوە پرسی:

– مەئموور؟

ژنە بەرق و فیزێکەوە وتی:

– بەڵێ مەئموور! چی تیایە! ئەوانەی بوون بە مەئموور چییان لەو زیاترە! ئەرێ وەڵڵا، لە سایەی خوا و حکوومەتەوە مودیری بانقیشە.

جوامێر کە زۆر لە شێوەی قسەکردنی ژنەکە قارس بوو بوو بە قێزێکەوە وتی:

– مودیری بانق؟ سەیرە! مەجیدی خاڵۆزام خوێندنی سەرەتاییی تەواو نەکردووە، چۆن مودیری بانقە؟

ژنەکە بە تەوسێکەوە وتی:

– بەخوا بابە خزمی چاکیت! ئەوی بێگانە پێی ڕەوا بینیوە تۆ پێی ڕەوا نابینیت. ئەوە بۆچی لە عاستی ئێمە وایت کاکە جوامێر!

– مەسەلە ڕەوا بینین و نەبینین نییە خوشکم! بیر لەوە ئەکەمەوە کە لەبەرچی بێگانە ئەم شوێنەی پێ ڕەوا بینیوە؟!

ئەمەی وت و بە تووڕەیییەکەوە هاتە دەرێ. لەبەر خۆیەوە ئەی وت بێگومان دەستی لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کردووە بۆیە وا پێش خراوە. بەڵام من هەقم چییە بەسەرەوە، بۆچی وا قوشقی بووم؟ ڕەنگە لووتبەرزیی ژنە بێ ئابڕووەکەی وای لێ کردبم. بەڕاست ئەوە چی بوو خۆ ئەتوت تیاترۆیە. قەی چێکا ژن لە ماڵی خۆیا چی لەبەر کات. من هەر بەتەواوی شووڵم لێ هەڵکێشا، ئەتوت بۆ شەڕکردن چووم نەك بۆ بەسەر کردنەوە. ڕێی تێ ئەچێ ئەو کوێرەوەرییەی نەسرینی پوورزامم تیا دی دەستی هەبێ لەو تووڕەبوون و شەڕ پێ فرۆشتنەما.

زۆر ناخۆشە لایەك لەسەر هەق وا تووشی جەزرەبە ببێ و لایەکی کەش لەسەر ناهەق وا دەرگای خێر و بێری بۆ بخرێتە سەر پشت! لەم بیرکردنەوانەدا بوو، باش ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەمابوو، کابرایەکی کەڵەگەتی ڕەشکەڵەی لێ هاتە پێشەوە و سەرێکی بۆ شۆڕ کردەوە، تا باشتر سەرنج لە دەموچاوی بدا، ئەوسا بەخۆشییەکەوە وتی:

ئەوە تۆی کاکە جوامێر. دەك بەخۆشی و خێر بگەڕێیتەوە، ئەوە کەی هاتوویتەوە؟ بڵێم چی خۆ ڕۆژەکەی لەوانەش نییە پیاو گلەیی لە دۆست و برادەران بکات کە لە هاتنەوەت ئاگاداریان نەکردووم. ئێی ئێستە چۆنی! لە کوێ بوویت؟ چاوم ڕوون بووەوە.

جوامێر بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆی پێویست نەبوو کە بزانێ خاوەنی ئەم دەمرێژی قسەیە(*) وەسمانی کۆنە دراوسێی ماڵی خاڵی باوکێتی، کە تا پۆلی شەشی سەرەتاییش لە قوتابخانە پێکەوە بوون.

دوای نەختێ قسەکردنی بێ ئامانج وەسمان لێی دووپات کردەوە:

– ئەوە لە کوێ بوویت؟

جوامێر سەرێکی داخست و دوای ئیستێکی کورت وتی.

– ویستم سەرێکی ماڵی مەجیدی خزمم بدەم، بەڵام، بەخوا نازانم بڵێم چی، کاشکی نەچوومایە!

وەسمان بەبزەیەکی مانادارەوە سەیرێکی جوامێری کرد و هیچ ورتەی نەکرد. جوامێر لەسەر قسەی خۆی ڕۆیشت:

– سەیرە! ژنەکەی ئەڵێ مەجید ئێستە مودیری بانقە. تێ ناگەم لە کاتێکا ماڵ نییە یەکێکی گیراو یا کوژراو یا هەڵاتوو نەبێ، نەخوێندەوارێکی وەکو مەجیدی خزمم چۆن ئەکرێت بەمودیری بانق؟ بێگومان جاسووسییان بۆ ئەکات. ئەی چی! هەر ئەبێ وابێت!

وەسمان کەوا هێشتا هەر سێبەری بزە مانادارەکە بەسەر لێویەوە مابوو، سەری

(*) دەمرێژی قسە، وەك دەسرێژی تفەنگ.

داخست و دیسانەوە هیچ قسەی نەکرد. جوامێر بەسەرسوڕمانێکەوە وتی:

– ئەوە چیتە هیچ قسە ناکەیت؟ بزانم دەمت بوو بەتەڵەی تەقیو. چییە، لە بەر جاسووسی نەکراوە بەمودیری بانق، ها؟ وەسمان زۆر لەسەرخۆ وتی:

– نەء!

– ئەی لەبەر چی؟ کەواتە ئەیزانیت.

– لەبەر گەوادی، قوربان!

ئەم قسەیەی وەکو تێسکەی تفەنگ هاویشت و لێی دا ڕۆیشت.

کە جوامێر کەوتە ڕێ بەرەو ماڵی پوورە خەجاوی هەر سەری بائەدا. لە پاشا بەڕقێکەوە تفێکی کردە ئەرزەکە و وتی:

– کەریمی هاوڕێی بەندیخانەم بەدرۆی نەبوو کە هەمیشە ئەیوت: «ئەمڕۆ ڕۆژی گەوادە..!» سەری ژنی بەگۆڕی بابی مەجید، من چیمە بەسەرەوە، بۆچی پێی سووك ئەبم. کێ ئەزانێ ئێمە هەر خزمیشین. جگە لەوەی کەوا من ناوم لە دەفتەری زۆر کەسیشا کوژراوەتەوە. کێ حساب بۆ من ئەکات یا حسابی ئەو لەگەڵ من ئەکات. خوا بیکردایە زوو دەستم بگەیشتایەوە کاڵێ و هیوا شەرت بێ بمبردنایە بۆ وڵاتێ بە ساڵێك یەکێکی ناوی ئەم شارەی نەبردایە! ئەرێ بەڕاست چی بکەم بۆ پارە! بۆچی سەرێ لە خانۆچکەکەم نەدەم بزانم چیی لێ هاتووە؟ ئەگەر کرێچی کاولی نەکردبێت ڕەنگە ئیمڕۆ پارەی چاك بکات. وەکو بیرم بێت بەپێی نامەیەکی لاوە شەقامێکی پانیان بەبەردەمیا بردووە، نرخی زیادی کردووە. ملی ڕێی گرت، بەڵام ئەوە چییە کوا هیچ خانوو دیار نییە! تۆ بڵێی ڕێگاکەی لێ تێك نەچووبێت.

– نەختێ سەرنجی دایە خانووەکانی تەنیشتی، ئەوە ماڵی میرزا سەعیدە، ئەوە شانشینە ڕووخاوەکەیەتی هیچ دەستی لێ نەدراوە، ئەوە ماڵی ڕەشەی ڕەنجبەرە وەکو دوێنێ بیریەتی، کە چوو بەئامەخانی ژنی وت بچێ ئاگای لە کاڵێ بێت تا ئەم ئەچێت مامانی بۆ بانگ ئەکات و دێتەوە. تەنیا خانووەکەی ئەمان دیار نییە، ئەڵێیت لەسەر کاغەز بووە و بەلاستیك سڕراوەتەوە! شوێنەکەی تەخت و پاك وەك لەپی مست وایە. لە پڕ هات بەبیریا کە ئەمە یەکەمجار نییە تەختانی وای تیادا

ئەبینێت. هەر ئەمڕۆ هەشت نۆ شوێنی وەکو جێ ماڵەکەی خۆیانی تیا چاو پێ کەوتووە. هیچ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی پێ ناوێت. ئەم شوێنانە خانوون و بەبلدۆزەر تەخت کراون. بێگومان خانووی ئەو کەسانەن کە لای میری بەتاوانبار دانراون. بەڵام ئەبێ کەی وای لێ کرابێت؟ خۆ ئینشاڵڵا بەبۆنەی بەربوونیەوە تەختیان نەکردووە! لە کاتی گرتنیشیا ئەم نەریتی خانوو تەختکردنە دانەهاتبوو. ئێستە دەی، کەی وێران کرابێ وا وێران کراوە و بڕاوەتەوە بەڵام بۆچی لاوە لەم کەین و بەینە ئاگاداری نەکردووە؟ ڕەنگە نەیوێرابێت بۆی بنووسێت. بەڵام ئەو هەتا ئەم مانگەش کە تیایا بەربووە مانگانەی ئەم کاول بووەی بۆ ناردووە، کەوا دیارە لە چەند ساڵ کەمتر نییە تەخت کراوە! ئەوە ئەو شەقامەیە کە لاوە بۆی نووسیبوو دوو خانوو بەولای هینەکەی ئەما تێ ئەپەڕێت. وای چ زۆردار و کافربابن، وا دیارە ئەیانەوێ پڕ بەپڕی وشەی ماڵوێرانکردن ماڵی پیاو وێران بکەن. ئەگینا وا بەناهەق و ناگوناهـ دە ساڵ فڕێیان دایە زیندانەوە، ماڵ بەبلدۆزەر تەختکردنی بۆچییە!

هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبەر خۆیەوە وتی:

– مەڵبەندی دڵداریمان بوو لەگەڵ کاڵێ. چەندی پێی وتم دەستی لێ نەدەم، تەنیا هەڵیگێڕمەوە و سواغێکی بدەم. بەڵام من لەبەر دایکم چاوم بەرایی نەئەهات تیا دانیشم، یا ئەبوو بگوێزمەوە یان تێکی بدەم و سەرلەنوێ دروستی کەمەوە. کۆن بوو، هیچ کرێی نەئەکرد، پارەکەشی هی کاڵێ بوو. دوای مردنی دایکی کانی و ئاوەکەیانی لە لادێ فرۆشتبوو. هەقیشی بوو، هەموو پارەکەمان ئەدا بەکرێ خانوو بێ ئەوەی هیچمان دەس کەوێت. کێ ئەیزانی تووشی چورتمی وا ئەبین! بۆ نەچم سەرێ لە ماڵی مامە ڕەشەی ڕەنجبەر نەدەم! ماڵێکی چاکن، بە چ ڕوویەکی خۆش و گەشەوە ئامەخانی ژنی هات بەپیرمەوە لەو ڕۆژە ڕەشەدا. با بچم، بێگومان کارەساتی ئەو ڕۆژەی زۆر چاك لە بیرە. لێی ئەپرسم با بۆم بگێڕێتەوە، بزانم کاڵێ چۆن مناڵەکەی بوو. هیچ مامانیان دەسکەوت! لە کوێ دەستیان ئەکەوێت. بەچییا ئەزانرێت کەوا نازێ گەڕاوەتەوە! مامانی نەهێناوە! لە کاتێکا من بەبرینداری برابووم بۆ بەندیخانە. ئامەخان ژنێکی دەم و کاوێژ

خۆشە، ئێستا داستانەکەم بەجۆرێك بۆ ئەگێڕێتەوە وەك هیچ نەقەومابێت، چەند بەدەمی خۆشە کە ئەڵێ: «هەر سەر سەلامەت بێ ئیتر باقی هیچ نییە».

لە دەرگاکە چووە پێشەوە و ئەڵقەڕێزەکەی لێ دا و ڕاوەستا تا دەرگاکەی بۆ بکرێتەوە، بەتیلاییەکی چاویش ئەیڕوانییە کەلاوەی خانووەکەی خۆی. ئا ئەوە شوێن ژووری نوستنەکەیان بوو. لەو ڕۆژە ڕەشەدا کالێ لەسەر جێگاکەی لەوێدا کەوتبوو. وای چ ڕۆژێك بوو، بڕوا و نەیەتەوە، چییە؟ ئەوە ئەڵێی کەسیان لە ماڵ نین. بەتوندتر لە دەرگاکەی دا بەڵام هیچ دەنگێ نەبوو. منداڵێکی دە دوانزەساڵە بەوێدا تێپەڕی لە دوورەوە تەماشایەکی جوامێری کرد وتی:

– مامەکە! پوورە ئامینە لە ماڵی ڕەسووڵی دارتاشە، کوڕەکەیان گیراوە. ئەگەر ئەڵێیت بۆتی بانگ بکەم؟

جوامێر وتی:

– نە گیانە قەی ناکات ئەڕۆم جارێکی تر دێمەوە، ئیشێکی ئەوتۆم پێیان نییە!

منداڵەکە لێی دا بڕوا، جوامێر پرسی:

– ئەی کوڕی باش! ئەو کەلاوە کۆنە. ماڵی کێ بووە وا تەخت کراوە؟

منداڵەکە گەڕایەوە نزیکی و بەدەنگێکی ئەسپایی وتی:

– ناوی نازانم! بەڵام ئەڵێن ماڵی پیاوێکی گەورەیە دەمێکە گیراوە!

جوامێر هەروەکو بترسێ لەوەی نەوەکا منداڵەکە بزانێ کە ئەم خۆی ئەو (پیاوە گەورەیە)یە، گورج پرسیارێکی کەشی لێ کرد:

– باشە ئەی ئەزانی ئەو ڕیزە دوکانەی بەرامبەرمان هی کێن؟

– هی ماڵی میرزا قادرن. حکوومەت دوکاندارەکانی لێ دەرکردن و دایخستن چونکە جاسووسێکیان لە بەردەما کوشت. دەستەکەیان خۆش بێ زۆر پیاوێکی خراپ بوو.

جوامێر لە باتی ئەوەی گوێی لە وەرامی منداڵەکە بێت، بیری لەوە ئەکردەوە کە تۆ بڵێیت هیواش منداڵێکی وا ژیرکەلەی زیرەك بێت! خۆزگە لێرە ئەبوون، چەند دونیا


@kurdica

ئەگۆڕرا! بەڵام چییە ئەوە لاوە هیچی دیار نییە، پێشینان جوانیان وتووە: «تێر ئاگای لە برسی نییە» ئەگینا وا بێباکانە نەئەجووڵایەوە بەرامبەر بەهێنانەوەی هیوا و دایکی. تا جوامێر لەم بیرکردنەوانە بووەوە مناڵەکە لەچاو ون بوو بوو. ئەویش لۆش لۆش ملی ڕێی ماڵی لاوەی گرت و گەڕایەوە. هیوایەکی بەو خانووچکەیە هەبوو ئەویشی هەرەسی هێنا. دەی گوێ مەدەرێ! خوا ئەکات هەر هیوا ڕاستەقینەکەی بە زوویی و بە سەلامەتی ئەگەڕێنەوە، ئیتر هەموو شتێك ئاسانە و ئەم هیوایانەی کەش هەموو دێنە دی!

## ١٣

جوامێر هەر کە چاوی بە لاوە کەوت وتی:

– بەڕاست ئەوە بۆچی تۆ نەبۆت نووسیبووم و نەپێشت وتم کەوا خانووەکەم کراوە بەجێگە پیاز؟

لاوە دوای ئیستێك وتی:

– چییە چووی بۆ گەڕەکی خۆتان؟

– هەروا ڕێم کەوتە ئەو ناوە. بەڵام تۆ بۆچی پێت نەوتبووم تەخت کراوە؟

دوای ئیستێکی درێژ لاوە وتی:

– ئەبێ بیرم نەبووبێت پێت بڵێم،

– نا بیر نەبوون لە ئیشەکەدا نییە، بۆچی بیرتە پارەم بۆ بنێری بڵێی کرێی خانووەکەتە و بیرت نییە کە بڵێیت خانووەکەت تەخت کراوە!

لاوە هیچ قسەی نەکرد.

جوامێر بەنیمچە تەریقییەکەوە وتی:

– ئۆی لێم ببوورە! ئەبوو بزانم کە تۆ بەرزتر و چاکتری لەوەی ئیشی وا بکەیت، ئەگەر بتنووسیایە خانووەکەم وێران کراوە مانای ئەوە بوو پارەکە هی خۆتە و ڕەنگە نەمەویت یا ئەوەندە لام خۆش نەبێت. ئێستا تێ گەیشتم بۆچی لێت شاردبوومەوە، لێم ببوورە!

لاوە سەری داخست و لە دڵی خۆیا وتی کابرای شاعیر چاکی ئەکرد کە خۆی بێدەنگ ئەکرد تا خەڵك مانای شیعرەکانی لێك ئەدەنەوە، ئەمجا ئەیوت هەر ئەوان لە خۆم باشتری تێ ئەگەن. ڕاست ئەمەش وابوو.

جوامێر پرسی:

– باشە ئەوە لە کەیەکەوە وای لێ کراوە؟

لاوە بەماتییەکەوە وتی:

– گیانەکەمی جوامێر ئەوەندە گوێ مەدەرە درێژەی شت، خانوو کاول کراوە کراوە ئیتر پێویست بە کەی و کێ و چۆن و بۆ ناکات!

جوامێر سەرێکی بادا وتی:

– ڕاست ئەکەی، باشە قسەی لێ ناکەم. بەڵام نازانم قسە لە مەسەلەی هێنانەوەی هیوا و دایکیشی نەکەم یا بیکەم؟ ئەوە دە ڕۆژی پێ چوو کەچی هیچت دیار نەبوو.

لاوە دوای ئیستێك وتی:

– هەقتە، لێم ببوورە! لەم ڕۆژانەدا نەختێ سەرم قاڵ بوو، لە سبەینێوە خەریك ئەبمەوە. باشە ئێستا دونیاکەش نەختێ هێمنە.

جوامێر لە باتی ئەوەی قسە لەگەڵ لاوە بکات لە دڵی خۆیا ئەیوت: شتیکی سەیرە سەرقاڵی چی و ئیشی زۆری چی؟ من تا ئێستا نازانم تۆ ئیشت چییە! وام لێ هاتووە بڵێم هیچ ئیشێکی دیارت نییە چونکە تۆش وەکو من بەیانی ئەچیتە دەرێ نیوەڕۆ دێیتەوە بۆ نان خواردن. سەرخەوێك ئەشکێنیت، سات دەوری پێنج ئەچیتەوە دەرێ، لە حەوت حەوت و نیودا دێیتەوە. ئیتر سەرقاڵی چی! گوایە هیچ وەختی ئەوەت نییە کە زەلامێ پەیاکەی بینێری بەدووی کاڵێ و هیوادا؟ نازانم بۆچی وا کەمتەرخەم بوویت؟ ئەمە هەرگیز تۆ نیت! باشە با بزانین سبەینێ چی ئەکەیت!

***

نیوەڕۆ کاتی قاوەڵتی لاوە دیار نەبوو، کە جوامێر پرسی پێیان وت:

– چووە بۆ شاری (هـ...) چەند ڕۆژێکی پێ ئەچێت. پەلەی بوو تۆش لێرە نەبوویت بۆیە پێی نەوتی.

پێنج ڕۆژ بەسەر ڕۆیشتنی لاوەدا تێپەڕی. جوامێر زۆر تاقەتی چووبوو، بیری ئەکردەوە، لە خۆی سەری سوڕئەما چۆن توانیوێتی ئەم ماوە زۆرە ئۆقرە بگرێت بێ هیوا و دایکی. جاران بەندی بوو چارەی نەبوو، بەڵام ئەم پانزە شانزە ڕۆژەی لە ماڵی لاوەیە هیچ مانای نییە. هەر چۆنێك بووایە ئەبوو مشوورێکی هاتنەوەیان بخوات. ئەوی ڕاست بێ هیچ دەماغێکی نەسووتاندووە بۆ ئەم ئامانجەی. تەنیا

مایەی خۆشیی بەربوون و ئازادبوونی بوو. وا لاوەش ڕۆیشتووە کێ ئەڵێ کەی دێتەوە! بۆچی خۆم هەوڵێك نەدەم؟ هەوڵی چی بدەم؟ کێ بەقسەی من خۆی ئەخاتە ئەو ئاگرەوە؟ وەکو شاهۆ و ئەوان ئەیگێڕنەوە هیچ شارییەك بەبێ (پاس)ی کاربەدەستی ئاسایش و سوپا ناتوانێ لە شار بچێتە دەرێ مەگەر لە قاچاغە ڕێوە، ئەویش مەترسیی کوشتنی تیا هەیە. مانگ نییە بیست سییەك بەم جۆرە نەکوژرێت. جا کە ئەمە حاڵ بێت کێم دەست ئەکەوێت بینێرم بەدوویانا. لەسەرێکیشەوە لاوە ناهەقی نییە. بەڵام هەر ئەبوو، کە ئەیزانی وەختی بەردانی من نزیك بۆتەوە، نەیهێشتایە بڕۆن بۆ لادێ! بەتایبەتی لەم ئاخۆران و بخۆرانەدا خەڵك لە لادێوە دێتەوە بۆ شار. هەر هیچ نەبێ لە بۆردمان دوور ئەکەونەوە. ئێستاش هیچ پێویست ناکات کە ئەم بەکەس بڵێت، تەنانەت بە لاوەش. تەنیا ڕێ ئەوەیە کە خۆی بچێت. بەڵام چۆن! بۆ مەترسیی ڕێگە ئەوە بۆ هەمووان وەکو یەکە، بەڵام ئەم سەرباری ئەو مەترسییە ترسی دایەرەی ئاسایشیشی هەیە، کە پێیان وتووە بەبێ ئاگاداریی ئەوان شوێنی خۆی نەگۆڕێت، نەخوازەڵا چوونە لادێش. لەگەڵ ئەمەشا هەرچۆنێك بێت ئەبێ بچێت، مردن و ژیان بێت! ڕەوای هەق نییە لەم ڕێیەدا لە خۆی بەولاوە کەسی تر تووشی ئازار و ئەرك ببێ. ئەوەی دایەرەی ئاسایشیش هەر قسەیە. ئەوان چوزانن کە ئەم لێرە ماوە یا گواستوویەتیەوە؟ ئەمە دوو هەفتە زیاترە هاتووەتەوە هەستی جاسووسێکی نەکردووە کە دووی کەوتبێت. ئەگەر بەسەلامەتی ڕۆیشت و هاتەوە ئەوا کەس پێی نازانێت، خۆ ئەگەر مردیش ئەوا زانین و نەزانینیان وەکو یەکە، جگە لەمەش کە ئەو چوو کاڵێ و هیوای هێنایەوە، با دایەرەی ئاسایش هەر بزانێت کە ئەم بەبێ ئاگاداریی ئەوان شاری بەجێ هێشتووە. چیی لێ ئەکەن؟ خۆ نایکوژن. ئەو پەڕەکەی ئەینێرن بۆ شارێکی تر. خۆشی ئەوەی پێ خۆشترە!

دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، لە سبەینێ زووتر نییە ئەکەوێتە ڕێ و شوێن پرسینی بەدزییەوە لە شار دەرچوون. هەر لە شار ڕزگاری بوو ئیتر هەموو شتێك ئاسانە. خۆی زۆر چاك ڕێی دێیەکەی ماڵی پووری کاڵێ شارەزایە، نە ڕابەری پێویستە و نە بەڵەد!

## ١٤

لە سەفەرەکەی جوامێرا لە هەمووی پڕ مەترسیتر لە شار دەرچوون بوو، چونکە هەموو ئەو ڕێباز و شەقامانەی کە لە شار ئەچنە دەرێ یا دێنە شارەوە خرابوونە ژێر چاودێرییەکی ورد و توندەوە. وە لەو شوێنە بەرزانەش کە بەسەر ڕێگاکاندا ئەیانڕوانی گونیە لم و شەستیری لێ دامەزرێنرابوو. ئەوی لە شەقامەوەو بە(پاس) نەچوایە شار و نەهاتایە دەرێ، بەبێ سێ و دوو، تەقەی لێ ئەکرا و ئەکوژرا. هەفتە نەبوو لاشەی چەند کوژراوێك لەبەر دەرکی سەرادا فڕێ نەدەن، بە ناو بۆ ئەوەی کەسوکاریان بیانناسنەوە و بیاننێژن، ڕاستییەکەشی بۆ ترساندن و ورە پێ بەردانی خەڵك بوو، چونکە کەس نەبوو بوێری خۆی بکات بە خاوەنی لاشەی کوژراو.

جوامێر بەتەنیا کەوتە ڕێ و بەئەقڵی خۆشی کەم مەترسیترین ڕێگای گرتبوو. بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە هەر دوای ئەوەی ئەو بە چوار چەمۆڵە لە پەنا گردێکەوە هاتە دەری شار، پڕۆژێکتۆرێك درِی دا بە تاریکی و بۆ ماوەی شەش حەوت دەقیقەیەك ئەو دەوروبەرەی پڕ کرد لە ڕۆشنایی. شریخەی شەستیر دەستی پێ کرد، جوامێر خۆی مەڵاس کرد بەئەرزەکەوە تا تەق و هووڕ بڕایەوە، ئەوسا بەسکەخشکێ خۆی گەیاندە شیوێك. لەوێوە کەوتە ڕاکردن تا لە حوکمی گوللە دەرچوو. ڕۆژی دووەم لە کاروانچیی بیست کەوا ئەو شەوە منداڵێك و ژنێك و دوو پیاو و سێ ئێستر کوژران.

خەڵك هەر لە شار بهاتنایە دەرێ ئیتر لەژێر دەسەڵاتی میریدا نەئەمان، ئەکەوتنە ژێر دەستی (ل . ا . ن). جوامێر لەگەڵ ئەوەشا کە چەند جار ئەو ڕێ و بانەی دیبوو، بەڵام بۆی نەئەناسرایەوە و هەمیشە لەو گومانەدا بوو کە بەهەڵە چووبێت. نەك لەبەرئەوەی دە ساڵ زیاتر تێ پەڕیبوو بەسەر دوا دیتنیا، ئەیزانی کە لادێی کوردستان دە ساڵی لا ڕۆژێکە بۆ گۆڕان! هۆی سەر لێ تێکچوونی ئەو وێرانییە بوو کە بەسەر ناوچەکەدا هاتبوو. یەکێ لەو چایخانانە لە سووتان، دارێك لەو باخ و پەڵە چنارانە لە فەوتان ڕزگاریان نەبووبوو، کە جاران درێژاییی ڕێگایان کورت

ئـەكـردەوە. زۆربــەی مــاڵـی ئـەو دێهـاتـەی ئـەهـاتـنـە ڕێی لـە بـنـاردا یـا بـۆمـبـا ڕووخـاندبوونی یا سووتێنرابوون و بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەش چۆڵیان کردبوو. هەندێکیان چووبوونە شار و هەندێکیشیان پەنایان بردبووە بەر شاخ، ڕۆژی یەکەم جوامێر زۆر ڕۆیشت، جگە لە قرچەی نیوەڕۆ، کە بۆ دوو سێ سەعاتێك لای دایە سەر کانی و ئاوێك، ئیتر ملی ڕێی گرت. ئێوارە ڕووی کردە دێیەك، کەوا چەند ماڵێکی تیا مابوو هەڵنەهاتبوون. ئەوانیش بەر لە هەتاو کەوتن خۆیان و منداڵ و ئاژەڵیان ئەچوونە پەنا تاوێر و کوێرە شیو و بن دار و دەوەنی دەوری ئاوایی تا ڕۆژئاوا ئـەبـوو، تـرسـی بـۆردومـان نـەئـەمـا، ئـەوسا ئـەهـاتـنـەوە دێ. کە جوامێر کردی بە دێکەیانا تازە هەندێکیان هاتبوونەوە و خەریکی ئاگرکردنەوە و چێشت لێنان و نـانـکـردن بـوون. جـوامـێر دوو پـەلاسی لـە مـاڵـێکـیـان خـواست و چووە سەربـانـی مزگەوت. تێشوودانەکەی خۆی لێ دەرهێنا و کەوتە شیوکردن. زۆر مەمنوونی ئەقڵی خۆی بوو کە تێشووی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەگینا ئەبوو بەئەرك بەسەر ئەو لادێییە برسی و ڕەشوڕووت و ماڵ لێ شێواوانەوە. بەشی بەیانیش هەڵئەگرێت. بۆ قاوەڵتییەکی درەنگ خۆی ئەگەیەنێتە (گولان). قاوەڵتییەکەی لەگەڵ کاڵێ و هیوا ئەکات. کە کاڵێ و هیوای هاتەوە بیر سەری لە خۆی سوڕما کەوا بەدرێژاییی ڕۆژ ئـەوەنـدە نـەهـاتـوون بـەبـیریـا، کە هـاتـبـیشن ئـەوەندەی تـیـا نـەمـاونـەوە! بێگومـان مەترسیی ڕێ، بیرکردنەوەی لە لێپرسینەوەی میری، بەجێهێشتنی بێدەنگیی ماڵی لاوە، کاولی و ماڵوێرانی و ڕێ و بان تێکچوون و ئەو کوێرەوەری و ئازارەی خەڵکی تیا ئەژیان مێشکی پڕکردبوو، بەجۆرێك کەوا خەریك بوو تەنگ بە کاڵێ و هیواش هەڵبچنێ. چاوێکی بەپێخەف و لبادەشڕ و سەرینە باگردێنییەکەیا گێڕا، کەوا تا ئەو کـاتـە لـەبـەر مـاندوویـەتـی و لـە بـرسا نـەیپـەرژابـوو تـێیـان وردبـێتـەوە. سەرینـەکەی گەمڕەیە چڵك و ئارەق و خۆڵ دایان پۆشیبوو، نەئەزانرا ڕەنگی پێشووی بەرگەکەی چی بووە. لێفەکەشی کەنارەکانی چڵك ئابلۆقەی دابوو، بەرگە خامە سوورەکەی لە دوو سێ لاوە دڕابوو، لۆکەیەکی بۆری کولکنی لێوە دەرکەوتبوو. پشتەکەشی، کەوا چیتێکی سەوز بوو، چووبووەوە و چەند پەڵەیەکی گەورە شتی پیاڕژاو یا میزی منداڵی پێوە بووبوو بە نەخش! لبادەکەی ژێری لە هەموویان پاکتربوو، تەنیا جێگەی

چەند ژێر پیاڵەیە چای لەسەر دانراو و شوێن سووتانی چەند جگەرەیەکی پێوە دیاربوو. چڵکنی و پیسیی نوێنەکانی ئەو ڕۆژەیان بیر خستنەوە کە تیایا حوکم دران و بران بۆ زیندان. وای چ جلك و نوێنێکی پیسیان دانیێ! بەڵام هەر قەی ناکات، ئەمان بەندی بوون و بەحسابی میری گوناهکار بوون، جل و نوێنی پیس و چڵکن بەشێك بوو لە سزاکەیان. بەڵام ئەم لادێییە هەژ بەسەرانە لای خۆیان و بەهەموو حسابێکیش بیێ تاوان و ئازادن، بۆچی ئەبێ ئەمە حاڵی بەرگ و نوێنیان بێت! هیچ دووریش نییە ئەوەی دراوە بەم نوێنی هەرە پاك و چاکی ماڵەکەشیان بێت، بەخێریێ بۆ میوان هەڵگیرابێت. زەردەخەنەیەکی تفت سەر لێوی گرت. سوورە چناری پیری مزگەوتەکە چەمابووەوە بەسەر سەربانەکەدا. بە ڕۆژ سێبەرێکی خۆشی ئەکرد بۆ دانیشتووانی سەر سەکۆ و بەردە نوێژ و حەوزەکەی، لەو سەردەمەدا کە ترسی فڕۆکە دێیەکەی بەڕۆژ بەخەڵکەکەی چۆڵ نەکردبوو. بەڵام بەئێواران ماتەمینی و تەنگییەکی بیێ ئەندازەی ئەخستە دڵەوە، یا هەر هیچ نەبێ ئەو ئێوارەیە بەلای جوامێرەوە وەهابوو. پڕی کرد بەپێخەوەکەیا و ڕایەخەکەی ڕاکێشا و هەتا توانی و بانەکە بەدەمییەوە بوو، وە (شوێن و جەماعەتی) دوو سیێ نوێژکەری سەربانەکە ماوەی دا لە سێبەری پیرە سوورە چنار دوور کەوتەوە. سەڵتە ڕێیەك لە گردەکەی بەرامبەریەوە ئەکشایە ناو دیێ، وا دیاربوو هەموو ئاوایی لەودیوی ئەو گردە خۆیان شاردبووەوە، چونکە وەکو ڕێچکەی مێرووله مەڕ و ماڵات و ژن و منداڵ پیا ئەهاتنە خوارەوە. تا تاریکی تارماییشی لیێ کرد بەژێر خۆیەوە چاوی لیێ نەتroووکاندن، ئەگەر چی زۆر جار خەیاڵی ئەوەندە دوور ئەکەوتەوە نەك تارمایی سەر ئەو باریکە ڕێیە، قەدی ئەستووری سوورە چنارەکەی بەردەمیشی نەئەدی.

کابرایەکی نوێژکەر هات بەلایەوە، وا دیاربوو تینووی قسەو دەنگوباس بوو، بەڵام جوامێر ئەوەندە بەساردی وەرامی دایەوە زاتی هەڵترووشکانی نەبوو، هەر بەپێوە یەك دوو پرسیارێکی تیێ گرت و لێی دا چووەوە بەلای بەرماڵ و نوێژ و هاونوێژەکانی خۆیەوە و کەوتنە تەنووری قسە داخستن و ئاشی خەیاڵ خستنە گەڕ. جوامێریش لە پێشەوە گوێی بۆ هەڵخستن بەڵام لەپاش نەختیێ تاقەتی لێیان چوو. سەرێکی لبادەکەی ژێری پێچا لە پێڵاوەکانییەوە و سەری خستە سەر و لێی

پاڵکەوت. دوای نەختێ ئەمدیو و ئەودیوکردن بەپەلە هەستا چوو سەرینە وەك باگردێنەکەی هێنایەوە کەوا لەبەر زلی لەبن لق و پۆپی سوورە چنارەکەدا، لە شوێنەکەی پێشووی جێی هێشتبوو. نەختێ بەچەپۆك خەریکی نزمکردن و پانکردنەوەی بوو، لە پاشا سەری کردە سەر و دوای چەند جار ئەم دیو و ئەو دیوکردن بێدەنگ بوو. ئەوەندەی نەخایاند بەپێچەوانەی جارانی پرخە پرخی پێ کەوت. کە هەستا مانگ ڕمێ زیاتر بەرز بووبووەوە. خۆی گورج کردەوە و نوێنەکانی بردەوە بۆ ماڵی خاوەنەکەیان. هەرچەندە حەپەی سەگ نەشیهێشت، وەکو حەزی دەکرد، بێدەنگ بیخاتە سەر دیوارە نزمە مووریـنەکەی(*) خانووەکەیان و ملی ڕێ بگرێت و بڕوات. مانگ لە چارەکی سێیەمیا بوو، بەتریفەی زیوینی دەشتودەر و کێووکەژی ڕووناك کردبووەوە. دارودرەختی لاڕێ تێکەڵی سێبەرەکانیان کردبوو، وەك گرد و تەپۆڵکە لە دوورەوە ئەهاتنە بەرچاو. زۆر لە ئەستێرە ورد و دوورەکانی ئاسمان بەتریفەی مانگ و نزیکیی بەیان لە چاو ون کرابوون، تەنیا چەند ئەستێرەیەکی گەش لەملاولاوە پەنجەیان لە پەنجەی مانگ ئەدا، بەڵام بەجریوەجریوی زۆر و ڕەوتی خێرایانا لە چاو مانگی مەنگ و لەسەرخۆدا ئەتوت مناڵە وردکەی تازەی نەدیتکەن بە جلە تازەکانیانەوە خۆیان ئەنوێنن. دنیا فێنك و کشومات بوو، جگە لە دەنگی پێی خۆی کە بەزیادەوە ئەهاتە گوێی، تەنیا دەنگێك کە ئەهات سیرەی بێدەنگی بوو کە بەمناڵی پێیان وتبوو خوڕەی ڕووباری بەهەشتە دێتە گوێ. بیری ئەکردەوە لە دونیا، لە ئاسمانی بێ بن و پایان، لە ئەستێرەی بێ ژمارە، لە ڕابوردوو، لە دوا ڕۆژ، لە شۆڕش، لە ژیانی ئەو خەڵکە، لە خۆی، گڕگڕ مێشکی ئەهاتەوە سەر کاڵێ و هیوا، بەڕاستی نەئەبوو لاوە بهێڵێ لەم ئاخۆران بخۆرانەدا بێن بۆ لادێ. خەڵك لە لادێوە ڕا ئەکاتە شار. چ لادێییەکی قوڕبەسەر جێی خۆی و ماڵ و مناڵی بۆ ماوەتەوە تا بە جێگەی میواندا بگات! بێگومان ئەبێ لاوە لێیان بێزار بووبێت، هەقیشێتی ئەبێ هەر جەرگیان دەرهێنابێت. بە قسە خۆشە دە ساڵ خزمەتی ژن و مناڵ بکەیت، ناخۆشتر لە هەمووی ئەوەیە هەرچییەکیان بۆ بکەی ناتوانی دڵخۆشیان کەیت

---

(*) موورین: دیواری لە قوڕ دروستکراو، قوڕین.

وەك خۆت ئەتەوێت.

لە پڕ خەیاڵێك هات بەمێشكیا دڵی گوشی، هیچ دوور نییە ئەوانیش وەكو ئەم هەموو دێهاتییانە بەڕۆژ دێیەكەیان چۆڵ نەكەن و نەچنە شا خ و پەنا بەرد و گەوركی(*) دەوریان! بەم پێیە ئیمڕۆش چاوی پێیان ناكەوێت. واتە خۆ كوتانەكەی بێبەر ئەبێت. ئەمەی پێشتر بەبیرا بهاتایە ئەوەندە زوو هەڵنەئەستا و لە هیچە خۆی لە خەو نەئەكرد و شەوی نەئەبەست بەكۆڵەوە. «دەی تازە واهات! لێرەودوا خۆم ئەخافڵێنم كە دوای زەردەپەڕ بگەمە ئاوایی. چی بكەم، هەر لە نیوەڕۆوە وەكو قازی كوێر بەتاقی تەنیا لە دێیەكی چۆڵا!».

جوامێر گوڕ و گوژمی جارانی خاو بووەوە. چاوی بڕیبووە چەقی ڕێگەكە و لەسەرخۆ ئەڕۆیشت. جاروبار گەرما تینی بۆ ئەهێنا لای ئەدایە ژێر سێبەری درەختێكی لاڕێ كەوا لەم ناوچەیەدا دەستی دوژمنی نەگەیشتبوویە، ماندوویێتیی خۆی ئەحەسانەوە و ئەكەوتەوە ڕێ. چێشتەنگاوێكی درەنگ بوو، بەواق وڕمانێكەوە چایخانەیەكی نەسووتێنراوی بەدی كرد. بەدرێژاییی ڕێ هەموو چایخانەكان كاول كرابوون. ئەوەی دەستی حكوومەتی گەیشتبوویە سەرباز سووتاندبووی، ئەوی دەستیشی نەگەیشتبوویە بەفڕۆكە لە ئاسمانەوە بوردومان و ئاگرباران كرابوو. بەدەست لێنەدراوی، مانەوەی ئەم چایخانەیە لێرەدا بەلای جوامێرەوە شتێكی سەیر بوو. كە چووە پێشەوە لێی، چەند تەختە و كورسی و تەپڵەكی شەقوشڕ ئاگردانێكی ساردوسڕ هەموو دیمەنی چایخانەكە بوون. لەبەر خۆیەوە بەدەنگێكی نەختێ بەرز وتی:

– چایخانەی چی؟ خۆ كاولترە لەوانەی ڕووخێنراون. دڵم خۆش بوو وتم چایەك ئەخۆمەوە!

چووە سەر یەكێ لە تەختەكان دانیشێت، كە ویستی پاڵ بداتەوە دەرگای ژوورێكی لە ناو چایخانەكەدا بەدی كرد. بەر لەوەی هەستێتە سەر پێ بچێ بزانێ چییە، دیی منداڵێكی ڕووتەڵەی چڵكنی دەموچاو ڕیپۆقاوی دەستێكی گرتبوو بەبەر

---

(*) گەورك: شوێنی سەختی شاخ، ئەشكەوت.

چاویەوە، ملی لار کردبووەوە بزانێ ئەو زەلامە کێ بوو دەنگی ئەهات. جوامێر ئەمەی بە هەل زانی وتی:

– کوڕی باش ئەوە بۆچی چاتان نییە؟

منداڵەکە لە باتی وەرامدانەوە بەپەلە گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکە. ئەوەندەی نەخایاند ژنێکی هەرزەکاری سەرو پۆتەڵاك شێواوی خەواڵوو نیوەی لە دەرگاکەوە هێنایە دەرێ و تەماشایەکی پڕ ترس و سامی ئەملا و ئەولای خۆی کرد. کە دی ئەوی لێی ئەترسا ئەوە نییە هاتە ناو دەرگاکە و بانگی کرد:

– ئەوە کێیە؟

جوامێر، دوای گەڕانەوە ژووری منداڵەکە، نائومێد لە چا خواردنەوە خۆی لەسەر تەختەکە پاڵ خستبوو، تا سەری هەڵنەبڕی لە دەنگی ژنە یەکتریان نەدی، ئەوسا وتی:

– ئەوە منم خوشکم، ڕێبوارم ئەپرسم ئەگەر چاتان هەبێ یەك دوو چام بدەنێ!

ژنە بەر لە وەرامدانەوە ئیستێکی کرد و سەرنجێکی ئاودامانی جوامێری دا ئینجا وتی:

– فەرموو وەرە لای سەروو هەر ئێستە چات بۆ لێ ئەنێم.

جوامێر وەك خێری پێ بکەن بەترسێکەوە پرسی:

– ئەی نیتانە دوو هێلکەشم بۆ بکولێنن یا بیکەن بە هێلکە و ڕۆن؟

– بەڵێ هەیە، کامیانت بۆ بکەم؟

– ئەگەر زەحمەت نەبێ هێلکە و ڕۆنەکەم لا خۆشترە، بەڵام تێکی هەڵمەدە.

– باشە بەسەرچاو. ژنە ئیستێکی کرد و پرسی: وا دیارە کاکە خەڵکی ئەم ناوە نیت؟

جوامێر خەریك بوو بپرسێ چۆنت زانی لە پاشا ترسا لەوەی درێژە دان بەقسە زۆر لە ئافرەتەکەی نزیك کاتەوە، کە دیاربوو نەك هەر ئێسك سووك، تەنیا و دەستەمۆش بوو. بۆیە سەرێکی لەقاند و بێدەنگ بوو. بەدەم قسەوە هاتە لای کورسییەکانی نزیك


تایبەت ترین ... کوردی
کوردیکا
@kurdica

دەرگای ژوورەکەوە، لەسەر هەرە دوورەکەیان دانیشت. ژنەش خەریکی چا لێنان و هێلکەوڕۆنکردنی خۆی بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو هەر بەتاوەکەوە لەگەڵ دوو سێ خەپلە لەسەر سینییەکی تەنەکەی کۆن هێنایە بەردەمی. خۆشی چوو لەو بەرییەوە لەسەر کورسییەك لێی دانیشت. هێشتا باش جێی بەخۆی نەگرتبوو وتی:

– کاکە نازانم بە چاوە حەزی لێ ئەکەیت یان چایەکەت لە دواییدا بۆ بهێنم؟

– لە دواییدا باشترە.

نەختێ بێدەنگ بوون. لەم ماوەیەدا دوو سەگ بەکلکەلەقێ و مل خوارکردنەوە زۆر چڵێسانە لە جوامێر هاتنە پێشەوە، کەوا بەدەم پاروو جوونەوە خەیاڵی ڕۆیشتبوو بۆ لای کاڵێ و هیوا، تا سەگەکان تەنگیان پێ هەڵچنی و خەیاڵیان پێ بڕی. سەرو لەت کولێرەی بۆ تووڕدان، هەر بەئاسمانەوە قۆستیانەوە و حلووشیان کرد. بەناچاری سەر و پارچەی کەی بۆ فڕێ دان. لەبەر خۆیەوە وتی:

– وا دیارە زۆریان برسییە.

ژنەکە، کە وەها دیاربوو لە بیر جوامێر چووبووەوە، لە پڕ وتی:

– ڕێبوار و هاتوچۆکەرمان نەماوە، ئێمەش و ئەوانیش برسی کەوتووین، ئەگەر وا بڕوا هەموو ئەمرین لە برسانا. تۆ یەکەم کەسی لەم هەفتەیەدا ڕوومان تێ بکەیت. تا مێردەکەشم نەگیرا بوو هەر باشتر بوو، ئەحمەد و مەحموودێکی بۆ ئەکردین. بەڵام ئەوەتەی ئەو گیراوە، بەناشکوری ناڵێم، دەرووی ڕەحمەتمان لێ چۆتە بەست. بیۆڵەتی لێرەشا بووەستێ هەر چاکە! ئەترسم ئەو بکوژن و چایخانەکەشمان بسووتێنن.

ئەم سکاڵایەی ژنە دڵی جوامێری جووڵاند، بە پەرۆشێکەوە پرسی:

– مێردەکەت بۆ گیراوە!

ژنە ئیستێکی تەواوی کرد و سەرنجێکی باشی جوامێری دا، سێبەری چایخانەکە نەختێ شوێنەکەی تاریك کردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– بۆ بەدبەختی مێردەکەم لەلایەن (ل . ا . ن)ەوە گیراوە!

– جوامێر پەشیمانییەکی زۆر گرتی بەرامبەر بەخۆ تێ هەڵقورتاندنەکەی، چونکە بیستبووی (ل . ا . ن) خەڵك لەسەر چی ئەگرن. لەگەڵ ئەوەشا بەنابەدڵییەکەوە پرسی:

– لەسەر چی گرتوویانە؟

ژنە وەك چاوەڕوانی ئەم پرسیارە بوو یان زۆرجار لێی کرابێت گورج وتی:

– چونکە چایخانەکەمان نەڕووخێنراوە!

جوامێر لەبەر خۆیەوە وتی:

– چۆن؟ چایخانەکەتان نەڕووخاوە، ئینجا گوناهی ئێوە چییە؟

وەك لەگەڵ پرسیارەکەیا وەرامێکی دەمکوتکەری هاتبێ بەمێشکا هەتا ئەهات قسەکەی خاوتر ئەکردەوە. ژنە وتی:

– ئەڵێن ئەگەر جاسووس نەبوونایە میری چایخانەکەی ئێوەشی کاول ئەکرد! جا توخوا ئەمە ڕەوای هەقە؟ لە پیر و مەشایەخانم گەرەکە ئەگەر ئێمە خراپەی شۆڕشمان ویستبێت خۆم و مێرد و هەرسێ منداڵەکەم نەگەینە ئێوارە. خۆ ئەگەر بێ گوناهیشین ئەوا سەبەبکارمان بەکوێ زووخاڵ بێت. من خۆم ئەزانم ئەمە داری کێیە دای بەڕۆحمانا.

قەی ناکات خوا هەقی بزنی شاخدار بەسەر بێ شاخەوە ناهێڵێ.

هەردووکیان بێدەنگ بوون... پاش نەختێ ژنە پرسی:

– ئێستە چایەکت بۆ بێنم؟

– ئەرێ بەخوا، بەڵام زۆر پڕ ڕەنگ نەبێ.

جوامێر چای دووەمی ئەخواردەوە ژنەکە وتی:

– ئەڵێیت جگەرە ناکێشیت؟

– بەرێ وەڵڵا ئەیکێشم بەڵام وەکو شتێ بیرم چوو، کە ئەویش نیشانەی خێرە، واتە ئەتوانم تەرکی بکەم و خۆم لەو ئەرکەش ڕزگار بکەم!

ژنەکە بەپێکەنینێکی شەرماوییەوە ویستی قسە بکات، جوامێر بە تەریقییەکەوە وتی:

– لێم ببوورە! فەرموو ها ئەوە پاکەتی جگەرەکەم.

وای وت و پاکەت و شقارتەکەی بۆ هاویشتە سەرمێزەکەی بەردەمی، ئەویش بێدەنگ هەڵی گرت. جگەرەیەکی لێ تێ کرد و پاکەت و شقارتەکەی خستەوە تەنیشت جوامێر، کە وا بیری لە شوێنێك ئەکردەوە دەست و پلی لێ بشوا و دەستی تیا بەئاو بگەیەنێت. لە ژنەکەی پرسی:

– بەڕاست خەڵك لە کوێ دەست ئەشۆن؟

ژنە هەستا لە پاکەتە جگەرەیەکی کۆنا بنیسکەیە سابوونی بۆ هێنا و پێی وت:

– بچۆ سەر کانییەکە، ئەوەتا لە پشت چایخانەکەوە، جۆگەلەکەی ئەتباتە سەری.

جوامێر لە دەست شتن ئەگەڕایەوە بیری لە ژنەکە ئەکردەوە. زۆر کەوی دیارە، دەست پیاوی خۆی کەوێت بستی بەقەرز نادات. ناشیرینیش نییە، چی؟ ناشیرین! گوناهە پیاو نەڵێ ئێسك سووکە. ئەم تەنیاییەش هەلێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی لە شتی وا ئەگەڕێن. بڕۆم باشە. نەبەخوا ئەگەر پارچە سیپاڵێکی هەبێ بمداتێ لەو بن تووەدا سەرخەوێ بشکێنم و دەمە دەمی عەسر بکەومە ڕێ لە هەمووی چاترە. بەم قرچەقرچی گەرمایە بچم بۆ کوێ؟ هەمووی ڕێگەی سەعاتێکم ماوە، سەر ئەو یاڵە ئەکەوم و باسکە درێژ ئەبڕم، ئەگەمە ئاواییەکەیان. هەر چەندە ماڵی پووری کاڵێ لەوپەڕی دێشەوەیە بەڵام هەر گەیشتە دێ گەییووەتە ئەوێ. ژنەکە کلیم و سەرینێکی پاکی بۆ هێنا. پێشی وت کە لە ژێر سێبەری چایخانەکەدا بنوێ چاترە، لە دەرەوە مێش و مەگەز ئەیخۆن. پێش ئەوەی جوامێر دەم هەڵهێنێتەوە قیژەی گریانی یەکێ لە مناڵەکان دایکەی بەڕاکردن بردەوە ژوورەکە و جوامێریش بەپەلە خۆی گەیاندە ژێر دار تووەکە و لێی پاڵ کەوت و دەسەسرەکەی دا بەدەم و چاویا. نەیزانی چەند خەوی لێ کەوت، کە لە دەنگە دەنگی ژنە و مناڵەکانی خەبەری بووەوە. لە پێشەوە خۆی کرد بەنوستوو، بەڵام بێهوودە بوو خەوی لێ نەکەوتەوە. ژنەکەش کە بەژوور سەریەوە وەستابوو بارگۆڕینێکی ئەمی بەهەل زانی وتی:

– هەستە تەیارە هاتووە، بەسەرمانەوە ئەسووڕێتەوە خوا بمانپارێزێت! نازانم

لە ژێر درەخت باشە یان نا؟ لەگەڵ ئەوەشا کردوومە بەخوو هەر ویزەی تەیارە هات پەلبی منداڵەکانم ئەگرم و ئەیانهێنمە ژێر ئەم دارتووە. ڕەنگە جێیەکی خراپ نەبێ، مەڕومالات و ولاخمان لە دەرەوە نییە. ئەڵێن ئاژەڵ و کاروان و شتی وا باش بەدی ئەکات.

جوامێر کە دی مەسەلە گرنگە و ژنەش وا دیارە بڕیاری داوە کە نەیەڵێ بنوێت، بەناچاری هەستا دەموچاوی شت و بۆ ئەوەی ئۆباڵی لە خەو هەستانەکەشی بخاتە ئەستۆی ژنە پرسی:

– ئەوە چییە هێناوتن بیانشۆیت؟ بەڕاستی زۆر چڵکنن، ڕەوای هەق نییە ئەم کانی و ئاوەتان لە بن دەستەوە بێت و منداڵەکانیشت وا پیس بن.

– شتنی چی کاکی خۆم تەیارە هاتووە تەیارە، هەر ئەوەندەت زانی گەڕایەوە سەرمان. ئای هەژ بەسەرم ئەوە گرمەی بۆمبایە. تۆ گوێ بگرە گوێ بگرە! ئەوە دوو، خوا ئەزانێ ماڵی کێی وێران کردبێت. لەگەڵ قسەکەیا گڤەی فڕۆکەیان پتر لێ نزیك بووەوە تا لە پڕ وایان زانی بەسەر سەریانا تێ ئەپەڕێت، تەنانەت ژنەکە سەریشی دانەواند وەیزانی وا نەکات بەر سەری ئەکەوێت. گڤە و هاڕەی فڕۆکەیان لە گوێ نەچووبووە دەرێ دیسانەوە هاتەوە بەسەریانا تێپەڕیوو. لەگەڵ تێپەڕبوونیا دوو گرمەی زل و لەرینەوەی ئەرزەکە تێی گەیاندن کەوا لە نزیك ئەوان بۆمباکانی داوە بەزەویدا. جگە لەمە لەبەر چالاییی شوێنەکەیان چاویان لە هیچ نەبوو. ژنە لەگەڵ گرمەی بۆمباکان زریکانی وتی:

– ئەی ماڵی وێرانم بەخوا بەر چایخانەکەمان کەوت! چاوی بەد پێکاینی! پەلی منداڵەکانی بەردا و وەکو شێت ڕای کرد بۆ لای چایخانەکە. جوامێر تەکانی دایە خۆی پێی نەگیرایەوە، وەك تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو. ئەوەندەی نەخایان فڕۆکە بۆرین گەڕایەوە ئەمجا لە پێشەوە بە شەستیر کەوتە دەسرێژکردن، دوایی بۆمبایەکی بەردایەوە و لێی دا ڕۆیشت، هەمووی چەند دەقیقەیەکی خایان. جوامێر پەلی منداڵەکانی گرت، بچووکەکەیانی هەر لە لانکەکەیا جێ هێشت لەسەر کانییەکە. کە هاتە سەر بەرزاییەکە تەماشای کرد چایخانەکە وا هەڵتەکاوە داری بەسەر بەردییەوە نەماوە، لەبەر دەمیا ژنە چایچییەکەش کەوتووە، لەپەوڕوو. وایزانی بۆ

خۆپاراستن لە دەستڕێژی فڕۆکە خۆی مەڵاس کردووە. بانگی کرد:

– هەستە خوشکم بۆردومان نەما!

کە دی جووڵەی نەکرد، ڕایکردە لایەوە. تەماشای کرد گوللەیەك داوێتی لە مووڕەگەی پشتی تێکی شکاندووە و گیانی لەبەر بڕیوە. دوو منداڵەکە، کەوا لە تەمەنی ٨ و ١٠ ساڵیدا بوون، کەوتنە زاك و زریك، جوامێر لەجێی خۆی تا چەند دەقیقەیەك وەك نەمام چەقی. لە پاشا لاشەکەی هەڵگێڕایەوە سەر پشت، دی دەستی قووچاوە پریاسکەیەکی تیایە، تێگەیی کەوا چی بوو بەهۆی کوژرانی. بێگومان چەند دینارێکی پاشەکەوتیان هەیە هەڵیان گرتووە بۆ ڕۆژی ڕەش! ئاخۆ لە بنمیچ یا چ کونێکی چایخانەکەدا قایمی کردبێت و ئێستە ترسابێ کە چایخانەکە بڕووخێ یا بسووتێ ڕەنج بە با بن، وا ژیانی خۆی لە ڕێگەدا دانا. بەڵام ئێستە جوامێر چی بکات؟ خۆ دانانیشێت بەدیار ئەم منالانە و لاشەی دایکیانەوە. ئەی خۆ هەروا بەجێشیان ناهێڵێت، لەم بیرکردنەوەیەدا بوو تەماشایەکی ئەملا و ئەولای کرد، دی لاشەی سێ زەلامی تر و چوار ولاخ بەدرێژایی ڕێگاکە کەوتوون. ئێی کەواتە فڕۆکەکە ئەم ڕێبوارانەی بەدی کردووە وا کردی بەو کارەساتە. دەك داوەشێی میری بۆ خۆت و ڕەفتارت. جوامێر لە یەکێ لە منداڵەکانی پرسی، کە بەسەر لاشەی دایکەکەیانا ئەگریان:

– هیچ خزمێ، کەسێکتان نییە لەم نزیکانە؟

منداڵەکە بەهەنسکەوە وتی:

– ماڵی بابە گەورەم لە (ن ...)ە.

– باشە ئەگەر نزیکە بچۆ بانگیان کە، وا منیش ئەچم منداڵە شیرەخۆرەکە ئەهێنمە ئێرە.

## ١٥

که جوامێر کەوتە ڕێ هێشتا دوو سات و نیوی ڕۆژی مابوو. هەموو ئەو کەین و بەینە لە یەك دوو دەقیقەدا ڕووی دا. هێشتا حەپەساوی کارەساتەکە بوو، کوژراوەکانی کەی نەئەناسی. بەڵام مەرگی کوتوپڕی ئەو ژنەی، هەمووی نەختێ لەوەبەر پڕبوو لە ژیان و لاوی و تاسە و هیوا و ئارەزوو، وەکو شتێ کاسی کردبوو. کاشکی نەیناسیایە، ئەویش وەکو کوژراوەکانی تر داخێکی بێ شوێنی ئەنا بەدڵییەوە و ئەبڕایەوە. بەڵام ئێستا دوای ئەو ناسینە، هەرچەندە تا نەمرد ناویشی نەئەزانی، تا ماوە داخی لە دڵی دەرناچێت. وەیش داخم ناچێ بۆ مناڵە ساواکەی، خوا ئەزانێ مێردەکەشی ماوە یا مردووە. بەڕاستی بەنرخێکی یەکجار زۆر توانی بێ تاوانیی خۆی ئیسپات بکات! پەکو چ گران کەوتە سەریان! ژنی کڵۆڵ چۆن بۆ سی دینار خۆی دا بەکوشت! لای وابوو بە لە ناوچوونی ئەو سی دینارە ئەکەوێتە سواڵ، نەیزانی ئەبێ بەخوێنی. جوامێر لەم بیرکردنەوانەدابوو هاتنە خوارەوەی چوار پێنج کەس لە کێوەکەی دەستە ڕاستیەوە سەرنجی ڕاکێشا و زنجیرەی بیرکردنەوەی پسان، کە نزیکتر بوونەوە دی پێنج چەکدارن. لەگەڵ ئەوەشا کە ئەیزانی چەکداری ئەم کەژ و کێوانە دوژمنی میرین، دە ساڵی بەندیخانە وای لێ کردبوو لە هەموو چەکدارێك بسڵەمێتەوە، بۆیە بێ ئەوەی بیر بکاتەوە هەنگاوەکانی گەورەتر و ڕەوتی خێراتر کرد. بەڵام تەقەلاکەی بێ سوود بوو، چونکە ڕێگەی چەکدارەکان لەبەر دەمی ئەوەوە ئەیدا لە شەقامەکە. هیوای ئەوەشی نەبوو لە پێش ئەوانا لە دوو ڕێیانەکە تێپەڕکات، چونکە ڕێگەی ئەم هەوراز و ڕێگەی ئەوانیش نشێو، هەر ئەتوت خل ئەبنەوە. بیری کردەوە لە گەڕانەوە، بەڵام بۆ؟ لەبەرچی ئەم ترسە بێ جێیەی لێ نیشتووە؟ ئەو چەکدارانە لەشکری ئازادکەری نیشتمانن، پۆلیس و سەربازی حکوومەت نین. زەردەخەنەیەکی تەریقی سەر لێوی کەوت و بەویستنێکی دیارەوە ڕەوتی خۆی هێواش کردەوە. بەڵام ئەوەندە وا نەمایەوە کەوتەوە خێرا ڕۆیشتن، نەخێر کەوتە لاڕێ گرتن. چەکدارەکانیش ئەتوت بۆ لای ئەم دێن، جاروبار لە پەنا دەوەن و لە چاڵ و چۆڵا یەك دووانێکیانی لێ ون ئەبوو. بەڵام تێکڕا هەمیشە هەر

یەکێکیانی لێوە دیار بوو. هەمیشەش لەم نزیکتر ئەبوونەوە.

– مەڕۆ کابرا!

یەکێکیان بانگی کردە جوامێر. ئەمیش قەڵەمی دەست و پێی شکا. مەڕۆی نەئەویست، چونکە بشیویستایە هێزی ڕۆیشتنی نەمابوو. هەر ئەوەندەی چاو ترووکانێك گەیشتنە سەری و ئابڵوقەیان دا. سیانیان خۆیان لێ دا بە ئەرزا و لوولەی تفەنگیان تێ کرد و دووانەکەی کەش لێی هاتنە پێشەوە.

– کێی کابرا؟ بۆ کوێ ئەچیت؟ دەست هەڵبڕە!

جوامیر تەقەلایەکی زۆری دا تا بەدەنگێکی نەلەرزۆکەوە بێباکانە بڵێ:

– بابایەکی ڕێبوارم ئەچم بۆ لادێی (گولان).

دوو چەکدارەکە بەیەکەوە دایانە قاقای پێکەنینێکی دەسکرد و یەکێکیان وتی:

– بەخوا شتێکی باشە! لاشەی سووتاو ئەژمێریت یا خانووی ڕووخاو! جوامێر تێ نەگەیی کابرا چی ئەڵێت، بۆیە نەیزانی چۆنی وەرام بداتەوە. حەپەساو لە نێوانیانا وەستابوو چاوی ئەگێڕا بەشکو بزانێ گاڵتەی لەگەڵ ئەکەن یان چی!

چەکداری یەکەم بە تووڕەییەکەوە تێی خوڕی:

– قسە بکە بزانم بۆچی دەمت بوو بە تەڵەی تەقیو؟ ڕاست بڵێ کێیت و بۆ کوێ ئەچیت؟

جوامێر کە تا ئەهات زیاتر لە مەترسیی دەوروبەری ئەگەیشت هەتا توانی بە شێنەیی وتی:

– ناوم جوامێر بایزە، ئەچم بۆ دێی گولان، خێزانەکەم لەوێیە. لە ماڵی پوورێتی، ئەچم ئەیهێنمەوە.

چەکدارەکە شیرانی بەسەریا وتی:

– کابرا تۆ یا زۆر کەری یان زۆر زۆرزانیت؟

چەکداری دووەمیش هەڵی دایە وتی:

– وە یاخود ئێمە بەکەر ئەزانیت!

چەکداری یەکەم وتی:

– بەڵێ وایە یا ئێمە بە کەر ئەزانێت!

چەکداری دووەم وتی:

– هیچ دوور نییە جاسووس بێت میری ناردبێتی بزانێ ئەنجامی بۆردومانە دڕندانەکەیان چی بووە!

یەکەم وتی:

– بەڵێ هیچ دوور نییە.

سێیەم لە پەنا بەردەکەوە قیڕانی:

– بێگومان جاسووسە. بۆچی ئەوەندە لەسەری ئەڕۆن؟ ئا لاچن بیکەم بەقوربانی گوللەیەك!

چەکداری یەکەم تەماشایەکی پڕسەرزەنشی چەکداری سێیەمی کرد وتی:

– بیرت چووەوە، هەمووی پێرێ پێیان وتین کە جاسووس نابێ بکوژین، ئەبێ بیبەن بۆ بارەگا لەوێ مەعلووماتی لە ژیانی گەلێ بەنرختری لێ وەرئەگرن، ئەوسا ئەگەر ویستیان ئەیکوژن.

کابرا بێدەنگ سەری داخست. جوامێریش وەکو شتێ تاس ئەیبردەوە. ئەمە چییە؟ خەوە، ڕاستە! جاسووسی چی؟ کوشتنی چی؟ هانای بردە بەر هەموو ژیری و ورەی خۆی و ڕووی کردە چەکداری یەکەم و پێی وت:

– کاکی خۆم من جوامێر بایزم ناوە، تازە لە زیندان هاتوومە دەرێ، دە ساڵ بەندی بووم، لەسەر کوردایەتی گیرا بووم، ژن و کوڕەکەم ئەمە مانگێك مانگ و نیوێکە بەسەردان چوون بۆ دێی گوڵان، ماڵی پووریان لەوێیە، ئەچم ئەیانبەمەوە بۆ شار، ئیتر نەجاسووسم و نەمامووس!

چەکدارەکان هەرزەکارتر بوون لەوەی ناوی جوامێر بایزیان بیستبێ، جگە لەوەی کە قسەکانی بەلای ئەوانەوە ئەگەر درۆشی لێ نەبارییە، کەرێتی یا شێتیی لێ ئەباری. بەڵام ئەوەی تیابوو کە جوامێر قسەکانی ئەوەندە لەسەرخۆ و

بەدڵنیایی ئەکرد دوو چەکدارەکەی نزیکی باوەڕیان شڵۆق بوو بەوەی کە ئەم کابرایە جاسووس بێت. هەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی کە جاسووس نابێ ئەوەندە کەر بێت!

جوامێر کە دی بێدەنگن باوەڕی زیاتر بەخۆی پەیا کردەوە وتی:

– هیچ قسەی پێ ناوێت. هەمووی چارەکە ڕێیەك لێرەوە دوورە، بۆ ڕاستی و درۆ وەرن لەگەڵم!

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو یەکێ لە چەکدارە دوورەکان وتی:

– هیچ مانای نییە گوێ بگرین لەم قسە قۆڕانە. ئێستە لای من هیچ گومانی تیا نەما کە ئەم کابرایە جاسووسە. ئەڵێن کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکات! ئەڵێ بەندی بووم تازە بەردراوم، بۆیە بەردراوە کە جاسووسی بۆ میری بکات. ئەگینا چ بەندییەکی خۆنەفرۆشی نیشتمانی هەیە دوای دە ساڵ زیندان میری بیهێنێتەوە بۆ ئێرە، بۆ ناو جەرگەی شۆڕش! یاڵڵا دەی ئەیبەن بیبەن و ئەیکوژن بیکوژن!

– جوامێر هاواری پێ کەوتەوە قیڕانی:

– باوکم هەی لە ڕێی خوادا، لە ڕێی پێغەمبەرا بۆ بەناهەق ئەمکوژن، ئەڵێم وەرن لەگەڵم بۆ دێیەکە، ئەگەر درۆم کرد ئەوسا بمکوژن. خێزانەکەم لە ماڵی مام پیرۆتە، بێگومان ئەیانناسن.

چەکداری یەکەم بەتووڕەیییەکی تەواوەوە نەڕانی بەسەر جوامێرا وتی:

– بیڕبەوە، ئەم قسە قۆڕانە، بەڵام دا لە چارەت! سەرت بە گۆڕی بابی خۆت و ئەوەی کەری وەکو تۆ ئەنێرێت بۆ جاسووسی. پێمان وتی گوڵان ئەمە مانگێکە بەبۆردومان کاول کراوە، داری بەسەر بەردەوە نەماوە و ماڵی ئەو مام پیرۆتەی تۆ ئەیلێیت، نەك زەلام، گیانلەبەر گیانی لێ دەرنەکرد، هەر لاشەی کەسیشیان نەدۆزرایەوە. (ڕووی کردە هاوڕێکانی): هەستن با بیبەین بۆ بارەگا!

هێشتا چەکداری یەکەم لە قسەکانی نەبوو بووەوە جوامێر بەلادا هات. کەوتنەکەی هێندە لە ناکاو بوو چەکدارەکان وایانزانی ئەیەوێ پەلاماری تفەنگی چەکداری دووەم بدات، کە بەلای ئەوا هەرەسی هێنابوو، بۆیە ئەو ئایەکی بەرزی

لـە دەم دەرچـوو. وەكـو كـێچ بـەرز بـووەوە و دووەمـیشیـان هـەتـا تـوانی قۆنـاغـە تفـەنگێكی گـەیـانـدە نـاو شانـی جـوامێر، كـەوا تـەنیـا بـەلادا هـاتنـەكـەی لە شكان ڕزگاری كرد.

***

جوامێر كە هۆشی هـاتەوە بەرخۆی لە پێشا بیری نەكەوتەوە لە كوێیە. كە خۆی كێشایەوە نـاو شانی دایە زریكە، ئەوسا بەسەرهـاتەكەی هـاتەوە بیر. لەگەڵ ئەوەشا ڕووداوەكە ئەوەندە نـاخۆش و بەسام بوو بـاوەڕی بەخۆی نەئەكرد، كە لە خەوا بەسەری هـاتووە یـان بەڕاستی لێی قەومـاوە! چۆن ئیستا هـەموو شتێكم لە چاو تـرووكـانـێكـا لـە كـیس ئـەچـێت، هـیـواو كـاڵـێ و سەربـەسـتـی و سەربـەرزیش. نـەء بـاوەڕنـاكەم، نەخـەڵك و نەخوا ئەوەندە دڵڕەق بن! ئەم هـەموو فەلاكەت و دەردە و بەڵا و كلۆڵییە بەسەریەكەوە بەجارێك بكرێ بەگژ تاقە یەك كەسی بێ تاوانا! نەء نەء، ئەمە یا ئەبێ خەوبێت یا درۆ. بەڵام بۆ درۆبێت بە چ نیـازێ ئەو چەكدارانە درۆم لەگەڵ ئەكەن؟ بەنیازی ئـازاردانم! بەڵام نەء ئەو سستی و خـاوی و مـاتەمینییەی لاوەش هـەر نیشانەی ڕاستیی ئەم كـارەساتە بوو. بەسەزمـانە ئەیزانی چی قەومـاوە و دڵیشی نەئەهـات بەمنی بڵێ. منیش پێم نـابووە ڕێسی ملی، بێگومـان ئەم سەفەرەی دواییشی هـەر بۆ ئەوە بوو كە خۆی لە من دوورخـاتەوە، هـەتـاوەكو ئەمە خوایە لە سەرچـاوەیەكی كەوە بەمـاڵوێرانییەكەم ئەزانم! لەمە زیاتر هیچ مـانـایەك نـابینم لە جووڵـانـەوەی سـەیری لاوەدا. هـەرچـەنـدە نـاوی هیوا و دایكیم ئـەبرد، ڕەنگی زەرد هـەڵئەگەڕا. ئێستـا دەی، ئەمـانـە هـەموو قسەن، چی بكەم؟ چۆن ئەم بـەڵایەم پێ هـەڵئەگیرێت؟ وایش هیوا گیـان! بـاوكـەڕۆ براڕۆ! گـەرووی پڕبوو لە گریـان، ئەویش پێ پـەروا بـەستی بۆ شكان. فرمێسك هـۆن هـۆن بـەچـاویا ئـەهـاتـە خوارەوە. بۆ چوون؟ بۆ چوون بۆ لادێ! مـاڵیـان وێران كردم. خـەڵك لـەم ئـاخـۆران و بخۆرانەدا لە لادێوە ڕا ئەكاتە شار. لە بەختی ڕەشی من كـاڵـێ لە شارەوە ئەچێتە لادێ. ئەچێ بۆ مـاڵی پووری. مـاڵی پوورت كـاول بێ وەك كـاول بوو. ئەڵێن لاشەی كـەسیـان نـەدۆزیوەتـەوە! ئۆف خوا ئێستا گۆڕیچـەیەكیشیـان نـابێت بچمە سەری تێر تێر فرمێسك بڕێژم. بەخوا مەرگێكی نـاخۆش مردن. ئەو ساتەی من لە خۆشی خۆشی بەرەڵلا بوون و بەوان



@kurdica

گەیشتنا بووم، ئەوان بۆمبا پارچە پارچەی ئەکردن. بەڕاستی دوژمنێکی بێ شەڕەف و دڵڕەقمان بووە بەتووشەوە. خۆشمان گەوجین، ئاخر توخوا ئەمە چ شەڕێکە! تاکەی ماڵوێرانی! تاکەی قوڕبەسەری! من چیمە بەسەرەوە خوای ئەکرد قڕیان ئەخستە یەکتر. (سەرێکی بادا وتی): نەء پەشیمانم خوایە! وا دیارە ئەم کارەساتە ناکاوە جەرگبڕە ئەقڵیشی تێك داوم، چۆن من هیچم نییە بەسەر ئەم شەڕەوە، ئەی ئەوە نییە ئەڵێن هیوا و کاڵێمی تیاچوون. ئەی وا خەریك نییە خۆشمی تیا بەدناو و پیاو خراپ ئەبم. ئەم گرتنەم شەرم و شوورەییە بۆ هەمووان، چۆن ئەبێ من بگیرێم! منێ دە ساڵ لاویم لەم ڕێیەدا لە بەندیخانەدا بەسەر بردبێت؟ بە چ ئاین و باوەڕێك ڕەوایە بگیرێم! ئەمە زوڵمە! هەمووی گوناهی ئەم مناڵە وردکانەیە. وەیش چۆن دڵم یەت! ئەم مناڵە وردکانە گوڵی شۆڕشن، لاوی گەلن، گورچو و هیواین. هیوا گیان بەهەر لایەکا ئەڕۆم و لە هەرچی شتێ بیر ئەکەمەوە تۆم یەیتەوە بیر و سەر زار! کوڕە چۆن، چۆن شتی وا ئەبێ، چۆن زوڵمی وا ئەکرێت؟ نانا ئەمانە هەموو قسەی هیچن. من چۆن ئەبێ بەقسەی ئەم مناڵە وردکانە باوەڕ بکەم! ئەوانە کەی جێی باوەڕن، بەتایبەتی لە مەسەلەیەکی وا گرنگا. خۆم ئەچم بە پێ و شوێنیەوە، ئەگەر سەرم داناوە ئەچمە بنج و بناوانی کارەکە. خۆ ئەگەر خوانەکەردە نەشمابن ئەوا دەنگوباسێکی ڕاستی چۆنێتیی مردن و ناشتنیان ئەزانم و لەم دۆزەخی گومانە ڕزگارم ئەبێ و ئەکەومە دڵنیاییی نائومێدییەوە. دەردی دایکم ئەیوت ڕەزام بەڕەزای خوا. ڕەزاش نەبم چارم چییە؟ هەر ئەبێ بڵێم ڕەزام، خوا وای لە چارە نووسیبووم! هیچ کەس دەسەڵاتی نامێنێ لە عاستی مردن، نەخوازەڵا منی بێ دەسەڵاتیش! بەڵام ئەم گرتنە نارەوایە لێی تێك داوم. وا تازە دونیاش تاریك بوو. بێگومان ئیتر کەس نایە بەلای منەوە. نەء، خۆ لە برسا نامکوژن! هەر یەکێك دێت خەپلەیەکم بۆ بێنێت، پێی ئەڵێم بمبات بۆ لای گەورەکەیان. ئاخۆ کێ بێت؟ ناسیاو بوایە چاك بوو! لە کوێ ناسیاو ئەبێت؟ نازانم هاوتەمەنەکانی من ئەڵێیت هەموویان قڕیان تێ کەوتووە و مردوون و گیراون یا بەزیون و هەڵاتوون. لەم چەشنە خەیاڵانەدا بوو دەرگای ژوورەکەی کرایەوە. زەلامێك کردی بە ژوورا، کولێرەیەك و دۆلکەیەك بەدەستەوە. پێی وت:

– ئەمە شێوەکەتە بۆم هێناوی. هەموومان ئەم ئێوارەیە نان و چا ئەخۆین تۆش وەکو ئێمە!

جوامێر لەسەرخۆ و نەختێ بەکزییەوە وتی:

– باشە باوکەکەم زۆریشی زیادە. بەڵام تۆ پێم بڵێ کەی پرسیارم لێ ئەکەن و ڕزگارم ئەکەن؟ بەشکو بچم هەواڵێکی ئەو مناڵانەم بزانم. خێرتان ئەگات لە ڕێی خودادا خۆ ئێوە کوردن! کوڕەکە بەبێ ئەوەی نقە بکات چووە دەرەوە و دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە داخستەوە. جوامێر خەنجەرت لێ بدایە خوێنی لێ نەئەهات.

کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو کوڕەکە گەڕایەوە و هەروا لە دەرگاوە پێی وت:

– پرسیم ئەڵێن دوو ڕۆژی تر لێکۆڵەرەوە دێت بەتایبەتی بۆ مەسەلەکەی تۆ، ئەگەر ئەو نەهات تۆ ئەنێرن بۆ لای. هەرچۆنێك بێت ئەگەر بێ تاوان بیت هیچ ترست نەبێت! ئێمە زۆرجار تۆبە لە تاوانباریش قبووڵ ئەکەین، ئەوەندە دڵفراوانین، بۆیە سزاکەت زۆرتری بەندە بە خۆت و کرداری خۆتەوە!

وای وت و دەرگاکەی پێوەدایەوە و ڕۆیشت.

جوامێر تەنانەت هەلی ئەوەشی نەبوو کە وەرامی بداتەوە. بەڵام وەرامی کێ؟ هەر نەئەبوو لە سەرەتاوە قسەی لەگەڵ بکەم. چاویان دەربێت، چاوی منیش دەربێت، ئەڵێیت ژنم ئەپاڕێمەوە «... خێرتان ئەگات لە ڕێی خوادا...» عەمرت نەمێنێ پیاو! بەڵام لێ دایت بۆ خۆت و غیرەتت! نەخێر پێویستە ئیتر بکەومە تلیلیلی، چونکە بێ تاوان سزا نادەن! وەك نەزانم کابرای چایچیی قوڕ بەسەر چۆن بێ تاوان خراوەتە ژووری زیندانەوە! کوڕە تاوانبار و بێ تاوانی چی؟ بەهەرچی سوێند هەیە هەموو دەسەڵاتدارێك لە عاستی ڕاستی و هەژاری یا کوێرە یا کەڕ!

## ١٦

پاش دوو ڕۆژ جوامێریان برد بۆ گوندی (ناودۆلان) بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکەی! هەرچەندە لە سەرەتاوە ئەم بەتوند گرتنە و ئەم هێنان و بردنە لای جوامێر شتێکی بێ ڕێ و جێ بوون، بەڵام لە ئەنجاما کارێکیان کردە سەر ژیانی مەگەر هەر دە ساڵی زیندان ئەو کارەی تێ کردبێت.

چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو کە گەیشتنە دێیەکە. لە ڕێ جوامێر زۆر سەغڵەت بوو، چونکە هەر چەندی کرد و کۆشا دوو چەکدارەکەی یاساوڵی بۆ ڕازی نەکرا کە لەگەڵیان بڕوا بەبێ دەست لە پشتەوە بەستن. بۆیە لە ماوەی دوو سێ سەعاتی ڕێگەدا هەر هەوڵی ئەوەی دا کە بەناو ئاواییدا نەڕۆن و لە خوا ئەپاڕایەوە کەسیان پێ نەگات. ئەم هەستەی هەتا ئەهات پەرەی ئەسەند. پێی شەرم بوو گیراو و دەست بەستراوی هێزی «ل . ا . ن» بێ. ماوەی دە ساڵ، بە کەلەپچە کراوی و چەکدار لەگەڵ هێنراوە و براوە، هەر مێشیشی میوان نەبووە، بگرە هەندێ جار فیزیشی ئەجوولا کە بەو چەشنە بەشوێنێکی پڕ خەڵکا ئەیانبرد، چونکە ئەو گرتنە نیشانەی نیشتمانپەروەری و پیاوەتی بوو. بەڵام ئەمەی ئێستا هەرچەندە بەناهەق و ناڕەواش بوو، لای خەڵك نیشانەی خیانەت و نامەردی بوو، بۆیە پێی گران بوو!

بەیانییەك دوای ئەوەی کولێرە و چایەکی خوارد، دوو یاساوڵ جوامێریان برد بۆ لای حاکم، کوڕێکی هەرزەکاری سوورکەلەی کورتەبنەی قەڵەو بوو. وا گەنم کردی جوامێری بەپرسیار داگرت ئەوەندەی نەمابوو سەری لێ تێك چێت و خۆی تووش کات. لەگەڵ ئەوەشا هەرچەندی کرد و کۆشا نەیتوانی پێی بسەلمێنێ کەوا ناردنەوەی بۆ شاری (چ...)، دوای دە ساڵ گیران و لەم کاتەشا لە شار هاتنە دەرەوەی و ڕوو کردنە یەکێ لە ناوچە هەرە گرنگەکانی شەڕی، بەرێکەوت و بێ نیازی خراپ بووە. بۆیە حاکم بڕیاری دا کە هەر بەگیراوی بهێڵرێتەوە تا لە لێژنەی شار ئەپرسن لە بابەت چالاکییەوە ڕاپۆرتێکیان بۆ بنێرێت. ئەم بڕیارەی حاکم دای لە باڵی جوامێر، دەستێکی کەوتە ئەملا و دەستێکی کەوتە ئەولا. کە زۆر لە حاکم

پاڕایەوە و باسی بێتاوانی و پاکیی خۆی بۆ کرد، حاکم پێی وت:

– باشە تۆ جارێ لە دەرەوە بوەستە با ئیشەکانی کەم ببڕمەوە ئەوسا بزانین بەشکو تەگبیرێکی لێ ئەکەین!

جوامێر لە پەنا دیوارێکا هەڵترووشکابوو. یاوساوڵەکەشی لەولایەوە بەتفەنگێکەوە بەدیاریەوە ڕاوەستابوو. لە پڕ دەستی کرد بەباخەڵیا و پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و بە یاساوڵەکەی وت:

– ڕێم هەیە جگەرە بکێشم.

یاساوڵەکە بەسەر لەقانێکەوە وتی:

– حەز ئەکەی سەد جگەرە بکێشە! پێم بوایە خۆم ئەمدایتێ، بەڵام من جگەرە ناکێشم.

بێدەنگ بوونەوە. دونیا خەریك بوو گەرم ئەبوو، هەتاو تەنگی بە سێبەری پەنا دیوارەکەی جوامێر هەڵچنیبوو، کابرای یاساوڵیشی تەنگاو کردبوو، بۆیە بە جوامێری وت:

– هەستە با جێگەکەمان بگوێزینەوە، ئیتر بەکەڵکی دانیشتن نایە. با بچینە ئەو دیو سێبەرە!

جوامێر بێدەنگ پێشی کەوت و چوونە بەر سێبەرەکەی ئەو دیو. لە پڕ یاساوڵەکەی، کە وا دیاربوو لە جوامێر باشتر گوێی ڕاهێشتبوو، وتی:

هەستە وابزانم حاکم تۆ بانگ ئەکات. کە پرسییان وا بوو.

حاکم لە جوامێری پرسی:

– هیچ کەسێك ئەناسی لە شار کەوا پەیوەندیی بە لەشکرەوە ببێ؟

جوامێر نەختێ بیری کردەوە، خەریك بوو بەداخێکەوە بڵێ: نەخێر کەس ناناسم. لە پڕ هات بەبیریا وتی:

– کاك نەریمان حەسەن ئەناسم جارێك دیومە. هەروەها ئاسۆ مەمەندیش هاوڕێمە، جا نازانم هیچ پەیوەندییان هەیە بە شۆڕشەوە یان نا!

زۆر باشە هەردووکیان پیاوی باشن. بەتایبەتی کاك نەریمان خۆی لە لەشکرایە. بەڵام بۆ نەمبیستووە پەیوەندیی هەبێ! باشە ئەپرسین لە کاك نەریمان، لام وایە شوێنەکەشی زۆر دوور نییە، بۆیە بەپەلە نامەیەکی بۆ ئەنێرم. هەر ئەو پاکانەت بۆ بکات بێ سێ و دوو بەرەڵڵات ئەکەم. حەزیش ئەکەی بڵێم نەتنێرنەوە شوێنی جارانت. هەر لێرەبە تا وەرامەکە دێتەوە.

جوامێر ئەم قسانەی حاکمی زۆر پێ خۆش بوو، وتی:

– زۆر سوپاست ئەکەم، خۆت چۆنی بەباش ئەزانی وابکە. هەر بەشکو وابکەی زوو وەرامەکە بێتەوە!

– هەر ئێستا بەنامەبەرێکی تایبەتیدا ئەینێرم و تکاشی لێ ئەکەم کە زوو وەراممان بداتەوە، ئەگەر چی خۆشی پیاوێکی تەواوە، لەوانە نییە کاری ئەمڕۆ بخاتە سبەینێ!

***

دوو ڕۆژ بەسەر ئەمەدا ڕابورد. ئێوارەیەك یاساوڵێك هات بەدووی جوامێرا بردیە لای حاکم، حاکم بەڕوویەکی خۆشەوە پێی وت:

– مژدەت بەمێ کاك نەریمان خۆی وەرامەکەی هێناوەتەوە و هاتووە بۆ چاوپێکەوتنت. تۆ لە ئێستاوە ئازادیت، ئەتوانی بۆ کوێ ئەچی بچی. بێگومان لێشمان ئەبووریت کەوا ناچارین لە پێناوی پاراستنی شۆڕشا ئەم چەشنە کردەوانە بکەین و جاروباریش تووشی هەڵە ببین. ئەنجامی دەربازبوونی پیاو خراپ ئەوەندە بەسام و پڕ زیانە، داخم ناچێت ناتوانین هەمیشە ئەو دەستوورە پەیڕەوی بکەین کە ئەڵێت: «نۆ گوناهکار بەربدەیت چاکترە لەوەی بێ تاوانێك بگریت». بەڵام دڵنیابە لەوەش کە دەستوورەکە هەڵناگێڕینەوە «نۆ بێ گوناهـ بگرین بۆ ئەوەی گوناهکارێك دەرنەچێت!».

ئیستێکی درێژی بۆ کرد. جوامێر بیری لەوە ئەکردەوە بەشکو ڕزگاری بوایە و بکەوتایە ڕێ بۆ گوڵان. بەقسەی یاساوڵەکەی ناوچەکەی پڕ مەترسییە. خەڵك لەترسی فڕۆکە هەر بەشەو لە دێیەکەوە ئەچێت بۆ دێیەکی تر. جا ئەمیش ئێستا

ڕێگاکەی دوورە، هەموو شەو بگرێ بەبەرەوە نیوەی ڕێ نابڕێت. «خوا نازانم چییان لێ بکات، بەخۆڕایی دووریان خستمەوە، ئەوەندەم نەمابوو بگەم. ئەچووم بەچاوی خۆم ماڵویرانییەکەم ئەبینی و لە دوو کەسم ئەپرسی، لەگەڵ دوو هاودەرد نەختێ سکاڵامان ئەکرد و خەممان بە با ئەدا...». لێرەدا نەریمان حەسەن کردی بەژوورا و وەکو دۆستێکی زۆر نزیك و خۆشەویست دەستی کردە ملی جوامێر و ئەملا و ئەولای یەکتریان ماچ کرد و پێی وت:

– نەهاتووم شایەتیی باشت بۆ بدەم. من بۆ ئەوە هاتووم کە بەناوی لێژنەی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە داوای لێبووردنت لێ بکەم! هەموو زۆریان پێ گران و گەلێ لایان ناخۆش بوو کە بیستیان ڕۆڵەیەکی وەکو تۆ، لە باتی ڕێزگرتن لەلایەن لەشکرەوە، تووشی ئازار کراوە!

نەریمان وای وت و پەلی جوامێری گرت، کەوا لە خۆشیی ئەم قسانە هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی بیر چووبووەوە، بردیە ئەو شوێنەی خۆی لێی بوو. بە ڕێوە پێی وت:

– بچین نەختێ قسە بکەین و پێکەوە شیویش بکەین، هەر لەلای منیش بنوو، خۆ هیچ جێیەکی تر شك نابەیت؟

جوامێر ویستی پێی بڵێ کە حەز ئەکات ئیزنی بدات بچێ بۆ دێی گولان، بەڵام هەردەمی کردەوە و وتی:

– نەبەخوا جێم لە کوێ بوو بەڵام...

نەریمان وتی:

– بەڵام و مەڵامی پێ ناوێ، ئیمشەو بۆ خۆمان پێکەوە لێرە ئەبین. تاریکە شەوە، نیازی گەڕانەوەی شاریشت هەبێ ڕێ دەرناکەیت. شەوەکی هەڵئەسین، من ئەگەڕێمەوە شوێنی خۆم و تۆش بۆ کوێ ئەچی بچۆ... بەڵام ئاگات لە خۆت بێ، خۆت تێکەڵی کاروانچی نەکەی! تا پێشت ئەکرێ لاڕی بگرە...

جوامێر، قسەکەی وا بەجێ و لوتفەکەی ئەوندە زۆر دی، ناچار لەگەڵی ڕۆیشت. لە دڵی خۆیا وتی: دەی بەشکو شتێ بخۆین ڕیخۆڵەمان بخووسێتەوە، نان و چا

کوشتینی... ماڵی بەنیادەم کاول بێت، چەن زەین کوێرە! پانزە بیست ڕۆژێك خواردنی باشی ماڵی لاوەی مامم چڵکاوەی دە ساڵ بەندخانەی لەبیر بردمەوە. ئیستاش وا لە دەست نان و چا بێزارم! ئەڵێیت هەرگیز نانی زیندانم نەخواردووە و مێش و داڕوجانم لە چێشتەکە نەبژاردووە، کە بۆیان ئەهێنایین... لێرەدا هیوا و کاڵێی بیرکەوتەوە کسپەیە لە جەرگییەوە هات. خۆی لە عاستی خۆیا تەریق بووەوە... نەریمان لە دەست شتن گەڕایەوە، بەمیشی وت، کە ئەگەر ئەیەوێت با بچێت دەست بشوا، هەرچەندە شیوەکەشیان پێویستی بەدەست شتن نییە، نان و چایە!

دوای نان خواردن، دیسانەوە نەریمان هاتەوە سەر باسی گرتنی جوامێر و پۆزش بۆ هێنانەوەی، لە ناو قسەدا وتی:

– ئەوی ڕاست بێ هاوڕێیانمان لە سەرێکیشەوە هەقیانە ئەم چەشنە کردەوانە بکەن و هەر کەس نەناسن بیگرن. مانگی پێشوو کابرایەکی، گوایا سەیدی شاڵ سەوز، دێتە دێی گولان، لەو کاتەدا شەش حەوت چەکدار بۆ فەرمانێك لەوێ ئەبن. کابرا تومەز جاسووس ئەبێ. کە ئەگەڕێتەوە بەمیری ئەڵێ گولان بنکەی لەشکرە. ئەوانیش بەرە بەیانێك شەش فڕۆکەیان ناردە سەر خەڵکی بێتاوانی گوندەکە، کەسی لێ دەرنەچوو، مەگەر ئەوانەی لە ئاواییدا نەبوون یان بەکێوەوە بوون. ئەمەیە ئەنجامی کەمتەرخەمی!

نەریمان کە قسەی دەکرد ڕوانی جوامێر، کەوا لەوبەریەوە دانیشتووە، زەرد هەڵگەڕاوە، هەموو لەشی ئەلەرزێ. بەپەرۆشێکەوە لێی پرسی:

– ئەوە چیتە کاکە جوامێر؟ ئەبینم ڕەنگت تێك چوو، چ خێرتە، ناساغیت!

جوامێر بەدەنگێکی کپی نمدارەوە وتی:

– نە گیانە هیچم نییە کۆستەکەمم کەوتەوە بیر!

– کام کۆست؟ بەڵێ! کۆستی کوژرانی نەوەد و سێ کەسی بێ تاوان! بەڕاستی کۆستێکی گەورەبوو بۆ هەمووان!

جوامێر وەك بۆ خۆی قسە بکات وتی:

– بەڵێ کۆست لەوە گەورەتر چی ئەبێت، بەتایبەتی کە بۆ من کۆستی گشتی و تایبەتیش بوو!

– بۆچی کەستی تیا کوژرا، هیچ خزمتی لێ بوون!

جوامێر خەریك بوو دەماری کەرێتی بیگرێ وەرام نەداتەوە و هەستێ بڕوا... چۆن ئەبێ نەریمان نەزانێ هیوا و کاڵێ لەو دێیە بوون و لەگەڵ ئەو خەڵکە کوژراون! چۆن ئەزانێ نەوەد و سێ کەس بوون و نازانێ هیوا و خۆشی و ژیانی ئەمیان لە ناوا بووە! لە چاو ترووکانێکا کەرێتیی ئەم بۆچوونەی خۆی بۆ دەرکەوت. نەریمانی بەسەزمان چووزانێ هیوا و کاڵێ کێن؟ ئەمی لە کوێ ناسیوە، منالی دوێنێیە. کە ئەم کوردایەتیی ئەکرد، ئەو ڕەنگە تازە لە پۆلی سێیەم و چوارەمی قوتابخانەی سەرەتایی بووبێت... هەموو ناسینیان تەمەنی لە پانزە ڕۆژ تێپەڕ ناکات. بەر لەوەی ئاسۆ بەیەکتریان بناسێنێت لە (گازینۆی بەختیار)، نەئەم ئەیزانی نەریمان حەسەنێك هەیە لە دونیادا و نە ئەویش جوامێر بایزی ئەناسی. ئیتر گلەیی چی لێ بکات. دوای ئێستێك، کە نەریمان بەرێزەوە چاوەڕوانی بڕانەوەی ئەکرد، چونکە هۆیەکەی بەداخداری ئەزانی، وتی:

– تاقە کوڕەکەم و ژنەکەمی تیا بەکوشت چوون لەگەڵ کۆمەڵێ قەوم و قیلەیان.

نەریمان بەپەرۆش و داخێکی لە کانگای دڵەوە هەڵقولاو وتی:

– کوڕ و خێزانی تۆ! بەڕاستە! وەیش داخی بەجەرگم. نەئەبوو بییەڵی بێنە ناو ئەم ئاگرەوە!

جوامێر هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– منی هەژ بەسەر لە کوێ بووم تا بییەڵم یا نەیەڵم! من لە زیندانا بووم، ڕۆژانی دوایی دە ساڵی گرتنەکەمم بەسەر ئەبرد! جا ئەگەر ئەوان بێ کەس و دەربەدەر نەبوونایە، چۆن ڕێیان ئەکەوتە ئێرە و بۆچی وایان بەسەر ئەهات!

نەریمان هەر بەشێوە خەفەتاوییەکەی پێشووی وتی:

– کەواتە چاویشت پێیان نەکەوت!

فرمێسك چاوی بەجوامێر داخستبوو، قوڵپی گریان گەرووی گرتبوو، لە باتی وەرام سەرێکی لەقاند. هات بەبیریا کە بەرامبەر بەو ڕێزە زۆرەی نەریمان هەیەتی بۆی، جوان نییە لە بەرچاوی بگری، بۆیە بەهێزێکی پاڵەوانانە خۆی گرت و وتی:

– دەی، ئەوانیش وەکو ئەو دەیان هەزارەی تر کە هەموویان هیوا و کاڵێی خۆیان و کەسوکاری خۆیان بوون!

ئەم قسەیە کارێکی باشی کردە سەر نەریمان، بەداخەوە سەرێکی بادا وتی:

– واشە و واش نییە. بەڵام ئەڵێیت چی؟ ئیتر ئەوە شۆڕشە، تەڕ و وشکی پێکەوە تیا ئەسووتێ!

جوامێر ئەمەی بەهەل زانی کە نەختێ داخی دڵی خۆی تیا هەڵڕێژێت، بۆیە وتی:

– ئەوەشی لای من لە هەمووی ناخۆشترە، بەڕاستی لەوەدا لە مەعنا دەرچووە! ئەم هەموو بێ تاوانە ئەکوژرێ، ئەم هەموو ماڵ و خانووە وێران ئەکرێ، ئەو هەموو زەوی و زارە ئەسووتێنرێت، هەر ئەمەشە وا لە خەڵك ئەکات لێی بێزار ببێت! زوڵمە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنرێت. خۆزگە شتێکی واتان ئەکرد نەختێ لەم ئازار و دەرد و کوێرەوەرییەی خەڵك کەم ئەبووەوە. ئەوی ڕاست بێ من بەزەییم بەتەڕە بێ گوناهەکەدا دێتەوە کە بەهۆی وشکەکەوە ئەسووتێ.

نەریمان زۆر لەسەرخۆ وتی:

– خۆزگە شتێکی وا لە توانای ئێمەدا بوایە تا بیکەین! بەڵام داخم ناچێ لە وزەی ئێمەدا نییە. ئەوی تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێنێ ئێمە نین، دوژمنەکەمانە. ئەم ڕژێمە زۆردارە ستەمکارە بۆگەنە خوێنمژەیە، ئەگینا ئێمە نەخاوەنی فڕۆکەین و نەهی تۆپ! ئەم ماڵوێرانکردنە گشتییە و ئەم تەڕ و وشك پێکەوە سووتانەش بەفڕۆکە و تۆپ ئەکرێن! تۆ ئەڵێیت من بەزەییم بەتەڕی بێ گوناها دێتەوە، بەڵام من بەزەییم بە تەڕ و وشکا دێتەوە و هەردووکیان بەبێ تاوان و بە شایانی ژیانێکی ئازادانەی پڕ دڵنیایی و سەربەرزی و خۆشی ئەزانم. بەڵام دەسەڵات چییە کەوا دوژمنی خوێنخۆر هەردوولایان بەشایانی مردن و سووتان و کوێرەوەری دائەنێت.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێ ئاخر ئێوە دژی هەستاون و بەگژیا ئەچن، ئەویش واتان لێ ئەکات! جارێ ئەوی ئەم قسەیە ئەکات ئەوە لەبیر خۆی ئەباتەوە کەوا ئێمە لە کوێ و لەبەر چی دژی هەستاوین و بەگژیا ئەچین. ئێمە لە وڵاتی خۆمانا، کە ئەو داگیری کردووە لێمان، بۆ دەستخستنەوەی مافی نەتەوەیی و دیموکراتی و مرۆڤایەتیی خۆمان، کە ئەو بێبەشی کردووین لێیان، لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی گەل و نیشتمانی خۆمانا بەگژیا ئەچین و دژی هەستاوین، بۆیە بەلای منەوە هەر کەسێ ئەم جۆرە پاکانەیە بۆ دوژمن بکات، بیەوێ یا نەیەوێ ئەبێ بەلایەنگرێکی تەواوی ئەو ڕژێمە بۆگەنەی کە گەلەکەمان لە پیسترین و نزمترین پلەی چەوسانەوە و ڕووتاندنەوە و زۆر لێکردنا حوکم ئەکات، کە نەك هەر لە ئازادی و سەربەخۆیی، لە ژیانێکی مرۆڤانە و نانێکی پیاوانەش بێ بەشی کردوون. ڕەشو ڕووت، برسی و دواکەوتوو، نەخۆش و نەزان و ژێردەست. ئەگەر پیاو لەم هەموو زوڵم و زۆرە بێدەنگ بێت، چ پیاوێکە! ئەگەر یەکێك ئەم ژیانی ڕەشەوڵاخییەی لە لا لە مردنێکی مەردانە لە پێناوی ژیانێکی مرۆڤانەدا باشتر بێت، ئەبێ چی بێت؟ وتم ڕەشەوڵاخ، ئەگەرچی ڕەشەوڵاخ زۆر لە ئێمە نازدارترە لای خاوەنەکەی، چونکە بەمردنی پارەی لە کیس ئەچێ، بۆیە خزمەتی ئەکات. بەڵام ئێمە ئەمرین بە جەهەننەم، دیلێکی تر دێنێتە بەر کار. بۆیە هەموو بیروباوەڕی پێشکەوتووی دنیا، هەموو دین و ئاینێکی ئاسمانیی بەرز، هەموو ڕەوشت و خوویەکی ئینسانی، جوامێرانە هاندەر و یاریدەری ئێمەیە لە هەستانمان دژی زوڵم، دژی ژێر دەستی، دژی چەوسانەوە و خوێنمژین، لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتن و ڕزگاری و سەربەرزیدا....

جوامێر بە ئەسپایی وتی:

– کەواتە بە بیری تۆ ئەم کوشت و کوشتارە، ئەم وێرانی و کوێرەوەرییە، ئەم دەرد و ئازارە و ئەم تەڕ و وشك پێکەوە سووتانە، بڕانەوەی نییە.

– بڕانەوەی لەگەڵ بڕانەوەی زۆرداری و چەوسانەوەیە، چونکە ئەمانە هەموویان کردار یان بەر یان بڕشتی کرداری زۆردار و چەوسێنەرەوە و داگیرکەرن.

جوامێر بەو نیازەی دوایی بەقسە بهێنێ وتی:



تایبەت ترین کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

– سا مەگەر خوا بەرەحمەتی خۆی بگات بەفریای ئەم خەڵکەدا، ئەگینا هەموو هەر لە ژێر دەست و پێدا ئەفەوتێین!

نەریمان سەرێکی بادا و هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

– ئەترسم بڵێم کە ئەمە بەچەشنێکی لە جیاکردنەوە نەهاتوو، بەستراوە بە شۆڕشەوە. هەتا شۆڕش لە دونیادا بمێنێ ئەم حاڵەش ئەمێنێ و هەتا زوڵم و زۆر و چەوسانەوەش هەبێ پێویستە شۆڕشیش ببێ، بەبێ گوێدانە نرخ، لە پێناوی ژیانێکی نوێ و لە ڕێگەی ئازادی و کامەرانیدا، ئەبێ هەموو شتێك بە کەم و هەموو نرخێك بەهەرزان بێتە پێش چاو. ئەو ڕۆژەی وا نەبوو، بڵێ مرۆڤایەتی مرد، بڵێ زۆردار خۆش! بڵێ کۆمەڵ تووشی نەزۆکی بووە و بە دیلی و هەژاری و دواکەوتنەوە دەقی گرتووە و ئەوساش شۆڕش هەر هەڵئەگیرسێ بەڵام دوا ئەکەوێت و هەتا دواش کەوێت نرخەکەشی گرانتر ئەبێ و بەزۆرترین فیداکاری لەسەر گەل ئەوەستێ. لە هەندێ قۆناغی مێژووی کۆمەڵایەتیدا شۆڕش ئەبێ بە شتێکی پێویست و فەرمانێکی ناچاری، چونکە بەشۆڕش نەبێ زوڵم و زۆر و چەوسانەوە بنبڕ ناکرێن. لە کوورەی شۆڕشا نەبێ کۆت و زنجیری دەست و مل و مێشکی کۆمەڵانی خەڵك ناکرێنەوە. شۆڕش ژانی گەلە. ژانیش ناوی خۆی بەخۆیەوەیە چ هی ژن بێت چ هی گەل، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ژانی گەلێك پڕ دەرد و ئازار و ئارەقە و فرمێسك و خوێن بێت، ئەمە وایە، بەڵام ئایا هیچ گومان لەوەدا هەیە کە هاتنە دونیای نەتەوەیەکی ئازا و سەربەرز، بەختیار، ژانێکی لەوەش پڕ ئازار و ناخۆشتر ئەهێنێت!

– جوامێر کەوا لە سەرەتادا بە تاسووقێکی تەواوەوە گوێی لە قسەکانی نەریمان گرتبوو، لەم دوا وشانەیدا هەر ئاگاشی لێی نەمابوو، گەڕابووەوە کات و شوێنێکی تر، وەك ئەم وشانەی دەستێکی نهێنی بووبن نرابن بەگۆپکەی بیرەوەرییا، فلیمێکی کۆنیان هێنایەوە سەر پەردەی مێشکی. خۆی و کاڵێی زۆر بەجوانی هاتە پێش چاو، ئەو لە جێدا بەدەم ژانەوە ئەتلایەوە و ئەمیش لە ژوورەکەدا کەوتبووە هاتوچۆکردنێکی خێرا، وەك ڕابکات، ئەیویست شتێك بکات، هەر شتێك بێ و بەهەر نرخێ بکەوێتە سەری، بۆ ئەوەی نەختێ لە ئازاری کاڵێ کەم کاتەوە. بەڵام هیچی لە وزەدا نەبوو. لە داخانا و لە بێ دەسەڵاتیدا نەڕانی وتی:

– بەڕاستی ئەم ئازار و ئێشە بێ ئەندازەیە تا بڵێیت شتێکی ناڕەواو بێ جێیە...

کاڵێش ئەوەندەی لە توانایا بوو ترش و تاڵیی چارەی پڕ ئازاری خاو کردەوە و بەدەنگێکی وەك سرپە وتی:

– نەگیانە وا مەڵێ! نابێ بەزەیی بەهەڵەت بەرێ، بوونی ئینسانێك گەلێ لەمەش زیاتر هەڵئەگرێت!

لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەڵێ ڕاستە هاتنە دونیای ئینسانێك گەلێ لەو ژان و ئازارەش زیاتر هەڵئەگرێت، بەڵام داخی بەجەرگم ژان و بوونەکەش وا بە فیڕۆ چوون بەرلەوەی هیچ کەڵکێکیان لێ وەربگیرێت. مەرگی بێ ئامان ژان بۆ گیراو و ژانگریشی بردەوە بۆ خۆی.

جوامێر کە لە بیرکردنەوەکەیا گەیشتە ئێرە ئیتر ماوە و جیاوازیی کات و شوێن و کەسی لا نەما، ڕابوردوو و ئێستای تێکەڵاو بوون. دەستێکی نادیار زۆر دڕندانە دڵی هەڵگلۆفت، گرژییەکی تاڵی ئازاراوی چارەی داگرت، پرسیارێك پڕ بەمێشکی، پڕ بەژوورەکە، پڕ بەهەموو دونیا وەك بەسامترین دێو لەبەر دەمیا قوت بووەوە. کێ ئەڵێت ژانەکەی گەلیش وەك هینەکەی کاڵێ نابێت! چووزانێ ئەم هەموو قوربانی و کوێرەوەری و ئێش و ئازارەی گشت ئەم خەڵکەش بەفیڕۆ ناچێت! چۆن ئەو مەرگی ستەمکار ژاندار و بەری ژانیشی پارچە پارچە کرد و گۆڕێکی تەنك و تاریشی پێ ڕەوا نەبینین، ئێستەش زۆردارێکی تازە لە پێستی ڕزگارکەرا، گەل و بەری ژان و ئازارەکەشی بۆ دەسکەوتی خۆی و دار و دەستەی، ناقۆزێتەوە و سەرلەنوێ کۆمەڵانی خەڵك بەناوێکی تازەوە و لە داوێکی تازەدا ناهاوێژرێنەوە ناو دۆزەخێکی لە جاران ناخۆشترەوە!

جوامێر لەم بیرکردنەوە بەسامەدا بوو کە نەریمان، سا یا وەکو شتێ لە دڵی گەڕابوو ئەم بیر لە چی ئەکاتەوە یا هەر ئەنجامی قسەکەی وای هێنا، وتی:

– جا بێگومان شۆڕشێك کە ئەم هەموو ئێش و ئازار و کوێرەوەری و خوێن و ئارەقە و فرمێسکە بکەوێ لەسەر گەل، پێویستە گەلیش لە بیبیلەی چاوی باشتر

بەرەکەی بپارێزێت، هەروەك دایکێکی دڵسۆز کزەی جەرگ و بەری ژانەکەی خۆی ئەپارێزێت!

جوامێر کە چارەنووسی هیوای کوڕی هاتەوە بیر بەئەسپایی وتی:

– بەخوا برا چاك ئەتوانێ بیپارێزێت!

نەریمان نەك لەبەرئەوەی هۆی ئەم گومانەی ئەمی زانی، هەر وەکو خەباتکەرێکی بەباوەڕ بەهێز و توانای گەل وتی:

– بەڵێ هیچ گومانت لەوەدا نەبێ کە ئەگەر گەل وریایی و توانا و وزەی بێ پایان و بێ سنووری خۆی بەباشی و ڕێکوپێکی و هەست و ویستی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەجۆرێکی دیموکراتییانە بەکار بهێنێ و ئەم فەرمانی پاراستنی بەری شۆڕشە ڕاستەوخۆ بگرێتە ئەستۆی خۆی، زۆر بەباشی ئەتوانێ ئەم ئەرکە گرنگە بباتە سەر، کە بەلای منەوە لە شۆڕش خۆی بایەخدارتر نەبێت کەم بایەختر نییە. وەهیچ گومانیشم لەوەدا نییە کە گەل لە ئەنجاما لەم خەباتەشیا هەر سەرکەوتوو ئەبێ.

دوای بەینێ دانیشتن و قسەکردن هەندێ بێدەنگ بوون. نەریمان باوێشکێکی دا، جوامێر بۆی سەندەوە و وتی:

– کە شەوەکی زوو بکەوینە ڕێ، بنووین باشترە...

نەریمان وتی:

– ڕاست ئەکەی بنووین باشترە. خەو باشترین خۆ لەبیربەرەوەیە.

ئەرێ بەڕاست خۆ تۆ پێت نەوتم نیازی کوێت هەیە، شار؟

– نەخێر ئەمەوێ بچم بۆ دێی گوڵان!

نەریمان سەرێکی بادا و لەسەرخۆ وتی:

– (گوڵان)ی چی کاکی خۆم! گوڵان گیانلەبەری تیا نەماوە، ئەچی لەوێ چی ئەکەیت؟ جگە لەمەش ئێستا شەڕ کەوتۆتە ئەو ناوەوە، ڕۆژ نییە سێ چوار جار ڕێگا و دێهاتەکانی ئەو ناوەی تیا بۆردمان نەکرێت!

جوامێر لە دڵی خۆیا وتی: بۆردمان ئەکرێ جارِ بە جەهەننەم، خوای ئەکرد

پارچە بۆمبایە ئەیدا لە پەڕەی دڵم و ڕزگاری ئەکردم، ڕووی کردە نەریمانیش و وتی:

– لام وایە هەر چوونەکەم چاکترە، دوای ئەوەی بەسەرم هات، لەم دونیایەدا لە هیچ شوێنێکی تر هیچ کارێکی کەم نییە!

نەریمان بە زەردەخەنەیەکی پڕ بەزەیییەوە وتی:

– لێم ئەبووریت ئەگەر بڵێم من لەم ڕەئیەتا لەگەڵت نیم. یەکێکی وەکو تۆ ئێستاش و بەر لەم کۆست کەوتنە گەورەیەشت، شوێنێکی تایبەتی و کار و فەرمانێکی دیاری هەبووە و هەشە!

جوامێر تێ گەیشت لە نیازەکەی نەریمان، بەڵام خۆی لێ گێل کرد. بەبیریشیا هات کە ڕەنگە نەریمان ڕووی نەیە پێی بڵێ قەدەغەیە لە ناوچەی شەڕا سووڕانەوە، لەوانەیە جارێکی کەش بیگرنەوە و ئەویش تووشی سەریەشە ببێتەوە. جگە لەمە، وا چووش بۆ گوڵان، چ دادێکی ئەم ئەدات کە بەردی بەسەر بەردەوە نەمابێ! بۆیە وتی:

– باشە لەسەر قسەی تۆ ناچم بۆ گوڵان، ئەگەڕێمەوە شار.

## ١٧

کە جوامێر گەڕایەوە ماڵی لاوە، ژنەکەی لاوەی مڕومۆچ دی. ترسا لەوەی مێردەکەیان گرتبێ لە باتی ئەم، چونکە هەرچەندە لە ڕووی قانوونییەوە هیچ پەیوەندییەکی نەبوو لەگەڵ جوامێر بەرامبەر بەحکوومەت، بەڵام قانوون و مانوون پێچڕابوونەوە. شتێکی ئاسایی بوو کە خزم و کەسوکار و بگرە خانەخۆیش بگیرێت لە بریتی میوانەکەی. بەشەرم و ترسێکەوە هەواڵی لاوەی پرسی:

– سێ ڕۆژ لەمەوبەر گەڕایەوە لە شاری (هـ...) کە دی تۆ ونیت، ئەویش خۆی شاردەوە تا بزانێت مەسەلەکەی تۆ بە چی ئەگات. ئەقڵ بەگەورە و بچووکی نییە کاکە جوامێر، نەئەبوو وا بێ سەروشوێن خۆت ون کەیت!

جوامێر چاوی پڕبوو لە فرمێسك، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و لەشی کەوتە لەرزین، ویستی قسە بکات گریان بەری گەرووی گرت، بۆیە سەری شۆڕکرد و بێدەنگ ڕووی کردە ئەو ژوورەی بۆیان دانابوو، دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و خۆی دا بەسەر جێگەکەیا و دایە پرمەی گریان، هەموو ئەو فرمێسکانەی بێ پەروا هەڵڕشت کە هەشت نۆ ڕۆژ بوو لە ترسی ناحەز و لە شەرمی دۆست بەهێزێکی دلێرانە بەربەستی کردبوون. ئەو گلەییە هەقە ڕەقەی ژنەکەی لاوە هێزی لەبەر بڕی و دەستی شکاند، لە وزەیا نەما لەوە زیاتر خۆی بگرێت.

ژنەکەی لاوە خەبەری هاتنەوەی جوامێر و ماتەمینی و گریانی بۆ لاوە گێڕایەوە، ئەویش لەژێر زەمین هاتە دەرێ. کە گەڕایەوە ماڵێ چاوی بە جوامێر کەوت، هیچی نەدایە ڕووی. خۆشی و ژنەکەشی، کە ئاگاداری وەزعەکە بوون، ئەیانزانی کە هۆی پەژارە و ماتیی جوامێر ئەوەیە کە نەمانی ژن و کوڕەکەی بۆ دەرکەوتووە، بەڵام نەیانئەزانی لە کوێ و چۆن زانیویێتی.

ئێوارە لاوە مێزی ڕازاندەوە لە ژوورەکەی جوامێر. زۆرتریشی بۆ خۆی بوو، کەوا چەند ئێوارەیەك بوو نەیخواردبووەوە. کە دانیشتن وەکو جاران پەرداخێکی خستە

بەردەمی جوامێریش. سەری سوڕما هیچ قسەی نەکرد. وایزانی ئاگای لێ نەبووە، قاپەکەی برد بۆی تێ کرد، بێدەنگ بوو. ئینجا پێی وت:

– خۆت ئاوی تێ کە!

جوامێریش بێ ورتە قومێ ئاوی تێ کرد و نای بەسەرییەوە. لە نیو سەعات پتر تێپەڕیبوو بەسەر دانیشتنەکەیانا، جوامێر بێدەنگ و پەیتا پەیتا ئەیخواردەوە. لاوەش کە بەقووڵی و فراوانیی پەژارەی ئەزانی نقەی لە خۆی بڕیبوو، زۆرتریش لەبەرئەوەی نەیئەزانی چی بڵێ و لە کوێوە تێ هەڵچێت! بۆیە دەسەڵاتی بێدەنگی شڵەقاندن و قسە دەست پێکردنی واز لێ هێنابوو بۆ جوامێر. ئەمیش وا دیاربوو هەتا ئەهات باری ماتی و خەفەتی لەسەر کەڵەکە ئەبوو، بۆیە ئەو چاوەی بڕیبوویە ئەرزەکە مەگەر بۆ قومدان لە پەرداخەکەی بەرزی بکردایەوە. لاوە تاقەتی چوو، هەستا چووە ژوورەکەی تر لای مناڵەکانی. پاش بەینێ هاتەوە. وەك بترسێ لەوەی کە چووە ژوورێ ماتەمینیی ژوورەکە دای گرێت، هەر لە دەرگاوە وتی:

– هەستە جوامێر! با ئیمشەو لە ژووری نان خواردن شیوەکەمان بکەین، وا دیارە دایکی دارا بەمیوانی داناوین، چێشتی خۆشی بۆ لێ ناوین. کفتەی سابوونکەران کە خۆت حەزی لێ ئەکەیت.

لاوە زۆر چاك ئەیزانی قسەکەی لە پرمەی پێکەنینی ناو شیوەن ئەچێت، بەڵام هەر ئەمەی بەباشتر زانی لەوەی دان بنێ بەشیوەنەکەدا و سەرلەنوێ هەمووی تازەکەنەوە. جوامێر بە ماتییەکەوە وتی:

– دەستەکانی خۆش بێ، کوڕی نەمرێ. جارێ زووە بۆ نان خواردن. وەرە تۆ چۆڕێ ئارەقم بۆ بێنە و دانیشە با نەختێ قسە بکەین.

لاوە بە سەرسامییەوە وتی:

– ئارەق! ئەوە نیو قاپەکە نییە لەبەر دەمتا!

بە تەریقییەوە جوامێر وتی:

– تیا نەماوە!

لاوە بەپەلە سەرسامییەکەی شاردەوە و بەڕوویەکی تەواو خۆشەوە نیو قاپی

کەی هێنا خستیە بەردەمی وتی:

– فەرمووو ئەوە ئارەق و ئەوە منیش دانیشتم!

هێشتا شووشەکە باش جێگیر نەبووبوو لەسەر مێزەکە، جوامێر پڕی پیا کرد و پێکێکی گەورەی بۆ خۆی تێ کرد. لاوەش بە زەردەخەنەیەکەوە پەرداخەکەی خۆی لێ بردە پێشەوە وتی:

– نەختێکیش بۆ من!

لاوە کە پەرداخەکەی ئەبرد بۆ لێوی پەشیمان بووەوە لەوەی کە خۆی خستە بەر قەمچیی جوامێر. باشتر ئەوەبوو ماوەی راز داکوتانی نەدا. وەکو شتێك کەوتە ترس لە قسەکردنەکەی. لە دڵی خۆیا وتی: ئەبوو خۆم خەبەرم بدایە و هەموو شتێکم بۆ بگێڕایەوە وەکو هەیە بەبێ ئەوەی ماوەی ئەوە بدەم لە خەڵکی ببیسێ. ئێستا خوا ئەزانێ چۆنیان بۆ گێڕاوەتەوە و چییان پێ وتووە. بەهەڵە چووم وام ئەزانی تا زۆرتر لێی بشارمەوە و درەنگتر ڕاستی بزانێت بۆ خۆی چاترە. بەهیوای ئەوەش بووم باشتر بۆی بهۆنمەوە، هەزار و یەکجار داستانەکەم لە مێشکی خۆما گێڕاوەتەوە، بیرکاریم کردووە، گۆڕیومە کەچی بەکەڵکی هیچم نەهات. هەل لە دەستدان ئەمە ئەنجامەکەیەتی. بەڵام زۆر سەیرە هیچ وا دیار نییە لە من زویر بێت!

دەنگی جوامێر هێنایەوە سەرخۆی کە وتی:

– ئەوە چییە لاوە گیان؟ بۆچی دەستت بەپێکەکەوە وشك بووە؟ نازانم قسەکەم دەست پێ بکەم. بەڕاستی لاوە من شەرمەزاری تۆم. بە خۆڕایی و بێ ئەوەی بزانم زۆرم دڵ ئازار دایت، تۆش دڵت نەئەهات ڕاستیم پێ بڵێیت، چونکە ئەوەندە بە سام و ئێسك گران بوو! ئەمدی کە باسی منداڵەکانم لا ئەکردیت بەتەواوی تێك ئەچوویت. تومەز تۆ ئەتزانی دێی گوڵان نوگرۆ کراوە و کەسی لێ دەرنەچووە و هیوا و کاڵێی منیش لەو دێیەدا پارچە پارچە بوون وەك هەموو دانیشتووانی کەی دێیەکە! ئۆف چی ئەکەی لەگەڵ کاری خوا!

لاوە ئێستاش کە جوامێر باسی هیوا و کاڵێی بۆ ئەکرد هەر ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، چاوی بڕیبووە مێزەکە بێ ئەوەی هیچ شتێکی تایبەتیی لەسەر بەدی

بکات. ئەیزانی ئەبێ ئەویش قسەیە بکات، بەڵام وەختەبوو لێك ببێتەوە کە مێشکی نەئەگەیشت بەفریایا و هیچی بەبیرا نەئەهات. خوا و ڕاستان کردی جوامێر خۆی وتی:

– ئیتر ئەم باسە بەس بێ! جارێکی تر دڵی هیچ کەسێك بەناوبردنیان ئازار نادەم. تەنیا هەقیان بەسەر منەوە هەیە کە هەتا ماوم ناویانم لە بیر نەچێتەوە. ئینجا با بێینە سەر قسەی دونیایی. ئەمە ناکرێ کاکی خۆم کە من وەکو دابەستە بەسەر تۆوە بلەوەڕێم، ئەبێ ئیشێ بکەم!

لاوە نەیهێشت ئەم هەلەی لە دەست دەرچێت بەتەریقییەکەوە وتی:

– توخوا ئەگەر قسەی وا بکەیت جوامێر گیان!

جوامێر لەسەرخۆ وتی:

– زۆر سوپاسی هەستی بەرزت ئەکەم، بێگومان تۆ گەلێ پیاوەتیت بەسەر منەوە هەیە، بەڵام ئەمە قسەی پێ ناوێت کە زۆر ناشیرینە منیش هەروا بێ ئیشوکار بسووڕێمەوە (ئیستێکی کرد)... ناشزانم چی بکەم؟ فەرمانبەری ئەوە خۆ هەر هیچ بیخەرە ئەولاوە نەمیری منی ئەوێتەوە و نەمنیش تازە فەرمانبەریم پێ ئەکرێت. هەموو کارێکی کەش دەسمایەی ئەوێت. ئەشزانم تۆ ناتوانی دەسمایە بۆ من پەیاکەیت و هەقیش نییە کە بیەڵم بیکەیت. تەنانەت ئەگەر لە وزەشتا بێت، چونکە ئیشی من خانووی سەرشیوە. هەق نییە سەرەڕای ئەم هەموو چاکەیەت تووشی سەرشۆڕی و قەرزاریشت بکەم. تەنیا یەك ڕێگەم دۆزیوەتەوە!

لاوە هەڵی دایە وتی:

– ئەڵێی چی پێکەوە ئیش بکەین؟

جوامێر زانی لاوە ئەم قسەیە لە بەزەیی و پیاوەتییەوە ئەکات و هیچ لێکدانەوەی لەگەڵ نییە، بۆیە وتی:

– نە کاکی خۆم، ئەمەشت لەگەڵ ناکەم و زۆر سوپاسیشت ئەکەم. ڕێگەکەی خۆمت پێ بڵێم. من جێ خانوویەکم هەیە، تاپۆی لەسەر باوکمە، هەرچەندە کاولیان کردووە، بەڵام ئەتوانم شوێنەکەی بفرۆشم و بیکەم بە دەسمایە. لێم

گەڕان و سەرکەوتم ئەوە باشترە. خۆ ئەگەر سەرنەکەوتم یا گرتیشیانمەوە با نۆش لەسەر دەی بێت! ئینجا تۆ ئەڵێیت چی؟

دوای ئیستێك لاوە وتی:

– باشە تۆ چەندت دەسمایە ئەوێ بیڵێ بەشکو من بۆتی ڕێك خەم؟

– پێم وتی کاکی خۆم! من دەسمایەی تۆم ناوێت، شەڕوگەڕی خۆمت لێ لا ئەدەی. گوناهە تۆش بەخۆمەوە بسووتێنم، منالّت وردە. وا دیارە یەکێکی تازەشتان بەڕێوەیە! جگە لەمەش تۆم هەڵگرتووە بۆ شتێکی تر جارێ کاتی نەهاتووە باسی بکەم. جارێ تۆ پێم بڵێ کەلاوەکەم چەند ئەکات؟

لاوە نەختێ لێکی دایەوە وتی:

– ئێستا بەهۆی بێ ئاسایشی و شەڕەوە موڵك شکاوە، لەگەڵ ئەوەشا جێگەکەی باشە، لەوانەیە مەتری چوار پێنج دینار بکات. چەند مەترەیە؟

– نازانم. بەڵام خۆی ئەدا لە سێ سەد مەتر.

– ئێ باشە شتێکت بۆ ئەکات. بەڵام تۆ جارێ پێت نەوتم چی ئەکەیت!

جوامێر بێ سێ و دوو وتی:

– کتێب فرۆشی!

لاوە سەرێکی بادا وتی:

– ڕۆژەکەی ئەمڕۆ نەبێ کاسبییەکی خراپ نییە. بەڵام ئیمڕۆ بڕوا ناکەم لەم شارەدا پیاوی پێ بژی، چونکە تەنانەت گەلێ لەو کتێبانەی کە لە پایتەختیش چاپ کراون، لێرە قەدەغەن و خەڵکی لەسەر ئەگیرێت! چ جای کتێبی تر. سەرەڕای ئەوەش لام وایە ئیجازەی ئەوێت!

– بیرم لە هەموو بارێکی کردووەتەوە. تێکڕا چاکەی لە خراپەی زۆرترە. لە پاشا دەسکەوتی هەرچەندە کەمیش بێت سەڵتێکی وەکو منی پێ ئەژی! نانەسکیم بەسە!

لاوە نەختێ بێدەنگ بوو، ئینجا وتی:

– ئەوی ڕاست بێ من ئەوەندەی لێ نازانم. بەڵام کە خۆت لات باش بێت لای

منیش باشە! بەڵام ئیجازە چۆن؟

جوامێر وتی:

– تۆ هەقت نەبێ ئەوە لەسەر خۆم. تۆ تەنیا دوو شتم بۆ بکە، یەکەم کڕیارێکم بۆ بدۆزەرەوە. دووەمیش...

لاوە وتی:

– ئێ، دووەمیش... دەی تەواوی کە چی کەت بۆ بکەم؟

جوامێر هەرچەندە باشی خواردبووەوە و ئەشیخواردەوە، کەچی هەر بە شەرمێکەوە وتی:

– بەقەرز پەنجا دینارم بەرێ، تا موڵکەکەم ئەفرۆشم.

– توخوا جوامێر ئەم قسە هیچانە مەکە!

لاوە وای وت و دەستی کرد بەگیرفانیا. جوامێر وتی:

– بێنە باشە!

ئەمەی وت و دەستی برد پارەکەی لێ وەرگرت و داینا لەسەر مێزەکە و وتی:

– بەڵام بەبرایەتیمان کە بۆم هێنایتەوە لێم وەرنەگریتەوە لە بەرچاوت پارەکە ئەدڕێنم. بەسە ئەوەتەی بەربووم بیست و پێنج دینارت داومێ. بەدرێژاییی دە ساڵیش مانگی دوو دینارت بۆ ناردووم و منداڵەکانت بۆ بەخێو کردووم، لێرەدا وەك قسەکەی لە بین گیرابێت بێدەنگ بوو، پەرداخەکەی هەڵگرت و نای بەسەرییەوە. دوای پشوویەکی باش هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەستایە سەر پێ وتی:

– با بچین شیوەکەمان بکەین.

لاوەش بێدەنگ ملی ڕێی گرت بۆ ژووری نانخواردن، لەوێش بێ ورتە نانەکەیان خوارد. کە لێبوونەوە سەری لە دەرگای بەینەکەوە درێژ کرد بۆ ژووری دانیشتنیان و بەدەنگێکی نەختێ بەرز وتی:

– دەستەکانتان خۆش بێ دایکی دارا... بەڕاستی کفتەکەشت نایاب بوو و... وەکو هەموو چێشتەکانی کەت.



کوردیکا
@kurdica

که هاتنەوە ژوورەکەی جوامێر، لاوە پێی وت:

– چا لێ نراوە، ئەڵێی چی!

جوامێر وتی:

– نە ئیمشەو ناخۆمەوە. دەستی برد پەرداخەکەی پڕکردەوە قومێکی گەورەی لێ دا. لاوە ورتەی نەکرد، لە دڵی خۆیا وتی:

هەقیەتی... ئیستا سەرخۆش ئەبێ بۆ خۆی بێهۆش ئەکەوێت تا بەیانی، ئەمەی چاترە لەوەی تا ڕۆژ ئەبێتەوە گینگڵە بدات لەناو جێدا!

بەم جۆرە بێدەنگ دانیشتن. جوامێر ئەیخواردەوە و جگەرەی بەیەك دائەگیرسان، لاوەش بێ ئارام یاری بە تەزبێحە کارەبا دەنك زلەکانی ئەکرد. لە پڕ هەستایە سەر پێ وتی:

– من خەوم دێ ئەچم ئەنووم. بزانم بەشکو بەیانی کڕیارێکی باشت بۆ پەیاکەم بۆ جێ خانووەکەت... شەوباش!

– شەوباش! خوات لەگەڵ.

بەیانی کە جوامێر چووە بنج و بناوانی مەسەلەی جێ خانووەکەی بۆی دەرکەوت ئەو حیجزەی خراوەتە سەری لانەبراوە هێشتا. ئەویش بەبێدەنگ ئەرزوحاڵێکی دا بە کاربەدەستان تیا نووسی، کەوا لەبەرئەوەی ماوەی زیندانی کردنی تەواو کردووە داوا ئەکات کە حیجز لەسەر شوێن خانووەکەی لاببرێت بەتایبەتی کە ئەیەوێت بیفرۆشێت و لەم شارە بگوێزرێتەوە بۆ یەکێ لە شارەکانی خوارووی وڵات، وە داوای لە کاربەدەستان کرد کە ئەوان بەئارەزووی خۆیان شوێنەکەشی بۆ دیاری بکەن.

جوامێر خۆی ئەیزانی کە هەڵبژاردنی شوێن هەقی خۆیەتی ویستی ئەو هەقەی خۆشی بخاتە دەست ئەوان. دوای ئەم ئەرزوحاڵە بانگ کرایە دایەرەی ئاسایش و هۆی ئەم بڕیارەی لێ پرسرا. ئەویش وتی کەوا دوای مردنی ژن و مناڵەکەی ڕووخاندنی خانووەکەی هیچ پەیوەندییەکی وای نەماوە بەم شارەوە کە لای خۆشتر کات لە شوێنێکی کەی وڵات، بەپێچەوانە لێرە برینیشی ئەکولێتەوە، جگە لەوە

حەزیش ئەکات ڕێگەی درۆ و دەلەسە لە ناحەز بگرێت و چۆن ئەم دە ساڵە دوور بووە لەم ناوچەیە ئێستەش بەیەکجاری و بەئارەزووی خۆی خۆی دوور ئەخاتەوە. پاشماوەی عومری دوور لە هەرا و هۆریایەك بەسەربەرێت لە ژێر سێبەری قانوون و نیزاما!

ئەم قسانە و ئەو ڕاپۆرتانەی لە بارەی بێ چالاکیی جوامێرەوە درابوون بە کاربەدەستانی سەلماند کە جوامێر نەك هەر کەڵکی ئەوان، کەڵکی لەشکریشی پێوە نەماوە. بۆیە یارمەتییان دا کە زوو ئیشەکەی جێبەجێ ببێ. لاوەش کڕیارێکی بۆ دۆزییەوە بە نرخێکی باش جێ خانووەکەی لێ کڕی.

بەر لەوەی خانووەکە بفرۆشێت شەوێك لە ماڵی لاوە لە ژوورەکەی خۆیا ئەیانخواردەوە، ڕووی تێ کرد و پێی وت:

– کاکە لاوە بڕیارێکم داوە ئەبێ یارمەتیم بدەیت جێبەجێی بکەم چونکە بۆ هەموو لایەك باشە!

– بیڵێ بزانم! بێگومان هەر کارێك چاکەی تۆی تیابێت من ئامادەم بەهەموو توانا یارمەتیت بدەم!

– ئەمەوێت لە سبەینێوە بگوێزمەوە لێرە. بۆ خۆم شوێنێ پێکەوە بنێم. ئیتر بەسە ئەم سپڵی لاورگییە!

لاوە دوای ئیستێك سەرێکی بادا وتی:

– جارێ بەر لە هەموو شتێك تۆ سپڵی لاورگ نیت، دڵ و جەرگیت. لە پاش ئەمەش بەلای منەوە چاکتر ئەوەیە گواستنەوەکەت بخەیتە دوای ئەوەی کە دەست ئەکەی بەئیش کردن و ئینشاڵڵا سەر ئەکەویت! ئەوسا هیچ گلەییم نییە لە گواستنەوەت!

– کاکی خۆم من بابایەکی سەر بە گۆبەندم. ئەگەر بەهۆی منداڵەکانەوە. نەبوایە هەر لە سەرەتاوە نەئەهاتمە ئێرە. بەڵام وتم کە هەموو دنیا بزانێت منداڵی من ئەو بەخێویان ئەکات بەلای خۆمەوە ئەبوو بەکەرێتی و بە لای خەڵکیشەوە بە سپڵەیی، ئەگەر یەکسەر لە زیندانەوە ڕووم نەکردایە ماڵی ئێوە!

– ئەمانە قسەن. ئەوەتەی هاتوویتەوە کەس هەواڵی تۆی نەپرسیوە، بڕوا ناکەم لەمەودواش بیپرسن. کەوتوون بەدەردی خۆیانا. هی وەکو من و تۆ مەگەر لە ڕەشبگیرێکا تووش ببێت کە ئەوەش نەگوناهمانی تیایە و نەئاگربڕی بۆ ئەکرێ!

– لای من وا نییە، من و تۆ زۆر جیاوازین. لای میری من کابرایەکی داخی زیندانی سیاسیم بەناوچەوانەوەیە، بەڵام تۆ یەکێکی وەکو هەموو کوردێکی ئاساییی تر. لە پاشا نابێ من دەرسێ لەو چەند ڕۆژە وەربگرم کە تیا ون بووبووم؟ تۆ ناچار بووبوویت خۆت بشاریتەوە و ماڵ و منداڵ و کاروبارت جێ بهێڵیت، ئەمە هەمووی بەهۆی جەنابمەوە! جا تۆی بێ تاوانی لە هیچا نەبوو بۆچی تووش بکەم؟ نەء نەء، بەهیچ جۆرێك نابێ جارێکی تر تۆ و ماڵ و منداڵت بخەمەوە ئەو دەردی سەری و ناخۆشییەوە لە پێناوی هیچیشا!

لاوە هەرچەندە بەو ئەرزوحاڵەشی نەئەزانی کە جوامێر دابووی لە بارەی دوورکەوتنەوەیەوە لە شار، هەر بەوەی کە لای وابوو مل ئەداتە کاسبی و ئیتر خۆی لە هەموو گومانێك دوور ئەخاتەوە، سەری سوڕمابوو لەم قسانە. بۆیە وتی:

– بەلای منەوە ئەم قسانە بێ سەروپێن! لەگەڵ ئەوەشا تۆ خۆت چۆنی بەباش ئەزانی وا بکە!

– زۆر سوپاست ئەکەم. کەوابوو لە سبەینێوە ئەگوێزمەوە.

– خێری پێوە بێت. باشە ئەگویزێتەوە کوێ؟

– حەزناکەم پێت بڵێم چونکە (بەتەریقییەکەوە) تا خۆم بانگتان نەکەم نامەوێت بێنە لام. هەروا نەختێ شوێنەکەم ڕێك ئەخەم ئەوسا خۆم دێم ئەتانبەم!

لاوە بە ڕازی بوونێکی ناچارانە و سەرسوڕمانەوە وتی:

– باشە گیانەکەم بام ئەمیش بەدڵی تۆ بێت. ئێ ئیتر هیچی کەت ماوە؟

– هیچ، گەلێ سوپاس. جوامێر هەستی ئەکرد لاوە وەك منداڵ یان نەخۆش لەگەڵی ئەجووڵێتەوە، بەڵام گوێی نەدایە.

## ١٨

نزیکەی مانگێك دوای ئەو شەوە ئێوارەیەك لاوە بەرەو ماڵ ئەبووەوە، دوو سێ ڕۆژ بوو لە وەخت و ناوەختا جوامێری ئەکەوتەوە بیر. لەو ڕۆژەوە کە پارەی جێ خانووەکەی وەرگرتبوو لە کرێارەکەی لە دایەرەی تاپۆ، لە هیچ کونێکەوە دەرنەکەوتبوو. لە کەسیشی نەبیستووە دوکانی کتێب فرۆشیی دانابێت! ئەگەر جوامێری باش نەناسیایە لێی ئەکەوتە گومان و ئەیوت: کەوتۆتە دوای ئافرەت و قومار و خواردنەوەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت پارەکەی لێ دەرئەهێنن و وەك ماسیی مردوو ئەکەوێتە سەر ئاو. بەڵام ئەیزانی کە جوامێر لەوانە نییە، مەگەر بەندیخانە گۆڕیبێتی! لەگەڵ ئەوەشا ڕەوشتی مانگ و نیوی ڕابردووی وای پیشان نەئەدا. بڵێ چی، دوور نییە لە لاتییا وا خۆی پیشان دابێت، پیاوی لات خواردنەوە و قومار تەرك نەکات چی ئەکات! منەتی نەبێ بابچێ هەر ویسکی بخواتەوە وەك (م.م)ی هاوڕێی قوتابخانەم لە ئیمتیحانا وتی: بنیادەم زاڵمە لە ئاوی نەهریشا مەلە ئەکات و لە ئاوی بەحریشا! هەر چۆنێك بێ ڕابواردنی لە مەولام ئەبێ بێ جوامێر ڕێك خەم. خوا لە بەڵای بپارێزێت زۆر دەرد و ئازاری دی. لەم چەشنە بیرانەدا بوو لە سووچی کۆڵانەکەیان پێچی کردەوە ئاسۆ مەمەند بەرەنگاری بوو، زەرفێکی دایە دەستی و بەئەسپایی وتی:

– ئەمە هی جوامێرە!

ئیتر وەك ئەرز قووتی دابێت چۆن لە پڕ دەرکەوت واش لە چاو ون بوو. لە کاتێکا لاوە بەحەپەساوی زەرفەکەی خستە گیرفانیەوە و خەریکی گلەیی بوو لە بێ وێڵی و ساردیی ئاسۆ، کە لای خۆی دۆستی جارانی ئەم زۆرتر بوو تا جوامێر. لاوە ئاوڕی دایەوە دی دوو زەلام لە پشتیەوە ئەهاتن، یەکێکیان (ت...) کوڕێکی گەڕەکەکەیان بوو، خەڵك لێی کەوتبوونە گومان کە پەیوەندیی بەدایەرەی ئاسایشەوە هەبێ. ئەمە بەهێزترین پاکانەی بۆ بێ وێڵییەکەی ئاسۆ کرد و زۆر ڕەحمەتیشی نارد بۆ گۆڕی باوکی کەوا ئەوەندە بەخێرایی فەرمانەکەی تەواو کرد کەس هەر هەستیشی پێ نەکرد.

لاوه بۆ دڵنیایی نەختێ لەبەر دەرگاکەیان خۆی ڕاگرت. ویستی لەگەڵ (ت...) قسە بکات، بەڵام ئەم نەیخستە بەری وتی:

– چۆنی کاکە لاوە! ئەوە چی بوو کوڕی مەمەندە گۆج چاوی بە تۆ کەوت وەك ڕاوی نێن بۆی دەرچوو! ئەبێ ئیشی چیی هەبێ لە گەڕەکی ئێمە؟ خوا چاکی کات بەینێکە سەرمان سووکە!

– بەڕاست ئەوە چی بوو، تیژ بەلاما تێپەڕی سەرم لێ تێك چوو ئەو بێ یا ئەو نەبێ؟

– نەء ئەو بوو، من باش ناسیم، بەلاما تێپەڕی. دیارە بێ سەلام. چونکە ئێمە جاسووسین ئەوانیش نیشتمانین! نازانێ ئەگەر جاسووس بوومایە ئەوم بەگرتن ئەدا. قەی ناکات بەد بەخوا.

– بەد خوا، ئێستە ئۆغر بێت!

– بەخوا نیازم هەیە سەرێ لە ماڵی خوشکم بدەم لەگەڵ جەمالی خاڵم ئەچین. شەویش بەناچاری لەوێ ئەمێنینەوە. کەی خوا ئاوێ بەم ئاگرەدا ئەکات و خەڵك ڕزگاری ئەبێت. هەموو مردین، بەسە بەس! خوات لەگەڵ.

– خواتان لەگەڵ.

لەبەر خۆشییەوە وتی:

– ئافەرین ئاسۆ گیان بۆ خۆت و دەستوبردت.

لاوە هەر کە گەیشتە ئەودیو دەرگاکەی خۆیان زەرفەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و کردیەوە. لە پێش هەموو شتێکا کۆمەڵێ دە دیناری لێ کەوتە خوارێ، کە ژماردی پەنجا دانە بوو. ئینجا نووسراوەکەی خوێندەوە کە ئەمە بوو:

«کاکە گیان!

لێم گەڕێ با بەر لە هەموو شتێك جارێکی تر سوپاست بکەمەوە بەرامبەر بەو ئەرك و ئازارەی لە ڕووی خۆم و ماڵ و منداڵمەوە تووشت بوو.

کاکە! لێت ناشارمەوە کەوا بەدرێژاییی سێ چوار مانگی دوایی بەندیخانە،

مێشکم مەیدانی خەباتێکی بێ وچان بوو لە میانی دەسکەوت و خۆشیی خۆم و دەسکەوت و خۆشیی کۆمەڵدا.

«کە ڕزگارم بوو چی بکەم! خەریکی پێگەیاندنی هیوا و کاڵێی خۆم بم، یا ژیانم بۆ هێنانە دی و پێگەیاندنی هیوا و خۆشیی گەل تەرخان بکەم؟ بۆ خۆم بژیم یا بۆ خەڵك؟» لە پاش ئەم خەباتە تاڵە (خۆم) سەرکەوت بەسەر خەڵکا بەو بەهانەیەی کە دە ساڵ لە پێناوی خەڵکا گیراوم و ژن و کوڕ و خۆم تووشی ئەوپەڕی ئازار و دەرد و کوێرەوەری بووین لەگەڵ ئەوەشا یەکێك دەروویەکی لێ نەکردینەوە. لە پاشا گەل کەسی زۆرە، هیوا و کاڵێ بێ کەسن، لە من زیاتر کەس شك نابەن. ئەوەی تووشی بووم لە پێناوی گەلا بەسە ئیتر، لەمەولا خەریکی هیوا و کاڵێی خۆم ئەبم، هەموو ژیانم بۆ ئەوان تەرخان ئەکەم. بەڵێ بەسەر زاری ئەنجامی زۆرانەکەی مێشکم وابوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە سەرکەوتنێکی فشەڵ و بێ بناغە بوو. چونکە زۆر جار ئەهات بەبیرما ئاخۆ بەختیاری و خۆشیی هیوا و کاڵێی من ئەتوانرێت لە بەختیاری و خۆشیی خەڵك جیا بکرێتەوە؟! ئایا ئەتوانم گوڵی هیوای خۆم پێ بگەیەنم لە کاتێکا کە باخی هیوای گەل وشکی کات و خەڵك بەئاواتی خۆی نەگات؟ ئایا دوژمن ڕێی ئەمە ئەدا و باوەڕ بەم خۆ لە گەل دابڕینەم ئەکات؟! ئایا ئەگەر خۆ لە گەل دابڕینەکەم ئەوەندە تەواو و یەکجارەکی بێ کە دوژمن باوەڕم پێ بکات نابێ بەمایەی نەنگی و سەرشۆڕی بۆ خۆم و ماڵ و منداڵم؟ کەس باوەڕ بەوە ئەکات کە دەست هەڵگرتنی ئەم ڕژێمە بۆگەنە خوێنمژە لە یەکێکی وەکو من، بێ نرخ بووە؟ نەء من خۆشم لەو باوەڕەدا نیم کە بەبێ نرخێکی گران جێبەجێ ببێت! ئەمە باری بیر و لێکدانەوەم بوو تا هاتمەوە. کە هاتیشمەوە بەسەر وڵاتی وێران و ماڵی کاول و دۆستی گیراو و کوژراو و خزمی ماڵ تاڵانکراو و خەڵکی بێ تاوانی لە ژێر دارا ڕزێنراوا هاتمەوە، زیاتر لە جاران ئەو نزمی و ناپیاوییەم بۆ دەرکەوت کە لە ڕێگەی دەست بە کڵاوی خۆگرتن و خەتەسووریێ لە خۆم دووریێدا بەسەرم دێت. ڕەنگە پیاو لە کاتێکی ناپیاوی و ترسنۆکی و بێ ورەیی و زارەترەکیدا بڵێ (حیز و سەلامەت)، ئەی ئەگەر وەکو مامە ڕەشەی خۆمان ئەیوت: حیزیش سەلامەتیت دەست نەخات، چی ئەکەی؟ لە ئەنجاما دامنا هەموو ئەم ڕاستییانە بخەمە پێش چاوی کاڵێ و لێی

بگەڕێم ئەو دڵی خۆی بکات بەسەرپشك، کام ڕێی بۆ هەڵبژاردم ئەوە بگرم. ڕەنگە لەم بڕیارەما ترسنۆکی و لە لێپرسینەوە و لە ئەنجام خۆ دزینەوەیەکی تیا بێت، بەڵام سەبارەت بەو دەرد و پەژارەیەی دە ساڵ کردبووم بەگەرووی کاڵێدا بەخاوەن هەقم ئەزانی ئەمجارە چارەنووسی هەموومان بخەمە دەستی ئەو، ئەگەر چی جاری پێشووش وەنەبێ بەدەست من بووبێت. بەڵام وەکو دیت حسابی کاڵێ و هیواشم ئەوە بوو بە هیچ دەرچوو، هەر وەکو خوا ویستبێتی ئەو بەهانەیەشم ببڕێت!

جا کاکی خۆم دوای ئەوەی کە بەسەر من و ماڵ و منداڵی من هات، دوای ئەوەی بینیم بە بەر چاومەوە چی بەسەر گەل و وڵاتەکەشم دێت، ئەوەندەی سەری دەرزییەك پیاوەتی و جوامێری لەوەدا ئەبینیت کە یەکێکی وەکو من سەڵت و قوڵت و هەست بەلێپرسینەوەکەر و فرمانی نیشتمانی و نەتەوەیی خوازان، سەری خۆی کز بگرێت و مل بداتە نان پەیداکردن. نانی چی و بۆ کێ؟ کێ هەیە نانێ بەو نرخە بهێنێ؟ نامەردت نەکەن با خوێنی ئەم هەموو لاو و پیر و ژن و پیاوە هیچ بێ، کە نابێ لای هیچ خاوەن ویژدان و شەرەفێك ئەمەش وەهابێ، بەڵام گریمان هەمووی هیچ! ئەی خوێنی منداڵەکانی خۆم؟ ئەی تۆڵەی هیوای گیان و شیرینی ژیانم هەروا بەفیڕۆ بڕوا؟ ئەگەر لێبوردن و چاوپۆشینی دەستدار پڕ بێ لە پیاوەتی، لێبووردن و دەست هەڵگرتنی بێدەست پڕە لە نا پیاوەتی و سەرشۆڕی و نزمی و گیانی بەندایەتی! جا بیرم کردەوە و هەموو لایەکی مەسەلەکەم بەراورد کرد لەگەڵ یەك، لە خۆری نیوەڕۆی قرچەی هاوین باشتر دیار بوو کە شوێنی من شاخە نەك شار، فرمانی من خەباتی چەکداری دژی داگیرکەر و چەوسێنەرەوەیە نەك دوکانداری و حیزە بخۆیی! هیوای من هەر هیوای من بوو، بەڵام شۆڕش هیوای هەموو گەلە. هیوای بێ هیوایان و هیوادارانە! بۆیە بڕیارم دا کە بچمە ڕیزی خەباتەوە و هەر بۆ ئەوەی باری خۆشم سووکتر کەم جێ خانووەکەم فرۆشت، کەوا نیوەی پارەکەیم بۆ ناردیت. هەندێکی، واتە (پەنجا)ی لە بریتی ئەو دەست قەرزەی داتمێ و ئەوی کەیم بۆ هەڵگرە بۆ تەنگانە! نیوەکەی کەشی ئەدەم بە سەرکردایەتیی شۆڕش. هیوام هەیە لە ڕووی ونبوونی منەوە تووشی هیچ ناخۆشییەك نەبن. هەر بەم نیازەش بوو کە لە ماڵتان گواستمەوە و لە هەندێ جێ

قسەشم پێ وتبوون. ئەبێ لێم ببوریت...

تێبینی: ئەگەر نامە یا شتێکت بوو ئەتوانی بەهۆی ئەو کەسەوە بۆمی بنێری کە ئەم نامەیەت ئەداتێ.

برات ج....»

لاوە هەردوو چاوی پڕبوو لە ئاو. تفەکەی گەرووی قووت دا و لەبەر خۆیەوە وتی:

– هەقی بوو، ئەی چی بکات؟ هەموو پیاوێکی تریش هەر ئەبوو وا بکات. بەڕاستی کوڕێکی بەدبەخت بوو. هیچ شتێکی بۆ نەهات. خوا بکات لە خەباتا وا نەبێ، ئەگینا سەریشی ئەنێتە بانی. خوا لێی نەگرێ زۆر سووچی دایکمی تیابوو، ئاسکۆڵی بدایە مێژووی ژیانی هەردووکیان ئەگۆڕا و بە تەواویش ئەگۆڕا. مەگەر منیش بچمە سەر ڕەئی جوامێر خۆی کە ئەڵێ لەوای بوونەوە لە چارەی نووسراوە وەهابێ وەکو بوو، کە ئەمەش هیچ مانای نییە. ئەو داستانی بریندارکردنەی خۆی بۆی گێڕامەوە، بوو بەبنچینە بۆ هەموو ئەم کوێرەوەرییەی دوایی. بەهەنگاوێك، بەباوێشکێك، بەئیستێك، بەقەیتانی قۆندەرە کرانەوەیەك، بەهەڵئەنگوتنێ هەمووی ئەگۆڕا. ناڵێم چاتر ئەبوو یا خراپتر بەڵام هەرگیز ئەمە نەئەبوو کە بوو. ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن کەوا ئەنجام هەر ئەمە ئەبوو کە بوو، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە. ئەمە بەڕێکەوت بوو، ڕێکەوت و بەس.

بیرێکی هات بەمێشکا زەردەخەنەیە گرتی و وتی: دەی ئەویش بەسەرچوو. ئەگەر لە شار بمایەوە ڕەنگە بەدرێژاییی ڕۆژ برینی سارێژ ببێت و بیر لە ماڵ پێکەوە نانەوە بکاتەوە، بەڵام ئێستە. هەی هوو! هەی هوو! وەیش جوامێر گیان بەڕاستی هەقتە ئەوەندە بڕوا بە بەخت بکەیت!

## ١٩

چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو فڕۆکە بەئاسمانا وەك واشە بۆ نێچیر ئەسووڕایەوە، کە هیچی بەدی نەئەکرد ئەو دار و دەوەن و کەژ و کێوەی ئەدایە بەر لێزمەی شەستیر و گرمەی بۆمبا! چەکدارەکانی لەشکر تاك و تەرا بڵاوەیان لێ کردبوو. هەریەکە خۆی لە پەنا بەرد، چاڵ، بن بنچك و کوێرە شیوێکا مەڵاس کردبوو. جوامێر کە لە پەنا تاوێرێکا دانیشتبوو چاوی بڕیبووە ئاسمان. هەر گڤەی فڕۆکە دوور کەوتەوە دەستی کرد بەگیرفانیا نامەیەکی دەرهێنا کە لە لاوەوە بۆی هاتبوو. دەری هێنا و بۆ سێیەمین جار خوێندییەوە.

«جوامێر!

گیانە من داوای لێبوردن لە تۆ ئەکەم، چونکە هیچ چاکەیەکم لەگەڵ تۆدا نەکردووە لە درۆ زیاتر. لەو ڕۆژەوە تۆ گیراویت هەتا ئێستا من درۆ لەگەڵ تۆ ئەکەم. ئەمەش هەمووی سووچی یەکەم درۆم بوو. ئیتر وەك مارەکەی شێخ ئۆمەر لە گەردنم ئالا، هەرچەندم ئەکرد و ئەکۆشا نەمئەتوانی خۆمی لە دەست ڕزگارکەم، بەناچاری درۆی کەم ئەدایە بەری بۆ ئەوەی ڕایگرم و هەرەس نەهێنێ. ئاوها بەم جۆرە کاتێکم زانی کێوێکی درۆ کەوتووەتە بەینمان، کە بەدرێژایی ئەمساڵ من لە خوام ویستووە بەهەر چەشنێ بێت بتوانم هەڵی کەنم لە بن و نەیهێڵم، بەڵام هەر چەندم ئەکرد زاتم نەئەکرد. پێش ئەوەی تۆ بێیتەوە ئەترسام، ئەترسام ئەگەر ڕاستی بزانیت ڕقت لێم هەڵبستێ و لە کیسم بچیت. بەڵام کە چاوم پێت کەوت تێ گەیشتم کە ئەگەر ئاگاداری خۆم نەبم و زۆر لەسەرخۆ و بەشێنەیی ئەو کێوی درۆیەت لەبەر چاو لانەبەم، لەوانەیە لە کیس خۆشت بچیت و شێت ببیت، بۆیە کەوتمە درۆی زیاتر هەڵبەستن. نەخێر ئەمجا ناچار بووم خەڵکی کەشی بەچەشنێکی زیاتر تێوە بگلێنم!

لەگەڵ ئەوەشا هەتا باشتر لەوە ئەگەیشتم کە ئەم کەڵەکە درۆیە سەر ناگرێت و لە چاو ترووکانێکا ڕاستیت بۆ دەرئەکەوێت و هەموو ڕەنجم با ئەیبا.

که تۆ گیرایت کەس نەیزانی لە کوێیت و چیت بەسەر هاتووە. لە پاش شەش حەوت مانگێك هەوڵ و تەقەلاّ و تکا توانیمان شوێن و بەندیخانەکەت بدۆزینەوە، ئەویش بەیارمەتیی خزمێکی دووری دایکی داراوە کە لەو شارە قۆمیسەر بوو کە تۆی لێ گیرابوویت. نەك هەر تۆشمان لە پاش ملە پێ ناساند و دەستەبەربوو کە هەر چۆنێك بێت نامەیەکمانت بگەیەنێتێ، چونکە ئەوسا قەدەغە بوو، ماوەی کەسیان نەئەدا پەیوەندیتان پێوە بکات، بەتایبەت بەتۆوە کە بە سەرکردەیەکی گەورەی (پارتی...) دانرابوویت. کە هاتمە سەر نامە نووسین سەرم سوڕما چیت بۆ بنووسم؟ چ دڵخۆشییەکت بدەمەوە؟ چی هەیە پێتی بڵێم و شێت و هارت نەکات؟ جا ئەوە ڕەوای هەقە؟ ئەی چی بکەم؟ وازبێنم هیچت بۆ نەنووسم، شەرمە و دڵیشم نایهێنێ. نامەت بۆ بنووسم و باسی ژنەکەتی تیا بکەم کە بەدەم ژانەوە بەجێت هێشتووە شایەتیی نا پیاوییە لە خۆمی ئەدەم، چونکە وای دەرئەخا ئاگام لێیان نییە، هات بەبیرما لەو شەوەزەنگەی ژیانت مۆمێ داگیرسێنم تروسکایی بخاتە تاریکستانی زیندانەکەتەوە، هیوایەکت بدەمە دەست بەدرێژاییی سالاّنی بەندیخانە کاوێژی پێوە بکەیت و خەوی پێوە ببینیت. هیوایەك بۆی بمێنی و خۆتی بۆ هەڵگری. دامنا ئەوەت بۆ بنووسم کە نووسیم، «کاڵێ کوڕێکی جوانی ئێسك سووکی بووە ناومان ناوە هیوا». ئەمە سەرەتای درۆکەم یا درۆی یەکەمم بوو. بڕوا بکە ئەوسا کە کردم هیچ بەبیرما نەئەهات ڕاگرتنی ئەم درۆیە ئەوەندە ئەکەوێت لەسەرم، ئەگینا ڕەنگە هەڵم نەبەستایە. دوای ئەمە کە حاڵی بەندیخانەتان گۆڕا و گوێزرایتەوە بۆ (ن...) و نامەت بۆ ناردم و داوای نامەی کاڵێ و وێنەی هیوات کرد، ناچار بووم ئاسکۆڵی خوشکیشم ڕاکێشمە ناو داوی درۆکەمەوە کە جاروبار نامەت بۆ بنووسێت بەناوی کاڵێوە. ئەوەبوو زوو وێنەم بۆ نەناردیت، بەلاّم تۆ ئەوەندە سەرت کردە سەرم ناچار بووم وێنەیەکی دارای کوڕمم بۆ ناردیت.

ئیتر بەم چەشنە هەر درۆیەکم کۆمەڵێ درۆی کەی ئەویست بۆ پاڵپشتی. هەموو پاکانە و بیانووشم ئەوەبوو کە نیازەکەم چاکە و ئەشمبینی کەوا چ ڕۆشناییەکم خستووەتە ژیانی تاریکی ناو زیندانتەوە و چ خوێنێکم لە دەمارتا هێناوەتە جۆش.

بۆیە هەتا نزیکی بەربوونت هیچ پەشیمان نەبووم لە درۆکەم! بەڵام لەوساوە، پەشیمانان شاخیان لێ بڕوایە لە من ئەڕوا، بەتایبەتی دوای بەربوون و هاتنەوەت هەر وەختە بوو شێت ببم، نەمئەزانی چی بکەم و چۆن خۆم ڕزگارکەم و چۆن ڕاستیت پێ بڵێم. ئەو ڕۆژە کە پێم وتی: چوون بۆ ماڵی پووری هەروا هات بە دەمما، نەمزانی خوا وێرانی ئەکات بۆ ئەوەی درۆکەی من بشارێتەوە، شاردرابووشەوە، هیچ نەبێ تا بەینێك. بەڵام چوونە ناو (ل. ا. ن)ت ماوەی درۆی نەهێشتم. پێویستە ڕاستی بزانیت، بەتایبەتی کە بەمردنیانت زانیوە و شیوەنی خۆت بۆ کردوون، ئیتر بۆچی نەشزانی کە چۆن مردوون.

بەڵێ کاکە جوامێر کاڵێ مرد، بەڵام بەسەر منداڵەوە، خۆی و کوڕەکەی هەر ئەو ڕۆژە مردن کە تۆی تیا بریندار کرایت. بێگومان گوناهکاری گەورە و سەبەبکاریش لە مردنیانا ئەو دوژمنە زۆردارە خوێنخۆرەیە کە تۆی بەناهەقی نا گوناهـ بریندار و حەپس کرد و ئەوانی بەو حاڵە هێشتەوە و هاتوچۆی تیا قەدەغە کرد، کە خەڵك و خواش نەتوانن دکتۆرێکیشی بگەیەنن بەسەرا، هەر نەبێ بۆ داخ لە دڵ دەرکردن.

ئەمە بوو داستانی درۆکەی من، ئیتر لێم ئەبووریت یا نە!

برات: ل...»

جوامێر ئەوەندە گریا هەموو نامەکەی بە فرمێسك تەڕ کرد. وەك لە خەوا بێت گوێی لە دەنگی هاوڕێکانی بوو بۆی ئەگەڕان و ئەیانوت:

– جوامێر! کوایت، لە کوێ خزاویت! وەرە دەرەوە با بڕۆین بۆردمان بڕایەوە.

نامەکەی خستەوە گیرفانی سەر دڵی و چاوی سڕی و بەڕاکردن خۆی گەیانەوە هاوڕێکانی.

– له‌ دواییدا به‌پێوستی ئه‌زانم ئه‌و چه‌ند وشه‌یه‌ی مامۆستا برایم ئه‌حمه‌د له‌ ژماره‌ (٥)ی (ڕزگاری)دا (١٩٦٩/٦/٢٢، ل١٦) له‌ باره‌ی چیرۆکه‌که‌وه‌ نووسیویه‌تی وه‌کو خۆی بیخه‌مه‌ پێش چاو:

## ژانی گه‌ل

چه‌ند وشه‌یه‌ك له‌ بابه‌ت ئه‌م داستانه‌وه‌:

«له‌ نیسانی ١٩٥٦دا ده‌ستم کرد به‌نووسینی ئه‌م داستانه‌. کۆسپی هه‌ره‌ گه‌وره‌ی ڕێگه‌م ئه‌وه‌ بوو چۆن وا بکه‌م له‌ چنگ سانسۆری ڕژێمی نۆکه‌ری و کۆنه‌په‌رستی نووری سه‌عید ڕزگاری بکه‌م و بیگه‌یه‌نمه‌ ده‌ست خوێنه‌وارانی کوردی. بۆ زاڵبوون به‌سه‌ر ئه‌م کۆسپه‌دا ڕێگا کۆنه‌که‌م گرته‌ به‌ر، ڕێگه‌ی شوێنه‌ ونی و شاردنه‌وه‌ی زه‌مین و زه‌مانی داستانه‌که‌ و ده‌رنه‌خستنی ناو و ڕه‌گه‌ز و نه‌ته‌وه‌ی قاره‌مانه‌کانی. به‌ڵام ئه‌وی ڕاست بێ تا من به‌کاوخۆ لێ بوومه‌وه‌ مه‌رگی شێخ مه‌حموودی گه‌وره‌ و هه‌ڵکوتانه‌ نامه‌ردانه‌که‌ی سه‌ر میسری به‌سه‌ر داهات له‌ تشرینی یه‌که‌می ١٩٥٦دا. حکوومه‌ت ئه‌ویانی کرد به‌ به‌هانه‌ی کوشتن و گرتنی خه‌ڵکی سلێمانی و ئه‌میشیانی کرده‌ به‌هانه‌ی دامه‌زراندنه‌وه‌ی حوکمی عورفی له‌ سه‌رانسه‌ری عێراقدا بۆ ڕاونان و گرتن و ئازاردانی ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران. منیش له‌ پریشکی رزگارم نه‌بوو. دوای گیرانی خۆم، ماڵه‌وه‌ که‌وتبوونه‌ شاردنه‌وه‌ی که‌لوپه‌ل و نووسین و کتێبه‌کانم، هه‌ر به‌سته‌یه‌کیان له‌ شوێنێ شاردبووه‌وه‌ و هه‌ر باوه‌ڵه‌یان بۆ لایه‌ك ڕه‌وانه‌ کردبوو. که‌ زوڵم و زۆر نه‌ختێ تامی ڕه‌وییه‌وه‌ و به‌ره‌به‌ره‌ که‌وتمه‌وه‌ سه‌روکاری شته‌کانم، هه‌ندێ نووسین و کتێبم هه‌ر بۆ نه‌دۆزرایه‌وه‌. لام وایه‌ ئه‌و که‌سانه‌ی لامان دانابوون ترس زۆری بۆ هێنابوون سووتاندبوویان. لام وابوو ئه‌م داستانه‌ش یه‌کێکه‌ له‌وانه‌. زۆر هه‌وڵم دا سه‌رله‌نوێ بینووسمه‌وه‌ بۆم نه‌کرا. تا پێرار له‌ ناکاو هاوڕێیه‌ك باوه‌ڵێ کتێبی بۆ هێنامه‌وه‌ دیم داستانه‌ بۆرینی تیایه‌.

به‌ینێ له‌مه‌وبه‌ر که‌ بنه‌ماڵه‌ی (ڕزگاری) داوای داستانێکیان لێ کردم، دامنا که‌

بەپێی تەمەنیان بڵاویان بکەمەوە، جگە لەو داستانەی لە ١٩٣٤دا نووسیبووم و لام وایە جارێ کاتی بڵاوکردنەوەی نەهاتووە. نەك هەر ئەمە واشم پەسەند کرد کە هیچ دەستکارییەکی ئەوتۆی نەکەم کە شێوە و تام و بۆن و بەرامەی سەردەمی نووسینەکەی لێ دوورخاتەوە. بۆیە وا وەکو لە ١٩٥٦دا نووسراوە داستانی (هیوا، یا ژانی گەل) پێشکەش بە خوێندەوارانی (ڕزگاری) ئەکەم. هیوام هەیە بەدڵیان بێ.

١٩٦٩/٦/٢٠

هـ.ل.ب

– لە ژمارەی (٧)ی هەمان گۆڤاردا (١٩٦٩/٩/٢١، ل١٠) لە خوارەوە، مامۆستا برایم ئەمەشی نووسیوە:

«لەسەر داخوازی بەجێی هەندێ خوێنەرەوەی بەڕێز دامنا کە ناوی ئاشکرا لە قارەمانەکانی داستانەکەم بنێم.»

منیش هیوادارم کە مامۆستا برایم لەم جۆرە بەرهەمانە و شاکارە ئەدەبییانەی بێ بەشمان نەکات.

کورتەیەك لە ژیاننامەی

# مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

نووسینی: جووتیار

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەنووس، چیرۆکنووس، شاعیر و مافناسێکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان بوو.

بەهاری ساڵی ١٩١٤ لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری شاری سلێمانیدا چاوی پشکووتووە. باوکی ناوی ئەحمەد بەگی فەتاح زادە و یەکێك لە دۆستانی نزیکی شێخ مەحموودی حەفید بووە. ڕەمزی فەتاحی مامی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە، لە کاتی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان، بەرابەری شێخ مەحموود، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و وەك ئەفسەرێکی ڕووناکبیر و بەئەزموون بەشداریی لە حکوومەتەکەدا کردووە. ڕەمزی فەتاح زیاتر لە هەر کەسێك کاری کردووەتە سەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و هانی داوە بخوێنێت و پێ بگات و خزمەتی نەتەوەکەی بکات.

سەرەتا لە یەکێك لە حوجرەکانی شاری سلێمانیدا خوێندوویەتی، ئینجا بەهۆی زیرەکی و وریاییيەوە هەر زوو خراوەتە قوتابخانە و هەتاکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە. پاشان چووەتە شاری بەغدا و لەوێش چەند ساڵ خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٣٤ لە زانکۆی بەغدا–کۆلیژی حقوق وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە محامی. هەر لەو ساڵەدا نامیلکەی (الاکراد و العرب)ی نووسیوە و مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا (١٩١٥–١٣/١٢/١٩٩٨) کە یەکێك لە خوێندکارە هەرە نزیکەکانی زانکۆی بووە، بۆی چاپ کردووە. ئەو نامیلکەیە لەو ڕۆژگارەدا دەنگی دایەوە و ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب زۆر بەرز نرخاندیان. حکوومەتی ئەو دەمەی عێراق نامیلکەکەی قەدەغە کرد و پۆلیس کەوتە کۆکردنەوەی. مامۆستا ئیبراهیم و مامۆستا هەمزەش دران بە دادگا و دووچاری دەردی سەری کران.

پاش خوێندنی زانکۆ، بیری لە دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کوردیی کردەوە. ئیدی بەهەوڵ و کۆششی چەند کوردی ڕووناکبیر و دڵسۆز، کە یەکێك لەوانە محەمەد باشقە (١٨٩٠-١٩٨٠) بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی حکوومەتی عێراق بوو، کە کوردێکی فەیلیی زۆر دڵسۆز بوو، توانیی ڕەزامەندیی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ وەربگرێت. یەکەم ژمارەی گەلاوێژ لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا دەرچوو. لە هەموو لایەکی کوردستانەوە خوێنەر و ڕووناکبیر و شاعیر و نووسەرانی کورد بە گەرمیی پێشوازییان لە گەلاوێژ کرد. لەبەرئەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هاوکات بەکاری دادوەریشەوە خەریك بوو، پێویستی بەکەسێك هەبوو کە سەرپەرشتیی چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە بکات. مامۆستا عەلادین سجادی (١٩١٥-١٣/١/١٩٨٤) ئەو ئەرکی خستە ئەستۆی خۆی و پاشان بووە نووسەرێکی چالاکی گۆڤارەکە و هەتا دوا ژمارەی لەگەڵی خەریك بوو. گەلاوێژ بەسەریەکەوە ١١٦ ژمارەی لێ دەرچووە. دوا ژمارەی لە مانگی ئابی ١٩٤٩دا دەرکرا. ئیدی بەبیانووی ئەوە کە خاوەنی گۆڤارەکە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە زینداندا بوو، گۆڤارەکەش لە دەرکردن خرا.

لە مانگی شوباتی ١٩٤٢دا لە شاری هەولێر وەك حاکم دادەمەزرێت و لە ماوەیەکی کەمدا جێی خۆی لە دڵ و دەروونی خەڵکی ئەو شارەدا دەکاتەوە. هەروەها لە نزیکەوە زۆر لە ڕووناکبیرانی شاری هەولێر دەناسێ و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵیان دەبەستێت. ئەوەندەی پێ ناچێت دەگوێزرێتەوە بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە. لەوێش هەر لە جموجووڵ و چالاکی ناکەوێت. تا لە مانگی ئابی ١٩٤٤دا واز لە حاکمی دێنێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی و دەبێت بە محامی. هەر لەو مانگەدا لەگەڵ چەند تێکۆشەری وەك: ئیسماعیل هەقی شاوەیس، بێکەسی شاعیر، بەهیە مەعرووف، سدیق شاوەیس، عوسمان دانش، عەزیزی میرزا ساڵحی گورون و حەمە عەلی مەدهۆشی شاعیر و چەند کەسێکی دیکە، لقێکی چالاك و بەدیسیپلینی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (کۆمەڵەی ژ.ك.) لە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی دادەمەزرێنن و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەلێپرسراوی لقەکە هەڵدەبژێرن. کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ.ك.، حیزبی دیموکراتی

کوردستـان دامـەزرێنرا، ئـەوانیش لقـەکـەی خـۆیـان کردە لقی حیـزبی دیمـوکراتی کوردستـان. دوای ڕووخـانی کـۆمـاری دیموکراتی کوردستـان، ئەندامـانی ئـەم لقە چوونە نێو ڕیزی (پـارتی دیموکراتی کورد–عیراق)ەوە تێکۆشـانی خـۆیـان درێژە پێ دا.

لە سـاڵی ١٩٤٩دا لەسەر چـالاکیی سیـاسی گیرا و نزیکەی دوو سـاڵ لە زینداندا مـایەوە. کـاتێك کە ئـازادکرا، لە سـەرەتـای مـارتی ١٩٥١دا، دووەمین کۆنگرەی پـارتی دیموکراتی کورد–عیراق، لە بەغدا، لە مـاڵی عەلی حەمدی بەرواری (١٩٢٤–١٩٦٤) بـەسترا و مـامۆستـا ئیبـراهـیم ئـەحـمـەد وەك سکرتێری پـارتی هـەڵبـژێردرا و ئـەرکی دەرکردنی ئۆرگانی ئەو کاتەی پـارتی، کە نـاوی (ڕزگاری) بوو، خستە ئەستۆی خۆی. لـە کـۆنـگـرەکـانـی دواتـریشدا بـەشداریـی چـالاکـانـەی هـەبـوو. لـە پـاش شۆڕشی ١٤ی تـەمـووزی ١٩٥٨، مـامـۆسـتـا ئیـبـراهـیم ئـەحـمـەد زۆر تـێ کـۆشـا بـۆ ئـەوەی پـارتـی لـە قۆنـاغی کـاری نهێنییەوە ببێتە پـارتێکی ئـاشکرا و کـاریگـەر و بەشێوەی یـاسایی بوونی خۆی لە عیراق و کوردستـاندا بسەلمێنێت. هـەر بە هـەوڵ و کۆششی ئـەویش ڕەزامـەندیی دەرکردنی ڕۆژنـامـەی (خـەبـات) وەرگیراو یـەکـەم ژمـارەی لـە ١٩٥٩/٤/٤دا دەرکرا. خۆی خـاوەن ئیمتیـاز و سـەرنووسـەری بوو. زۆربـەی جـار خۆی سـەروتـار و بـابـەتە سەرەکییەکانی دەنووسی.

لە مـانگی ئـەیلولی ١٩٦١دا پـارتی دیموکراتی کوردستـان، خـەبـاتی لە شـارەوە گواستـەوە بۆ شـاخ و ڕێگـای خـەبـاتی چـەکدارانـەی گرتـەبـەر. مـامۆستـا ئیبراهیم ئـەحـمـەد لـەو ڕۆژگـارانـەشدا وەك سـەرکـردەیـەکی لێوەشـاوە نـاوبـانگی بڵاوبووەوە.

لە نـاوەڕاستی سـاڵی ١٩٦٤دا کێشە لە نێوان ئـەنـدامـانی سـەرکـردایـەتی پـارتیدا سەری هـەڵدا و پـارتـەکە بووە دوو بـەشـەوە. مـامـۆستـا ئیبراهیم ئـەحـمـەد یـەکێك بوو لە کەسە دیـار و بـەتوانـاکـانی بـاڵی مـەکتـەبی سیـاسی پـارتی و چـەند سـاڵ بـەو جۆرە تێکۆشـانی خۆی درێژە پێ دا.

سـاڵـی ١٩٧٤ بـەشداریـی لـە بـزووتـنـەوەی چـەکـدارانـەی گـەلـی کـورد لـە دژی حکوومـەتی عیراق کرد و وەك ڕابـەرێکی سیـاسی و دیپلۆمـاسیی نێو بزووتنەوەکە نـاوبـانگی دەرکرد. کـاتێکیش ١٩٧٥دا بزووتنەوەکە شکستی هێنـا، چووە وڵاتی

بەریتانیا و لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوو. لەو ساکەوە هەتاکو ئەو دەمەی کۆچی دوایی کرد، هەمیشە بیر و هۆشی لای وڵات و نەتەوەکەی بووە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، دلێرانە لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا تێکۆشاوە و هەرگیز هەستی بە سستی و ماندوویی نەکردووە. ماڵەکەشی لە لەندەن، هەمیشە جێگای ئەدیبان و ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بووە و زیاتر لە بنکەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی چووە وەك لە ماڵ.

سەردەمێکیش بەدەرکردنی گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ەوە خەریك بوو. بەردەوامیش بابەتی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە. هەتاکو خۆیشی لە ژیاندا بوو، چەند بەشی لە بیرەوەرییەکانی لە چەند کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا بڵاو کردەوە و ڕۆشناییی خستە سەر زۆر مەسەلە و ڕووداوی گرنگی پەیوەست بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان، کە هەندێك کەس و لایەن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان شێواندبوویانن.

ڕۆژی شەممە ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ لە شاری لەندەن، دڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە لێدان کەوت. ئەو هەواڵە دڵتەزێنە لە ماوەیەکی کورتدا، بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەوە و لە دەیان وڵات و شوێن ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی نەتەوەکەمان پرسەیان بۆ دانا.

ڕۆژی (سێشەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠٠) تەرمەکەی لە لەندەنەوە بەرەو تاران بەڕێ کرا. بەرەبەیانی ڕۆژی ٤/١٩، گەیشتە فڕۆکەخانەی تاران، هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەرمەکەی گەیشتە شاری کرمانشاە. بۆ ڕۆژی دوایی، واتە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی (٢٠/٤/٢٠٠) لە شاری کرمانشاوە بەوپەڕی ڕێز و شکۆوە بەرەو سنووری کوردستان بەڕێ کرا، لە کاتژمێری ١١/٥٥ گەیشتە سنووری کوردستان، هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان بەچەپکە گوڵەوە، سەری ڕێز و نەوازشیان لەبەردەم تەرمەکەیدا دانەواند. بۆ کاتژمێر ٧ی ئێوارە گەیشتە شاری سلێمانی، بۆ کاتژمێری ٨ی ئێوارە گەیشتە مزگەوتی گەورە. ڕۆژی ٢١/نیسانی/٢٠٠٠ لە مزگەوتی گەورەوە تەرمەکەی لە ڕێوڕەوێکی گەورە و

ڕەسمیدا بەرەو گردی سەلیم بەگ (کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی)یەوە بەڕێ کرا و لەوێش بە خاکی نیشتمانیان سپارد.

هەزاران کەس لە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، سەدان ڕووناکبیر و ئەدیب و هونەرمەند، سەدان سیاسەتمەدار و تێکۆشەری نەتەوەکەمان لە مەراسیمی بەخاك سپاردنیدا بەشداربوون.